






# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 571 سێشەممە 2/ 3/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.571 Tue 2/ 3/ 2010


# ڕاپۆرتێکی نهێنی: یەکێتی، پێشمەرگەی خستووەتە خزمەتی بەرپرسو مەڵبەندەکانییەوە

**ڕۆژنامە**

بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنیو سەربازیی، هەزاران پێشمەرگەی کوردستان تەنیا مووچەکەیان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە دەیانبەستێتەوە، چونکە لەلایەن بەڕێوەبەریێتی ئیستخباراتو دژە تیرۆرو مەکتەبی سیاسییو عومەر فەتاحو چەند لایەنێکی دیکەوە فەرمانیان پێدەکرێت.

جەبار یاوەر، بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو وەزیری پێشمەرگەو چەند لایەنێکی دیکەی سەربازیی ناردووە، ئاشکرای دەکات؛ «ئەو پێشمەرگانەی کە مووچەیان لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەڵام پاسەوانی دەزگاو مەڵبەندو بەرپرسانی یەکێتی دەکەن، لەگەڵ نیزامی ئیدارییو مووچەی وەزارەت ناگونجێنو بوونەتە بارگرانیی بەسەر وەزارەتەوە».

هەر لەو ڕاپۆرتەدا بە ژمارە ڕوونکراوەتەوە، کە چۆن یەکێتی هێزی پێشمەرگەی خستووەتە خزمەتی خۆیەوەو ئاماژە بەوە دەکات «لەکۆی گشتیی ژمارەی پێشمەرگەکانی (وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە) دەتوانرێت تەنیا بە دوو فەوج وەکو هێزی شەڕکەری ڕێکوپێک پشتی پێ ببەسترێتو لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی وەزارەتدا بن، چونکە ئەوەی دیکەی هەر ژمارەیەو تەنیا هەر مووچە لە وەزارەت وەردەگرنو ئەرکی تایبەتی دیکە ئەنجامدەدەن لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانی وەزارەت، وەکو: (فەوجی دژەتیرۆری کاک پاڤێڵ، (٣)ی فەوجی بەڕێوەبەریێتی ئیستخبارات سەر بەمامۆستا عەزیز(بەرپرسی زانیاری پێشمەرگە)، فەوجی مەکتەبی سیاسیی، فەوجی تایبەتی عومەر فەتاح، بێ سیمی مەرکەزی، نەخۆشخانەی شۆڕش، سریەی بەغدا».

**وردەکاریی لە ل٧دایە.**



پێشمەرگە، پارێزەری خاکی نیشتمانە نەک پاسەوانی ماڵی بەرپرسان — فۆتۆ: عەبدولرەحمان

# کۆمسیۆن چەند ساختەکارییەکی پارتیو یەکێتی پووچەڵدەکاتەوە

**ڕۆژنامە**

گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیان لە ئەنجامدانی چەندین ساختەکاریی ئاگاداركردووەتەوە، کە یەکێتیو پارتی بەنیازبوون بۆ هەڵبژاردن ئەنجامی بدەن.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، دوای ئەو سکاڵایانەی دامەزراوەی هەڵبژاردنی ئەو سێ لایەنە لە کۆمسیۆن تۆمارییان کردووە، ژمارەیەک لەو ساختەکارییەکانە پووچەڵکراونەتەوە.

**وردەکاریی لە ل٤.**

# حاکم شێخ لەتیف، نهێنی بەرپرسانی یەکەمی دەسەڵات دەدرکێنێت

ل ٣

# تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەجینۆساید ناسێنرا

ل ٢

# گۆڕان (٣٨) شکات لە هاوپەیمانیی دەکات

**ڕۆژنامە**

لەماوەی (١٨) ڕۆژی بانگەشەدا، لیستی گۆڕان (٣٨) سکاڵای دژی پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانیی تۆمارکردووەو لەبەرامبەردا تائێستا هیچ سکاڵایەک ڕووبەڕوویان نەکراوەتەوە.

هاوکات، نوێنەری ڕێپێدراوی گۆڕان لە کۆمسیۆن ڕەخنە دەگرێت، لەوەی کە «لە هەندێک ڕووەوە کۆمسیۆن وەک پێویستو بە بێلایەنی ئیجرائات ناکەن».

**وردەکاریی لە ل٢.**

# دۆسیەی فایلدارەکان پشتگوێدەخرێت

**ڕۆژنامە**

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ بەسەر پێکهێنانی لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان، تائێستا هیچ فایلدارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکراوەو پێدەچێت سەرۆکی لیژنەکەش دەستلەکار بکێشێتەوە، پسپۆڕانی سیاسیش پێیانوایە؛ کە پێویستە پەرلەمانتاران بێدەنگ نەبن لەئاست شاردنەوەی کەسانی خیانەتکار.

**وردەکاریی لە ل٢.**

# ئاشتی هەورامی نهێنییەکی دەسەڵاتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن درکاند

**بەرهەم خالید**

دوێنێ وەزیری سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، پێیانوتراوە لە سەری ساڵەوە تا ڕۆژی هەڵبژاردن بێ بەرامبەر سووتەمەنی بۆ وەزارەتی کارەبا دابین بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەو ماوەیەدا کارەبا بدەنە هاوڵاتییان.

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، لە دانیشتنی دوێنێ، پەرلەمانی کوردستاندا د. ئاشتی هەورامی کە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێکی دابینکردنی گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەباو داهاتەکانی ئەو سووتەمەنییە هاتبووە پەرلەمان، وتی: ئەوان وەک وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێیانڕاگەیەنراوە، کە هەتا (٣/٧) بێ بەرامبەر سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا دابینبکەن لەپێناو ئەوەی لەو ماوەیەدا کارەبای زیاتر بە هاوڵاتییان بدرێت.

ئەو پەرلەمانتارە وتیشی: پێدانی کارەبا لەو ماوەیەدا تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەوەش بە بەکارهێنانی ماڵی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی لەقەڵەمدەدرێت.

# نزیکەی (٤٧) ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی ژووری وەزیرێک خەرجدەکرێت

ل ١٥

# بەڵگەنامەکان، گەواهیی بەرگریکردنن لە بەعسیی سەدامی

ل ١٩

## حاکم شێخ لەتیف:

# نهێنییەکانی بەرپرسانی یەکەمی دەسەڵات ئاشکرادەکەین

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشەیان لێدەکرێتو سەرۆکی لیستی گۆڕانیش لە سلێمانی، جەختدەکاتەوە کە «ئەو هەڕەشانە مانای ئیفلاسیی سیاسیی لایەنی بەرامبەرە».

حاکم شێخ لەتیف مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی جەختدەکاتەوە کە ئەو هەڕەشانە لە ورەی گۆڕانخوازان کەمناکەنەوە، بەڵام لە دوو ڕووەوە نایاسایین بەرامبەر بە یاساکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە قەدەغەی کردووە هەر قەوارەو لیستێک هەڕەشە بکات لە کاندیدی لایەنەکانی دیکە، هەروەها بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ئەنجامدەرانی ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، کاندیدێکی لیستی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت کە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی حیزبەوە ڕووبەڕرووی هەڕەشە بووەتەوە.

لانەی شەهید عەبدوڵڵا، کاندیدی لیستی گۆڕان لەپارێزگای هەولێر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی حزبی دەسەڵاتەوە هەڕەشەم لێکراوە تا واز لە گۆڕان بهێنمو بگەڕێمەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیو هەڕەشەشیان لە کەسوکارم کردووە کە لەسەر کارەکانیان دەریاندەکەن».

بە وتەی حاکم شێخ لەتیف، لە ڕووی سیاسیشەوە، پەنابردن بۆ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە کە بەرامبەر بە کاندیدەکانی گۆڕان دەکرێت، «ئیفلاسیی سیاسیی ئەو حیزبانە دەگەیەنێتو مانای وایە کە گۆڕان بوونی هەیە لەم هەڵبژاردنەدا».

لە ناوچەی بادینانیش، فشارەکانی سەر کاندیدەکانی گۆڕان زیاتر کراوەو لەوبارەوە د. بورهان یاسین، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک، ئاشکرایکرد، کە فشارێکی زۆریان لەسەرە لەلایەن دەسەڵاتەوەو کاتێکیش ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە دەکەین، خۆیان دەدزنەوە، گوایە ئەو ڕووداوانە هیچ لایەنێکی سیاسییان لە پشتەوە نییە.

بەپێی زانیارییەکانیش دەسەڵات خەریکی دروستکردنی چەندین سیناریۆ پیلانگێڕانو بۆ کاندیدەکانی لیستی گۆڕان.

لەوبارەیەوە سەرۆکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی وتی: «ئێمەش هەموو ئەو نهێنییانەی لامانو نەماندرکاندوون تا ئێستاو لەسەر ئاستی زۆر باڵاو کەسە یەکەمەکانی دەسەڵاتن، بۆ ڕای گشتیی دەیاندرکێنین».

## لەدوای نامەیەکی عەدنان عوسمان،

# بارزانی داوای لێکۆڵینەوە دەکات

**ڕۆژنامە**



مەسعود بارزانی

لەسەر داوای عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم داوا لەپەرلەمان دەکات لێکۆڵینەوە لەڕاستی لێدوانێکی ناوبراو بکات سەبارەت بەهێزی پێشمەرگەو ئەو پەرلەمانتارەش داوادەکات، ئەگەر لێکۆڵینەوەکان ڕاستیی ئەو هەڵمەتە ناڕەوایەیان سەلماند، کە سەبارەت بە پێشمەرگە لەسەری دروستکراوە، وێڕای ئیدانەکردنی، پشتگیریی بکەن لەو داوایاساییانەی، کە لەدژی ئەو کەسانە بەرزی کردووەتەوە، کە تەشهیریان پێکردووە.

لەبەیاننامەیەکدا سەرۆکایەتی هەرێم ڕایگەیاند: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیان ڕاسپاردووە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوون سەبارەت بە نامەیەکی پەرلەمانتار عەدنان عوسمان، کە ئاراستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کردبوو، تا لەڕاستی مەسەلەی لێدوانی ناوبراو سەبارەت بە پێشمەرگە بکۆڵنەوە.

لەپاش ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی لێدوانێکی عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانیان سەبارەت بە پێشمەرگە شێواند بە ئاراستەی ئەوەی پێشمەرگەی بە میلیشیا ناوبردووەو بەهۆیەوە چەندین هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەو چەند کەسێک داوای لێسەندنەوەی حەسانەیان کرد، لە ڕۆژی (٢/٢٤)دا عەدنان عوسمان، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم کردو داوای لێکۆڵینەوەی کرد لەوبارەیەوە.

عەدنان عوسمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەنامەکەمدا بۆ سەرۆکی پەرلەمان باسم لەو درۆو بوختانانە کردووە، کە بۆیان دروستکردوومو داواشم کردووە، کە لیژنەیەکی پەرلەمانیی بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنرێتو دوای لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمیش نامەیەکی تایبەتم بۆ ناردووەو تیایدا بۆم ڕوونکردووەتەوە، کە ئەو هێرشانەی کراوەتە سەرم جۆرێکە لە تەلفیقات، گلەییشم لێکردووە، کە لەئێستادا ئەو لێدوانانە خراپ بەکاردەهێنرێتو ئێمە لە لیستی گۆڕان خۆمان بەخەمخۆری پێشمەرگە دەزانینو هیچ جۆرە بێڕێزییەکمان بەرامبەر بە پێشمەرگە نەکردووەو لێدوانەکانو دۆکیۆمێنتەکانیشم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ناردووە، کە ئەسڵەن ناوی پێشمەرگەم نەهێناوە».

ئاماژەی بەوەشدا، کە پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم بەر لە هەر لێدوانێک، گوێ لەهەموو لایەنەکان بگرێتو تەنیا گوێ لەلایەنێکی سیاسیی نەگرێت، کە مەبەستێکی سیاسیی هەیە لەم مەسەلەیەداو دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم قبووڵی نەکات، وشەی پێشمەرگە وەک جۆرێک لە موزایەدەو بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت، وەک ئەوەی ئێستا لایەنێک دەیکات».

سەبارەت بەوەش، کە ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمان ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە عەدنان عوسمان، لێدوانی لەوجۆرەی نەداوە، وتی: «دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم ئیدانەی ئەو هەڵسوکەوتانە بکات، کە بەرامبەرم کراوەو پشتیگریم بکەن، لەو داوا یاساییانەی لەدژی کەسانێک بەرزم کردووەتەوە، کە هەڕەشەی کوشتنو تەشهیریان پێکردوومو خەڵکیان بۆ خۆپیشادان لەدژم هانداوە».

# ئاشتی هەورامی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێتەوە

**ڕۆژنامە**



ئاشتی هەورامی

فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان داوادەکەن جارێکی دیکە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی داهاتەکانی نەوت.

لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی نائاسایی ڕۆژی (٢/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستاندا د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان ئامادەبوو، هەرچەند وەڵامی چەند پرسیارێکی پەرلەمانتارانی دایەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان تائێستاش داهاتەکانی نەوت ئاشکرا نییە.

پەرلەمانتار ناسک تۆفیق، بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سرووشتییەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆئەوەی جارێکی دیکە وەزیری سامانە سرووشتییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێتەوە.

وتیشی: «هەرچەند لە دانیشتنەکەی هەفتەی ڕابردوودا وەزیری سامانە سرووشتییەکان وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە، بەڵام وەڵامەکانی چەندمەسەلەیەکی دیکەی ورووژاند، بۆ نموونە وەزیر باسی لەوەکرد، کۆمەڵێک لەو پارانەی لە داهاتی نەوت دراونەتە حکومەت، ئێمە دەمانەوێت لە نزیکەوە وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە بزانینو جگە لەوەش پرسیاری دیکەمان ماوە، چونکە هێشتا داهاتەکانی نەوت بۆ ئەندامانی پەرلەمان ڕوون نییە».

پێش چەند مانگێک د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد؛ داهاتی نەوت (٥) ملیار دۆلارەو دواتریش وەزیری دارایی هەرێم بێئاگایی خۆی لەو داهاتانە دەربڕی، هەروەها ئەو داهاتانە نەخراونەتە نێو پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمەوە.

## بەرپرسە سەربازییەکان بۆیان نییە

# چاودێریی دەنگدانی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە بکەن

**بەهادین یوسف**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، جیاکردنەوەی دەنگی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە کە بە دەنگدانی تایبەتو سێ ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتیی دەنگدەدەن، لەچەند وێستگەیەکی دیاریکراو لە پارێزگاکان جیادەکرێنەوەو دەژمێردرێنو نوێنەری قەوارە سیاسییەکانیش دەتوانن چاودێریی بکەن تا ئەو کاتەی جیادەکرێتەوە.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «جیاکردنەوەی دەنگدانی تایبەت ئەو ڕۆژەو لەبنکەکەی خۆی ئەنجامنادرێتو لەهەر پارێزگایەک چەند وێستگەی تایبەتی دانراوەو جیاکردنەوەی دەنگەکانیش هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژی دوای دەنگدانی گشتییو ڕۆژی (٣/٨) جیادەکرێتەوەو نوێنەری قەوارە سیاسییەکان دەتوانن چاودێریی بکەن تا ئەو کاتەی جیادەکرێنەوە».

هەروەک هیچ بەرپرسێک یان نوێنەری قەوارەیەکی سیاسیی ناتوانێت فشار بخاتە سەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو سوپاو پێشمەرگە بۆ دەنگدان بەلایەنێکی سیاسییو هەر کردەوەیەکی لەوشێوەیەش لە ڕۆژی دەنگداندا بە خروقات دەژمێردرێتو کۆمسیۆنیش سزای بۆ ئەو خروقاتانە داناوەو جگە لە نوێنەری قەوارە سیاسییەکانو چاودێری ڕێکخراوەکان، هیچ بەرپرسێکی سەربازیش ناتوانێت چاودێریی پرۆسەی دەنگدانی تایبەت بکات.

بەوتەی فەرەج حەیدەری، فۆرمی تایبەت بە سکاڵا دانراوەو نوێنەری قەوارە سیاسییەکان هەر خروقاتێکیان لەو ڕۆژەدا بینی، دەبێت ئەو فۆرمە پربکەنەوەو دۆکیۆمێنتی بکەنو بۆ هەر خروقاتێکیش بسەلمێت سزای بۆ دانراوە بەپێی ئەو تاوانەی ئەنجامدەدرێت.



دەنگدانی تایبەت لە کەرکوک

فۆتۆ: ئەرشیف

# نوێنەری گۆڕان: بەشێک لە کارەکانی کۆمسیۆن جێگەی نیگەرانینو بێلایەنییان دەخاتە ژێر پرسیارەوە

**راپۆرتی، بەرهەم خالید**

لەماوەی (١٨) رۆژی بانگەشەدا، لیستی گۆڕان (٣٨) سکاڵای دژی پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانیی تۆمارکردووەو لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێمیشدا (١١٦) سکاڵا لەلایەن هەموو قەوارەکانەوە تۆمارکراون، نوێنەری رێپێدراوی لیستی گۆڕانیش لە کۆمسیۆن، رەخنە لە هەندێک ئیجرائاتی کۆمسیۆن دەگرێت کە بێلایەن نەبوون، بەتایبەت لە دەستوەردانی حیزبەکانی دەسەڵات لە دانانی فەرمانبەرانی سەر سندووقەکانی دەنگدان.

لیستی گۆڕان لەماوەی (١٨) رۆژی رابردووی هەڵبژاردندا (٣٨) سکاڵای لەسەر لیستی هاوپەیمانی بەتایبەتی یەکێتی، کە یەکێکە لە حیزبەکانی ناو لیستی هاوپەیمانیی تۆمارکردووە، کە بەشێکیان بۆ پێش دەستپێکردنی بانگەشە دەگەڕێنەوە لەسەر بانگەشەی پێشوەختو هەروەها لەناوبردنی پۆستەرو بڵاوکراوەو دەستدرێژیکردنەسەر هەڵسوڕاوانو بانگەشەکارانو زیانگەیاندن بە موڵکوماڵیان تا رادەی تەقەکردنو دەستگیرکردنیشیان.

پارێزەر ئاکار محەمەد، نوێنەری رێپێدراوی لیستی گۆڕان لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، باس لەوە دەکات، لیستی گۆڕان بەشێوەیەکی زانستیو لەسەر ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بانگەشەکە بەڕێوەدەبەن، لەبەرامبەردا لیستە رکابەرەکان زۆرترین پێشێلکارییان ئەنجامداوە، ئەوەش بۆ خۆئامادەنەکردنیانو تەرکیزخستنەسەر لایەنی سۆزداریی خەڵک دەگەڕێتەوە، کە هەندێکجار هێزیشیان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکارهێناوە.

هاوکات لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە، تا دوێنێ دووشەممە، (١١٦) سکاڵا لە هەرێمی کوردستان لە لایەن لیست و قەوارە سیاسیەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن، پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کراوە، لەو سکاڵایانەش، لە پارێزگای سلێمانی ٤١ سکاڵا و لە پارێزگای هەولێر ١٦ سکاڵاو لە پارێزگای دهۆکیش ٥٩ سکاڵا تۆمارکراون.

بەوتەی رێپێدراوانی لیستی گۆران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا. لەو ١١٦ سکاڵایەی لە هەرسێ پارێزگاکە تۆمارکراون، ٣٨ سکاڵایان لیستی گۆران تۆماریکردووون، کە زۆربەیان لەسەر لیستی هاوپەیمانیە کە لە سلێمانی ٢١ سکاڵاو لە هەولێر ٩ سکاڵاو لە دهۆک ٨ سکاڵا تۆمارکراون.

ئاکار محەمەد باسی لەوەشکرد لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرپێچییان بەرامبەر ئەنجامدراوە، هەموویان لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە ئەنجامدراونو زۆربەشیان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە بووە، بەڵام تائێستا کۆمسیۆن لە دوو سکاڵا ئاگاداری کردوونەتەوە، بە وتەی ئەو «ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە هەڵسوڕاوانو جەماوەری ئێمە کەمترین پێشێلکارییان ئەنجامداوە، ئەوەش بۆ مەنهەجو بەرنامەی ئێمە دەگەڕێتەوە».

نوێنەری لیستی گۆڕان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کیانە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات گلەیی زۆریان لە کۆمسیۆنی باڵا هەیە، بەتایبەت لە بەشدارنەبوونیان لە دانانی فەرمانبەرە یەدەگەکان لەجێی ئەوانەی گرێبەست ناکەن لە کۆمسیۆن، لەکاتێکدا ئەوە مافی رەوای هەموو لیستێکە کە ئاگاداری هەموو ئەو پرۆسانەبن، بۆیە لەوبارەیەوە هەرسێ لیستی (گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ) یاداشتیان داوەتە کۆمسیۆن، هەروەها یاداشتێکی دیکەیان لەسەر دەستوەردانی حیزبەکانی دەسەڵات لە دانانی ئەو فەرمانبەرانەی لە وێستگەکاندا دادەنرێن، ئاراستەی کۆمسیۆن کردووە، وتیشی: «ئێمە ناڵێین کۆمسیۆن بێلایەن نییە، بەڵام بێدەنگە لە ئاست ئەو دەستوەردانەی حیزب، لەبەرئەوەی هەندێک رێوشوێن هەیە پێویستە کۆمسیۆن بیگرێتەبەر بۆ خزمەتی شەفافیەتی پرۆسەکە، بەڵام نایکات ئەوەش بەرەو بێلایەن نەبوونی دەبات، بۆیە دەمانەوێت کۆمسیۆن نەچێتە ژێرباری هیچ فشارێکەوەو بێلایەنیی خۆی بپارێزێت.



ئۆتۆمبێلی جام رەشو بێ ژمارە بانگەشە بۆ یەکێتی دەکات

## لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا بانگەشە بەردەوام دەبێت

**بەهادین یوسف**

پێشخستنی رۆژی دەنگدانی تایبەت کاریگەریی نابێت بۆ سەر بانگەشەی هەڵبژاردنو لە رۆژی دەنگدانی تایبەتیشدا، لیستو قەوارە سیاسییەکان دەتوانن بانگەشەی خۆیان بکەن.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا بەهۆی پشووی رۆژی هەینییەوە رۆژی دەنگدانی تایبەت، (کە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو بەندکراوو زیندانییەکانو نەخۆشو کارمەندانی نەخۆشخانەکان) دەنگدەدەن، رۆژێک پێشبخاتو لە رۆژی (٣/٥)ەوە خرایە رۆژی (٣/٤)و بڕیاریشە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار کەس لەو رۆژەدا دەنگبدەن.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشخستنی رۆژی دەنگدانی تایبەت کاریگەریی نابێت لەسەر بانگەشەی لیستەکان، چونکە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا حسابی رۆژی دەنگدانی گشتیی دەکرێت، کە (٣/٧) بەڕێوەدەچێت نەک دەنگدانی تایبەت، بەڵام پێویستە لیستەکان رەچاوی ئەوە بکەن ئەو شوێنانەی دەنگدانی تایبەتی تێدا ئەنجامدەدرێت، بانگەشەی تێدا نەکەن».

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بانگەشەی هەڵبژاردن لە رۆژی (٢/١٢) دەستپێکردووەو تا (٢٤) کاتژمێر پێش کردنەوەی بنکەکانو دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدانی گشتیی بەردەوام دەبێت، واتە تا بەرەبەیانی رۆژی (٢٠١٠/٣/٦) لیستو قەوارە سیاسییەکان دەتوانن بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجامبدەن.

## « بارودۆخی ئێستای هەرێم لەبارترین کاتە بۆ وروژاندنی مەسەلەی فایلدارەکان»

**رۆژنامە**

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ بەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان، تائێستا هیچ کەسێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوەو چاودێرانی سیاسیش بەپێویستی دەزانن پەرلەمانتاران بێدەنگ نەبن لە ئاست شاردنەوەی کەسانی خیانەتکار.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان لە سەرەتای (٢٠٠٨) بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم دامەزراوەو لە (٩) ئەندام پێکهاتووە، بەپێی لێدوانێکی پێشتری بۆ رۆژنامە، حاکم رزگار محەمەد ئەمین، سەرۆکی لیژنەکە، زیاتر لە ساڵێکە لێکۆڵینەوەیان لە دۆسیەی (١٠٠) فایلدار تەواوکردووەو دۆسیەکانیان رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراون، تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەک لەوبارەیەوە نەکراوە.

د.سالار باسیرە، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی بە رۆژنامەی وت: «نەبوونی کاتی سەرۆکی هەرێم تا لەگەڵ ئەو لیژنەیە کۆببێتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە پێکهێنانی ئەو لیژنانە تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی مەسەلە هەستیارەکانە، کە بەلای میللەتەوە گرنگن نەک کارکردن لەسەری، ئەمەش مۆدێلێکی نوێیە، کە لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەودەکرێت».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەش، بەهۆی وەڵامنەدانەوەیان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان بەنیازە دەستلەکاربکێشێتەوە.

بە وتەی سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێم دواخستنی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو فایلدارانە، لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمو ئەو ئالۆزییانەی لە پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغدا لە ئارادایە ناتوانرێت مەسەلەی فایلدارەکان بوروژێنرێت، کە پێدەچێت کەسانی باڵای نێو حیزبەکانی تێدابێت، یان ناوی کەسانێک ئاشکرا بکرێت، کە لە ژیاندا نەماون، یان لە دەرەوەی وڵاتن.

لەبەرامبەردا د.سالار باسیرە، دەڵێت؛ کە ئێستای هەرێم لەبارترین کاتە بۆ وروژاندنی ئەو جۆرە مەسەلانەو دیاریکردنی کەسانی خیانەتکار، چونکە هەڵبژاردن لەپێشەو پێویستە بەرپرسانی باڵای حیزبیو حکومیی ئەوە لێکبدەنەوە، کە هاوڵاتییان مافی خۆیانە ئەو کەسانە بناسنو بە سزای خۆیان بگەیەنن، بۆئەوەی خەڵک نەکەونە هەڵەوەو دەنگ بۆ کەسانێک بدەن، کە رابردوویان پاک نییەو خیانەتیان لەم میللەتە کردووە.

د. باسیرە بەپێویستی دەزانێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، ئەم مەسەلەیە لەنێو پەرلەماندا بوروژێنن، چونکە بەوتەی ئەو «ئەم مەسەلانە زۆر گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان».

## تاوانی هەڵەبجە بەجینۆساید ناسێنرا

**بەهادینو هەستیار**

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بڕیاریدا تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک تاوانێکی جینۆساید بناسێنێت، کە پێشتر وەک تاوانێکی مرۆڤایەتی بڕیاری بۆ دەرکردبوو.

عارف شاهین وتەبێژی دادگای باڵای تاوانەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: دەستەی تێهەڵچوونەوەی دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاریدا کە تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە بگۆڕێت بۆ تاوانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژیی».

رۆژی (٢٠١٠/١/١٧) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی کۆتایی لەسەر تاوانبارانی دۆسیەی هەڵەبجە دەرکردو تاوانەکەی بەدژی (مرۆڤایەتی) ناوبردو لەبەرامبەردا دەستەی بەرگریکارانی کەیسی هەڵەبجە داوای پێداچوونەوەو تەمیزکردنەوەی حوکمەکەیان کرد بۆ تاوانی جینۆساید.

بەکر حەمە سدیق، ئەندامی دەستەی بەرگریکاری کەیسی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ١/١٧ دەرچوو، ئێمەش وەک دەستەی بەرگریکار تانەمان لە بڕیارەکە داو داواکاری گشتیش بەهەمانشێوە پشتگیریی داواکەی ئێمەی کردو داوامانکرد حوکمەکە تەمیز بکرێتەوە لە مرۆڤایەتییەوە بۆ جینۆساید.

ئەو پارێزەرە وتیشی: «دوێنێ بڕیاری حوکمی دادگا تەمیزکرایەوەو تاوانەکەی بە جینۆساید ناساند، نەک تاوانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەحکامەکانی دیکەی وەکخۆی هێشتووەتەوە، ئەو کەسانەی ئیعدام یان بەچەند ساڵ حوکمدرابێتن وەکخۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لەڕووی نەتەوەییەوە زۆر گرنگە کە کورد دوو کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفالی هەیە لەعێراقدا».

## داوا لە مامۆستایانی شارەزوور دەکرێت، دەنگ بە هاوپەیمانی بدەن

**شارا عەبدولڕەحمان**

لێپرسراوی لقی شارەزووری مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، داوا لە مامۆستایان دەکات، کە دەنگ بە لیستی هاوپەیمانییو کاندیدێکی یەکێتی لەو لیستەدا بدەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ رۆژنامە وتی: «رۆژی (٢/٢٨) لێپرسراوی لقی شارەزووری مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی بە تەلەفۆن سەرجەم مامۆستایانی سەر سندووقەکانی دەنگدانی کۆکردەوە، کە لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزووریش ئامادەبوو، داوایان لێکردوون دەنگ بە لیستی هاوپەیمانیو لەنێویشیدا کاندیدێکی یەکێتی بدەن».

جەعفەر لەتیف، بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «من وەک سەرجەم مامۆستاکانی دیکە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربووم، نەک ئەوەی کە من کۆبوونەوەکەم رێکخستبێت، داواشیان لێکردم کە وتارێک پێشکەش بکەم، هەربۆیە داوام لە مامۆستایان کرد کە بەگڕوتینەوە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەنو ناوی هیچ لیستو لایەنێکم نەهێناوەو تەنیا وەک ئەرکێکی نیشتمانیی داوام کردووە، کە مامۆستایان دەنگ بدەن».

سەبارەت بەئاگاداربوون لە قسەکانی لێپرسراوی لقی شارەزووری مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، وتی: «هەر کەس ئازادە لە وتەکانیدا باس لەچی دەکات، بەڵام من شەخسی خۆم ناوی هیچ لیستێکم نەهێناوە».

# سەرۆکایەتی پەرلەمانو راگەیاندنەکەی، نوێنەرایەتی کێ دەکەن؟

## د.جەعفەر عەلی:

## زۆرجار راگەیاندنی پەرلەمان لەبری سەرۆکایەتی پەرلەمان لێدوانی داوەو زۆرجاریش بوون بە لایەنێکی داکۆکیکاری حکومەت

راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانو راگەیاندنەکەی، تائێستا نەیانتوانیوە بێلایەنی خۆیان بپارێزنو لێدوانو هەڵوێستو روونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانو راگەیاندنەکەی ئەوە دەردەخەن، کە بەرگریی لە حکومەت دەکەنو سەنگەریان لە ئۆپۆزسیۆن گرتووە.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند؛ زۆرجار راگەیاندنی پەرلەمان لەجێی سەرۆکایەتی پەرلەمان لێدوانی داوەو زۆرجاریش سەرۆکایەتیو راگەیاندنەکەی بوونەتە یەکێک لەلایەنە هەرە بەهێزە داکۆکیکارەکانی حکومەتی هەرێمو لەجیاتی حکومەت قسەیانکردووەو بوونەتە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردن لە حکومەتی هەرێم.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: دەبێت پەرلەمان بەرگریکەربێت لە مافەکانی هاوڵاتییان، چونکە نوێنەری خەڵکە، هەروەک وتی: «تارادەیەکو لە هەندێک حاڵەتدا سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرگریی لە حکومەت کردووەو بێلایەن نەبووە، بەداخەوە کۆمەڵێک پەرلەمانتار لە هۆڵی پەرلەمانداو بەتایبەتی لەکاتی موناقەشەی بودجەدا بوونەتە پارێزەری حکومەتو بەرگریی لە حکومەت دەکەن».

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز لە خولەکانی رابردوو خاوەنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەیەو لە بەرامبەریشدا لیستی کوردستانیی (یەکێتی، پارتی) سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، ئەمەش رای جیاوازی لەنێو پەرلەماندا دروستکردووە، لە بەشێکی زۆری روونکردنەوەو لێدوانو هەڵوێستی سەرۆکایەتیو راگەیاندنی پەرلەماندا لایەنگریی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ دەسەڵات دەرکەوتووە.

بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، لە روونکردنەوەیەکی رۆژی (1/11)دا، ئەوە خراوەتەڕوو: «پێدەچێت ئەو بەڕێزانەی (مەبەست فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنە) باس لە پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتییەکەی دەکەن وەهمیان لادروستبووبێتو لەڕوانگەو تێڕوانینی خۆیان سەیری مەسەلەکانو رۆڵی پەرلەمان بکەن، ئەگەرنا، چ مەنتقێکی تێدایە ئەو لایەنەی کە خۆی زۆرینەی پەرلەمان بێت، هەوڵبدا پەرلەمان لاواز بکاتو کارەکانی بە سستی بەڕێوەبچێت».

هەروەها لە نووسراوێکی نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستاندا، کە (2/9) بڵاوکراوەتەوەو پشتگیریی لە د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکات بەمشێوەیە، «رێزدار د.ئاشتی هەورامی هیچ کات مانعی نەبووە بۆ هاتنە پەرلەمانی کوردستان، ئەو بەڕێزە هەمیشە وتوویەتی، ئامادەم بێمە پەرلەمانو بەهەموو شێوەیەک روونکردنەوە دەربارەی کارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش بکەمو لەبارەی ئامادەنەبوونیشی لە دانیشتنی (2/8) بەهۆی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بووە، ئەمەش بەهانە نییە».

لە دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی (2/22)ی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرۆکی پەرلەمان بە پەرلەمانتارانی راگەیاند؛ هەر پەرلەمانتارێک لەسەر بودجە تەنیا (3) خولەک دەتوانێت قسە بکاتو رۆژی (2/23) بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو باسی لەوەکردووە، «دوای دانیشتنەکەی (2/23) چەند لێدوانێک لە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر زاری چەند ئەندام پەرلەمانێک دەربارەی دانیشتنەکەو مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە، کە بەداخەوە هەندێکیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو شێواندنی راستییەکانە».

لە دانیشتنی رۆژی (2/27)دا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە راگەیاندنەکەی بێلایەنانە مامەڵە بکات، بۆیە نەریمان عەبدوڵڵای پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بەپێویستی دەزانێت راگەیاندنی پەرلەمان سەرلەنوێ دروستبکرێتەوەو سەرۆکی پەرلەمانیش بەڵێنی پێداون راگەیاندێکی نوێ دروست بکەنەوە.

هەروەها لە روونکردنەوەیەکی نووسینگەی ئەرسەلان بایز، جێگری سەرۆکی پەرلەماندا، کە رۆژی (2/25) لە سایتی پەرلەماندا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە؛ لیستی گۆڕان لە هەنگاوی یەکەمەوە بڕیاریانداوە دژی ئەم ئەزموونەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، هەربۆیەش لەکاتی دەنگدان بەم کابینەیە، نەک هەر دژی وەستان، بەڵکو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیان جێهێشت، هەروەها نووسیویەتی بەلامانەوە سەیرنییە پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان کە بە پێشمەرگە بڵێن میلیشیا، جۆرەها قسەش لە دژی پەرلەمانو جێگری سەرۆکی پەرلەمانو تەنانەت سەرکردە رەمزییەکانی کوردیش دروستبکەن»، سەرەڕای ئەوەی ئەرسەلان بایز فراکسیۆنی گۆرانی بە پەرلەمانتارانی وشە ناوبردووە.

هەروەک فراکسیۆنی گۆڕان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات بە ئاشکراو بە بەڵگەوە ئەوەیان بۆ رابگەیەنێت سەبارەت بەوەی گوایا دژی ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستانن، ئەگەرنا پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بەگشتییو جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەتایبەتی بە رەسمییو بە نووسراو داوای لێبووردن لە فراکسیۆنی گۆڕان بکەنو بەوپێیەی ئەرسەلان بایز، پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانو سایتی پەرلەمانی بەکارهێنا بۆ تەشهیرکردنو هێرشکردنە سەر فراکسیۆنی گۆڕان، لەبەرامبەردا داوای وەرگرتنەوەی متمانە لە ئەرسەلان بایز لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکات.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، باسی لەوەکرد، ئەو قسانەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کارێکی نایاساییە، چونکە پەرلەمان شوێنی ئەو قسانە نییە، دەکرێت لەناو بارەگای مەکتەبی رێکخستنەکەیداو بەناوی ئەندامی مەکتەبی سیاسییەوە لێدوانی لەو جۆرە بدات، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەمە خەرقێکی گەورەیە بەسەر هەموو رێساو یاساکانی پەرلەمانی کوردستانەوە.

لە روونکردنەوەیەکیشدا سەبارەت بە وتەکانی ئەرسەلان، فراکسیۆنی گۆڕان بڵاویکردەوەو تێیدا دەڵێت: «ناوەڕۆکی ئەو روونکردنەوەیە چەندین وتەی نابەجێو بێ بەڵگەی لە دژی فراکسیۆنی گۆڕان لەخۆگرتووە، کە مانای جۆرێک لە تەشهیرکردن، ناوزڕاندن، هاندانی ئاژاوەگێڕیی، دژایەتیکردنی فراکسیۆنەکەمان دەگەیەنێت، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان زۆر بەتوندیی سەرکۆنەی ئەم لێدوانە نابەجێو شێوازە نابەرپرسیاریانەیەی دەکەین، کە ئێستا لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەماندایە».

هاوکات نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان وتی: ئێمە چەند بەڵگەیەکمان لایە، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەتایبەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، لەڕێگەی راگەیاندنەکەیەوە بێلایەن نەبووەو چووەتە سەنگەری حکومەتەوەو تەنانەت لە زۆربەی نووسراوەکاندا رەخنە لە ئەندامانی پەرلەمان دەگرێتو بەرگریی لە حکومەت دەکات، بۆ نموونە لە نووسراوێکی راگەیاندنی پەرلەماندا لێدوانێکی راستی من بە درۆدەخاتەوەو بەرگریی لە حکومەت دەکات.

سەمیر سەلیم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، وتی: «راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لایەنداریی پێوە دیاربووە، بۆیە لە دانیشتنەکانی چەند رۆژی رابردوودا ئۆپۆزسیۆن پێشنیازی بێلایەنبوونی راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردو بەڵێنیشدرا، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو یەک سەیری فراکسیۆنەکان بکاتو راگەیاندنەکەی بێلایەن بێت».

لە دانیشتنی رۆژی شەممەی ئەم هەفتەیەدا، دوای نارەزایی فراکسیۆنی گۆڕان، لەسەر بێلایەن نەبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان، د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کە پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان بێلایەن بێت.

## چاودێرانی هەڵبژاردن:

# بەکارهێنانی پۆستی رەسمیی بۆ بانگەشە، نایاساییە

راپۆرتی: هەستیار قادر



موهەنەد کینانی



هۆگر چەتۆ

شارەزایانی بواری چاودێری هەڵبژاردن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە؛ کە بەکارهێنانی پۆستی رەسمییو حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، نایاساییەو رێگرتن لەوحاڵەتەش دەبەستنەوە بە دەرنەکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە.

لە گەرمەی ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بانگەشەی پۆستە باڵاکانی حکومەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بووە جێگەی تێبینی زۆربەی لیستو پسپۆڕانی بواری هەڵبژاردن.

بە بڕوای هۆگر چەتۆ، بەرپرسی تۆڕی (شەمس) بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی پلەو پۆستی حکومەتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو لەوبارەیەوە رایگەیاند؛ «نابێت شوێنو پێگەی حکومەت، یان پارەی حکومەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەرکابهێنرێت».

هۆگر چەتۆ، نموونەیەکی زەقی ئەو جۆرە خروقاتەی هێنایەوە، کە لەلایەن تۆڕەکەیەوە لە هەڵبژاردنی (7/25)ی هەرێمی کوردستاندا تۆماریانکردووە، وتیشی: «لە راپۆرتێکی پێشووماندا باسمان لە کۆبوونەوەیەکی وەزارەتی کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە، کە بۆ ژمارەیەک هاوڵاتی رێکیخستبوو، تیایدا سەرۆکی هەرێم بانگەشەی بۆ لیستی کوردستانیی کردووە».

هەندێک لە شارەزایانی دیکەی ئەو بوارە رێنەگرتن لە بەکارهێنانی سەرمایەی رەمزییو مادیی حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دەبەستنەوە بە دەرنەکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە.

موهەنەد کینانی، سەرۆکی تۆڕی (عەین) بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە نابێت لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە تا دەگاتە سەرۆک وەزیرانو سەرۆک کۆمار، کە کارمەندی حکومەتنو پلەو پۆستو پارەیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنن، وتیشی: «یەکێک لە کێشەکانی بەردەم نەهێشتنی ئەم دیاردەیە، دەرنەکردنی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراقە، کە لیستەکانی پەرلەمان پشتگوێیان خستبوو».

یەکێکی دیکە لەو تێبینیانەی، کە رێکخراوەکانی تایبەت بە چاودێریکردنی هەڵبژاردن لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستەکان هەیانە، بودجەی بانگەشەو نانبڕینو بەکارهێنانی توندوتیژیی هەڵبژاردنە.

ڤیان حەیدەر، بەڕێوەبەری تۆڕی (تەمموز) بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن وێڕای ئاماژەدان بەوەی، بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنانی پلەو پۆستو پارەی حکومیی بۆ بانگەشە قەدەغەیە، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە پێویستە لە بودجەی هەر ساڵێکدا کە هەڵبژاردنی تیا ئەنجامدەدرێت، بەرزترین رێژەی بودجەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستەکان دیاریبکرێت، وتیشی: «دابەشکردنی دەمانچەو بەکارهێنانی توندوتیژیی هەڵبژاردن خروقاتەو پێویستە ئەو کەسانەی پەنایان بۆ دەبەن، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت».

سەبارەت بە کڕینی دەنگیش سەرۆکی تۆڕی تەمموز ئەوکێشەیەی بەستەوە بە هۆشیاریی دەنگدەرەوەو وتی: «پێویستە دەنگدەر هوشیار بێتو رێنەدات دەنگەکەی بەپارە بکڕدرێت، یان بچێتە ژێر باری هەڕەشەوە».

# پەیامی نەوشیروان مستەفا بۆ چاودێرانی سەرسندووقەکانی هەڵبژاردن و بریکارانی لیستەکان

**هاوڵاتیانی بەڕێز،**
**ئەم کاتەتان باش**

**بەڕێزان خوشک و برایانی چاودێری سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن**
**بریکارانی لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن**
**بریکارانی بێلایەن**
**هاوکارانم، بریکارانی لیستی گۆڕان**

ئەمڕۆ هەموو خەڵکی کوردستان چاویان لە هیمەت و ئیرادەی ئازایانەی ئێوەیە، ئەمڕۆ ئەوە ئێوەن پارێزەری سەرەکی یەکێک لە بنەڕەتیترین مافەکانی خەڵکی ئێمەن، کە بەخوێنی هەزاران شەهیدو بەڕەنجی هەزاران تێکۆشەر بەدەستهاتووە.

ئێوە ئەمڕۆ ئەرکێکی نیشتمانیی و ئەخلاقیی و سیاسیی گەورەتان لە سەر شانە بۆ ئەوەی ببنە پارێزەری یەکەم و دواهەمینی دەنگی خەڵکی.

خەڵکی کوردستان دەنگو بڕیاری خۆیان گرێداوە بە ئەمانەت و چاودێریی راستگۆیانەی ئێوەوە.

ئـەوە ئـەمـڕۆ ئـێـوەن پـارێـزەری سەرەکیی دەنگی خەڵکی کوردستانن، چونکە تەنیا ئەوە ئێوەن دەبێت بە چاودێریی و وریایی و حەماسەتەوە، رێگە لە تەزویرکردنی دەنگی خەڵک و فێڵکردن لە ئیرادەی خەڵک بگرن، ئەوە ئێوەن دوا زامنی سەرەکیی پرۆسەی هەڵبژاردن، وەک پرۆسەیەکی پاک و بێگەردو دوور لە گزی و ساختەکاریی.

**هاوڕێیان و بریکارە بەڕێزەکان:**

دەبێت هەمووتان نرخی ئەم مەسئولیەتە مـێـژوویی و ئەخلاقییە مەزنە بزانن و لەئاست چاوەڕوانی هەموو ئەو خەڵکە دڵسۆزو بە پەرۆشەدا بن، کە بەدرێژایی ئەم ماوەیە ماندوونەناسانەو بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێکی شەخسی بکەن، کارو چالاکییان بۆ سەرخستنی لیستەکان کردووە، دەبێت هەمووتان بە رۆحی گیانفیدایی نیشتمان و بە پاکێتیی هاوڵاتیبوون، پارێزگاری لەو ئەمانەتە گەورەیە بکەن، کە دەنگی خەڵکییە.

ئەمڕۆ هەموو هاوڵاتییانی کوردستان چاوی بڕیوەتە ئێوەو بەهیوای ئەوەن، بە راستگۆییەوە پارێزگاری لە دەنگەکانیان بکەن و رێگە نەدەن دەنگەکانیان بدزرێت و گزی لە ئیرادەو خواستیان بکرێت.

هەمووتان دەبێت دەرکی گرنگیی ئەو مەسئولیەتە بکەن، کە لەسەر شانتانە، دەبێت ئەو راستییە بزانن، کە لەم قۆناغەدا بوون و نەبوونی دیموکراسیی بەستراوە بە رادەی ئامادەبوون و نەبوونی ئێوەوە، چونکە جەوهەری دیموکراسیی بە تەنیا هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵکی نییە، بەڵکو پاکیی و راستگۆیی هەڵبژاردنە، ئەوەی سیستمی دیکتاتۆری لە سیستمی دیموکراتی جیادەکاتەوە، هەڵبژاردنێکی پاک و بێ تەزویرە، نەک خودی پرۆسەی هەڵبژاردن.

هەمووتان ئەوەتان لەبیربێت، کە لـەبـەردەم خـوای مـەزن و لـەبـەردەم ویژدانی میللەت و لەبەردەم مێژووی وڵاتەکەتاندا بەرپرسیارن لـەوەی، هەڵبژاردنێک بەڕێوەبچێت، کە کەس ساختەکاریی تیا نـەکـات و دەنـگـو گەرووی خەڵک نەدزێت.

گەلەکەمان چاوی لەهیمەت و ئازایەتی و پاکێتی ئێوە بڕیوە، تاکو پارێزگاری لەو ئەمانەتە گەورەیە بکەن.

ئێمە دەزانین رەنگە هەندێک کەس بە هـەڕەشـە، یـان بە پـارە، یـان بە زۆرو زەبروزەنگ، هەوڵی ئەوە بدەن گەروو دەنگی خەڵکی ئێمە بدزرێت و ساختەکاریی تـیـادا بکرێت، بـەڵام ئومێدێکی گەورەشم بەوە هەیە، ئێوە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە لەبەردەم ئەو هەوڵەدا رابووەستن و رێگەی پێبگرن.

ئـەوەش بزانن، کە میللەت و یاسا لەپشت ئێوەوەن و ئەگەر ئیرادەیەکی بە هێزو مەزنتان هەبێت، کە دڵنیام هەتانە، کەس ناتوانێت زەفـەر بە غافڵبوون و بێدەنگبوونتان بەرێت.

لە (٣/٧)دا هەموومان دەچین بۆ دەنـگـدان و دەنـگـی خۆشمان وەک ئامانەتێک بەئێوە دەسپێرین. هیوادارم هەمووتان لەئاست ئەم مەسئولیەتەدابن و مێژوویەکی پرشنگدار بۆ خۆتان و میللەتەکەتان تۆمار بکەن.

من لەکاتێکدا سووپاسی یەک بەیەکی ئێوە دەکەم، کە رازیبوون ئەم ئەرکە گرنگە بگرنە ئەستۆ، هیوادارم وەک هاوڵاتییەکی جەربەزەو ئازا پارێزگاری لە پاکێتیی هەڵبژاردن بکەن.

بە ئومێدی هەڵبژاردنێکی پاک و دوور لەگزی و دزی......

**بەخوای گەورەتان دەسپێرم**

# کۆمسیۆن لە ساختەکارییەکانی یەکێتی و پارتی ئاگاداردەکرێتەوە

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

**چاودێران دەڵێن، بۆ هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکێتی و پارتی، خۆیان بۆ ساختەکارییەکی بەبەرنامە بۆ دارێژراو ئامادەکردووە، بەڵام لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کۆمسیۆنیان لەو بابەتە ئاگادارکردووەتەوەو داوای رێگرتن لە ساختەکارییەکانیان دەکەن.**

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بە دەست رۆژنامە گەیشتوون، یەکێتی و پارتی بە نیازی ئەنجامدانی ساختەکارییەکی پـلان بـۆدارێـژراون، لە هەڵبژاردنی ٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو ئەویش لە سێ رێگاوە، رێگای یەکەمیان دەسـتـێـوەردانـی حیزبییە لـە دانانی فەرمانبەرەکانی کۆمسیۆن و دابەشکردنی کارەکان لە رۆژی دەنگدا بەسەریانداو هەروەها ئامادەکردنی خەڵک بۆ رۆژی پێنجشەمە کە رۆژی دەنگدانی تایبەتە، بۆ ئەوەی بەشدارییان پێبکەن بە ناوی نەخۆشەوە، رێگای دووەمیشیان ئەوەیە کە لە کۆبوونەوە تایبەتییەکانیاندا، فەرمانیانداوە بە هێزی پێشمەرگە کە وەک ئەرک، پێویستە لە سەریان زیاتر لەجارێک دەنگ بدەن، جارێک وەکو لایەنە سەربازییەکە، جارێکیش وەکو هاوڵاتی، رێگای سێیەمش ئەوەیە کە ئەندامانی خۆیان ئاگادارکردووەتەوە کە رۆژی هەڵبژاردن لە بەردەمی بارەگا حیزبییەکان کۆببنەوە بۆئەوەی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان و بەپێی ئەو پلانەی کە دایاننـاوە، بیانبەنە بنکەکان بۆ دەنگدان، لەبری ئەو کەسانەی کە ناچن بۆ دەنگدان.

بە مەبەستی رێگەنەدان بەساختەکاریی، دامـــەزراوەی هـەڵـبـژاردنـی گـۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی لە کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان، سکاڵایان کـــردووەو ژمـارەیـەک لەو ساختەکارییەکانیان پێ پوچەڵکراوەتەوە.

مەحمود رەزا، ئەندامی لیژنەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان، بە رۆژنـامـەی راگەیاند «ژمـارەیـەک لـە ساختەکارییەکانی یەکێتیمان ئاشکراکردووە کە بەنیازە بەبەرنامە ئەنجامیان بدات، هەربۆیە لەگەڵ کۆمسیۆن قسەمان کـردووەو نەمانهێشتووە کە بـەئـارەزووی یەکێتی کەسانی سەر سندووقو بەڕێوەبەری وێستگەکانی دەنگدان جێگۆڕکێ پێبکرێن، کۆمسیۆنمان لە دووبارە دەنگدانی هاوڵاتییانیش ئاگادار کردووەتەوە».

هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، یەکێتی و پارتی بە نیازی ساختەکاریی سیستماتیکین لەناو دەنگدانی تایبەتدا، کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە دەگرێتەوە، ئەمەش لە رێی ترساندنی ئەو هێزانەوە بەوەی، ئاگاداری ئەوەدەبن کە دەنگ بەکێ دەدەن و دوای ئاشکراکردنیان سزادەدرێن و لەکار دەردەکرێن، ئەمەش دوای ئەوە هات کە لە هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا دەنگدەرانی تایبەت بە رێژەیەکی زۆر دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا.

مەحمود رەزا، وتیشی: «ترساندنی ئەو هێزانە تەنیا شەڕی دەروونییەو وایان تێدەگەیەنن کە ئاگایان لە دەنگدانیانە، بەڵام ئەوە راست نییەو بەهیچ جۆرێک رێگەنادرێت چاودێریی ئەو هێزانە بکرێت، بۆیە من هەموو ئەو هێزانە دڵنیادەکەمەوە کە ئەو سیناریۆیە سەرناگرێت و هەر کەسێک ئـازادە لـەوەی دەنـگ بە کێ دەدات».

بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو هێزانەش، عـەبـدولڕەحـمـان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای هـەڵـبـژاردنـەکـان، بۆ رۆژنامە وتی «یەکێک لە پایە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردن، لە نهێنی بوونی دەنگداندایە، بۆیە پێویست نـاکـات هیچ کەسێک بەترسەوە دەنگبدات، بەتایبەت لەدەنگدانی تایبەتدا بۆ هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە، پێویستە هۆشیاربن و ئـەوە بزانن کە دەنگدانیان بەتەواوەتی نهێنییەو ناتوانرێت ئاشکرابکرێت کە دەنگیان بە کێ داوە».

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان، لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمدا، دەنگەکانی نزیکەی (٣٨) وێستگەی دەنگدان کە ساختەکارییان تێداکرابوو، رەتکرانەوەو دەنگەکانیان سووتێنران، بـەڵام ژمـارەیـەکـی زۆر لـەوە زیاتر ساختەکاریی ئەنجامدراو زۆربەی ئەو ساختەکارییانەش لە رێگەی فۆرمی (١١١) ەوە کرابوون، کە بەهۆیەوە ئەو کەسانە دەنگیان پێدەدا کە ناویان نەبوو بۆ دەنگدان.

لەلایەکی دیکەوەو بەپێی سەرچاوەکانی رۆژنـامـە، ژمـارەیـەک لە هەماهەنگی کۆمسیۆن لەخولی راهێنانەکاندا رێنمایی دەدەنە لێپرسراوانی بنکەکانی دەنگدان، تا رێگە بەهەندێک لەباج و پێناس بدەن کە بەهۆیەوە هاوڵاتییان دەنگ بدەن، کە لە رێنماییەکانی کۆمسیۆندا رێگەپێنەدراوە، وەک مۆڵەتی شۆفێری، یان پێناسێک کە وێنەی منداڵی پێوەبێت، هاوکات لە بنکەی ٢٦٦ی ئامادەیی پیرەمەگروونی کچان لەسلێمانی، لێپرسراوی بنکەکە بەهەماهەنگی کۆمسیۆنی وتـووە، کە ئاساییە ئەگەر وێنەی جەلال تاڵەبانی و ئاڵای کوردستان بهێنرێتە بنکەکانەوە، لەکاتێکدا جـەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارە.

لەلایەکی دیـکـەوە، زانـا رۆستایی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بە رۆژنامەی وت «ئاگامان لە ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی ساختەکارییەکی بە بەرنامە هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک، کۆمسیۆنمان لـەو ئامادەکارییانە ئاگادارکردووەتەوەو پێمانوتوون، کە پێویستە رێگریی بکرێت لەم ساختەکارییە، بەتایبەتی لە رووی دەستێوەردانی حیزبی لە دانانی فەرمانبەرەکانی کۆمسیۆن و دابەشکردنی کـارەکـان بەسەریانداو هەروەها دانانی خەڵک بۆ ئەوەی رۆژی پێنجشەمە کە رۆژی دەنگدانی تایبەتە، بەشدارییان پێبکەن بە ناوی نەخۆشەوە».

بەپێی زانیارییەکان، یەکێتی و پارتی لە کۆبوونەوەی تایبەتدا، فەرمانیانداوە بە هێزی پێشمەرگە کە وەک ئەرک، پێویستە لەسەریان زیاتر لە جارێک دەنگبدەن، جارێک وەکـو لایەنە سەربازییەکەو جارێکیش وەکو هاوڵاتی.

لـەوبـارەیـەوە، زانـا رۆستایی وتی «ئەم کارانە هەموویان پەلەقاژەی لیستی دەسەڵاتن کە تاکە ئومێدی، ساختەکارییە، ئێمە هەوڵمانداوە رێگریی لێبکەین، بەڵام بەپلەی یەکەم رێگریی، بە هۆشیاریی و بەشداریی هاوڵاتییان دەکرێت، بەوەی کە خۆیان بچن دەنگبدەن بۆئەوەی کەس دەنگیان بەپێچەوانەی ئیرادەیانەوە بۆ نـەدات، هاوکات پێویستە بریکاری قەوارەسیاسییەکان زۆر چاوکراوەبن».

یەکێتی و پارتی بەنیازن زۆربـەی ساختەکارییەکان بەو کەسانە بکەن کە وایان تێگەیاندون کە ئەو ساختەکارییە بۆ کوردایەتییە، لەکاتێکدا پێویستە ئەو کەسانەی کە بۆ ساختەکارییەکان ئـامـادەکـراون ئـەوە بزانن کە کـورد، هـەرچـەنـدە دەنـگ زۆربهێنێت هەر ئەو کورسییانەی بەردەکەوێت کە بۆ پارێزگاکان دیاریکراون و ململانێ لەنێوان لیستە رکابەرەکانی کوردستاندایە، بەڵام یەکێتی و پارتی، ئەو خەڵکانە واتێدەگەیەنن کە ساختەکاریی لەبەر خاتری کوردە.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵ، باسی لەوەشکرد، کە بەو حاڵەتانەیان زانیوەو یاداشتنامەیان داوەتە کۆمسیۆن و ئەویش بە فەرمیی وەڵامی داونەتەوەو ئـامـاژەی بـەوەکـردووە کە لیژنەیان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی ئەو حاڵەتانە، وتیشی: «کۆمسیۆن داوای کـردووە کە رۆژی (٣/٣) چاودێرەکانمان لە بنکەکانی دەنگدان ئامادەبن، بۆئەوەی لە رێگەی تیروپشکەوە، ئیش بەسەر فەرمانبەرانی ناو بنکەکانی دەنگداندا دابەشبکرێت».

زانا رۆستایی وتیشی «ئەنجامدانی ساختەکاریی لـە رووی شـەرعـەوە حەرامەو گوناهێکی گەورەیەو لە رووی یاسایی و سومعەی میللەتەکەشمانەوە، کارێکی رێگەپێنەدراوەو دەبێتە مایەی لەکەدارکردنمان، هەربۆیە بە یەقینەوە دەڵێم کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان پەنا نابەنە بەر ساختەکاریی».



دەنگدەرێک سەیری ناوی دەنگدەران دەکات

# راپۆرتێکی نهێنیی سەربازیی: یەکێتی، پێشمەرگەی خستووەتە خزمەتی بەرپرسو مەڵبەندەکانییەوە

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە لە راپۆرتێکی نهێنییدا، کە ئەوکات بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بووە، بۆ فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو وەزیری پێشمەرگەو چەند لایەنێکی دیکەی سەربازیی ناردووە، ئاشکرای دەکات؛ کە هەزاران پێشمەرگەی کوردستان تەنیا مووچە لە وەزارەتی پێشمەرگە وەردەگرن، بەڵکو لەژێر فەرمانی بەڕێوەبەرێتی ئیستخباراتو دژە تیرۆرو مەکتەبی سیاسییو عومەر فەتاحو چەند لایەنێکی دیکەدان.

ئەو بەرپرسە سەربازییە لە راپۆرتەکەیدا زۆر بەراشکاوی دەڵێت: «ئەو پێشمەرگانەی کە مووچەیان لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەڵام پاسەوانیی دەزگاو مەڵبەندو یەکێتی دەکەن، بوونەتە بارگرانیی بەسەر وەزارەتەوەو لەگەڵ سیستمی ئیدارییو مووچەدا ناگونجێت».



تاڵەبانی پێشمەرگە بە میلیشیا ناودەبات

## خزمەتی دەزگا ئەمنییەکانیان پێدەکرێت

بەپێی ئەو راپۆرتە نهێنییە «کۆی گشتیی ژمارەی پێشمەرگەکانی (وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە) لە (.........) ئەفسەرو پلەدارو سەربازو کارمەندو پێشمەرگەو متەفەڕیقە پێکهاتوون، لەم ژمارەیەش بەتەنیا دەتوانین دوو فەوج وەکو هێزی شەڕکەری ڕێکوپێک پشتی پێ ببەسترێتو لەژێر فەرمانی راستەوخۆی وەزارەتدا بن، چونکە ئەوەی دیکەی هەر ژمارەیەو تەنیا هەر مووچە لە وەزارەت وەردەگرنو ئەرکی تایبەتی دیکە ئەنجامدەدەن لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانی وەزارەت، وەکو: (فەوجی دژەتیرۆری کاک پاڤێل، ٣ی فەوجی بەڕێوەبەرێتی ئیستخبارات سەر بە مامۆستا عەزیز، فەوجی مەکتەبی سیاسیی، فەوجی تایبەتی عومەر فەتاح، بێ سیمی مەرکەزی، نەخۆشخانەی شۆڕش، سریەی بەغدا)».

## خزمەتی بەرپرسانو مەڵبەندەکانیان پێدەکرێت

جەبار یاوەر، ئەوەش ئاشکرادەکات؛ کە لە کۆی پێشمەرگەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت (.......) هەزار پێشمەرگەیان تەنیا مووچە لە وەزارەت وەردەگرنو پاسەوانیی دەزگاو مەڵبەندو لێپرسراو کەسایەتیو موتەفەڕیقەی دامودەزگاکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان پێدەکرێتو وەزارەتی پێشمەرگە ناتوانێت هیچ فەرمانێکی جووڵەیان بەسەردا بسەپێنێت.

یاوەر لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت: «ئەو پاسەوانانەی (دەزگاو مەڵبەندو لێپرساو)ەکانی یەکێتی، کە مووچە لە وەزارەت وەردەگرن، هەم لەگەڵ نیزامی ئیدارییو مووچەی وەزارەت ناگونجێتو هەم بارگرانییە لەسەر وەزارەت، بەهیچ شێوەیەک لەژێر فەرمانی وەزارەتدا نینو وەزارەت ناتوانێت تەنیا (١) پێشمەرگەیان ئامادە بکات، وەک پێشمەرگەی شەڕکەر».

هەروەها (٢٢٦٧) کەسی دەزگای پێشمەرگەی دێرین، کە بەناوی (فیئەکان)و بەچەند پلەیەکی وەزیفی جیا پێکدێنو لە وەزارەتی پێشمەرگە مووچە وەردەگرن، ئەمانەش هەر تەنیا ژمارەنو لەژێر فەرمانی وەزارەتدا نین لەڕووی فەرمانو جوڵەوە.

لەلایەکی دیکەوە (٨٠٧) ئەفسەرو پلەدارو کارمەندو یاریدەدەری پزیشکیی، کار بۆ (بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانەکانی شۆڕش) دەکەنو تەنیا مووچە لە وەزارەتی پێشمەرگە وەردەگرن، بەڵام لەڕووی جوڵەو کارەوە لەژێر فەرمانی وەزارەتدا نین.

## فەرماندەیی گشتییو خزمەتی حیزب

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە، تایبەتە بە رەوشی دابەشبوونی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە؛ کۆی گشتیی پێشمەرگەکانی فەرماندەیی گشتیی (........) هەزار پێشمەرگەیەو بەپێی پلە مووچە وەردەگرن، کەمترین مووچەیان پلەی (تەتەرە)و (١٠٠) هەزار دینار وەردەگرێتو بەرزترین پلەشیان (فەرماندەی لیوایە)و بڕی (١٢٥٠٠٠٠) دینار وەردەگرێت، کە ئەمەی خوارەوە بەشێک لە پێکهاتەی ئەو هێزەیە:

* ژمارەی (٢٤٥٦) پێشمەرگەیان بەناونیشانی جۆراوجۆر دابەشبوون بەسەر هێزو فەوجی موتەفەڕیقەو پاسەوانی دامودەزگاکانو مەڵبەندو مەکتەبەکانی یەکێتیدا.

* ژمارەی (٩٤١) پێشمەرگەیان، بەناونیشانی جیاو بەبڕی مووچەی جۆراوجۆر پاسەوانیی لێپرسراوو دەستەو کەسایەتی دەکەن.

* ژمارەی (٢٥٢٠) پێشمەرگەیان، بە ناونیشانی جۆراوجۆرو بە مووچەی جیا، کە کارمەندو ئەفسەرو کادیری بەشەکانو دیسانەوە پاسەوانی کەسو لێپرسراوو لایەنو ڕێکخراوی هەمەجۆریشیان تێدایە، دەکەن.

* ژمارەی (٢٩٨١) پێشمەرگەیان، بە ناونیشانی جیاو بە مووچەی جیاجیا پاسەوانی حیزبەکانیان پێدەکرێت.

جەبار یاوەر، ئەوەش روونەدەکاتەوە؛ کە لەڕووی بڕی مووچەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان خشتەو بڕی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە فەرماندەیی گشتییو هێزەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانو وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمەش بەهۆکارێکی گرنگ دەزانێت لە زامن نەبوونو مسۆگەرنەکردنی ئامادەبوونیان لەکاتی پێویست بەو ژمارەیەی کە هەنو مووچە وەردەگرن.

## پارتیو یەکێتی شەڕ لەسەر خۆیان دەکەن، نەک کورد

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتە نهێنییەکەیدا بریکاری ئەوکاتەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە؛ باس لەو ململانێیانە دەکات کە پارتیو یەکێتی لەسەر پۆستە باڵا سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق کردوویانە، لەکاتێکدا خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کوردیان لەم دوو هێزە دەکرد.

لە راپۆرتەکەدا ئاشکرای دەکات؛ «پایەی جێگری ئەمینداری گشتیی، کە چەند ساڵێک پشکی پارتی بوو، (بروسک نوری شاوەیس) لێی جێگیربوو، لەگەڵ پایەو گرنگیی (بابەکر زێباری)، کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقو تا ماوەیەکیش سوپاسالاری عێراق بوو، هۆکاری گرنگو سەرەکیی بوو، بۆ ئەوەی پارتی بتوانێت لەچەند فیرقەیەکی سوپای عێراق دەسەڵاتو نفووزی خۆی جێگیر بکات».

راپۆرتەکە، زیاتر ئەم ململانێیەی نێوان پارتیو یەکێتی روونەکاتەوەو دەڵێت؛ «لە سنووری فیرقەی ٢ + ٣ی سوپای عێراق، جگە لەو کوردانەی، کە لە پایەی فەرماندەیی (فیرقە)، یان (لیوا)، یان (فەوج)ن، کە هەموویان سەربە پارتینو تەنانەت یەک کەسی یەکێتی لەو سنوورە نییە، بە پلەی سەربازی خۆبەخشیش، زۆربەی هێزەکانیان لە موسڵو هەولێرو دهۆکو چەندین لیوای تەواو لە ئەفسەرو سەربازو پلەداری سەر بە پارتییان دامەزراندووەو ئەفسەرو پلەدارە عەرەبەکانیشیان کڕیوە، واتە ئەو دوو فیرقەیەی سنووری موسڵو ناوچەکانی دەرەوەی دهۆکو هەولێر بەتەواویی کۆنترۆڵی پارتییە».

هەروەها باس لەوە دەکات؛ کە فیرقەی (٤)ی کەرکوکی سوپای عێراق، کە لە ناوچەی (کەرکوک+تکریت) جێگیرن، فەرماندەکەی سەر بە یەکێتییە، دەبوو وەک مافی شەراکەت پێکهاتەی ئەم فیرقەیە بۆ یەکێتی بەجێبهێڵن، لەگەڵ تورکمانو عەرەبی ناوچەکە، تەنیا فەرماندەی فیرقەکەو فەرماندەی (٣) فەوجو لیوایەک بەناوی یەکێتییەوە بوو، بەڵام لەلایەن پارتییەوە دیسانەوە پەلاماردراو لە کۆی (٥) لیوا، فەرماندەی (٢) لیواو هەرچی فەرماندەی فەوجی هەیە، هەمووی پارتییەو تەنیا لیوای (٣)ی سلێمانی یەکێتییە.

هەر لەو راپۆرتەدا هاتووە: «لە سنووری فیرقەی (٥)ی دیالە یاریدەدەری فەرماندەی فیرقە پارتییەو فەرماندەی لیوای (٢) فیرقە لەگەڵ (٤) ئەفسەری روکنی لیواکە پارتینو تەنانەت یەک ئەفسەر هەبوو لەو فەوجە، کە موقەدەم روکن (نەجمەدین) یاریدەدەری فەرماندەی فەوج بوو، ئەویشیان گواستەوە، بەگشتیی لە سنووری فیرقەی (٥)ی دیالە نزیکەی (٤٠) ئەفسەری پارتی خاوەن پایە هەیە، لە بەرامبەر (٦) ئەفسەری یەکێتی.

جەبار یاوەر، باس لەوەش دەکات؛ کە لێپرسراوانی پارتی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق بەتایبەت (بابەکر زێباری)، هەوڵیانداوە بەڕواڵەت لەگەڵ لێپرسراوانی یەکێتی خۆیان وانیشانبدەن، کە هەماهەنگییو هاوکارن، بەڵام لەژێرەوە بەهەموو تواناوە هەوڵیانداوە هیچ ئەفسەرێکی سەر بە یەکێتی، هیچ پلەو پایەیەکی گرنگی نەبێتو ئەگەر پلەو پایەشیان هەبێت لێیانوەربگرنەوە.

لە راپۆرتەکەیدا زۆر بەراشکاوی دەڵێت؛ «هەڤاڵانی ئێمە (یەکێتی) لە وەزارەتی بەرگریی عێراق بەبێ بەرنامەو بە میزاجی شەخسی کاریانکردووەو هەوڵیان نەداوە خۆیان ماندوو بکەنو جوهدی زۆر سەرفبکەن، بەپێچەوانەی پارتییەوە، کە بە بەرنامە کاریان بۆ خۆیان کردووە».

> جەبار یاوەر:
> پاسەوانانی (دەزگاو مەڵبەندو لێپرسراو)ەکانی یەکێتی، کە مووچە لە وەزارەت وەردەگرن، هەم لەگەڵ نیزامی ئیدارییو مووچەی وەزارەت ناگونجێتو هەم بارگرانییە لەسەر وەزارەت، بەهیچ شێوەیەک لەژێر فەرمانی وەزارەتدا نینو وەزارەت ناتوانێت تەنیا (١) پێشمەرگەیان ئامادە بکات، وەک پێشمەرگەی شەڕکەر



مەم بورهان قانع

# سووکایەتیکردن بە رۆژنامەنووس

هەفتەی رابردوو دووجار سووکایەتی بە رۆژنامەنووسی کورد کرا، بەمەش ئەو یاسا خراپەی رۆژنامەگەریی پێشێلکرا، کە تێبینی زۆرمان لەسەری هەیەو هەندێک لە رۆژنامەنووسانی دەسەڵاتیش بە یاسایەکی نموونەیی ناویدەبەن.

بەرگرتن لە رۆژنامەنووسان لەوەی رووماڵی بەشێکی یەکێک لە دانیشتنەکانی هەفتەی رابردووی پەرلەمانی کوردستان بکات، پێشێلکردنی ئاشکرای خاڵەکانی یەکەمو دووەمی مادەی دووەمی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای رۆژنامەگەرییە لە کوردستان، لەکاتێکدا ئەم یاسایە راشکاوانە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی کوردستانەوە پێشێلدەکرێت، بێئەوەی دەزگای داواکاری گشتیی (کە بەرپرسە لە هاتنەدەنگ لەهەر پێشێلکارییەکی لەمجۆرە کە مافی گشتیی تێدا پێشێلدەکرێت) لەسەری بێتە دەنگو سەندیکاو لایەنەکانی دیکەی بەرپرسیش نارەزایی توند لەمبارەیەوە دەرببڕن.

یەکێکی دیکە لەو پێشێلکارییو سووکایەتیکردنانەی کە هەر لە هەفتەی رابردوودا بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانی کورد کرا، پەلاماردانی تیمێکی تەلەفزیۆنی (KNN) بوو لە پارێزگای نەینەوا.

ئەم پێشێلکردنەی یاسای رۆژنامەگەرییو سووکایەتیکردنانە بە رۆژنامەنووسان، بەردەوامیدانە بە پێشێلکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسییو برەودان بە لەکەدارکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەک چۆن لە رابردوویشدا چەندین حاڵەتی لەمجۆرە هەبووە، بەمەش ئەزموونێکی ناشیرین سەبارەت بە سووکایەتیکردن بە دەسەڵاتی چوارەمو رۆژنامەنووسان لە کوردستان نیشانی رای گشتیی عێراقیو دەرەوە دراوە.

لەپشتی ئەم سووکایەتیکردنو پێشێلکردنەوە، ئەو مەنتیقە ئامادەیە، کە نەک بەشی هەرە زۆری کارەکتەرە سیاسییەکانی حیزبی دەسەڵاتدار بڕوایان بە ئازادیی رۆژنامەنووسییو مافی زانین لە بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەستیارو گرنگەکاندا نییە (ئەو زانیارییانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بە ژیانی ئێمەی هاوڵاتییانەوە هەیە)، بەڵکو بەرپرسانی حیزبی (ئەوانەیشی لەنێو پەرلەماندان) بەهەمان مەنتیق کاردەکەنو رێگریی لە رۆژنامەنووسان دەکەنو رێگەنادەن زانیارییەکانی ناو پەرلەمان بڵاوبکەنەوە (کە دەسەڵاتی نوێنەرایەتیکردنە) و رای گشتیی لە وردەکاریی دانیشتنێکی هەستیاری پەرلەمان ئاگاداربکەنەوە، کە پەیوەندیی بە بودجەو سەروەتو سامانی ئەم وڵاتەو ژیانو گوزەرانی ئێمەی هاوڵاتییانەوە هەیە (هەروەک چۆن چەندین ساڵە ناشەفافییەتی بودجەو سیاسەتی بێئاگاکردنی خەڵک لە بودجەی هەرێم، لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەودەکرێت)، لەکاتێکدا لەهەر سیستمێکی دیموکراسیدا رێگریی دەکرێت لەهەر هەوڵێک کە بدرێت بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان لە رۆژنامەنووسانو دەزگاکانی راگەیاندن.

سەرباری ئەوەی یاسای توند دانراوە بۆ هەر بەرپرسو لایەنێک کە سووکایەتی بە رۆژنامەنووسان بکەن (کە جێی قبووڵکردن نییە)، هەروەک چۆن کەم نین ئەو هەواڵانەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا بڵاودەکرێنەوەو تیایاندا ئاماژە دەکرێت بە سووکایەتیکردنو لێدانی رۆژنامەنووسانو رفاندنو تەقەکردن لێیان، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی جدییو مەترسیدارە، نەک تەنیا بۆ سەر گیانی رۆژنامەنووسان، بەڵکو بۆ سەر رەوشی هەرێم (کە پەراوێزێکی ئازادیی تێدایە)و هەروەها هەڕەشەکردنی جدیی لە بنەماکانی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین لەم هەرێمەدا،

بۆیە بەرپرسیارێتیی نوێنەرانی داهاتوومانە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا (سەرەڕای ئەرکو ململانێ سیاسییەکانیان لەگەڵ لیستەکانی دیکەی ناو پەرلەماندا بۆ گێڕانەوەی مافەکانمان لە بەغدا)، هەوڵی دەرکردنی یاسایەک بدەن، کە لێدانو سووکایەتیکردنی رۆژنامەنووسان قەدەغەبکرێتو سزای توندیش بۆ هەر بەرپرسو دەسەڵاتو لایەنێک دابنرێت، کە هەوڵی شاردنەوەی زانیارییەکان لە رۆژنامەنووسان بدات، بەمەش حەسانەیەکی یاسایی بۆ رۆژنامەنووسان لە عێراقدا (بەهەرێمی کوردستانیشەوە) زامندەکرێت.

*** کاندیدی ژمارە (١٧)ی لیستی گۆڕان، لە بازنەی سلێمانی.**

# عەدنان عوسمان: دەبێت خەڵکی کوردستان هەردوو حیزب دادگایی بکەن، کە پێشمەرگەیان نەخستووەتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە

سازدانی: بەهادین یوسف

**عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد؛ کە بە بێڕێزیکردن بەرامبەر بە ناوی پێشمەرگەو هێرشکردنە سەری و تەشهیرپێکردنی، رێگای یاسایی دەگرێتەبەر، ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەو بەهیچ شێوەیەک پێشمەرگەی بە میلیشیا ناونەبردووە، تەنیا داوایکردووە هێزی پێشمەرگە لەژێر چەپۆکی حیزب دەربهێنرێت و بکرێتە هێزێکی نیزامی و کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خۆیان و کەسوکاریان و خاوەن مەرجەعی یاسایی بن، نەک چەکداری حیزب و لەژێر فەرمانی بەرپرسە حیزبییەکاندا بجووڵێنرێن.**



عەدنان عوسمان لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا

سەبارەت بە دروستکردنی ئەو هەڵایەی لەسەری دروستکرا لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و یاریکردن بە هەستی پێشمەرگە، عەدنان عوسمان وتی: «لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (KNN) لە دوو لێدواندا سایتی سبەی لە منیان وەرگرت هەڕەشەی ئەوەم لە جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی و سەرۆک کۆماری عێراق کرد، ئەگەر ئەو هێزانەی لەژێر فەرمانی ئەواندان و کاری نایاسایی دەکەن و خەڵک دەگرن و خەڵک لە نەخۆشخانە دەرفێنن و تەقە دەکەن و بێڕێزیی بەرامبەر خەڵک دەکەن، بێلایەنیی خۆیان نەپارێزن، دیارە لە زووەوە بێلایەنیی خۆیان لەدەستداوە، چونکە ئەو هێزانە سەر بە حیزبن و بە فەرماندەی حیزب دەجووڵێن، وتم ناچار دەبین و هیوادارم ناچارنەبین داوای رەسمیی لەسەر سەرۆک کۆماریش تۆماربکەین و داوا لە پەرلەمانی عێراق بکەین سەلاحیەتەکانی تەجمید بکات، لەبەرئەوەی لە بەغدا سەرۆک کۆماری عێراقە و لێرەش فەرماندەیی هێزێکی چەکدار دەکات و بەرپرسی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس ئەو دایدەنێت و بە بڕیاری ئەوە، ئەمە بوو بە مەسەلە».

پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان پێیوایە؛ ئەو هەڕەشانە لە پەرلەمانتارێکەوە و لە فراکسیۆنێکەوە بووە، بۆیە ترسی لای دەسەڵات دروستکردووە، چونکە هەموو کاریان ئەوان لەئێستادا بۆ ئەوەیە پۆستی سەرۆک کۆماریی عێراق وەربگرنەوە و هەر قسەکردنێک لەو بارەیەوە هێڵی سووربووە لای ئەوان، بۆیە بەدوای خاڵێکدا گەڕاون لەسەر گۆڕان. ئەو پەرلەمانتارە وتیشی: «ئەو چەکدارانەی لەبەردەستیاندایە بەناوی دژەتیرۆرو دەمامک لەسەر ئەوەیان بە پێشمەرگە شوبهاند، توانییان ئیستیغلالی عاتیفەی هەندێک پێشمەرگە بکەن، بەرپرسەکانی خۆیشیان کە بە ئیمتیازی ئەوان دەژین و لە نازو نیعمەتدان و ئاگایان لە پێشمەرگەو پێشمەرگایەتیی نییە، ئەوانەیان هاندا بۆ ئەوەی کەمپەینێکی گەورە بکەن گوایە ئێمە سووکایەتیمان بە پێشمەرگە کردووە، رێک پێچەوانەکەیەتی، ئەوە ئەوانن بەناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە هێزی چەکداری دیکەیان دروستکردووە و هێزی دژەتیرۆریان دروستکردووە و بێڕێزییان بەرامبەر بەخەڵکی سلێمانی کردووە، ئەوان کاری نایاسایی دەکەن لە دەرەوەی شەرعییەت و یاسا، ئەوان ساڵانێکە پارەو قوتی پێشمەرگە دەخۆن، ساڵانێکە نایانەوێت هێزی پێشمەرگە یەکبگرێتەوە بۆئەوەی مووچەکەی زیادنەکات و ژیانی باش نەبێت، بۆئەوەی هەرکاتێک ویستیان بەکاریانبهێنن بۆ شەڕی ناوخۆو تەقەکردن لە خەڵک، بۆ ئەوەی لەدەرەوەی یاسا بمێننەوە».

بە وتەی عەدنان عوسمان هەموو خەڵکی بە شەرەف و رۆشنبیرو کەسانی سیاسیی داوای ئەوەیان کردووە، بەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان و بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ ئەوەی ئەم هێزە یەکبخرێتەوە لە چوارچێوەیەکی یاساییداو خاوەنی مەرجەعێک بێت و بکرێتە هێزێکی بێلایەن و ژیانی پێشمەرگەو کەسوکاریان باشبکرێت و مووچەیان زیادبکرێت، لانیکەم هاوتابکرێت لەگەڵ بەغدا. هەروەها پێیوایە؛ دەبێت مووچەی پێشمەرگە لە سەربازی بەغداش زۆرتربێت، چونکە ئەرکەکانی ئێرە قورسترەو ئێمەش تاقیکردنەوەکەمان سەختترە، بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت نیوەی ئەو بودجەیەی بۆ پێشمەرگە تەرخاندەکرێت قوتی بدەن، دابەشی بکەنە سەر دوو حیزب و هەمیشە پێشمەرگە لەژێر دەستی حیزبدا بمێنێتەوە».

لە وەڵامی ئەوەی کە ئەو دوورو نزیک پێشمەرگەی بە میلیشیا ناو نەبردووە، ئەوان شەڕێکی دیکەی لەژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە پێدەفرۆشنەوە، عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان وتی: «کەس نەیوتووە پێشمەرگە میلیشیایە، بەڵام وتوومانە ئەو هێزەی لەژێر دەستی حیزبەکاندایە هێزێکی چەکداری حیزبییە، ئەمە بێڕێزیکردنە بە خودی پێشمەرگە، پێشمەرگە پێشتریش چەند ساڵ پێش ئێستاش لە وتارەکانمدا نووسیومە کە پێشمەرگە رەمزی کوردایەتییەو ناسنامەو کەرامەتی ئێمەیە، دابەشکردنی پێشمەرگە کارەساتێکی گەورەیە کە ئەم دوو حیزبە دەیکەن، ئەم هێزەی لەبەردەستیاندایە خۆیان ئیعترافیان کردووە کە میلیشیایە، ئەمریکا ئیعترافی کردووەو داوای لێکردوون هێزەکانیان یەکبخەن، خۆیان لە رێکەوتننامەی پاریسدا وتوویانە هێزی میلیشیامان هەیە، دەیانجار خۆیان وتوویانە هێزی چەکداری حیزب، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی نابەرپرسی حیزبیی وەکو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئیستیغلالی ئەم وشەیە دەکەن، خۆیشیان لە ئاستێکی نەزانیدان، کە نەزانن هێزی چەکداری حیزبیی یانی چی؟، بەڵام پێشمەرگە میلیشیا نەبووەو لەپێناوی میللەتەکەیدا خەباتی کردووە».

لە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەیەی پەرلەمانی کوردستاندا، عەدنان عوسمان رەخنەی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان گرت، کە ناوی پێشمەرگەیان بە (حرس اقلیم) هێناوە، لەکاتێکدا یەک کەس تێبینی لەسەر نەبووە، بەڵام ناوی پێشمەرگەیان بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندە دژی ئەو و فراکسیۆنەکەی بەکارهێناوە.

لەوبارەیەوە عەدنان عوسمان وتی: «ناوی پێشمەرگەش دابەشکراوە، لەلای پارتی ناوی پێشمەرگە بەکارناهێنرێت بە زۆریی زێرەڤانی و فەلەک (فەرماندەیی لەشکری کوردستان) بەکاردەهێنرێت و شتێک نییە ناوی پێشمەرگە بێت، لەدیوی یەکێتی، هێزێکی چەکدار هەیە لەژێر فەرماندەیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدایەو پێشمەرگەیان لەتکردووە، پێشمەرگەی پارتی هەیە، یەکێتی هەیە، هی حیزبەکانی دیکە هەیە، ئەمەیە بێڕێزیکردن بەناوی پێشمەرگە، لەدوای چەند ساڵێک لە رووخانی رژێمی سەدامیش نەتوانراوە ئەم هێزە یەکبخرێتەوە، دەبێت خەڵکی کوردستان موحاسەبەی ئەم دوو حیزبە بکات، دەبێت موحاسەبەی سەرکردەکانیان بکات، دوای شەش ساڵ لە رزگاریی عێراقیش و (١٩) ساڵ لە رزگاریی کوردستان، نەیانتوانیوە هێزێکی چەکداری یەکگرتوو دروستبکەن، کە بەرگریی لە میللەت و سنووری هەرێم و سەروەرییەکانی بکات».

پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان رەخنەی توندی لە سەرکردەی حیزبەکان گرت و وتی: «ئەوان موزایەدە بەسەر کوردایەتی و پێشمەرگەوە دەکەن، پێشمەرگە لای ئەوان تەنیا لەفزێکە، بۆ موزایەدەکردن و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان، ئەوان دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دادگایی بکرێن، چونکە نەیانتوانیوەو نەیانویستووە هێزێکی یەکگرتوو دروستبکەن بۆ پاراستنی ئەم هەرێمە، ئێستاش هێزەکان لە دیوێک ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبێک و لە دیوێکی دیکە سەرکردایەتی حیزبێک فەرماندەی هێزی پێشمەرگەیە، ئەمە مەترسیی گەورەیە، خۆیان ئیعتیرافیان بەوە کرد، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، ئەمینداری وەزارەتـی پێشمەرگەو وەزیـری پێشمەرگە خۆیان ئیعتیراف بەوە مەترسییە دەکەن، بۆیە ئەوەی بەرامبەر ئێمە کردیان موزایەدەیەکی پڕ شەرمەزاریی و ساختەکاریانەیەو تەنیا بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، ئەوەی موزایەدە بەناوی پێشمەرگەوە دەکات با پەلە بکات لە یەکخستنی پێشمەرگە، با وشەی دیکە لەبری پێشمەرگە بەکارنەهێنێت، با ناوو ناتۆرەی دیکە بەرامبەر پێشمەرگە بەکارنەهێنێت، با پەشیمانبێتەوە لە کوشتنی پێشمەرگە، کە ساڵەهای ساڵە کردوویانە، با پەشیمان ببنەوە لە پێشمەرگە کوشتن، کە چەندین ساڵ پیشەیان بووە».

سەبارەت بە کاردانەوەی بەرامبەر ئەو هاتوو هاوارەی بەرامبەر ئەو و فراکسیۆنەکەی کردیان، عەدنان عوسمان وتی: «هەموو ئەو کەسانە راپێچی دادگا دەکەم، یەکە بەیەکە لە یەکەم کەسەوە کە قسەی کردووە لەسەر ئەم بابەتە تا دوا کەسیان، بەتایبەتی فەرماندەی گشتیی و مەسولی مەکتەبی راگەیاندن و بەرپرسی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی و جەمیل هەورامی و لە پەرلەمانیشدا هەر پەرلەمانتارێک داوای لێسەندنەوەی حەسانەی کردووەو هەر بەرپرسێکی ئەم وڵاتە کە ئیهانەی کردبێت بەرامبەر بە من، هەموویان دەدەمە دادگای کوردستان، ئەگەر لە کوردستان دادگا کاری خۆی نەکرد بە بێلایەنی، دەیاندەمە دادگای بەغداو داوای دادگاییەکی تایبەت دەکەم، ئەگەر نا پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی دەبەم».

ئەوەشی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: «ئێستاش نامەیەکم نووسیوە بۆ یەکێتیی پەرلەمانتارانی جیهان و ئەوەم بۆ باسکردوون کە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە کە خاوەنی هێزی چەکداری نایاسایین، تەشهیریان بە من کردووەو هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووم، بۆ ئەوەی لە دادگای نێودەوڵەتی ئەمانە دادگایی بکەن، پێش هەموو شت دادگاییان دەکەم بەتۆمەتی بێڕێزیکردن بە ناوی پێشمەرگەو بەکارهێنانی وشەی پێشمەرگەو دواتر لەسەر خوێن حەڵاڵکردنی من».

**«نامەیەکم نووسیوە بۆ یەکێتیی پەرلەمانتارانی جیهان و ئەوەم بۆ باسکردوون کە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە کە خاوەنی هێزی چەکداری نایاسایین، تەشهیریان بە من کردووەو هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووم، بۆ ئەوەی لە دادگای نێودەوڵەتی ئەمانە دادگایی بکەن، پێش هەموو شت دادگاییان دەکەم بەتۆمەتی بێڕێزیکردن بە ناوی پێشمەرگەو بەکارهێنانی وشەی پێشمەرگەو دواتر لەسەر خوێن حەڵاڵکردنی من»**

لەئێستادا ئەو پەرلەمانتارە چاوەڕوانی تەواوبوونی هەڵبژاردنی گشتیی عێراقە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەهێمنیی بڕوات بەڕێوەو پشێویی تێنەکەوێت و ئاڵۆزیی دروستنەبێت، لەوبارەیەوە وتی: «چاوەڕێدەکەم دوای سەرکەوتنی گەورەمان لە (٣/٧)، دواتر دەستدەکەم بەو ئیجرائاتانەو راپێچکردنی ئەو کەسانە بۆ دادگاو بێدەنگ نابم بەرامبەر ئەو بێڕێزییەی کردیان بەرامبەر بە من و بە پێشمەرگە».

# د. هەژار مەعروف:

# گۆڕان بەرنامەیەکی عەقڵانیو دوور لە هەڵچوونی هەیە

سازدانی ڕۆژنامە

**د.هەژار مەعروف پسپۆڕی دەروونیو چاودێری سیاسیی پێوایە؛ لیستی گۆڕان سەرکەوتنی گەورە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەدەستدەهێنێتو (٨٠٪)ی دەنگی کوردانی دەرەوەی وڵاتیش مسۆگەر دەکات. بڕواشی وایە؛ لیستی یەکێتیو پارتی تووشی هستیریا بوون کاتێک دەبینن سەدان هەزار کورد لە هەرێمی کوردستان بە ئاشکراو بێ ترس لایەنگریی گۆڕان دەکەنو نەتەوەکانی دیکەی عێراقیش بە گرنگیدانێکی زۆرەوە گوێ لە ڕاوبۆچوونەکانی گۆڕان دەگرن.**



**ڕۆژنامە: هاتنە کایەی بزووتنەوەی گۆڕان لەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا پێویست بوو؟**

* بنیادنانی گۆڕان هەنگاوێکی ئیجابیو گرنگ بوو، چونکە گوڕوتینی بە کۆمەڵانی خەڵک داو بڕوایانی بە خەباتی دیموکراتیو پەرلەمانی هێنایەوەو بەهێزکرد، ئێستا بە بوونی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین پەرلەمانێکی کاراو ڕاستەقینەمان هەیە. گۆڕان وای لە خەڵک کرد گرنگی بدەنەوە بە پرۆسەی سیاسیو دیموکراتیو بە بەها مەعنەوییو زیندوو نازدارەکانی ژیانو لەوەتێبگەن کە دنیا هەر پارەو مادەو پلەوپایە نییەو شتێک هەیە ناوی ویژدانو ڕەوشتو نیشتمانپەروەرییە، لەمانەش گرنگتر شتێک هەیە پێیدەوترێت هیواو ئاوات بە ئێستاو دوارۆژ، کە لێرەوە دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی گۆڕان بڕوای خەڵکی بەهەموو ئەو ئاکارە جوانانە هێنایەوەو گرنگی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە بیر هێنانەوە، لە هەمووشی گرنگتر ئینتمای خەڵکی نوێکردەوە بۆ نیشتمانو بیروباوڕی کوردایەتیی.

**ڕۆژنامە: دەسەڵات، کۆمەڵانی خەڵکی، بەتایبەت گەنجانی بە نەبوونی ئینتیما بۆ نیشتمان تۆمەتبار دەکرد، ئایا لەئێستادا هاتنەکایەی گەنجان بۆ مەیدانی سیاسەتو ڕۆژانە داواکردنیان بۆ گۆڕانکاریی چۆن دەبینیت؟**

* گلەییەکی ناڕاستو ناڕەوابوو دەسەڵاتی کوردی وای نیشاندەدا گوایە خەڵک بەتایبەت گەنجی کورد ئینتیماو وەعی نیشتیمانپەروەریی نییە، ئەمە بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانی دەسەڵاتی کوردییە، پارتیو یەکێتی دەبوو ئەو ڕاستییەیان بزانیایە گەنجانو خەڵکیش بە گشتیی بۆیە لێیان دووردەکەونەوە، چونکە دەسەڵاتدارانو دەستڕۆیشتووانی ئەم دوو حیزبە خۆیان بوونەتە پێشێلکاری یاساو تەگەرەو لەمپەر لە گەیشتن بە هەموو ئەو بەهاو ئامانجانەی شۆڕشی کورد لە پێناویاندا کاری کردووەو قوربانیی زۆری بۆ داون، وەک ئازادییو یەکسانیو دادپەروەرییو عەدالەتی ئابووریو ئاوادانکردنەوەی کوردستانو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییو بنچینەییەکانی وەک ئاوی پاکو کارەبای بەردەوامو تۆڕی فراوانی ڕێگاوبانی قیرتاوکراوی باشو خانووبەرەو خزمەتگوزاریی پزیشکیی باشو مۆدێرن بۆ هەموان، خۆشبەختانە ئێستا ڕۆژانە دەبینین گەنجێکی زۆر لە بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەتەوە، ئەو گەنجانەی دەسەڵاتی کوردی بە خەمساردو بێموبالات وەسفیدەکات، ئێستا ئەوانن لەپێناوی گۆڕانی ڕاستەقینە لە سیستمی ئیدارەی کوردی، خەباتی دیموکراتیو مەدەنیی دوور لە توندوتیژیی دەکەن، هەر بزووتنەوەیەکی جەماوەرییش گەنجی لێ کۆببێتەوە، دوارۆژێکی باش چاوەڕێی دەکات، چونکە لاوانو نەوجەوانان سەرڕێژن لە وزەو تینو حەماسەت.

**ڕۆژنامە: لیستی هاوپەیمانی (یەکێتیو پارتی) بە لولەی تفەنگ وەڵامی بانگەشەکەرانی گۆڕانیان دایەوە، خوێندنەوەتان بۆ ئەو دیاردەیە چۆنە؟**

*لیستی هاوپەیمانیی تووشی جۆرێک لە هیستریا (شڵەژانو هەڵچوونو نائارامیی) بوون کاتێک دەبینن سەدان هەزار کورد لایەنگریی خۆیان بۆ گۆڕان دەردەبڕن، بەرپرسانی ئێستای یەکێتیو پارتی هەقوایە لە شەپۆلی ناڕەزاییو حەماسی خەڵک دژی گەندەڵییو شکستەکانی ئیدارەکەیان تێبگەن. لە چەند مانگی ڕابردوودا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لایەنگرانی لیستی گۆڕان نانبڕاوکرانو پلەوپایەی ئیدارییان دابەزێنرا یان لە شوێنی کاریان گوێزرانەوە، بەداخەوە بەمەشەوە نەوەستاو کار گەیشتە توندوتیژییو دەستدرێژیکردنە سەریان هەتا کوشتن، وەک لە شەوی (٢/١٦) شەقامی سالم لە سلێمانی چەند کەسێکی گۆڕان بە گوللەی پاسەوانانی یەکێتی بریندارکرانو پاشان بەشێوەیەکی زۆر زبرو توندوتیژو بێڕەحمانە کاتێک هێشتا لەژێر چارەسەری پزیشکیدابوون، بەشایەتیی کەسانێکی بێلایەن، ڕفێنرانو زیندانیکران، من نازانم بریندارەکان لە ڕووداوەکەی شەقامی سالمدا یاسایەکیان پێشێلکردووە یان نا، بەڵام دەبوایە چارەسەری پزیشکییان تەواوبوایە، ئینجا بە مۆڵەتی دکتۆرو بەپێی یاسا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکردنایە. من دژی توندوتیژییو تێکدانو شێواندنی بارودۆخی جێگیرو ئاشتیی کوردستانم لەهەر لایەنێکەوە بێت، فەرماندەرکەرانو پیادەکەرانی فەرمانی تەقەکردن لە هەر هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە لە هەر پۆستو ئاستێکدا بنو کوڕو کەسوکاری هەرکەسێک بنو لەژێر هەر بەهانەو پاساوێکدا بێت، بەزاندنی هێڵی سوورەو تاوانەو نابێت لێی بێدەنگ بین، بەڵام ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێگە دەدات لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ لایەنگرانی خۆیدا بکرێت، کە بەشداری ڕووداوەکەی شەقامی سالم بوون؟ هیوادارم توندوتیژیی بە هەموو جۆرەکانییەوە، جارێکی دیکە لە هیچ شوێنێکی ئەم کوردستانە دووبارەنەبێتەوە.

من تکا دەکەم لە هەموو ئەوانەی تائێستا لە ناو یەکێتیدا ماونەتەوە بیر لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرەتاکانی بکەنەوە، کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی لەگەڵ بوو، کاتێک بەسەر وێرانستانی ئاشبەتاڵ هاتو شۆڕشی دروستکردەوە، بیربکەنەوە لەو سەرەتا موقەدەسانەی یەکێتیو بە قسەی دەسەڵاتدارانی ئێستای یەکێتی هەڵنەخەڵەتێنو بە هیچ جۆرێک هەڵەو توندوتیژیی بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەکەن، جا لایەنگرانی لیستی گۆڕان یان هەر لیستو لایەنێکی دیکە بن لە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی.

> هەر بزووتنەوەیەکی جەماوەرییش گەنجی لێ کۆببێتەوە، دواڕۆژێکی باش چاوەڕێی دەکات، چونکە لاوانو نەوجەوانان سەرڕێژن لە وزەو تینو حەماسەت

**ڕۆژنامە: بەرنامەی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* بەرنامەی لیستی گۆڕان بەرنامەیەکی عەقڵانیی دوور لە هەڵچوونی سۆزو عاتیفەیە، بەلای گۆڕانەوە گرنگ نییە چەند لیستی کوردی بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە پرسە نەتەوایەتییە چارەنووسسازەکاندا گوتارو پەیامی کورد بەرامبەر حکومەتی مەرکەزیی یەکبخرێت، ئەمە ڕاستە، بۆیە گۆڕان دەتوانێت هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەغدا خورتو بەهێز بکات.

بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامدانەوەیەکی سروشتیی مێژووکردی ئەو کارنامە پڕ لە تاریکییەیە، بە کورتی چەند نموونەیەکی ئەو کارنامەیە: شەڕی شەرمەزارییو پڕ لە نەفرەتی براکوژیی، تاڵانفرۆشیی نەوتی کوردستانو مافیائاسا بزرکردنی ملیارەها دۆلاری داهاتەکەی بۆ سەر حیسابی بانکی چەند بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووی تێرنەخۆر، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە کوردستاندا سەدان هەزار کورد لەژێر باری کەمدەرامەتیو بێ خانووییو هەژاریدا دەناڵێنێت. دژایەتیکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو ئازاد لەلایەن دەسەڵاتەوە ترسی دەسەڵات دەردەخات لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ خەڵک، ڕۆژنامەنووسانی ئازاو ئازاد ڕووبەڕووی ئاستەنگیو گەڤو هەڕەشەو توندوتیژییو ئیهانەو ڕفاندنو لێدان هەتا کوشتن دەبنەوە، کوا بکوژانی شەهیدی وشە سۆرانی مامەحەمە، کە لە کەرکوک شەهیدکرا؟ کێن ئەوانەی لە پشت کوشتنی ئەوەوەن؟ بە دوادانەچوونی ئەو تاوانە گەورەیەو سزانەدانی ئەنجامدەرانو ئەوانەی لە پشت کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسەوە بوون پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچەوانی دەسەڵاتی کوردییەوە، کوان بکوژەکانی ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)دا لە دهۆک شەهیدکران؟ هیوادارم چاکەکارو بە ویژدانەکانی ناو یەکێتیو پارتی هۆشیان بەخۆیاندا بێتەوەو بەخۆیاندا بچنەوەو نەهێڵن بکرێنە دەستکەلاو ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانی حیزبەکانیان بۆ ئازاردانو کوشتوبڕی ناحەزەکانیان لە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن.

کەسی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستانەوە تائێستا چەندجارێک لە تەلەفزیۆنی (KNN)ەوە پەیامی ئاشتیخوازانەی خۆیو بزووتنەوەی گۆڕانی گەیاندە خەڵکی کوردستانو داوای لە لایەنگرانی گۆڕان کرد هێمنو لەسەرخۆو نەرم بن، ئەم دەسپێشخەرییە ڕاستو ڕەوایەو ژیرانەیە، کەچی تائێستا نەمانبینی نە پارتیو نە یەکێتی پەیامێکی ڕاستگۆو جدیی ڕاستەوخۆ لە کەسی یەکەمیانەوە ئاراستەی لایەنگران و هێزە حیزبییەکانی خۆیان بکەن، کە هێمنو ئارامو ئاشتیخواز بنو پەنا بۆ توندوتیژیی نەبەن.

**ڕۆژنامە: چاوەڕواندەکرێت گۆڕان لەم هەڵبژاردنە سەرکەتووبێت؟**

* ئومێدی زۆرم هەیە کە لیستی گۆڕان سەرکەوتنی گەورە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەدەستبهێنێت، بەڵام سەرکەوتنی لەوەش گەورەترو پیرۆزتر ئەوەیە، کە هەموو ئەوانەی لە بزووتنەوەی گۆڕانداو بۆ گۆڕانی بنەڕەتیی حوکمو ئیدارەی کوردی بەرەو باشتر خەبات دەکەن، گۆڕان لە خودی خۆیانەوە، لە بیرکردنەوەو کارو ڕەفتاری ڕۆژانەی خۆیانەوە لە بازنە بچووکەکەی ژیانی شەخسیو خێزانیی خۆیانەوە دەستپێبکەن، دەنا گۆڕان وەک چەمکێکی بێگیانی خۆڵەمێشیو بەتاڵ دەمێنێتەوە، کارو چالاکییەکانی تائێستای فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی هەڵوێستی جوامێرانەی ئەم فراکسیۆنە لەکاتی لێدوانی ڕۆژی (٢٣/ ٢/ ٢٠١٠) لەسەر بودجەی هەرێم هیواو ئومێدم بە بزووتنەوەی گۆڕان زیادتر دەکات. ترسێکیشم هەیە کە لیستی دەسەڵات، بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەولێرو دهۆک بە شێوەیەکی سیستماتیکو ڕێکخراوو بە پلانو فرتوفێڵو ساختەکاریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکات، بەداخەوە ئەم ئەگەرە گەلێک بەهێزە، چونکە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا بە شایەتیی دەیان چاودێری کوردو بیانیو ڕێکخراوە ناحکومییو نێودەوڵەتییەکان دەسەڵات بە یانزە شێوە ساختەکاریی کردبوو، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە چەندین کورسی پەرلەمانی کوردستان کە هەقی گۆڕان بوو، چوو بۆ لیستی کوردستانیی.

**ڕۆژنامە: لەدەرەوەی وڵات کە ژمارەیەکی زۆر کورد هەیە، بە ڕای ئێوە تاچەند ڕۆڵیان دەبێت لە بەشداریکردن لە گۆڕانکاریی لە هەرێمو دەنگدانیان بەلیستی گۆڕان؟.**

* هەر کەسێک نەخوێندەوارێش بێت چەند مانگێک ژیانی لە وڵاتێکی ئەوروپای خۆرئاوا بەسەربردبێتو ئەزموونی خۆشگوزەرانییو ئازادییو دیموکراتیو مافی مرۆڤی ئەو وڵاتانە ژیابێت، یان بینیبێتی خەڵکی ئەو وڵاتانە چۆن دەژین، زۆر بەئاسانیی هەست بەو غەدرە گەورەیە دەکات کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستانو دانیشتووانەکەی کردووەو بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئەم دەسەڵاتە چەند شکستخواردووەو چەند لە کاروانی زانستو زانینو پیشکەوتن دواکەوتووەو چەند دەستەپاچەو کۆڵەوارو خەمساردو بێباکە لە بەدیهێنانی ژیانێکی خۆش بۆ هاوڵاتییان، هەربۆیە ئەگەری زۆر بەهێزە کە ٨٠٪ی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات بەوپەڕی قەناعەتەوە دەنگ بۆ لیستی گۆڕان بدەن.

> بە بوونی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین؛ پەرلەمانێکی کاراو ڕاستەقینەمان هەیە

> لیستی دەسەڵات تووشی هستیریا بووە، کاتێک بینییان سەدان هەزار کورد لایەنگریی گۆڕان دەکەن

# سەفین مەلا قەرە: ئەو پێشێلکارییانەی بە زەبری چەک دەکرێن، قابیلی قبووڵکردن نین

سازدانی ئیبراهیم عەلی

**سەفین مەلا قەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای هەولێر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو پێشێلکارییانەی بە زەبری چەک دەکرێن‌و هێرشدەکرێتە سەر بنکەکانیان، قابیلی قبووڵکردن نین‌و ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەوان (دەسەڵات) لە هەڵبژاردن دەترسن‌و دەزانن جارێکی دیکە دەسەڵات‌و پارەیان ناکەوێتەوە دەست، «بەتایبەتی یەکێتی تووشی هیستریا بووە».**

**ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان پەیامی مەدەنیانەی بزووتنەوەکەی سەبارەت بە هەڵبژاردن دەخاتەروو دەڵێت: «پەیامی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە هەڵبژاردنێکی پاک‌و دوور لە ساختەکاریی‌و پێشێلکاریی بەڕێوەبچێت، بۆ ئەوەی ناوبانگی هەرێمی کوردستان نەڕوشێت لە بەرامبەر ئەوەی چەند کورسییەک بباتەوە، ئەگینا «ئێمە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی زۆرمان لەسەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان پێیە، بەڵام نامانەوێت بیوروژێنین»**



**پەیامی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە هەڵبژاردنێکی پاک‌و دوور لە ساختەکاریی‌و پێشێلکاریی بەڕێوەبچێت، بۆ ئەوەی ناوبانگی هەرێمی کوردستان نەڕوشێت لە بەرامبەر ئەوەی چەند کورسییەک بباتەوە، ئەگینا ئێمە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی زۆرمان لە سەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان پێیە، بەڵام نامانەوێت بیوروژێنین**

**رۆژنامە: لە ماوەی رابردوودا و لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە، کۆمەڵێک پێشێلکاریی بەرامبەر لیستی گۆڕان ئەنجامدرا، بەڵام ئەوانیش ئێوە تۆمەتبار دەکەن بەوەی، پێشێلکاریتان کردووە، ئێوە چ دۆکیۆمێنت‌و بەڵگەیەکتان لایە کە ئەو پێشێلکارییانە بسەلمێنێت؟**

*لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەکاندا، لیستی دەسەڵات، دەستی بە ئەنجامدانی پێشێلکاریی کردووە، دیارە ئێمە تا رادەیەک دەتوانین چاو لە هەندێک پێشێلکاریی بپۆشین‌و زەقی نەکەینەوە بۆ ئەوەی ناوبانگی هەرێمەکەمان ناشیرین نەبێت، لەوانە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومەت‌و فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆیە تەنیا کۆمسیۆنمان ئاگادارکردووەتەوە لە دڕاندنی پۆستەری کاندیدەکانمان، بەڵام ئەو پێشێلکارییانەی بە زەبری چەک دەکرێن‌و هێرشدەکرێتە سەر بنکەکانمان، قابیلی قبووڵکردن نین، چونکە کاریگەریی لەسەر ئاڕاستەکردنی هەڵبژاردنەکان دەبێت کە تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر، دوو جار لە لایەن چەکدارانی یەکێتییەوە بە زەبری چەک، پێشێلکاریی ئەنجامدراوە، لەوانە لە شارۆچکەی شەقڵاوە، هێرشکرایە سەر بنکەکەمان، بۆیە لە کۆمسیۆن سکاڵامان لەسەر یەکێتی تۆمارکردووە بەوەی کە هێزێکی گەورەی چەکدار هێرشیکردووەتە سەر بنکەی گۆڕان‌و ئاڵای ئێمەیان داگرتووەو ئاڵای یەکێتییان بەرزکردووەتەوەو وێنەی کاندیدەکانی ئێمەیان لێکردووەتەوەو سەرجەم ئەو کەسانەی بەو هێرشەش هەڵساون، کەسانی ناسراون، دەسەڵاتدارانی شەقڵاوەش بە ئەرکی خۆیان هەڵساون‌و چەکدارەکانیان لەو شوێنە دەرکردووەو بنکەکەیان رادەستی ئێمە کردەوەو دانیان بەوەداناوە کە ئەمە پێشیلکارییەکی گەورەیە، بەڵام تائێستا رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو چەکدارانە نەگیراوەتەبەر، پێشێلکارییەکی دیکە لە (٢/٢٧)دا بوو، کە زیاتر لە (٢٥) چەکدار کە مەفرەزەی تایبەتی (کۆسرەت رەسوڵ عەلی)ن هێرشیانکردە سەر بنکەی لیستی گۆڕان لە ناوەڕاستی شاری هەولێر، نزیک ئوتێلی دمدمو هەوڵیاندا بنکەکە بگرن، بەڵام لەلایەن گۆڕانخوازەکانی ئەو بنکەیەوە، رێگرییان لێکراوە، ئەگەرچی تەقەشیان لە گۆڕانخوازەکان کردبوو، بۆیە ئێمە لەو رووداوانە خۆشنابین‌و لە کۆمسیۆن‌و لیژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێرو دادگا سکاڵامان تۆمار کردووەو پێویستە سزای ئەو لایەنە بدرێت، نەک تەنیا سزای مادیی، بەڵکو سزای گەورەتر وەک سزای بێبەشکردن، چونکە ئەم پێشێڵکارییە گەورەیەو پێویستە ئەو لایەنەی کە ئەو هێرشە چەکدارییانەی ئەنجامداوە لە هەڵبژاردن بێبەش بکرێت، چونکە ئەوان رێگرییان لە کاندیدەکانی ئێمە کردووە کە بانگەشەی خۆیان بکەن‌و دەبێت بەلای کەمەوە ئەو لایەنەی بەو هێرشە هەڵساوە، لە بازنەی هەڵبژاردنی شاری هەولێر لە هەڵبژاردنەکان بێبەش بکرێت، ئێستاش چاوەڕێی لێپێچینەوەی یاساییین.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکەن کە لەبەر سومعەی کورد، هەموو پێشیلکارییەکان زەق ناکەنەوە، بەڵام رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتییەوە هێرشدەکرێتە سەر گۆڕان‌و بەوە تاوانباری دەکەن کە رۆژانە لەگەڵ دژەکوردەکان دادەنیشێت؟**

*هەموو ئەو قسانە هەڵبەستراون‌و دوورن لە راستییەوە، ئێمە رامانگەیاندووە کە تا دوای هەڵبژاردنەکان هاوپەیمانێتی نابەستین، بەڵکو دوای هەڵبژاردن لەگەڵ لیست‌و لایەنە کوردییەکان‌و هەروەها ئەو لیستانەی کە خاڵی هاوبەشمان لەگەڵیاندا هەیە گفتوگۆو هاوپەیمانێتی دەکەین، بۆیە ئێمە نامانەوێت وەڵامی ئەو بوختانانە بدەینەوە، چونکە خەڵک هێندە سادەو ساویلکە نییە بەو قسانە باوەڕ بکات، ئێمە بەرنامەیەکی روون‌و ئاشکرامان هەیەو سوورین لەسەر بەڵێنەکانی (٧/٢٥)، هەروەها لە دوای (٣/٧)شەوە بەردەوام دەبین، ئەوان ئەو تۆمەتانە دەخەنە پاڵ ئێمە کە خۆیان رۆژێک لە رۆژان ئەنجامیانداوە.

**رۆژنامە: لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی وتی: لیستێکی کوردی دەچێت لەگەڵ دوژمانی کورد دەست تێکەڵ دەکات، نموونەشی بەوە هێنایەوە کە هەموو شۆڕشەکانی کورد بەهۆی خیانەتی ناوخۆوە تووشی شکست هاتوون‌و هەروەها وتی: ئەگەر دار کرمی لە خۆی نەبێت، تەمەنی هەزار ساڵ دەبێت، پێویستە ئەو کرمانە بکوژرێن، ئایا بە دیوێکی دیکەدا، ئەم قسەیە فتوای کوشتن نییە؟**

* ئەو قسەیە زۆر نامەسئولانەیە، هەر لایەنێکیش هەست بە هەستی نەتەوایەتی نەکات، ئەو قسانە دەکات، بەڵام ئێمە پرسیار دەکەین کە لە دوای (١٩٩٢)ەوە کە هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن نەبووە، هەر پارتی‌و یەکێتی سیاسەتی کوردیان بەڕێوەبردووەو هەر ئەوانیش بەرپرسیارێتیی هەموو شکستەکان دەگرنە ئەستۆ. پەیامی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە هەڵبژاردنێکی پاک‌و دوور لە ساختەکاریی‌و پێشێلکاریی بەڕێوەبچێت، بۆ ئەوەی ناوبانگی هەرێمی کوردستان نەڕوشێت لە بەرامبەر ئەوەی چەند کورسییەک بباتەوە، ئەگینا ئێمە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی زۆرمان لە سەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان پێیە، بەڵام نامانەوێت بیوروژێنین.

**رۆژنامە: هەست ناکەن، ئەو توندوتیژییەی کە ئەمڕۆ بەرامبەر گۆڕان دەکرێت، ئەو دەرئەنجامە نیشاندەدات کە ئەو لایانەی ئەو توندوتیژییە ئەنجام دەدات، تووشی شکستێکی گەورەتر دەبێت؟**

* بە دڵنیاییەوە، ئەوان لە هەڵبژاردن دەترسن‌و دەزانن جارێکی دیکە دەسەڵات‌و پارەیان ناکەوێتەوە دەست، بە تایبەتی یەکێتی تووشی هیستریا بووە، ئێمە داوایان لێدەکەین کە ئەزموونی هەرێمیان لەبەرچاو بێت.

**رۆژنامە: ئایا پێشبینی دەکرێت کە ساختەکارییەکی زۆر بکرێت ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەکەن، بە تایبەتی بۆ ئەوەی، ئەو تەزویرە زۆرەی رابردوو، دووبارە نەبێتەوە؟**

*رێوشوێنی زۆر گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی ساختەکاریی کەم بکرێتەوە، بە تایبەتی ئەم هەڵبژاردنە لە سەرتاسەری عێراقدا دەکرێت‌و چاوی جیهانی زۆر لە سەرە، بە تایبەتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە رێژەی ساختەکاریی کەمدەکرێتەوە، بەڵام بنبڕ ناکرێت، داوا لە خەڵکی کوردستان‌و مافپەروەرو چاودێران دەکەم کە رێگە لە ساختەکاریی بگرن، چونکە با سومعەی هەرێمی کوردستان لە کەدار نەکرێت‌و پێویستە هەموو خەڵک بچێتە دەنگدان بۆ ئەوەی دەرفەت بە دەسەڵات نەدرێت، ساختەکاریی بکات.

**لە کۆمسیۆن‌و لیژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێرو دادگا، سکاڵامان تۆمارکردووەو پێویستە سزای ئەو لایەنە بدرێت، نەک تەنیا سزای مادیی، بەڵکو سزای گەورەتر وەک سزای بێبەشکردن، چونکە ئەم پێشێلکارییە گەورەیەو پێویستە ئەو لایەنەی کە ئەو هێرشە چەکدارییانەی ئەنجامداوە لە هەڵبژاردن بێبەش بکرێت**

# لیستی هاوپەیمانی، هاوپەیمانیی تێدا نییە

راپۆرتی: رۆژنامە

**هەرچەندە (١٢)حیزبی سیاسیی لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا کۆبوونەتەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە لەکاتی بانگەشەی راگەیاندنیاندا ئەو حیزبانە کار بۆ سەرخستنی هاوپەیمانێتییەکەیان بکەن، ئەوەندەی کار بۆ سەرخستنی خۆیان دەکەن‌و رۆژنامەنووسانیش‌و چاودێرانی راگەیاندن پێیانوایە، کە ئەو هێزانە وەک شەریکی سیاسی سەیری یەکتر ناکەن‌و یەکتر قبووڵکردنیان لە قەناعەتێکی سیاسی قووڵەوە نییە.**

لە هیچ کەناڵێکی حیزب‌و قەوارە بەشدارەکانی لیستی هاوپەیمانیی، بانگەشە بۆ لیست‌و کاندیدەکانی قەوارەکانی دیکە ناکەن کە بە بڕوای نووسەرو رۆژنامەنووس، ئاسۆس هەردی، ئەمە تا رادەیەک ئاساییە، چونکە راستە کە هاوپەیمانێتییەک کۆیاندەکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە بەشێوازی نیمچە کراوەیە، حەزدەکەن کە زۆرترینی دەنگەکان بچێت بۆ لایەنی خۆیان.

لەبەرامبەردا، ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، باسی لەوەکرد، کە ئەو هاوپەیمانێتیکردنە تەنیا بۆ بانگەشەیەو بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو حیزبانە، بە وتەی بەرپرسانی باڵایان، هاوپەیمانێتیی ئەمجارەیان نیمچە هاوپەیمانییەو گومان هەیە کە خودی ئەو حیزبانەی نێو هاوپەیمانێتییەکە خۆیان قبووڵ بکەن‌و هاوپەیمانێتییەکەیان تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆئەوەی بەخەڵکی بفرۆشنەوە کە ئەوان تەبان‌و یەکڕیزیی گەل دەپارێزن.

دان نەنانی یەکێتی‌و پارتی وەک دوو حیزبی دەسەڵات لەنێو لیستی هاوپەیمانیدا بەیەکتریداو بەستنی هاوپەیمانێتییەکی پێشوەخت، وەک توانا عوسمانی رۆژنامەنووس دەڵێت: «ئەو دوو حیزبە لەسەرەوە ئامادەنین دان بە ناکۆکییەکانیاندا بنێن‌و لە خواریشەوە دەبینرێت کە لە ناکۆکییەکی بەردەوامدان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم دوو هێزە، وەک شەریکی سیاسی سەیری یەکتر ناکەن‌و یەکتر قبووڵکردنیان لە قەناعەتێکی سیاسیی قووڵەوە نییە ئەوەندەی ئەوەیە کە بەرژەوەندیی سیاسیی دیاریکراو کۆیکردوونەتەوەو ئەگەر زروفێکی سیاسیی دیاریکراو نەبوایە، پێ نەدەچوو ئەمجارە هاوپەیمانێتییان بکردایە».

بە وتەی هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، هەرچەندە دەڵێن، هاوپەیمانێتیی پێشوەختمان بەستووە، بەڵام هیچ هاوپەیمانێتییەک‌و داکۆکیکردنێک لەیەک لەلایەن‌و لایەنە هاوبەشەکانەوە بەدیناکرێت، بەمەش متمانەی خەڵک لاواز دەبێت، چونکە لە سنووری خۆماندا نەتوانن پشتیوانی لە یەکتر بکەن‌و لەکاتی بانگەشەدا هێندە خۆپەرست بن، چۆن دەتوانن لە بەغدا پشتیوانی یەکتر بکەن‌و داکۆکی لەمافی گشت نەتەوەی کورد بکەن؟

ئەحمەد میرە، تیشکی خستەسەر ئەوەی کە حیزبەکانی سۆسیالست‌و زەحمەتکێشان کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا لە بەرامبەر لیستی هاوپەیمانی بانگەشەیان دەکردو ئەوانیان بە گەندەڵ لەقەڵەم دەدا، چۆن ئێستا لەگەڵ هەمان ئەو لیستە هاوپەیمانن‌و یەکهەڵوێستن، تۆ بڵێیت، لیستی هاوپەیمانیی لە ماوەی ئەم (٧)مانگەدا لە گەندەڵی پاک بووبێتەوە؟، یان ئەم هەڵوێستە، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی حیزبە.

## شەفافیەتی بودجە، لەنێوان پەرلەمانی هەرێمو عێراقدا

# تائێستا هیچ گفتوگۆیەکی پەرلەمانی عێراق لەسەر بودجە داخراو نەبووە

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

بەپێچەوانەی پەرلەمانی کوردستانەوە، تائێستا هیچ دانیشتنێکی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە بودجە داخراو نەبووە بەڕووی ڕاگەیاندنەکانو ئازادیی قسەکردنی پەرلەمانتاراندا، ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پەنابردنە بەر کوتانی مێزەکان کاردانەوەی گوێنەگرتنی بەرامبەرە لە داوای پەرلەمانتاران».

ڕێگەنەدان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە تاووتوێکردنی بودجە، ڕەخنەی توندی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان لەکاتێکدایە پەرلەمانی عێراق، کە نزیکەی نیوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانی هەیە تەنیا چەند دانیشتنێکی تایبەت بە زانیاریی هەواڵگریی بەداخراوی سازدراوەو بە وتەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق؛ تائێستا هیچ دانیشتنێک لەسەر بودجە داخراو نەبووە.

محەمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە سەرجەم ڕۆژنامەنووسان دەتوانن لە هۆڵێکی تایبەتی پەرلەمانی عێراقدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگاداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بن لەڕێگەی چەندین شاشەی گەورەوەو وتیشی: «تائێستا هیچ دانیشتنێکی بودجە داخراو نەبووەو گفتوگۆی پەرلەمانتارەکان گواستراوەتەوە بۆ هاوڵاتییان».

### دواکەوتنی پەخش

یەکێک لە گرفتەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان درەنگ پەخشکردنی دانیشتنەکانە، کە هەندێکجار دەکەوێتە درەنگانێکی شەو، بەڵام دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراق، نیو سەعات دوای دەستپێکردنی دانیشتنەکان لەڕێگەی کەناڵی عێراقییەی ڕەسمیی حکومەتەوە بەبێ پچڕاندن بۆ هاوڵاتییان پەخشدەکرێتو لەوبارەیەشەوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق ئاشکرایکرد؛ کە پڕۆژەیەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، تا لە خولی داهاتووی پەرلەماندا ڕاستەوخۆ بەبێ دواکەوتن دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتییان پەخشبکرێن.

هاوکات د.ڕەئوف عوسمان، ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریی‌و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەدا؛ کە پەرلەمانتاران نوێنەری میللەتن لەو دانیشتنەداو پێویستە سەرجەم ڕووداوەکانی پەرلەمان بۆ خەڵک بڵاوبکرێتەوە، بەتایبەت لە دۆسییەی بودجەدا، کە دەبێت خەڵک بزانێت ئەو پارەیە چۆن سەرفدەکرێت.

### نوێنەرایەتی میللەت بە چەند دەقیقەیەک

ماوەی قسەکردنی پەرلەمانتاران لەسەر دۆسییەیەکی هەستیاری وەک بودجە، کە پەیوەستە بە بژێویی ژیانی سەرجەم هاوڵاتییانەوە، یەکێکی دیکە لەو بەراوردانەی کە لەنێوان هەردوو پەرلەمانی عێراقو هەرێمدا دەکرێت، جیاوازییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە بەشێوەیەک، کە لە دانیشتنی (٢/٢٢)دا پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر ڕێنەدانیان بۆ قسەکردن لەسەر بوجە لەماوەیەکی پێویستدا بەدەر لەو (٣) خولەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاریکردبوو نارەزاییان دەربڕی، لە بەرامبەردا لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە تاووتوێکردنی بودجەی عێراقدا کات بۆ پەرلەمانتار دیارینەکراوەو لەوبارەیەشەوە سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەوەندەی گفتوگۆ لەسەر بودجە کراوە، لەسەر هیچ یاسایەکی دیکە بەو شێوازە گفتوگۆ نەکراوە، بەوپێیەی بودجە کاتێکی زۆری پێویستەو دەبوو حکومەتی هەرێم پێشتر بودجەی بە تەخمینی بناردایەتە پەرلەمان، تا زیاتر تاووتوێ بکرایەو ئەگەر بودجەش بەشێوەیەکی تەواو تاووتوێ نەکرێت، قەیرانێکی گەورە دەخولقێنێت».



**لێدانی مێز لەلایەن پەرلەمانتارانەوە کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە گوێنەدانی لایەنی بەرامبەر بە داواکارییەکانیان**

### کارتی دیموکراسیی، یان ئاژاوەنانەوە

ئەگەرچی لێدان لە مێز وەک کاردانەوەیەک بۆ گوێنەدان بەداوای پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لەپێدانی کاتی تەواو بۆ تاووتوێکردنی بودجە بە یەکێک لە شێوازەکانی نارەزایی دیموکراسیی‌و پەرلەمانیی شێوازی بەریتانی لەقەڵەمدەدرێت، هەندێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵات ئەم هەنگاوەیان بە ئاژاوەگێڕیی لەقەڵەمدا، لە کاتێکدا بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە خودی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە چەندین بۆنەدا هەمان هەڵوێستیان لە پەرلەماندا نواندووەو بە (هەڵوێستی جوامێرانەش) وەسفیانکردووە.

سۆزان محەمەد ئەمین، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، وێڕای ئەوەی لێدانی مێزی بە کارێکی دیموکراسیی لەقەڵەمداو ئاماژەی بە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە کرد لەلایەن ئەندامانی لیستی هاوپەیمانییەوە لە پەرلەمانی عێراق، وتی: «ئێمە لەدژی عەرەبە شۆڤێنیستەکان ئەوەمان کردووەو دەکرا لە پەرلەمانی کوردستان بەشێوازێکی دیکە چارەسەر بکرایە».

### دەبێت وەڵام بدرێتەوە

بەڵام سامی ئەتروشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوەدەکات؛ کە ئەو جۆرە کاردانەوەیەی پەرلەمانتاران لە بەرامبەر لایەنێکدایە، کە ئامادەنییە گوێ لە داواکەی بگرێتو وتیشی: «دەبێت پەرلەمانتار هەر پرسیارێکی هەبێت وەڵامی بدرێتەوە».

سەبارەت بەو جیاوازییانەش کە لەنێوان پەرلەمانی عێراقو کوردستاندا سەبارەت بە ئازادیی قسەکردن لەسەر بودجەو مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان بەدیدەکرێت، ئەتروشی وتی: «دەبوو پەرلەمانی کوردستان پێش پەرلەمانی عێراق بکەوتایە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بەپێچەوانەوەیەو دواکەوتووە».

# جەلەولا هێزی هاوبەشی دەوێت

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

بەرپرسێکی ناحیەی جەلەولا ڕەخنە لە چۆڵکردنی ناوچەکە دەگرێت لەلایەن هێزی پێشمەرگەوەو نەبوونی زاڵگەی هاوبەشی پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمریکاو سوپای عێراق لە جەلەولا بە «کێشەیەکی گەورە» ناودەبات.

دوای ئەوەی هەرسێ لایەنی عێراقییو ئەمریکییو هەرێم، ڕێکەوتن لەسەر دانانی زاڵگەی هاوبەشیی نێوان پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمریکاو سوپای عێراق لە ناوچەدابڕاوەکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، لە سنووری پارێزگای دیالە دوا زاڵگەی ئەو هێزە هاوبەشانە لەنێوان جەلەولاو حانەقیندا دانراوەو ناو ناحیەکەو سەعدییە هێزی لەو جۆرەی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەی کە بەیەکێک لە دوو ناوچەی دابڕاوی هەرێمی کوردستان دادەنرێتو ڕێژەیەکی بەرچاو کوردی تیایە.

ئەنوەر حەسەن میکائیل، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بوونی زاڵگەی هاوبەشی ئەمریکاو پێشمەرگەو سوپای عێراق لەناو جەلەولا زۆر پێویستبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی گشتییو ئەگەر هەیە لەکاتی چوونی ئاوارە کوردەکانی جەلەولا، کە لە کەلارو ناوچەکانی دیکەوە بۆ دەنگدان بۆ ئەو ناحیەیە تووشی وەڕسکردن ببنو نەبوونی هێز لەو ناوچەیە لەڕووی ستراتیژییەتی ئەمنییەوە گرفتە».

لەپاش دەستپێکردنی هەڵمەتی مژدەی خێری سوپای عێراق لە سنووری پارێزگای دیالەو کشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکانی جەلەولا لە مانگی (ئەیلول)ی ساڵی (٢٠٠٨) دا یەکێکی دیکەیە لەو هەنگاوانەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی کوردانی ناوچەکە بووەتەوەو لەوبارەیەشەوە بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ئاماژەی بەوەدا؛ لەدانانی زاڵگەی ئەو هێزە هاوبەشانەدا پرس بە بەرپرسە ئیدارییەکانی ئەو ناوچەیە نەکراوەو وتیشی: «دەبوو بەپێی ئیستیحقاقی سیادیو سیاسیی هەرێم، هێزی پیشمەرگە لەو ناوچەیە بوونیان هەبوایەو نەدەبوو بکشانایەوە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لە ناوجەرگەی ناحیەی جەلەولادا بازگەیەکی هاوبەشی هێزی فریاکەوتنو پۆلیسی عێراقی لێیەو لەوبارەیەشەوە زیاد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەی پارێزگای دیالە، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوە، کە هیچ هێزێکی پیشمەرگە لە جەلەولاو سەعدییەدا نییەو وتیشی: «ئەگەر لەکاتی هەڵبژاردندا هەر لادانو کێشەک لەو ناوچانە بەدیکرا سەرکردایەتی چالاکییەکانی پۆلیسی دیالەی لێ ئاگادار دەکەینەوە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی».



سەربازێکی سوپای عێراق لە جەلەولا
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# هەرێمو موسڵ، دیل بە دیلیان کرد

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکومەتی هەرێمو پارێزگاری موسڵو بە ناوبژیوانیی ڕافع ئەلعیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی لایان زیندانین، ئازادیان بکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سنووری پارێزگای نەینەوا ڕایگەیاند: «ڕێکەوتننامەیەکی ئاڵوگۆڕ لەنێوان حکومەتی هەرێمو پارێزگاری نەینەوادا ئەنجامدراوە بۆ ئازادکردنی سێ پێشمەرگە لەلایەن پارێزگاری نەینەواوە بەرامبەر بە ئازادکردنی سەرۆکو ئەندامێکی ئەنجومەنی قەزای حەمدانییە لەلایەن هەرێمەوە».

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، د. ڕافع ئەلعیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، گەیشتە موسڵو دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی داخراو لەگەڵ ئەسیل نجێفی، پارێزگاری ئەو شارە، ڕێکەوتننامەکە ئیمزاکراوە بۆ گۆڕینەوەی زیندانییەکانی نێوان هەردوولا لە فڕۆکەخانەی موسڵ کە لەژێر چاودێریی هێزەکانی ئەمریکادایە.

لەوبارەیەوە، پارێزگاری موسڵ ڕایگەیاند، گرەنتییان لە حکومەتی عێراقو ئەمریکا وەرگرتووە کە هێزی پێشمەرگە نەچنە سنوورەکەیانو هیچ کەسێک دەستگیرنەکەن بەبێ یاداشتی گرتن لەلایەن دادگاوە، هەروەک ئەو هێزەی بەوە تۆمەتبارکرد کە سەرۆکو ئەندامێکی ئەنجومەنی قەزای حەمدانییەو بەڕێوەبەری نووسینگەی هەڵبژاردنی ناحیەی وانەو ژمارەیەک بەرپرسی ناوچەکەیان دەستگیرکردووە.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەو دوای نزیکەی مانگێک لە دەستگیرکردنیان لەلایەن پارێزگاری موسڵەوە، لەکاتی ڕێگریکردنی لەسەردانی بۆ قەزای تلکێف لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە، ڕۆژی هەینی، ئەو سێ هاوڵاتییە ئازادکران کە لەناحیەی وانێ دەستگیرکرابوونو بە فڕۆکەیەکی هێزەکانی ئەمریکا گەیەنرانە بنکەیەکی فەلەک لە دهۆکو ڕادەستی کەسوکاریان کرانەوە.

# نەخۆشیی دواکەوتنی کۆنگرەی پارتەکان

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

نەبەستنی کۆنگرە لەوادەی خۆیدا لەلایەن بەشێکی زۆری پارتەکانی کوردستانەوە بووەتە نەریت، پسپۆڕانیش ئەوە بە کارێکی خراپ دەزانن بۆ سەر پرۆسەی سیاسیی و پێیانوایە «چەندجارێک دواخستنی کۆنگرە لەو حیزبانەدا روودەدات کە جۆرێک لە دیکتاتۆریی و دەستگرتن بە سوڵتەو حوکم لەناو ستافی سەرکردایەتیەکەیاندا هەیە، ئەویش لەترسی ئەوەی لە کۆنگرەدا لێپێچینەوە لە رابردوو دەکرێت و ستافی نوێش هەڵدەبژێردرێتەوە».

## کۆنگرە پێویستە، بەڵام نایبەستن!

کۆنگرە بە گەورەترین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی و ئەندامو بەرپرسە باڵاکانی حیزبەو تەنیا مەرجەعە کە بڕیارو راسپاردەکانی رەتناکرێتەوە، تێیدا حیزب لە رابـــردووی دەکۆڵێتەوەو هەنگاو بۆ ئایندە دەنێت، هــەروەک هەستیارترین و پڕمەترسیترین بــڕیــارەکــان لـــەڕووی ئیداریی و سیاسیی و داراییەوە پێویستە لەوکاتەدا یەکلاییبکرێتەوە.

هەموو حیزبێک پێویستی بەوە هەیە بەشێوەی دەوری کۆنگرە ببەستێت و بەسەرجەمی کـارو چالاکی و پەیڕەوی خۆیدا بچێتەوەو بەرنامە بۆ ئایندەی دابنێت، سەرکردایەتیی بەشێکی حیزبەکانی کوردستانیش ئاماژە بە گرنگی و پێویستی بەستنی کۆنگرە دەکــەن، بەڵام هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ماوەیەکی زۆر بەسەر وادەی دیاریکراودا رۆیشتووەو کۆنگرەیان نەبەستووە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بڕیاردان لە کۆنگرە، لەدەستی حیزبەکان خۆیاندایە.

سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی (٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، هەرچەندە پێیوایە، کە چەند ئاستەنگێک بوونەتە رێگر لە بەردەم نەبەستنی کۆنگرەدا، بەڵام ئاماژە بە پێویستی بەستنی کۆنگرە دەکات، بەوپێیەی کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە لە حیزبدا بۆ داڕشتنی بەرنامەو هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێ، وتی: «پارتی هەوڵیداوە، بــەڵام بـارودۆخــەکــان لــەبــار نەبوون بەهۆی رژێمی پێشوو و هەروەها دواتر رووخاندنی رژێم و ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراقدا روویاندا، وایانکرد کە زۆربەی سیاسییەکانمان چوونە بەغداو سەرقاڵی کاروباری ئەوێ بوون».

بــەڵام فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سـەرکـردایـەتـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، لەگەڵ ئەوەی جەختی لە پێویستی بەستنی کۆنگرە کردەوە، رایگەیاند، کە نەبەستنی کۆنگرە لەوادەی خۆیدا وەک نەریتی لێهاتووەو وتی «ئەگەر هەر حیزبێک بەشێوەیەکی ئسوڵی بیەوێت بگۆڕێت و گەشە بە خۆی بدات، پێویستە کۆنگرە لە کاتی خۆیدا ببەسترێت و بڕیاری پێویستی تێدا بدرێت، بەشێوەیەک کە کۆنگرە گوزارشت لە بۆچوونی گشت ئەندامەکان بکات».

هــەروەک مەریوان حەمە دەروێـش، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە، کۆنگرە پێویستییەکی حەتمیە بۆ هەموو حیزبێکی سیاسیی و ئەگەر بیەوێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەنگاوبنێت پێویستی بەوە هەیە کۆنگرە ببەستێت، وتیشی «هەندێکجار لە دەرەوەی ئیرادەو دەسەڵاتی بریاربەدەستانی حیزبە کە قەیرانێک وادەکات کۆنگرە نەبەستێت، بــەڵام ئــەوەش کۆمەڵێک ئـاســەواری سلبی لێدەکەوێتەوە، وەک زاڵبوونی ئەو رۆحیەتەی حیزب ڕێـز بۆ بریارەکانی کۆنگرە دانانێت، هەروەها ئەو دەنگۆیە لەناو ئەندامانیدا بڵاودەبێتەوە کە ستافی سەرەوە پابەند نین بە بریارەکانەوەو دەیانەوێت بەردەوامی بە دەسەڵات و حوکمی خۆیان بـدەن و بێ متمانەییەک دروستدەبێت»، بــڕوای وایــە، خاڵی گرنگتریش ئەوەیە دواخستنی کۆنگرەو پشگوێخستنی پەیڕەوی ناوخۆی، خودی حیزب دەخاتە سەر ئەوەی هەڵبووەشێت.

لەو بڕوایەشدایە، کە هیچ کاتێک هیچ رووداوێک نابێتە پاساوی ئەوەی حیزبێک چەندجارێک کۆنگرەی خۆی دوابخات، وتیشی «بەشێکی زۆری دواخستنی کۆنگرە لەلایەن ئەو حیزبانەوەیە کە نەمەتێک لە دیکتاتۆریی و دەستگرتن بە سوڵتەو حوکم لەناو ستافی سەرکردایەتییەکەیاندا هەیە، ئەویش لەترسی ئەوەی لە کۆنگرەدا لێپێچینەوە لە رابردوو دەکرێت و ستافی نوێش هەڵدەبژێردرێتەوە، لەسەروو ئەوانەشەوە کۆنگرە تاکە دەرفەتبووە بۆئەوەی ئەو خەڵکەی ماندوو و تووڕەیە لە سیاسەتی حیزبەکە بتەقنەوەو ئایندەی بەرەو ئاقارێکی خراپدا بەرێت».

## کێشەکان کەڵەکە دەبن

لەبارەی کاریگەریی خراپی نەبەستنی کۆنگرەوە لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بۆسەر ئەدای حیزبایەتی لە کوردستاندا، ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێت «نەبەستنی کۆنگرە، کاریگەریی زۆر خراپی هەیە لەسەر ئەدائی حیزبایەتی لە کوردستاندا، بەوپێیەی کێشەکان کەڵەکە دەبن و دەبنە هۆی ئەوەی لەکاتی کۆنگرەدا، نە کێشەکان چارەسەر بکرێن، نە هەوڵیش بدرێت بۆ چارەسەی کێشەکان، ئــەوەش وادەکــات کە لەجیاتی ئــەوەی چارەسەربکرێن، ساڵ بەساڵ کەڵەکە ببن و کێشەی دیکەش زیاد ببێت».

هێمن میرانی، بەڕێوەبەری رێکخراوی کــوردســتــان بـــۆ پرسە سیاسییەکان، وتـــی «قـــۆنـــاغـــی هـــەرێـــمـــی کوردستان تا ٢٠٠٣ تایبەتمەند بـــووە لە خەباتی شــاخ و خۆئیدارەکردن و قۆناغی کاری دامــەزراوەیــی و دەستووریی تائێستا، بەوهۆیەشەوە حیزب نەیتوانیوە بەشێک لە ئەرکەکانی جێبەجێبکات، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٣ بارودۆخی لەبار هاتووەتە پێش بۆ ئەداکردنی حیزب و دەتوانێت باسی کۆنگرەو دەستاودەستکردنی دەســـەڵات بکەیت، ئێستا قۆناغی سیاسەت و دەوڵەتداریی و دروستکردنی موئەسەساتەو دەبێت حیزب خۆی نوێ بکاتەوەو کۆنگرە ببەستێت، هەرحیزبێک لەم ژیانەی دوای ٢٠٠٣ لە کوردستان و عیراق خۆی نوێ نەکاتەوەو بەجێدەمێنێت».

میرانی، زیاتر وتی: لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە پێداویستی قۆناغەکە وادەکــات هەموو دامودەزگاو حیزبەکان پێویستیان بە خۆنوێکردنەوە هەبێت، بــۆئــەوەی بەجێنەمێنن، «چونکە لە کۆنگرەدا پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ دەگونجێنێت و خەڵکی نوێ و دەرفەتی نوێ و بەرەوپێشبردنی کادیر دەخولقێنێت، چونکە ئەگەر حیزبێک بۆ ماوەیەکی زۆر کۆنگرە نەبەستێت، تووشی فائیزی کادیری ناوەندیی دەبێت کە پێویستبووە لەرێی کۆنگرەوە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێش بچن».

## نەبەستنی کۆنگرە بووەتە نەریت

لە پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیدا هاتوو کە «کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتەو لەباری ئاساییدا هەر دووساڵ جارێک دەبەسترێت»، هــەروەک لە پەیڕەوی پارتیشدا هاتووە کە «کۆنگرەی نیشتمانی، دەسەڵاتی هەرەبەرزی لەناو پارتیدا هەیە، بەشێوەیەکی ئاسایی بەلایەنی کەمەوە هەر (٤)ســاڵ جارێک دەبەسترێت»، بەڵام چەند ساڵێکە زیاتر لەو ماوە دیاریکراوانە تێپەڕیوەو کۆنگرە نەبەستراوە، بەشێوەیەک کە پارتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە تائێستا (١٢)کۆنگرەی بەستووە، کە دواترینیان ساڵی (١٩٩٩)بەسترا، یەکێتیش تائێستا (٢)کۆنگرەی بەستووە، کە دواترینیان ساڵی(٢٠٠١) بەسترا، هەردوو حیزبەکەش، لە پلنیۆم و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەمساڵ (٢٠١٠) کۆنگرە ببەستن.

سەلام عەبدوڵڵا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق بە هۆکارێکی دیکەی دواخستنی وادەی کۆنگرە دەزانێت، بەڵام هیوای خواست بتوانن لە مانگی(٥و ٦)ی ئەمساڵدا کۆنگرە ببەستن و دواکەوتنیشی بــە «نــاچــاری» دەزانـــێـــت، هەرچەندە دووپاتیدەکاتەوە کە پارتی یەکێکە لەو حیزبانەی لە مێژوویدا زۆرترین کۆنگرەی بەستووەو بەپێویستی دەزانێت لە زووترین کاتدا کۆنگرە ببەستن.

بــەڵام ئەسەسەرد، بەپێچەوانەوە پێیوایە، هۆکارێکی دیاریکراو نییە بۆ دواخستن و نەبەستنی کۆنگرەو بڕواشی وایە، لە مێژووی سیاسیی کورددا، وەکو نەریتێکی لێهاتووە کە کۆنگرە لەکاتی دیاریکراودا نەبەسترێت، وتیشی «ئەگەر ئەمە بە کەڵکی هەلومەرجی نائاسایی بێت، دەبوایە لە هەلومەرجی ئاساییدا ئەم نەریتە چارەسەر بکرایەو کۆتایی پێبهێنرایا، بــەڵام کێشەکە لــەوەدایــە کە حیزبەکان لەسەر نەریتە کۆنەکان راهاتوون، ئەوەش وایکردووە کە هەلومەرجەکە ئاسایی بێت یان نا، یارمەتیدەربێت یان نا، ئەمان هەر کارێکی وایانکردووە کە کۆنگرەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا نەبەسترێن، ئەوە کێشەکانی دروستکردووە».

لای خۆشیەوە مامۆستا مەریوان، روونیدەکاتەوە، کە پابەندنەبوونی حیزب بە پەیڕەوی ناوخۆی و دواخستنی کۆنگرەوە دەکــەوێــتــە ســـەر تــوانــاو قــەبــارەی ئەو حیزبە لە ناوخۆ و دەرەوەدا «ئەو حیزبە تاچەند گەورەیە، ئەوەندەش دواخستن و پابەندنەبوونی ستافی حوکم لەو حیزبەدا کاریگەریی دەبێت، واتــە ئەو حیزبە لە حوکمدا بێت یا ئۆپۆزسیۆنێکی سەرەکی بێت کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر سومعەی لە ناوخۆ و ناوچەکەو ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەرکاتێکیش سەرکردایەتی حیزب ئاستی هۆشیارییان نەگاتەوە ئەوەی درک بەو مەسەلەیە نەکەن، هەم ژیانی حیزبەکە یان خەڵکەکە بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبەن»، وتیشی «لە حیزبی کوردی بەگشتیی و دوو حیزبە گەورەکە بەتایبەتی، ئەوە دیارە کە تا بۆیان دەکرێت دەستبەرداری دەسەڵات نەبن، بەتایبەت دوای ئەوەی حوکمیان بەدەستەوەیە».

# جێگری سەرۆکی پەرلەمان، چاودێریی پەرلەمانتاران لەسەر حکومەت سنووردار دەکات

راپۆرتی: رۆژنامە

لەکاتی سەردانی چەندئەندام پەرلەمانێک بۆ هەندێک فەرمانگە پێیانرادەگەیەنرێت، کە پێویستە بۆ کاری پەرلەمانیی نووسراوی پەرلەمانیان پێبێت، ئەوەش لەسەر داواو فەرمانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەو پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕانیش ئەوە بەکارێکی نایاسایی دەزانێت.

پەیمان عـیـزەدیـن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات؛ لەکاتی سەردانیان بۆ زانینی بارودۆخی برینداارانی (٢/١٧)ی لایەنگرانی گـــۆڕان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی پێیڕاگەیاندوون، کە تەنیا بۆ ســـەردان، نەک بۆ کاری پەرلەمانیی رێیان پێدەدرێت بریندار ببینین، «چونکە جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێیڕاگەیاندووە هیچ ئەندام پەرلەمانێک بەبێ نووسراوی رەسمیی پەرلەمان ناتوانێت بچێتە هیچ جێگایەک».

وتیشی: «ئەوە جێی پرسیارێکی گەورەبوو لای ئێمە، چونکە قسەیەکی نایاساییەو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا جێی نابێتەوە، لەبەرئەوەی هەموو ئەندام پەرلەمانێک بۆ دەستکەوتنی زانیاریی و چاودێریکردن مافی ئــەوەی هەیە بچێتە هەر دەزگــاو فەرمانگەیەک، کە بیەوێت کاری لەسەر بکات، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو قسەیەکرابێت، قسەیەکی تەواو نایاساییە».

لەلایەکی دیـکـەوە د.زانــا رەئـوف،

**د. زانا رەئوف:**
**ئێمە شەڕدەکەین لەسەر ئەوەی ئەو نەریتە بگۆڕین، پێویسە پەرلەمانتاران بۆ مەبەستەکانی پەیوەندییان بە کێشەو داخوازییەکانی هاوڵاتییان، ڕێگرییان لێنەکرێت**

ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: داوایانکردووە گشتاندنێک بکرێت بۆ حکومەت کە هەموو ئەندام پەرلەمانێک مافی ئـــەوەی هەبێت ســـەردانـــی ئەو وەزارەت و لایەنانە بکەن بۆ بەدواداچوونی کێشەکان و داخوازیی هاوڵاتییان، رەخنەی لە بڕیاری لەو شێوەیەش گـرت و وتی: «چۆن مافی ئەوەمان لێ زەوتدەکرێت کە بچینە فەرمانگەیەک، لەکاتێکدا ئێمە مافی چاودێریکردنمان هەیە لەسەر ئاستی وەزارەتەکاندا، ئەوە نەرێتێکی پێشووە کە هەیمەنەی حکومەت هەبووە بەسەر پەرلەمانەوەو لە ژوورو هۆڵی پەرلەماندا قەتیسکراون، بۆیە ئێمە شەڕدەکەین لەسەر ئەوەی ئەو نەریتە بگۆڕین، پێویسە پەرلەمانتاران بۆ مەبەستەکانی پەیوەندییان بە کێشەو داخوازییەکانی هاوڵاتییان، رێگرییان لێنەکرێت و بەدواداچوونی خۆیان بکەن و تەنیا ئاگاداری فەرمانگەکان بکەن بۆ ئاسانکاریی و پێدانی زانیاریی، نەک مۆڵەت وەرگرتن».

روونیشیکردەوە، کە هیچ شتێک نییە لە پەرلەمانەوە رێگربێت لەوەی پەرلەمانتاران سەردانی فەرمانگەکان نەکەن و هەر (١٩) لیژنەکە سەرپشکن لە ئیشەکانیانداو بەدواداچوون دەکەن، «مافی سروشتیی خۆیانە بەدواداچوون بکەن و سەرپشکن، چونکە ئێمە بە مۆڵەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەندام پەرلەمان نین، بەڵکو بە دەنگی هاوڵاتی ئەندام پەرلەمانین».

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی جەختی لــەوەکــردەوە، کە هەر داوایــەک جگە لە ئاسانکاریی تێپەڕبێت کارێکی نایاساییە، وتــیــشــی: «ئــێــمــە پشتگیریی لــە هەر پرۆژەیەکی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین ببێت بەمەبەستی هەماهەنگی و ئاسانکاریی بەجێگەیاندنی ئەرکی نوێنەرایەتی، بەڵام جیاواز لەوە شتێک ببێتە بەربەستێک و بە رەزامەندیی و نووسراو وامان لێبکات قسەیەک لەگەڵ خەڵدا بکەین، بەڕاستی ئــەوە کارەساتەو بەهەموو شێوەیەک رێگریی لێدەکەین، د.زانــا وتیشی: لە پەیڕەوی ناوخۆشدا تەنیا باس لە کاری لیژنەکان دەکات، دەبێت بەردەوام ئەوەش بێنینەوەبیر کە پەرلەمان یەکێک لە وەزیفەکانی چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە لە ئاستی وەزارەت و فەرمانگەکانی، نەهجی کۆتایی لەو حاڵەتەدا ئەوەیە، کە دەکرێت پەرلەمانتار سەردانی فەرمانگەکان بکات، بەمەرجێک ئاگادارییان بۆ بڵاوبکرێتەوە کە ئاسانکارییان بۆ بکرێت».


ئەرسەلان بایز

# دەزگایەکی ئەمریکیی: کەمپەینکردنی مام جەلال لەدژی مام ڕۆستەم، نیشانەی لاوازیی یەکێتییە لە کەرکوک

ئا: شالاو فەتاح

ڕۆژنامەنووسانی بێسنوورو کارنیجی ئینداومێنت دوو دەزگای نێونەتەوەیین، کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا چەندین ڕاپۆرتی چڕوپڕیان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لەکێشەکان ئاگادارکردووەتەوە، یەکەمیان: بۆ دۆخی هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان‌و چارەنووسی ئازادیی ڕادەربڕین، دووەمیشیان: بۆ دۆخی ئۆپۆزسیۆن‌و هێرشەکانی سەر ئۆپۆزسیۆن.

### کارنیجی ئینداومێنت: کەمپەینکردنی مام جەلال لە دژی مام ڕۆستەم

هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانیان لە بەغدا، ڕکابەرییەکی هاوشێوەی ڕکابەریی بۆ پێکهێنانی حکومەتی خۆماڵیی لای پارتە کوردییەکان دروستکردووە، فەزای فراوانی سیاسیی هەڵبژاردنەکان جیاوازیی دروستکردووە، ئیمتیازاتەکان لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا ناجێگیرن، پاشەکشەی نفوزی کوردەکان لە عێراق هێندەی دیکە دابەشبوونی لەناو کوردەکاندا دروستکردووە، لەکاتێکدا «یەکدەنگیی کورد» دووپاتدەکەنەوە، سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنیش لە کوردستان گومانی لەسەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا نوێکردووەتەوە، ئەگەر یەکێتی لەڕووی سیاسییەوە دابەشبوو، نەتوانێت سەنگ‌و قورسایی خۆی لە دەستەبەرکردنی کورسییەکاندا بۆ لیستی کوردستانیی (هاوپەیمانیی) دابینبکات بەتایبەت لە کەرکوک، ئەوا تەنانەت بێهێزتریش دەبێت. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاریگەریی دەبێت لەسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان‌و تارادەیەکیش پەیوەندییەکانی هەولێرو بەغدا.

چۆنێتی تەرخانکردنی کورسییەکان، تەنیا گوزارشت لە کەمبوونەوەی نفوزی کورد ناکات لە عێراقدا، بەڵکو دەربڕی ئەو ناکۆکییەشە، کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوونتر دەردەکەوێت لەنێوان نوخبەی سیاسیی کوردستان‌و حیزبەکانیان‌و جەماوەری کورددا، بزووتنەوەی گۆڕان، کە بەرژەوەندییەکی باڵای هەیە لەم هەڵبژاردنەدا بە (١٧٠) کاندیدەوە لە هەشت پارێزگادا بەشداریی کردووە، بەردەوامیشە لە ڕکابەرییکردنی پارتی‌و یەکێتی بەجووتە، گۆڕان، توانی (٢٥) کورسی لە هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ساڵی پاردا بەدەستبێنێت، تەرکیزی زۆر دەخاتە سەر کەرکوک، کە بە قەڵای یەکێتی دادەنرێت، گۆڕان هەوڵی زۆر دەدات بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کوردە نارازییەکان، عەرەب‌و تورکمانەکانی ئەو شارە. جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی، کە دەکاتە سەرۆک کۆماری عێراق، کەمپەین دەکات لەدژی مام ڕۆستەم، ئەندامی خاوەن جەماوەری گۆڕان لەو شارە، کە ئەمەش ئاماژەیە بە لاوازیی یەکێتی لەوشارە، یەکێتی‌و پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا لێبووردەییان نەنواندووە. تۆقاندنی سیاسیی دژی ئەندامانی گۆڕان بەردەوامە، ئەمە سەرەڕای ئەو مەرسوومانەی لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە لەدژی ئەو چالاکییانە بڵاودەکرێنەوە، تائێستا، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمیی لەسەر ترساندن، هەڕەشەو کوشتنی ئەندامانی گۆڕان نەکراوە، ئەمەش ڕەخنەی زۆری ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە کردووەتەوە.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە دەبێتەوە، بریتییە؛ لە گۆڕان لە سیستمی دەنگداندا، لە سایەی سیستمی داخراوی دەنگدانی پێشوودا، یەکێتی‌و پارتی دەیانتوانی بڕیاری پێشینە لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی کورسییەکان بدەن بەسەر هەرێمەکاندا بە گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی کاندیدەکان لە لیستێکی هاوبەشدا، ئەگەر دەنگدەرەکان سوود لەم سیستمە نوێیە وەربگرن، دابەشکردنی کورسییەکان لەنێو ئەو دوو پارتەدا ناتوانرێت سوودی لێببینرێت، چونکە دەنگدەرەکان ناچارنین ڕاستەوخۆ دەنگ بە لیستی حیزبەکان بدەن، ئەوان دەتوانن دەنگ بە کاندیدەکانی خۆیان بدەن، ئەمەش دابەشکردنی کورسییەکان لەنێوان هەردوو پارتەکەدا مەحاڵ دەکات، بۆ بەدەستهێنانی زۆربەی دەنگەکان، دوو پارتەکە نوێنەرەکانیان لە سەنتەری دەسەڵاتی خۆیاندا داناوە، پارتی لە دهۆک، یەکێتی لە سلێمانی‌و هەردووکیشیان لە هەولێر، هەرچەند ئەمشێوە ڕێکخستنە پێدەچێت بۆ پارتی جێی کێشە نەبێت، بەڵام یەکێتی خستووەتە بارێکی ناڕەحەتەوە، بەوەی دەبێت دەنگ لەو شوێنانەدا بێنێت، کە پێشووتر پشتگیریی زۆری تێدا لەدەستچووە بەهۆی گۆڕانەوە.

### یەکێتی، ژیانەوە یان ڕزگاربوون

لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا هەمان دەزگا (کارنیجی) باس لە چارەنووسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات‌و پێیوایە؛ کە هەڵبژاردنی (٣/٧) چارەنووسی ئەم حیزبە لە ڕزگاربوون، یان نەبووندا دیاریدەکات، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لەکاتێکدا زۆربەی لایەنە عێراقییەکان ڕکابەریی دەکەن بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٣/٧)، ڕکابەریی لە کوردستانی عێراق زۆر چڕتربووەتەوە، بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانیی، ئەو هێزەی کە یەکێکە لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەو لەویدیکەیان (پارتی)، عەلمانیترەو کەمتر خێڵەکییە، لەبەردەم دۆڕان‌و بەدەستهێنانەوەدا وەستاوە، یەکێتی لە (٧/٢٥)ی ساڵی ڕابردوودا تووشی شکستێکی گەورە هات لە بنکەی سەرەکی خۆی (واتە سلێمانی) بەدەستی لیستی تازەپێکهاتووی گۆڕان، ئەمەش دیدگایەکی دروستکردووە، کە یەکێتی لەو ڕێککەوتننامەیەی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پارتی بەستوویەتی، بچووکبووەتەوە، بۆیە ئێستا وادەردەکەوێت پارتی بەبەندەکانی ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠٠٥ی نێوان یەکێتی‌و پارتییەوە پابەندبێت، کە دابەشکردنی پۆستە گرنگەکانی وەک: (سەرۆک، سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمان) بەشێوەیەکی دەوری دابەشدەکرێت لەنێوانیاندا، بەڵام لەکاتی گفتوگۆ دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا، باس لەوە دەکرا، کە د.بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیرانی هەرێم، نایەوێت ئاشتی هەورامی، وەک وەزیری سامانە سروشتییەکان هەڵبژێرێتەوە لەبەر بوونی ڕاپۆرت‌و مامەڵە نهێنییەکان، بەڵام ئاشتی هەورامی، کە نزیکە لە سەرکردایەتی پارتییەوە، هەڵبژێردرایەوە، ئەم هەڵبژاردنەوەیەش لێدانێک بوو لە گوتارەکانی د.بەرهەم «نوێبوونەوەو چاکسازیی»، هەروەها پارتی لەدژی دانانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵە، وەک جێگری سەرۆکی هەرێم.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بەوردیی چاودێریی دەنگدان‌و ئەژمارکردنی دەنگ بکات

لە دوایین ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، کە گرووپێکی سەربەخۆی ناحکومییە بۆ ئاگادارکردنەوەی حکومەت‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کێشە مەترسیدارەکان، دامەزراوە، باس لە هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و کێشەکانی دوای هەڵبژاردن دەکات، لە پوختەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، وەک یاسایەک، هەڵبژاردنەکانی عێراقی دوای سەدام ئاراستە نێگەتیڤەکانیان گەورەکردووە، هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ی ئەمساڵیش لەمە بەدەرنییە، ئەم تەرکیز خستنەسەر سیاسەتی هەڵبژاردنە باشە، بەڵام بەهۆی ڕکابەرییەوە کۆمەڵێک کێشە لە عێراقدا سەریهەڵداوەتەوە، کە مەترسییان بۆ سەر بیناکردنەوە لاوازەکەی ئەم وڵاتە هەیە، وەک: سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان، کێشەی نەتەوەیی کەرکوک، دەرکەوتنەوەی تایەفەگەریی، مۆنۆپۆڵی ناقۆڵای سیاسیی دەزگا حکومییەکان. لە بەشی پێشنیازەکاندا ئەم ڕێکخراوە پێشنیاز دەکات بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات چاودێریکردنی وردی دەنگدان‌و دەنگ حسابکردن لەڕێگەی چاودێرە عێراقیی‌و نێودەوڵەتییەکان‌و سەنتەرە هەرێمی‌و نێودەوڵەتییەکانەوە بکەن‌و زۆر بەتوندی لە دژی ساختەکاریی‌و مۆنۆپۆڵکردن بوەستنەوە.

### ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور: دیموکراسیی‌و ڕای ئازاد لە کوردستان لەژێر هەڕەشەیەدایە

لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگدا ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور چوار ڕاپۆرتی لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان‌و مەترسیی‌و هەڕەشەی دەسەڵات لە ئازادیی ڕادەربڕین بڵاوکردووەتەوە، لەدوایین ڕاپۆرتیدا باس لە کەیسەکانی هەریەکە لە (سۆران ئەحمەد)، ئارا ئیبراهیم، ڕۆژنامەنووسانی هاوڵاتی، سامان مەجید ڕۆژنامەنووسی گۆڤاری لڤین، داود باغستانی سەرنووسەری گۆڤاری کورد-ئیسرائیل، شاسوار مامە ڕۆژنامەنووسی سایتی سبەی، (عەدنان عوسمان) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرنووسەری پێشووتری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەکرێت، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؛ «ئێوە چەکتان هەیەو ئێمەش قەڵەم «ئەمە ئەو پەیامە بوو، کە ڕۆژنامەی سەربەخۆی هاوڵاتی، کە بنکەکەی لە سلێمانییە لە ٢ی ئەم مانگەداو لەسەر پەڕەیەکی سپی نووسرابوو، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر هەڕەشەو توندوتیژییە فیزیکییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە کوردستانی عێراق، پرۆتێستەکەی هاوڵاتی تەنیا نموونەیەکی کاردانەوەیە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئەو هەرێمە لەدژی توندوتیژیی هێزە ئەمنییەکانی ئەو دوو حیزبەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، (واتە یەکێتی‌و پارتی). ڕۆژنامەی ئاوێنە، ڕادیۆی نەوا، کەناڵی ئاسمانی KNN، کەناڵی سپێدە، کە دەزگایەکی تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتە، لە (٢٣) ی شووباتدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بۆ ئیدانەکردنی نواندنی توندوتیژیی‌و هەڕەشە لە میدیای ئازاد لە کوردستان بڵاوکردەوە، هێزە ئەمنییەکانی یەکێتی، کە بە هێزی نایاسایی لەقەڵەمدەدرێن، تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی زۆربەی هێرشەکان بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان.






# میلیشیا یان سوپای نیزامیی؟

دوای لێدوانەکەی کاک عەدنان عوسمان لە پەرلەمانی کوردستان‌و ناوهێنانی هێزە حیزبییەکان بە میلشیا، سەرۆکی هەرێم خێرابوو لە وەڵامدانەوەداو ئیدانەی ناونانەکەی کردو ڕۆڵی پێشمەرگەی بەرزنرخاند لە پاراستنی کوردستاندا. پێویستە ڕۆڵی پێشمەرگە شانازی پێوەبکرێت لە بزووتنەوەی کوردایەتییدا، بەتایبەت ئەوانەی کە خۆبەخشانە وازیان لە کارو پیشەو ماڵ‌و منالی خۆیان هێناو ژیانی شاخیان هەڵبژاردو بەدوای کێشەیەکی ڕەوا کەوتن. بەڵام پرسیارێک لێرەدا دروووستدەبێت، ئایا هێزە حیزبییەکان سوپای نیزامیین یان میلیشیا؟

ئەگەر ململانێ لەسەر ستاتووی پێشمەرگە کێشەیەکی یاسایی دەوڵەت بووایە لەجیاتی بابەتێکی گەرمی کەمپەین، ئەوا سەرکردایەتی پارتی ڕووداوێکی بیمانای هەفتەی پێشووی دهۆکی لەبیردەکرد. ئاڵای گۆڕان بە گوێدرێژێکەوە پێچراوەو لەناو جەماوەردا، لە دیموکراسی پیشەییدا، ئەم ڕووداوانە ڕۆژانە ڕوودەدەن، بەڵام تەسەوری چی دەکەیت ئەگەر ئەم ڕووداوە لە دژی پارتی‌و لە هەولێر یان دهۆک ڕوویبدایە، ئامانجی بەرپرسیارەکانی چی دەبوو؟ لەبەرئەوە مشتومڕ لەسەر ستاتووی پێشمەرگە بابەتێکی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانە.

بەڵام با ململانێی دەسەڵات‌و کەمپەینی هەڵبژاردن لەبیربکەین‌و ئەم مشتومڕە لەچەند لایەنێکەوە تاووتوێ بکەین. پێشمەرگە لە دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە، بەڵام حکومەتی عێراق‌و هەرێم لەسەر ستاتووی ئەم هێزە هێشتا ڕێکنەکەوتوون. ئەم کێشەیەش بەمەبەستەوە دواخراوە، هەروەک کێشەی هایدرۆکاربۆن‌و مادەی ١٤٠، لەوانەشە تا کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا دوابخرێت. پەیوەندیدار بە پرۆفێشناڵیزم‌و ئەکادیمی بوونەوە، هەندێک ئەفسەری پێشمەرگە بەباشی ڕاهێنراون‌و لە ئەکادیمیای سوپاییدا پەروەردەکراون، بەڵام زۆرێکی تریان سادەترین زانیاریی‌و مەهارەی سوپاییان نییە، کە ئەویش زانستێک‌و تێگەیشتنی خوێندن دەخوازێت. لەبارەی وەلائەوە، پێشمەرگە لەژێر ئەمری حیزبدایە، هەرچەندە کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەو سەڵاحیەتی بەسەر هێزەکانی پارتیدا نییە. هەرچەندە مەسعود بارزانی سەرۆکە، بەڵام سەڵاحیەتی بەسەر هێزەکانی دژەتیرۆری یەکێتیدا نییە. لەبەرئەوە هێڵێکی جیاکەرەوەی ئەستوور لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەیە، هەریەکەیان هی لایەنێکی جیاوازن.

زۆرینەی ئەوانەی لە چەمکی حکومەت تێدەگەن جیاوازی لەنێوان سوپای نیزامی‌و هێزی میلیشیادا دەکەن. سوپای نیزامی سوپایەکی شەرعی‌و بەهەژموونی دەوڵەتە. وەک بەشێک لە حکومەت حسابی بۆ دەکرێت‌و بە یاسایەک ڕێکدەخرێت کە نوێنەرانی خەڵک دەریانکردووە. میلیشیاش هێزی بەهەژموونن بەڵام هی تاکەکەس یان حیزبەکانن، کە ڕەنگە حساب بۆ یاسا نەکەن کاتێک بیانەوێت ئیرادەی بەرپرسەکانیان بەسەر خەڵکیدا بچەسپێنن. بۆ نموونە سوپای حیزبوڵڵا، کە سوپایەکی باش ڕاهێنراوو ڕێکخراوە، بەڵام سەربەخۆیە لە حکومەتی لوبنان‌و ڕاستەوخۆش لەژێر فەرمانی حەسەن نەسروڵڵادایە.

بەداخەوە کە ستاتووی هەنووکەی پێشمەرگە دەکەوێتە ژێر پێناسەی میلیشیاوە. ئەوە وەلائی هێزەکانە کە میلیشیاو سوپای نیزامی لێکجیادەکاتەوە. تەنانەت ئەو ژەنەراڵە پێشمەرگانەی کە لە تەلەبیب ڕاهێنانیان کردووەو لە ئەکادیمیا ئەمریکییەکان خوێندوویانە، لە دۆخی ئێستایاندا هەر بە میلیشیا حسابدەکرێن. گواستنەوەی ئەم هێزە بۆ سوپایەکی نیزامی بڕیارێکە پێویستە لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بدرێت. ڕۆژانی شۆڕش کۆتاییهات، ئەوانیش دۆخی ئێستای کێشەی کوردستان دەگوازنەوە بە بەدامودەزگاییکردنی جیهازی حیزبەکانیان لەژێر حکومەتێکی هەرێمی یەکگرتوودا.

# شەڕی سەرۆک وەزیران، دەستیپێکرد

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

**شەڕی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق لەنێو لیستە بەهێزەکانی عێراقدا دەستیپێکردووەو عادل عەبدولمەهدیو بەیان زوبەیدی، پاڵێوراوی لیستی ئیئتیلافن بۆ ئەو پۆستەو عێراقییەش هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ گەڕاندنەوەی عەلاوی بۆ ئەو پۆستە.**


عادل عەبدولمەهدی


بەیان جەبر


ئەیاد عەللاوی

بەر لە چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، شەڕی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق دەستیپێکردووەو لەگەڵ ئەوەی کە لە لێدوانێکی پێشووتریدا بۆ ڕۆژنامە، جینان عەبدولجەبار، ئەندامی لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نوری مالیکی، سەرۆکی ئەو لیستە، دەستبەرداری هەوڵی بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران نابێت، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە دەوڵەتی یاسا لە گۆڕەپانی ململانێکاندا لەسەر ئەو پۆستە دوورکەوتبێتەوەو هەریەک لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقو عێراقییە، کارتیان بۆ ئەو شەڕە زیاترە.

بەپێی دەستووری عێراق، بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیوەستە بەو لیستەی کە زۆرینەی سادەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستدەهێنێتو ئەو هاوپەیمانەکانی هەڵدەبژێرێتو دوو ئەگەریش دێنە بەردەمی لیستی براوە، یان ئەوەتا حکومەتی زۆرینە پێکبهێنێت بەتەنیا، یان وەک ئەزموونی پێشوو، حکومەتی (یەکێتیی نیشتمانیی) بە بەشداری سەرجەم لایەنو نوێنەری پێکهاتەکانی پەرلەمان، دروستی بکات بۆ ڕێگرتن لەسەر هەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی.

بە پشتبەستن بە گریمانەی بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی کەوتووەتە خۆی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانو لەو نێوەندەشدا، بەیان جەبر زوبەیدی، وەزیری ئێستای داراییو پاڵێوراوی ئەو لیستە، ئاشکرایکرد، کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە، پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانو بۆ هەمان مەبەستیش، عەمار حەکیمی سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە، سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو ئەوانیش، واتە هێزە سیاسییەکانی هەرێم، ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوەو دوای ئەو لێدوانە، لایەنەکانی دیکەی ئیئتیلاف، ڕێکەوتنیان لەسەر پاڵاوتنی زوبەیدی ڕەتکردەوە، بەو پێیەی بەپێی ڕێکەوتنی نێوان لیستەکە، پێویستە پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک وەزیران لە نێو ئیئتیلافدا ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی ئەو لیستەی لەسەر بێت کە ئەگەر هەیە بە دەنگدان یەکلایی بکرێتەوەو لەو نێوەندەشدا هەندێک لایەنی دیکەی نێو لیستی ئیئتیلاف، ئاماژە بە زۆریی چانسی عادل عەبدولمەهدی، جێگری سەرۆک کۆماری ئێستا دەکەن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەتایبەت کە دوای هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) ڕکابەری مالیکی بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەو بە دەنگدان بە بەرژەوەندیی مالیکی کۆتاییهات.

یەکێکی دیکە لەو کەسایەتییانەی کە بەم دواییە خۆی کوتاوەتە نێو شەڕی پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆک وەزیرانەوە، ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییەیە، کە پێشتر لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ئەزموونی لەو پۆستەدا هەیەو سەردانەکەی عەلاوی، هاوکات لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ هەریەک لە وڵاتانی عەرەبستانی سعودیو میسر وەک دوو وڵاتی کاریگەری جیهانی عەرەبیو خۆهەڵاتی ناوەڕاستو دواتریش سەردانی تورکیای کردو بڕیاریشە ئێران بەسەر بکاتەوە.

ئەم دەنگۆیە زیاتر پەرەیسەند، کاتێک ڕاگەیاندنەکان باسیان لەوە کرد کە لیستی ئیئتیلاف بۆ گوشار خستنەسەر مالیکی، پێشنیازی هاوپەیمانیی کردووە لەگەڵ لیستی عێراقییەدا لە بەرامبەر پاڵاوتنی عەلاوی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانو لەوبارەیەشەوە، سایتی سۆمەرییە نیوز، لەسەر زاری سەرچاوەیەکی حکومییەوە بڵاویکردەوە، کە پاڵاوتنی عەلاوی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بە پشتگیریکردنیو ڕێکەوتنی سوریاو ئێران بووەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی سەرگەرمی ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکەی نێو لیستی ئیئتیلاف بەو هەنگاوە قایل بکات.

یەکێک لە دۆسیە هەستیارەکانی کورد، لە دوای هەموو هەڵبژاردنێکی عێراقەوە، پۆستی سەرۆک وەزیرانو ئەو کەسەیە کە دەیگرێتەدەست، بەتایبەت کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووی حوکمی عەلاویو جەعفەریو مالیکیدا، سەرکردایەتی سیاسیی کورد جۆرێک لە گرێی بەرامبەر ئەو پۆستە وەرگرتووەو بەشێک لە زۆریی شکستەکانی لەبەغدا خستووەتە ملی ئەو کەسەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی بە دەستەوەبووە.

عەبدوڵڵا ساڵح حیفزوڵڵا، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە، کە کاتی ئەوە بەسەرچووە، سەیری ئەو دۆسیەیە بکرێت بەو شێوەیەی کە پەیوەست بێت بە کەسێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دۆسیەی کوردی پەیوەندی نییە بە کەسێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بەستراوە بە گەڵاڵەکردنی یاساکانەوە، وتیشی: «هەر بڕیارێک لە حکومەت بدرێت، دەچێتە پەرلەمانو هاوکێشەکە لە نێوان ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەماندا جیاوازییەکی زۆری هەیە».

بە گریمانەی گەڕانەوەی عەلاوی بۆ دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانو پاڵپشتی لیستەکەی کە ژمارەیەک عەرەبی خاوەن فیکری شۆڤێنستی نموونەی ساڵح موتڵەگو ئوسامە نوجێفیان تێدایە، ئەگەرەکان بەرەو توندکردنی گوشارەکان دەبات لەسەر کوردو لەوبارەیەشەوە، عەبدوڵڵا ساڵح حیفزوڵڵا، دەڵێت «بێگومان عەلاوی ناتوانێت هیچ بڕیارێک دەربکات بەبێ ئەو کەسانە».

## بەیان جەبر:

## سەردانی عەمار حەکیم بۆ هەرێمی کوردستان بۆ مسۆگەرکردنی پشتگیری من بووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران

# ئەفسەرانی سوپای پێشوو

# ڕیشەکێشدەکرێن یان دەگەڕێنرێنەوە

ڕاپۆرتی، بەهادین یوسف

سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، کە کاردەکەن بۆ گەڕانەوەی زیاتر لە (٢٠) هەزار ئەفسەری پێشووی سوپای عێراقو لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی (دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعسی پێشوو) ئاشکرایدەکات؛ ناوی زیاتر لە (٣٠٠) ئەفسەری پۆلیسو سوپایان ئامادەکردووە، تا لەکارەکانیان دووربخرێنەوە، بەهۆی پەیوەندییان بەڕژێمی پێشووی بەعسو هاوکاریکردنی پاشماوەکانیانەوە.

سەرچاوەیەک لە لیستی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرۆکایەتی دەکات، ڕایگەیاند، زیاتر لە (٢٠) هەزار ئەفسەری سوپای پێشووی عێراق گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە، لەچوارچێوەی پڕۆژەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی، کە ماوەی ساڵێکە دەستپێکراوە، بۆ گەڕانەوەی بۆ خزمەتی سوپاو ئەو لیژنانەی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراون، سەردانی هەریەکە لە سوریاو میسرو یەمەنو ئوردنو چەند وڵاتێکی دیکەیان کردووەو چاویان بەو ئەفسەرانە کەوتووەو داوایان لێکردوون بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی سەربازیی.

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، لەسەر زاری سەرچاوەیەکی وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە بڵاویکردەوە، بەپێی ئەو میکانیزمەی دانراوە بۆ گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانە، کە ژمارەیان نزیکەی (٢٠٤٠٠) کەس دەبێت، لەسەرەتادا مەشقو ڕاهێنانیان پێدەکرێتو پاشان دابەشدەکرێن بەسەر یەکە سەربازییەکاندا، بەپێی تایبەتمەندییو پێویستی.

بەپێی هەمان ڕۆژنامە، خالید ئەسەدی، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاساو کەسایەتی نزیک لە نوری مالکییەوە، ڕایگەیاندووە؛ کە ئەو ئەفسەرانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە سەرەتا دۆسیەکانیان پشکنراوە، تا بزانرێت دەستیان بەخوێنی عێراقییەکان سوورنەبووە، دوای تەواوبوونی کاری لیژنەکان، دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری گەڕاندنەوەیانی بۆ خزمەتی سەربازیی دەرکردووە.

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد عەسکەری، وتەبێژی ڕەسمیی وەزارەتی بەرگریی عێراقیی ڕایگەیاند، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٨) بانگهێشتنامەیەکیان ئاراستەی ئەفسەرو پلەدارانی سوپای پێشووی عێراق کردووە، بۆ گەڕانەوەیان بۆ خزمەتی سەربازییو پێنج لیژنەش بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراونو زیاتر لە (٢٠) هەزار ئەفسەری سوپای پێشووش لەناوەوەو دەرەوەی عێراق ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ گەڕانەوە بۆ خزمەتی سەربازیی.

بۆ گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانەش وەزارەتی بەرگریی عێراق، (١٢) بنکەی لەناوخۆی عێراق کردووەتەوەو ماوەی یەک مانگ مۆڵەتی پێداون بۆ پێشکەشکردنی داواکانیانو بۆ هەمان مەبەست، چەند لیژنەیەکی تایبەتمەند سەردانی پایتەختی پێنج وڵاتی عەرەبییان کردووە، ئەوانیش: (قاهیرە، دیمەشق، سەنعا، عومان، دوبەی) بۆ وەرگرتنی دۆسییەی ئەو ئەفسەرانەی نیازی گەڕانەوەیان هەیەو لەماوەی (٤٥) ڕۆژداو بەهۆیشییەوە (٥٠٪)ی دۆسییەی ئەو کەسانەیان یەکلاییکردەوەو بۆ گەڕانەوەیان بۆ ریزەکانی خزمەتی سەربازیی، یان خانەنیشنکردنیانو بەپێی سەرچاوەکانیش، پێدەچێت لە ٢٨ی ئەم مانگەوە بڕیارەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

د.عەبدوڵڵا عالیاوایی، بڕیاردەری لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاشکرایکرد؛ ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە نوری مالیکی بڕیاری گەڕانەوەی ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراقی نەداوەو وتی: «ڕۆژی پێنجشەممە وەکو لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لەگەڵ نوری مالیکی کۆبووینەوەو هیچ شتێکی لەوبارەیەوە باس نەکردووە».

سەبارەت بە گەڕانەوەی (٢٠) هەزار ئەفسەرەکەش عالیاوایی وتی: «پێشتر بڕیارێک هەبوو ئەو ئەفسەرانەی سوپای پێشوو، کە دەستیان سوورنییە بە خوێنی عێراقییەکان، بگەڕێنەوەو خزمەت بکەن، یان خانەنشین بکرێن، بەڵام کەسیان نەگەڕانەوە، چونکە زیاتر (٨٠٪)یان داواکراونو شتیان لەسەرە، ئەگەر ئێستا ئەو بابەتە بێتەوە ئاراوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، کە لەلایەن لیستەکانەوە دەکرێت».

هاوکات لەگەڵ ئەو دەنگۆیانەدا چەند ئەفسەرێکی پایەبەرزی دەزگای گشتیی هەواڵگری عێراق، نیگەرانیی خۆیان نیشانداوە لەوەی، کە نوری مالیکی ئەو ئەفسەرانەی سوپای پێشوو بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیو حیزبەکەیو سەدان کەسی بەسەر دەزگای هەواڵگریدا سەپاندووە، بێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو پشکنینی عەقڵییو جەستەیی، دوا بڕیاری مالیکیش بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئەفسەرانەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ پاکتاوی سیاسیی لایەنەکانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە، عەلی لامی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی ڕایگەیاند، کە دەستەکەیان ڕێوشوێنی پێویستی گرتووەتەبەر بۆ دوورخستنەوەی سەدان ئەفسەر لەکارەکانیان لە دەزگا ئەمنییەکاندا، بەهۆی ئەوەی یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی دەیانگرێتەوەو وتی: «(١٥٠) ئەفسەری هەواڵگریی پێشوو، کە لە هەواڵگریی ئێستادا کاردەکەن لەگەڵ (١٥٠) ئەفسەری وەزارەتی بەرگریی، کە پێشتر لەچوارچێوەی میلیشیاکانی فیدایی سەدامدا بوون، لەکارەکانیان دوور دەخرێنەوە.

بە وتەی د.عەبدوڵڵا عالیاوایی، «بەهۆی ئەوەی سەرۆکی دەستەکە سەرپێچی یاسایی کردووە، کارەکانیان ڕاگیراوەو نووسراویان لە هیچ شوێنێک کاری پێناکرێت، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لە حکومەت کرد، کە لە هیچ شوێنێک نووسراوی دەستەی لێپرسینەوە وەرنەگیرێت، تا ئەو کاتەی دوای هەڵبژاردنی داهاتوو دەستەیەکی نوێ بۆ لێپرسینەوەو دادپەروەریی پێکدەهێنرێت».

# نزیکەی (٤٧) ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی ژووری وەزیرێک خەرجدەکرێت

راپۆرتی: ڕێبین فەتاح

**بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، وەزیری پێشووی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی (٤٦,٨٩٥,٠٠٠) دیناری تەنیا بۆ نوێکردنەوەی ژوورەکەی خۆی لە وەزارەت خەرجکردووە.**

نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٩٤٤٩) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/١٤) کە ئیمزای دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەرەوەیە، وەزیری ناوبراو بڕیاری خەرجکردنی بڕی (٤٦٨٩٥٠٠٠) چڵو شەش ملیۆنو هەشتسەدو نەوەدو پێنج هەزار دیناری داوە بۆ نوێکردنەوەی ژوورەکەی لە وەزارەتی پەروەردەو پارەکەش لەسەر بودجەی دیوانی وەزارەتی پەروەردە خەرجکراوە.

لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە هەریەک لە محەمەد عەبدولقادر عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری پلانی ئەندازەیی سەرۆکی لیژنەو سامان عەبدوڵڵا قەرەنیو هەورین ئەنتون حەنا، ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی کارەکەن.

بەگوێرەی نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردە، کۆی ئەو پارەیە لە چەند شتێک بۆ ژووری وەزیر خەرجکراوەو لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە بڕی (١٢٠,٠٠٠) دینار بۆ ئامادەکردنو بەستنی (جنل) بۆ کێبڵێک تەرخانکراوە، بڕی (١٥٠,٠٠٠) دینار بۆ کڕینی گڵۆپی سپۆرلایت، بڕی (١٠٠٠٠٠٠) دینار بۆ بۆیەکردنەوەی سەقفو سانەویی ژووری وەزیر، بڕی (٢٥٠٠٠٠) دینار بۆ بۆیەکردنەوەی پەنێلو لێواری سکەکان، بڕی (٢,٨٨٠,٠٠٠) دینار بۆ کاغەز دیوار، بڕی (١٢٠,٠٠٠) دینار بۆ خاوێنکردنەوەی بەردی مەڕمەڕی ژووری وەزیر بە موعجیزەی تورکی، بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆ مۆکێتکردنی ژووری وەزیر، بڕی (٤٥٠,٠٠٠) دینار بۆ ئسپرتۆکردنی مێزی کۆبوونەوەی وەزیر، بڕی (١,٣٠٠,٠٠٠) دینار بۆ بەستنو ئامادەکردنی دەرگای دار، بڕی (٤٥٠٠,٠٠٠) بۆ مێزی مەکتەبی گەورە، بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) دینار بۆ مێزی مەکتەبی بچووک، بڕی (٧٠٠,٠٠٠) دینار بۆ مێزو شەش کورسی، بڕی (٤٥٠,٠٠٠) دینار بۆ کورسی، بڕی (١٩,٢٠٠,٠٠٠) دینار بۆ تاقم قەنەفە، بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) بۆ تاقم مێزی قەنەفە، بڕی (٤,٩٠٠,٠٠٠) دینار بۆ پەردەی قوماش، بڕی (٤,٨٠٠,٠٠٠) دینار بۆ ڕاخستنی کومبار، بڕی (٣٧٥,٠٠٠) دینار بۆ پەردەی ستوونیی ژووری وەزیر تەرخانکراوە، کە کۆی گشتیی هەموو ئەو خەرجیانە دەکاتە (٤٦,٨٩٥,٠٠٠) دینار، ئەمەش بە پێی لێدوانی شارەزایەکی بواری ئابووریی «پارەیەکی ئێجگار زۆرو خەیاڵییە کە بۆ مەبەستێکی بچووک بەکارهاتبێت».

ئەنوەر عەلی، شارەزا لە بواری ئابووریی، سەبارەت بە خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ نوێکردنەوەی ژووری وەزیرێک، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو بڕە پارەیەی لە نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە چەند ڕوویەکەوە شیاوی بەدواداچوونە. یەکەمیان: هیچ وەزیرێک ناکرێت بڕە پارەیەکی ئەوەندە زۆرو خەیاڵیی تەنیا لە نوێکردنەوەو ڕازاندنەوەی ژوورەکەی بەکاربهێنێت. دووەمیان: ئەو شتانەی بەپێی ئەو نووسراوە گوایە بەو نرخە کڕدراون، گومان هەڵدەگرن، بۆ نموونە چۆن باوەڕ بەوە دەکرێت یەک تاقم قەنەفە بە نزیکەی بیست ملیۆن دینار کڕدرابێت، لەبەرئەوە پێویستە پەرلەمانی کوردستان یان دیوانی چاودێری دارایی بەدواداچوون لەسەر ئەو مەسەلەیە بکاتو بەهەندی وەربگرێت.



دڵشاد عەبدولڕەحمان

## کارمەندەکان لە مووچەکەیان ناڕازین
# مانگرتن دادگاییکردنی ڕاگرت

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**ماوەی چەند ڕۆژێکە فەرمانبەرانی دادگاکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، بە مەبەستی زیادکردنی مووچەکانیان، دەستیان داوەتە مانگرتن، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەک لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە بۆ کەمکردنەوەی مووچەبەرزەکانو زیادکردنی مووچەنزمەکان.**

ماوەیەک پێش ئێستا، فەرمانبەرانی دادگاکان، یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم کرد، کە چەند داواکارییەکی لەخۆگرتبوو، لەوانە (سەرفکردنی دەرماڵەی ترسناکی بە ڕێژەی ١٠٠٪، سەرفکردنی دەرماڵەی پیشەیی بە ڕێژەی ٥٠٪)، سەرەڕای ئەو داواکارییە، تا ئێستا حکومەتی هەرێم وەڵامی نەداونەتەوەو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکەش، ڕۆژی یەکشەممە فەرمانبەرانی دادگاکانی (سلێمانی، هەڵەبجە، چەمچەماڵ، دوکان، دەربەندیخان، شارەزوور، کەلار، کفری) دەستیانداوەتە مانگرتن.

گەیلان ئەنوەر، یاریدەدەری دادوەریی لە دادگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ڕۆژی یەکشەممەوە، فەرمانبەرانی دادگاکان مانیانگرتووەو داواکاریی سەرەکیی فەرمانبەرانیش، بریتییە لە سەرفکردنی دەرماڵەی ترسناکیو دەرماڵەی پیشەیی، چونکە تا ئێستا لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەرماڵەی ترسناکیی سەرفنەکراوە، هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی سیستمی نوێی مووچەشدا، دەرماڵەی پیشەیی فەرمانبەرانی دادگاکان بڕدرا.

فەرمانبەرانی دادگاکان سوورن لەسەر بەردەوامبوونیان لەو مانگرتنەو بەهۆی مانگرتنەکەشیانەوە، بەشێک لە کاروباری هاوڵاتییان پەکیکەوتووە، بەڵام بە وتەی گەیلان ئەنوەر، سەرەڕای مانگرتنەکە، بەشێک لە ئیشوکاری هاوڵاتییان، بەڕێدەکرێت.

هەروەها وتیشی: «مانگرتنەکە، سەرجەم فەرمانبەرانی دادگاکانی گرتووەتەوە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندیی هاوڵاتییان، فەرمانبەری ژمێریاریيو لێکۆڵەری دادی، کارەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن».

سەرەڕای لێشاوی ناڕەزایی بەرامبەر بە حکومەت، بەرپرسانی حکومەتیش هەمیشە جەخت لە باشکردنی ژیانی کارمەندانی حکومیی دەکەنەوە.

د. کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: حکومەت ڕێز لە هەموو مافە ئازادییو دیموکراسییەکان دەگرێت، ئەو داواکارییانە ڕەوانو مافی خۆیانە، بەڵام پێیوایە تەوقیتەکەی لەئێستادا، تا ڕادەیەک گونجاو نییەو دەکرا ئەو داواکارییە کەمێک دوابخرایە.

وتیشی: «حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی ئیمکانیاتی داراییو بەپێی ڕێنماییی دارایی، لەو داواکارییە دەکۆڵێتەوەو وەڵامیشی دەبێت».

دەربڕینی ناڕەزایی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ زیادکردنی مووچە، بۆ بوونی ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان مووچەی بەرپرسانو فەرمانبەران دەگەڕێتەوەو بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەش، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسایەکی ئامادەکردووە.

بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان مووچەی پلەبەرزەکانو پلەنزمەکانی کارمەندانی حکومیی هەرێمی کوردستاندا هەیە، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسایەکی ئامادەکردووەو خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆ کراوە. بەپێی پرۆژەیاساکە، دەبێت ڕێژەی ٢٠٪ی دەرماڵەو مووچەی پلەبەرزەکان ببڕدرێتو دابەشبکرێت بەسەر ئەو کارمەندانەدا کە مووچەیان کەمە.

د. شاهۆ سەعید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، ڕایگەیاند: بە مەبەستی ڕێکخستنی سیستمی مووچە، ئەو پرۆژەیاسایەمان لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەکردووەو هەفتەی ڕابردووش خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاساکە کرا.




سەرەڕای خراپیی بیناکەیان، مووچەکەشیان بە کەم دەزانن

## لەمپەرەکانی بەردەم بازرگانیو پیشەسازیی دەنێردرێتە ئەنجومەنی وەزیران

شارا عەبدولڕەحمان

کۆنفرانسی ئابووریی کوردستان سەرجەم ئەو پێشهاتو لەمپەرانەی دەستیشانکرد، کە لەبەردەم هەردوو سێکتەری پیشەسازییو بازرگانیدانو چارەسەری بۆ دۆزینەوەو وابڕیارە بۆ چارەسەرکردنیان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکرێت.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە (٢٠٠) بازرگانو پیشەسازی هەرێم کۆنفرانسی ئابووریی کوردستان دەستپێکرد، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو لەمپەرانەی ڕێگەیان لە پێشکەوتنی بوارەکانی پیشەسازییو بازرگانیی گرتووە لە هەرێمی کوردستانداو چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆنفرانسەکە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانو بەمەبەستی بووژانەوەی کەرتی بازرگانیو ئابووریيو بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی ئابوورییو ئەو پێشهاتو لەمپەرانەی سێکتەرەکانی بازرگانیو پیشەسازییان پەکخستووە، بەسترا».

لە کۆنفرانسەکەدا نزیکەی (٦٠) خاڵ دەستنیشانکران، کە بوونەتە لەمپەر لەبەرەوپێشچوونی بواری بازرگانیو پیشەسازییو چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە، بە وتەی سەرۆکی ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکانی هەرێمیش؛ سەرجەم لەمپەرو چارەسەرەکان لە گەڵاڵەنامەیەکدا بەرزدەکەنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تا دواتر لە کۆنگرەیەکی ئابووریدا کار بۆ چارەسەریان بکرێت.

کۆنفرانسەکە کە ڕۆژێکی خایاند، وەزیری بازرگانیو نوێنەری چەند وەزارەتێکی دیکەو دەیان ڕێکخراوی ئابوورییو پیشەسازییو بازرگانی ئامادەی بوون.

## «چارەنووسی نزیکەی (٧) ملیار دۆلار دیارنییە»

# ئۆپۆزسیۆن سەدان ملیۆن دۆلار بۆ خەڵک دەگەڕێنێتەوە

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

**رۆژانەو لە گفتوگۆ بەردەوامەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، بەهۆی بەدواداچوونە وردەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە، کەموکورتییەکانی بودجە دەردەکەوێتو پەرلەمانتاران ئاشکرای دەکەن، کە چارەنووسی زیاتر لە (٧) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دۆلار دیارنییە.**



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

لەگەڵ گەیشتنی پرۆژە بودجەی هەرێم لە کۆتایی کانونی دووەمی ئەمساڵدا بۆ پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان بودجەیان بە ناشەفافو پڕ کەموکورتی ناوبرد، بەڵام ئەمە لەلایەن فراکسیۆنی دەسەڵاتەوە رەتکرایەوە.

فراکسیۆنی گۆڕان لەچەند رۆژی رابردوودا ئەو دۆکیۆمێنتانەیان خستە گفتوگۆوە کە دەیسەلمێنن بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان پەلەی لێکراوەو بە کەموکورتییەکی گەورەوە نێردراوەتە پەرلەمان، لەم رووەوە لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢/٢٧)دا د.شاهۆ سەعید، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، داوایکرد؛ «پرۆژەیاسای بودجە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت، لەبەرئەوەی زیاتر لە (٢) ترلیۆنو (٧٧٠) ملیار دینار لە بودجەی حیزب تێکەڵی بودجەی حکومەت بووە».

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا د.شاهۆ رایگەیاند: «چارەنووسی نزیکەی (٧) ملیار دۆلار، کە دەکاتە زیاتر لە (٨) ترلیۆن دینار لە پارەی ئیراداتی حکومەتو میزانییەی مەدەوەرە دیارنییە»، هەربۆیە داوایکرد کە بودجەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمو چارەنووسی ئەو پارەیەش ئاشکرابکرێت.

ئەم تێبینیانەی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن وایکرد، کە بەشێک لە کەموکورتییەکان چارەسەربکرێتو سەدان ملیۆن بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، لەم رووەوە لیژنەی دارایيو کاروباری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان رۆژی (٢/٢٧) بە رەچاوکردنی کۆی گفتوگۆکانی دانیشتنەکانی رابردووی پەرلەمان تایبەت بە بودجەو پوختەی پێشنیازی سەرجەم لیژنەکان، چەند پێشنیازێکی گشتیی خستەڕوو، کە لەلایەن پەرلەمانەوە ژمارەیەک لەو پێشنیازانە پەسندکران لەوانە: لابردنی پارەی تەرخانکراو بۆ بارەگا حیزبییەکانو نۆژەنکردنەوەی چەند تەکیەیەکو راگرتنی بودجەکانی بەکارخستنی قوتابخانەی شوەیفاتو خەرجیی دیزاینی زانکۆی سایبیس لەگەڵ لابردنی بودجەی ئەو پرۆژانەی کە دووبارە ناویان هاتووە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لەم بارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیداربوون بە حیزبەوە لابران، وەکو یاریگای شەعب لە بەغداد، هۆڵی کۆبوونەوەی پارتیو هۆڵی کۆبوونەوەی مەڵبەندی یەکێتی لە خانەقینو چاککردنی رێگەی خانووی بارەگای مام جەلالو ئەو پرۆژانەی کە دووجار بودجەیان بۆ تەرخانکرابوو، یان هەر پرۆژەکە هەر بوونی نییە».

لە گفتوگۆکانی ئەم چەند رۆژەی رابردووی پەرلەماندا لەسەر بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، هەریەک لە وەزیرەکانی دارایيو پلاندانانو سامانە سروشتییەکان ئامادەبوونو پەرلەمانتاران بەچەندین پرسیار رووبەڕوویان بوونەوە.

ناسک تۆفیق، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی تێبینیی پەرلەمانتارانەوە رایگەیاند: «ئەو کەموکورتییانەی دیاریکران کاریگەریی هەبوو، لەوانە وەزیری پلاندانان لەسەر زاری خۆی لە کۆبوونەوەکانی رۆژانی پێشوودا وتی بۆمان دەرکەوتووە زیاتر لە (٧) ملیار دینار دووبارە بووەتەوە».

لە برگەیەکی دیکەی پێشنیازەکانی لیژنەی دارایيو کاروباری ئابووریی پەرلەماندا، داوای کەمکردنەوەی بودجەی سێکتەری «الاعانات» بە رێژەی (١٠٪)و کەمکردنەوەی بودجەی سێکتەری «منح» بە رێژەی (١٠٪)و بودجەی سێکتەری «مصروفات اخری» بە رێژەی (١٥٪) کرابوو، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە چەندین بۆچوونی جیاجیای لەبارەوە درا، سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەریەکە لەو پێشنیازانەی بەجیا خستە دەنگدانەوەو کەمکردنەوەی بودجەی سێکتەری «الاعانات» بە رێژەی (٥٪)و بودجەی سێکتەری «منح» بە رێژەی (٥٪) بە زۆرینەی دەنگ پەسندکراو بودجەی سێکتەری «مصروفات اخری» وەکو خۆی مایەوە بەبێ کەمکردنەوە.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ئەمساڵی دوومانگ زووتر نارد بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام هێشتا لەکاتی خۆیدا نەبوو، کە پێویستبوو لە کۆتایی ساڵی پێشوودا بودجەی بناردایە بۆ پەرلەمان.

کویستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنەکەی رۆژی (٢/٢٧) دا پێشنیازی کرد، کە بەندێکی یاسایی دابنرێت بۆ سزادانی لایەنی بەرپرس لە دواکەوتنی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١١)، بۆئەوەی حکومەت ناچاربێت لەکاتی خۆیدا بودجە رەوانەی پەرلەمان بکات.

لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆکاندا پێشنیازی نوێ بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی بودجە پێشکەشدەکرێت، لەم رووەشەوە فراکسیۆنی گۆڕان داوایکردووە سندووقێک بۆ ناوچە جێناکۆکەکانو بەتایبەت کەرکوک دابنرێت.

کاردۆ محەمەد لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە فراکسیۆنی گۆڕان داوایکردووە ئەو پارەیەی باربۆ لە ئیعاناتو میناح گەڕاوەتەوە دەکاتە زیاتر لە ٤١ ملیار دینار دەکات بخرێتە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت کەرکوک».

## (١٣٤) ملیار دیناریان لای حکومەتی هەرێمە

# زیندانییە سیاسییەکانماندەگرن

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**لەبەرامبەر زەوتکردنی مافەکانیاندا، دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، هەڕەشەی مانگرتن دەکەنو تا سێشەممەیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاریکردووە.**



خۆپیشاندانێکی زیندانییە سیاسییەکان

لە بەیاننامەیەکیاندا، کە کۆپییەکی گەیشتووەتە رۆژنامە، دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان هۆشداری دەدەنە حکومەتو پەرلەمانی کوردستان، کە ئەگەر تا ئەمڕۆ (٣/٢)، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) بە هەموارکراویی بۆ زیندانیانی سیاسیی هەرێمیش کاری پێنەکرێت، ئەوا مانگرتن دەستپێدەکەن هەتا ئەو کاتەی داواکارییەکەیان بۆ جێبەجێدەکرێت، لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیاندا، دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە؛ کە بە بەڵگەوە ئەو راستییەیان بۆ حکومەتو پەرلەمان سەلماندووە، کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە تا ئەمساڵ بودجەکەیان (١٣٤) ملیار دینار بووە لە بودجەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو مافەی لێ زەوتکردوون، هەربۆیە بڕیاریانداوە ئەگەر وەڵامیان نەدرێتەوە، سبەی (٣/٣) لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان دەست بەمانگرتن بکەن.

محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «زیاتر لە (٣) ساڵە ئێمەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان، هیچ رێگەو بنەمایەکی دیموکراسییانە نەما نەیگرینە بەر، بۆ جێبەجێکردنو هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق، کە چەندین ئیمتیازاتی بۆ زیندانیانی سیاسیی تێدا دەستەبەر کراوە، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ کارێک نەکراوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوە بڕیاری مانگرتنمان داوە».

نیگەرانیی دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێستا زیندانیانی سیاسیی هەرێم بەهۆی جێبەجێنەکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) وەک زیندانیی سیاسیی پلەدوو هەژمار دەکرێن، لەکاتێکدا ئەو یاسایە زیندانیانی سیاسیی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە.

رۆژی (٢٠٠٩/٣/١٧)، لەلایەن (١٦٠) زیندانی سیاسییەوە سکاڵا لەسەر چەند وەزارەتێکی حکومەتی هەرێم لەلای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تۆمارکرا، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو، کە وەفدێکی حکومەتی هەرێم، کە پێکهاتبوو لە نوێنەری وەزارەتەکانی دارایيو شەهیدو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم بانگکرانە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو مەسەلەکەیان لەگەڵدا تاووتوێکراو جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) سەپێنرا بەسەریاندا، بەوپێیەش لەو بەروارەوە تا ئەمساڵ حکومەتی هەرێم (١٣٤) ملیار دیناری زیندانیانی سیاسیی هەرێمی لەلایە، کە نەیداوە پێیان.

لە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٣)داو لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمدا، جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بەبڕینەوەی (٣٩٠) هەزار دینار بۆ (٤٠٣) کەس لە زیندانیانی سیاسیی، بەڵام دەستەی داکۆکیی لەمافی زیندانییە سیاسییەکان بەیاننامەی قبووڵنەکردنی بڕیارەکەیان دەرکردو ئاماژەیان بەوەدا؛ کە بۆ دەنگپێدانیان ئەو کارە کراوە.

محەمەد پشدەری، وتی: «ئەو (٤٠٣) کەسە بەشێوەیەکی نایاسایی ئەو مووچەیەیان بۆ کراوە بۆ خۆڵکرنە چاوی زیندانیانی سیاسیی، بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدەن، بۆئەوەی بەشێک لەو زیندانیانە ساردکەنەوە لە داواکانی خۆیان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون».

هەربۆیە، لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٢دا دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان بەیاننامەی دەنگنەدان بە لیستی یەکێتیو پارتی لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا راگەیاندو ئاماژەیان بەوەکرد، کە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە کە حکومەتیان بەدەستەوەیە، هەوڵ بۆ سەندنی مافەکانی زیندانیانی سیاسیی نەدراوە، بۆیە ئامادەنین دەنگیان پێبدەن.

دەستەی داکۆکیی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان بەیاننامەکەیان گەیاندووەتە سەرۆکی حکومەتو چاوەڕوانی وەڵامن، ئەگەرنا سبەی دەست بەمانگرتن دەکەن.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە رۆژنامەی راگەیاند: رێوشوێنە یاساییەکان دەگیرێتەبەرو دواتر وەڵامیان دەدرێتەوە، بەڵام نازانم تا ئەو بەروارە دەخایەنێت کە ئەوان دایانناوە یان نا».

# «ڕۆڵی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کەمدەکرێتەوە»

راپۆرتی: ڕۆژنامە

**هەڵسوڕاوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنیی پێیانوایە: «پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کەمتەرخەمبوون لە بەڕێکردنی کارەکانیان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا»، لەبەرامبەردا بەمەبەست هێزی ناشەرعییو نائاسایی بەسەر دەسەڵاتی حکومەتدا زاڵکراوە**

هەرچەندە لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە لە ٢/٢١ەوە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئەرکی پاراستنی شەقامی سالمیان لەخۆگرتبوو، ئەمەش دڵنیایی بە خەڵکدابوو، چونکە ئەو هێزە مامەڵە لەگەڵ جووڵەی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکات، بەڵام لە ڕۆژانی (١٦و١٧و١٨)ی ئەم مانگە تەقە بەسەر گۆڕانخوازاندا کراو چەند ڕووداوێکی توندوتیژیی کەوتەوە لەلایەن پۆلیسو ئاساییشو هێزی دژە تیرۆرەوە.

دەربارەی ئەرکی هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، عەمید لوقمان ئەحمەد شاسوار، بەڕێوەبەری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە ئەو هێزە مامەڵە لەگەڵ جووڵەی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکاتو کۆمەڵێک ئامێرو چەکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک ئۆتۆمبێلی ئاوڕژێنو دەمانچەی غازو داری کارەباییو جلی تایبەت، کە هیچ جۆرە کارێتێکەرێک کاری تێنەکاتو لەکاتی پێویستو بەپێی ڕێنماییەکان بەکاریدەهێنن، ئەو هێزانەش خولی تایبەت بە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەیان بینیوەو ڕێپێدراوی نێودەوڵەتین.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هێزە بەوجۆرە ئیمکانیاتە باشەوە ئامادەکراوە، بەڵام وەک پێویست نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان ببینن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، عەتا محەمەد، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی CDO پێیوابوو؛ ئەو هێزانە وەک پێویست دەسەڵاتو ئەو کەلوپەلانەی هەیانە بەکاریاننەهێناوە، هەربۆیە دەتوانرێت بووترێت، کە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ڕۆڵی خۆی نەبینیوە لە ئێستادا.

ڕۆڵنەبینینی ئەو هێزەو تەدەخولکردنی هێزەکانی پۆلیسو ئاساییش، کە بە وتەی چاودێرانی سیاسیی نەیانتوانیوە لەم بانگەشەی هەڵبژاردنەدا بێلایەن بن، وەک ئارام جەمال، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، دەڵێت: «بۆ مەرامی سیاسییو بەمەبەست دەویسترێت ڕۆڵی چالاکییە مەدەنییەکان کەمبکرێتەوەو وادەکرێت کە هێزەکانی پۆلیسو ئاساییش کارەکانی ئەوان تەواوبکەن، بەڵام ئەو هێزانە بەداخەوە بێلایەن نینو ئەگەر کاری ئەوان بە هێزێکی بێلایەن پڕبکرایەوە، ئەوا ئاسایی بوو، ئەنجامی لایەنداریی ئەو هێزانەو چاوپۆشیکردنیان لە دەستدرێژی چەکدارانی دەسەڵات لە شەقامی سالم ئەو توندوتیژییانەی لێکەوتەوە».

هاوکات بەڕێوەبەری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانیش نیگەرانیی خۆی لە بەکارهێنانی چەک لە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو پیشانداو باسی لەوەکرد، کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ بەکارهێنانی چەکو تەقەکردندا نین، بەڵام هۆکاری کەوتنەوەی ئەو توندوتیژییانەی گەڕاندەوە بۆ سروشتی وڵاتی ئێمە، کە چەک تێیدا بەربڵاوە بەدەست خەڵکەوەو ڕەنگە کەسانی گێرەشێوێن یان تۆڵەی شەخسی بووبێت.


ئەرکی پۆلیسی چالاکییە مەدەنیەکانە ئاسایشی بانگەشە بپارێزن، نەک دژەتیرۆر

ئەو هێزانە ناویان بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانە، کاتێک ڕێگە بە تەدەخولی هێزی پۆلیسو ئاسایشو میلیشیا دەدرێت ڕۆڵی ئەوان تەواوبکات، بە وتەی ئارام جەمال؛ «تاوانە» ناوی دیموکراتیو کۆمەڵگەی مەدەنییو ئەوجۆرە مامەڵانە پێکەوە بهێنرێت، چونکە ئەم هەڵسوکەوتە زاڵبوونی هێزی ناشەرعییو نائاساییە بەسەر دەسەڵاتی حکومەتدا.

هاوکات بەڕێوەبەری ڕێکخراوی CDO، کەمتەرخەمیی هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی گەڕاندەوە بۆ کەمیی ژمارەو ئەو کەلوپەلانەی هەیانە، بۆ ئەمەش ڕەخنەی لە وەزارەتی ناوخۆ گرت، کە ئەو هێزانە ژمارەو پێداویستییەکانیان کەمنو پێویستە زیادبکرێن، بەجۆرێک ئەگەر بارگرژییەکیش ڕوویدا خۆیان بتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەنو پێویست بە تەدەخولی هێزەکانی ئاساییشو پۆلیس نەکات بۆ پاڵپشتیکردنیان، بەڵام جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو هێزانە ژمارەیان کەمبێت، بۆیە نەیانتوانیوە بە تەنیا کۆنترۆڵی شەقامی سالم بکەن لەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوداو وتی: « لەکاتێکدا تەقەدەکرێت، پێویستە هێزی ئاساییشو پۆلیس تەدەخول بکەن، چونکە ئەم هێزانە چەکیان پێ نییە تا وەڵامبدەنەوە».

لە بەرامبەردا ئارام جەمال لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەگەر ئەو هێزانە ژمارەو پێداویستییان کەم نییەو بەتایبەت بۆ کۆبوونەوە جەماوەرییەکان پێکهێنراون، بۆ ناتوانن کۆنترۆڵی هێمنیی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارە بکەن، کە ئەمە پرسیارێکەو پێویستە دەسەڵات وەڵامی بداتەوە».

# سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق:

# هۆشیار زێباری، ڕێکەوتننامەی ناردنەوەی پەنابەرانی مۆرکردووە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی، کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەمەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانی پەنابەرانی دیپۆرتکراو (ئەوانەی نێردراونەتەوە بۆ کوردستان)، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی وەزیران سازداو دەشتی جەمال، سکرتێری ئەو فیدراسیۆنە لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا، ئەو ڕێکەوتننامە نهێنییانە بۆ ڕۆژنامە ئاشکرادەکات، کە حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکاندا مۆریانکردووە بۆ ناردنەوەی پەنابەران.**


دەشتی جەمال لەناو خۆپیشاندانی پەنابەراندا- سلێمانی ٢٠١٠/٢/٢٥

**ڕۆژنامە: خۆپیشاندانی هەفتەی ڕابردووتان بۆ بەردەم نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ چ مەبەستێک بوو؟**

* ئێمە لەچوارچێوەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقیداو لەپێناو بەرگریکردن لە خواستە ئینسانییەکانی پەنابەرانی کوردو عێراقی، کەمپەینێکمان ڕێکخستووە لەسەرجەم وڵاتە ئەوروپییەکانداو ئامانج لەو خۆپیشاندانەی هەفتەی ڕابردووشمان، گەیاندنی پەیامی نارەزایەتیی سەرجەم پەنابەرانە لە وڵاتانی ئەوروپاو کەسوکاری پەنابەران لەکوردستانو کەسوکاری ئەو پەنابەرانەی کە گیانیان لەدەستدا لە ڕێگای ژیانی هاتو نەهاتی پەنابەریدا، ویستمان لەو ڕێگەیەوە دەنگی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بگەیەنینە دەسەڵات کە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بە زۆرەملێ دیپۆرتی کوردستان کراونەتەوە.

**ڕۆژنامە: داخوازیتان چی بوو؟**

* ئێمە دەمانەوێت دەسەڵاتدارانی کوردی وەڵامی داخوازیی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بدەنەوە کە ماوەی ساڵێکە فیدراسیۆنی پەنابەری سەرانسەری عێراق خستوویەتیە بەردەمیان، چ لە کابینەی پێنج، چ کابینەی شەش، چونکە بەداخەوە، تائێستا حکومەتی هەرێم زۆر بێباکو بێدەربەستە بەرامبەر پەنابەران، لەکاتێکدا ئەمانە هاوڵاتی ئەم کوردستانەنو پێویستیانە مافەکانیان پێشێل نەکرێت، پەنابەران لەگەڵ دەیان کێشەو گیروگرفت ڕووبەڕوو بوونەتەوە، کاتێک نێردراونەتەوە کوردستان، چەندین ساڵە لە وڵاتانی ئەوروپا ژیاونو لەگەڵ فەرهەنگێکی پێشکەوتوودا ژیانیان گوزەراندووە، کاتێک دێنەوە کوردستان، هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتیی خۆی لەئاست ئەو کێشەو گیروگرفتەکانیاندا پیشانناداتو بەو هۆیەوە حاڵەتی دەروونییان خراپ دەبێت، بەجۆرێک کە چەندین حاڵەتی خۆکوشتنیان تێدا تۆمارکراوەو هاوکات چەندین پەنابەر بەهۆی نائومێدییان لەکوردستان، دوای ئەوەی کە نێردراونەتەوە، جارێکی دیکە ڕێگای ئەوروپایان گرتووەتەوەبەر.

**ڕۆژنامە: لەم حاڵەتەدا، چ بەرپرسیارێتییەک دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقو هەرێم؟**

* حکومەتی عێراقیو حکومەتی هەرێم بەرپرسن لەو کارەساتانەی کە ڕووبەڕووی پەنابەران بوونەتەوە، ئێمە حکومەتی عێراقیو هەرێمی کوردستانمان ئاگادارکردووەتەوە، چونکە ئەوانن ڕێکەوتنیان مۆرکردووەو ئاسانکاریی دەکەنو ڕێنیشاندەری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانن، تەنانەت بەپێی دانپێدانانی حکومەتی عێراقی، ژمارەیەکی زۆر پرۆتۆکۆڵیان لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی ئیمزاکردووە، بە خاتری لێخۆشبوون لە قەرزەکانی سەر عێراق، بە خاتری نیشاندانی ئەوەی لەعێراقدا ئارامیی هەیەو دەسەڵاتێکی دیموکراتی هەیەو بە خاتری دەستگرتنی کۆمپانیا بیانییەکان، مەسەلەی پەنابەرانیان کردووە بە کارتێک بە خاتری کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵخانەکانی ئەو وڵاتانە، چ حکومەتی هەرێم، چ حکومەتی عێراقی، کە ئەمە سیاسەتێکی چەوتەو دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراقو کوردستانە. خەڵکی کوردستان تاوانی چییەو بۆ دەبێت باجی قەرزەکانی حکومەتی عێراق بدات، پەنابەرانێک کە هەڵاتوون لەدەستی جەنگو نائارامییو پشێویی، لەعێراقدا ژیانی خۆیانو منداڵەکانیان ڕزگارکردووەو لە ئەوروپا گیرساونەتەوە کە ئەوان قوربانیی دەستی ئەمانو سیاسەتەکانیانن، بۆ دەبێت لەدەرەوەی وڵاتیش دەست لەیەخەی ئەمانە نەکرێتەوە، کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە، حەزیان لە ژیانێکی ئارامەو دەیانەوێت بەختەوەربن، بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستدان، زۆرترین ئەو پەنابەرانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپا داوای مافی پەنابەریی دەکەن، هاوڵاتییانی کوردستاننو بەپێی دوایین ئاماریش، لە ناحیەیەکی وەک تەکیەداو لەساڵێکدا، (٢٦٠)گەنج کوردستانیان جێهێشتووە.

**ڕۆژنامە: ئەی وڵاتانی ئەوروپی، چ هەڵوێستێکیان لەبەرامبەر ئەم پێشێلکارییەی مافی مرۆڤدا هەیە؟**

* بە دەیان ڕێکخراوی جیهانیی، نارەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێم، بەدەیان حیزبو ڕێکخراو نامەیان ناردووە بۆ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بەداخەوە هیچ یەک لەوانە نایانلەرزێنێت، تەنانەت زیاتر لە دوو ساڵە، یاداشت دەهێنینو دەبەین، ڕێگەمان نیشانداون بۆ چارەسەری کێشەکە، بەداخەوە، ئەوان نایانەوێت، ئەوە چارەسەربکەن، بەڵام هەتا وەڵامی ئەو داخوازییانە نەدەنەوە، ئێمە لەهەوڵەکانمان ڕاناوەستین، ئەوان وەڵامدەدەنەوەو دەڵێن، ئێمە ڕێکەوتنمان نییە، لەکاتێکدا ئێمە پێمانوایە، ئەمە هەڵوێستێکی چەواشەکارانەیەو ئەگەر بە واقیعی ڕێکەوتنیان نییە، با بچن ڕاییبگەیەنن بە وڵاتە ئەوروپییەکان.

**ڕۆژنامە: دەڵێیت چارەسەرمان پیشانداون، ئەو چارەسەرانە چین؟**

* چارەسەرەکەی ئەوەیە کە دەرگای فڕۆکەخانەکانیان بە ڕووی ئەو وڵاتانەدا داخەن کە هاوڵاتییەکانیان بە زۆرەملێو بە شەقو بە سووکایەتیو بە کەلەپچەو بەفڕۆکەی سەربازیی دەنێرنەوە کوردستان، کام حکومەتە لەدنیادا ئەوە قبووڵ دەکات کە ئەو سوکایەتییە بە هاوڵاتییەکانی بکرێت؟ کام حکومەتە ئەوە قبووڵ دەکات کە هاوڵاتییانی لە زیندانەکانی ئەو وڵاتانەدا دەناڵێننو هیچ کەسێک نییە بەهانایانەوە بڕوات؟، تا ئێستا چەندین نامەی ئەو پەنابەرانەی کە لە زیندانەکان بوون بڵاوکردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا یەک جاریش حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی دەرنەبڕیوەو سەرکۆنەی ئەو سیاسەتەی نەکردووە کە وڵاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە هاوڵاتییەکانی دەیکەن، لەکاتێکدا ئەمانە نە تیرۆریستنو نە پیاوکوژن، نە دزنو نە تاوانباری جەنگن، خەڵکی ئازادیخوازی ئەم کۆمەڵگایەنو شایەنی بەرگریی لێکردنن، ئێمە دەزانین، هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەریی بۆ خەڵکی کوردستان ناچارییە، ئێمەش پێمان خۆش نییە کە خەڵک بچێتە دەرەوە، بەڵام بۆچی دەبێت کوردستان باجی کۆمپانیای بازرگانی ئەوان بدات، ئەمە دەڵاڵیکردنو سەوداکردنە بە ژیانی هاوڵاتییانی ئەم وڵاتەوە.

**ڕۆژنامە: بەڵگەی ئەو ڕێکەوتننامانەتان لایە؟**

*ئێمە بەڵگەمان لایە کە لەماوەی ڕابردوودا ئەوان کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵیان ئیمزاکردووە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاداو بە ئاشکرا تانیا تەڵعەت گلی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە، کە حکومەتی عێراقی کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵی لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان بەخاتری لێخۆشبوون لە قەرزەکانی سەر عێراق ئیمزاکردووە، کە ئەمان پێشوازی لە وەرگرتنەوەی پەنابەران دەکەن، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی عێراقیو حکومەتی دانیمارکیمان لەبەردەستدایە کە لە (١٨)بەند پێکهاتووە، ڕێکەوتنی شوباتی (٢٠٠٨) کە لە نێوان هۆشیار زێباریو حکومەتی سویددا ئیمزاکراوەو بەو هۆیەوە (١٤٠٠)پەنابەری کورد کە ئیقامەی یەک ساڵییان هەبووە، بۆیان تازە نەکرایەوەو بەزۆر نێردراونەتەوە، وڵاتی نەرویج لە (٢٠٠٩/٥/١٤)دا ڕێکەوتنی هاوشێوە لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئیمزاکراوە، ساڵی (٢٠٠٥) بەپێی وتەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا، حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقی ڕێکەوتنیان ئیمزاکردووەو بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی ئێمە ئەوەیە، کە لە ماوەی (٥)ساڵی ڕابردوودا، بە بەردەوامی فڕۆکەخانەی هەولێر پێشوازی لەو فڕۆکە سەربازییانە کردووە کە بە شەق پەنابەریان هێناوەتەوەو هێزی تایبەتیان بۆ ئامادەکردووە.

**ڕۆژنامە: بەگشتیی، تا ئێستا چەند پەنابەر نێردراوەتەوە؟**

* لەماوەی (٥)ساڵی ڕابردوودا، (٤٢٥٠) پەنابەر بە زۆرەملێ ڕەوانەی عێراق کراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە داتای هەموو وڵاتەکانو بەندیخانەکان لەبەردەستی ئێمەدا نییە، (٣٦٠٠)کەس لەو پەنابەرانە، هاوڵاتییانی هەرێم بوون لە وڵاتەکانی سویدو دانیمارکو نەرویجو بەریتانیاو لە دوایەمین حاڵەتیشداو لەسەرەتای ئەمساڵدا، (٥٦)پەنابەری کورد لە فڕۆکەخانەی هەولێر وەرگیرانەوە، ئەگەرچی ئێمە حکومەتی هەرێممان ئاگادارکردەوە کە وەریاننەگرێتەوە، بەڵام هیچ گوێیەک بۆ ئێمەو خواستەکانی پەنابەر نەگیرا، بەڵکو لە فڕۆکەخانە سوکایەتیشیان پێکرابوو، دوو هەفتە لەمەوبەریش زیاتر لە (٧٠)پەنابەری دیکە لە فڕۆکەخانەی بەغدا وەرگیرانەوە کە کۆکراوەی گرتووخانەکانی سویدو نەرویج بوونو (٣٥)یان کوردبوون.

# تەندروستی سلێمانی دەیەوێت بە ساختە پارێزەرێک بنێرێتە ئێران

راپۆرتی: رۆژنامە

**سەرۆکی سەندیکای بایۆلۆجییانی کوردستان/ سلێمانی، ساختە لە بەڵگەنامەی رەسمیی وەزارەتی تەندروستیدا دەکاتو هاوسەرەکەی کە پارێزەرە، وەک یاریدەدەری تاقیگە لە یەکەم ناوی نووسراوێکی رەسمیدا دادەنێت، وەزیری تەندروستیش جەختدەکاتەوە کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەو ساختەکارییە پێکهێنراوەو بەرپرس لەوکارە سزادەدرێت.**

بەپێی نووسراوی ژمارە (٦٥٠٣) کە رۆژی (٢٠٠٩/١١/١٥)ی وەزارەتی تەندروستی، بە ئاماژە بۆ نووسراوی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ژمارە (١٩٤٥٩) لە (٢٠٠٩/١١/١٠) بڕیاردراوە بەشداندکردنی (١٤) کەس لە فەرمانبەرانی دەزگای تەندروستی، بۆ بەشداریکردن لە خولی تاقیگەییدا لە ئێران.

ناوی تاڤگە عەبدولڕەحیم محەمەد سالح، وەک یاریدەدەری تاقیگە لە یەکەم ناوی نووسراوەکەدا هاتووە، بەجۆرێک کە خۆی پارێزەرەو فەرمانبەری وەزارەتی دادە، نەک تەندروستی.

فەرمانبەرێکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، سەرەڕای ئاشکراکردنی ئەو ساختەکارییەی لەو نووسراوە رەسمییەدا کراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە بەرپرسی یەکەم دەزانن لەو ساختەکارییەی کراوەو لەبری ناردنی فەرمانبەرێکی تاقیگە کە رۆژانە کاردەکات، رێگەی داوە پارێزەرێک بڕوات خول ببینێت.

لەبەرامبەردا د.رێکەوت محەمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی گشتیی تەندروستی سلێمانی، بێئاگایی خۆی لەو نووسراوە پیشانداو روونیکردەوە، کە لە رێگەی فەرمانبەری بەرپرس لە بەشی هونەریی فەرمانگەی تەندروستییەوە ئەو نووسراوە بەرزکراوەتەوەو ئەو ئاگادارنەبووە، هەروەها د.رێکەوت بە رۆژنامەی وت: «مەرج نییە ناوی سەدان فەرمانبەری تەندروستیم لەبەربێت تا بزانم ئەم ناوە ساختەیە، بەڵام کارەکە نابەجێیەو کار بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی دەکرێت، چونکە تەزویرە لە نووسراوی رەسمیدا».

بە وتەی سەرچاوەکەی تەندروستی، تاڤگە عەبدولڕەحیم پارێزەرە لە وەزارەتی دادو خێزانی جەبار محەمەد ئەمین، سەرۆکی سەندیکای بایۆلۆجییانی کوردستان لقی سلێمانییە، هەربۆیە وەزارەتی تەندروستی نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی دادیش کردووە بۆ سزادانی ئەو پارێزەرە، کە لەبری کارکردن بۆ جێبەجێکردنی یاسا، یاسا پێشێلدەکات.

لەگەڵ ئاشکرابوونی ساختەکارییەکە، وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە، کە نووسراوەکە ئیمزای وەزیری پێوەیە، لەمبارەیەوە د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە بە رۆژنامەی وت: «نووسراوەکەی لە فەرمانگەی تەندروستییەوە پێگەیشتووەو هەر نووسراوێک لە سلێمانییەوە بێتە وەزارەت تا لە رێگەی د.رێکەوت محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانییەوە رەوانەی وەزارەت نەکرێت، ئیمزای ناکەم».

سەبارەت بە تێوەگلانی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی لەو سەرپێچییە، د.تاهیر هەورامی ئاشکراشیکرد، هەرچەندە پێناچێت ئەو ئاگادار بێت، بەڵام ئەگەر دەرکەوت کە د.رێکەوتیش ئاگاداربووە، ئەوا ئەویش سزادەدرێت، وەزیری تەندروستی راشیگەیاند: ئێستا لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ تاڤگە عەبدولڕەحیم، پارێزەر، جەبار محەمەد ئەمین، سەرۆکی سەندیکای بایۆلۆجیانی کوردستان لقی سلێمانی، کۆچەر ئیبراهیم، بەرپرسی تاقیگەکان لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، دلێر عومەرکاکی، بەرپرسی بەشی هونەریی فەرمانگەو سەرۆکی کیمیاییەکان پێکهێنراوە.

ئەو نووسراوە رەوانەی بەڕێوەبەرێتیی پاسپۆرتی سلێمانیش کراوە بەمەبەستی دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ ئەو شاندە، واتە ئەم ساختەکارییە دووجار کراوە، جارێک ساختەکاریی لە نووسراوی رەسمیی وەزارەتی تەندروستیو جارێکی دیکە لە بەڕێوەبەرێتیی پاسپۆرتی سلێمانی.



# یەکێتیو پارتی کەرکوک بێ خزمەت دەکەن

راپۆرتی: رێباز محەمەد

**کەمتەرخەمیو ململانێی حیزبیی بەرپرسانی کەرکوک هاوڵاتییانی نیگەرانکردووەو خەڵکی کەرکوک پێیانوایە؛ بەهۆی تەخشانو پەخشانکردنی بودجەی کەرکوک لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا کەرکوک لە هەموو روویەکەوە دواکەوتووە، جێگری پارێزگاری کەرکوکیش هۆکاری نەبوونی خزمەتگوزاریی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لە کارو پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا.**

هاوڵاتی کاروان حەمە، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە کەرکوک نیشتەجێیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی نەبوونی دەستەیەکی نەزاهەی بێلایەن، بودجەی کەرکوک تەخشانو پەخشاندەکرێتو لەم کاتەدا قوربانیی سەرەکیی هاوڵاتییانن، کە ئەمەش یەکێتیو پارتی لێی بەرپرسیارن، چونکە زۆربەی یەکە ئیدارییەکان لەلایەن ئەوانەوە قۆرغکراون».

لە رۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٥) تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بەڵێنی بە نووسەرو رۆژنامەنووسانی شارەکە دا کە دەزگایەکی نەزاهەی حیزبیی پێکبهێنێت بۆ لێپرسینەوەی ئەوانەی لەسەر کەرکوک خۆیان دەوڵەمەند کردووە، بەڵام تائێستا ئەو دەزگایە دروستنەبووە. کاروان حەمە ئاماژە بەوەدەکات؛ گیرۆدەی بەڵێن بوون، بۆیە داواکارە کەرکوک لە وێرانکارییو بێخاوەنیی دەربازبکرێت.

راکان سەعید، جێگری پارێزگای کەرکوک لە کوتلەی عەرەبی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وێرانکاریی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی بودجەو دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لە کارو پرۆژەکانی پارێزگای کەکوک».

راکان سەعید پێیوایە؛ ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی کورد هەڵەی گەورەیان بەرامبەر خەڵکی کەرکوک کردووە».

بودجەی ساڵی (٢٠١٠) بۆ پارێزگای کەرکوک (١٢٧) ملیار دینارە، ئەمە جگە لەوەی لە هەر بەرمیلە نەوتێک یەک دۆلار بۆ شارەکە خەرجدەکرێت، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، مانگی (٦٥٠) هەزار بەرمیلە نەوت لە پارێزگای کەرکوکەوە هەناردە دەکرێت، لەو بارەیەوە ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئابووریو دارایی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرفکردنی ئەو بودجەیە کە لە هەر بەرمیلە نەوتێکی پارێزگای کەرکوک یەک دۆلار بۆ شارەکە خەرجبکرێت، خزمەتی باش بە شارەکە دەکات».

لەبارەی بودجەی بەرهەمهێنان کە وەزارەتەکان دیاریدەکەن بۆ بەڕێوەبەرێتییەکانی شارەکانی عێراق، ئیبراهیم خەلیل وتی: «ساڵی پار بودجەی بەرهەمهێنان بۆ پارێزگای کەرکوک (٠,٥٨) بووە، ئەمساڵ بڕیاریانداوە بڕی (٧١) ملیار دینار بۆ کەرکوک دابینبکەن».

سەبارەت بە هۆکاری خەرجنەکردنی بودجەی ساڵی «٢٠٠٨و ٢٠٠٩» کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگا، حیزبە کوردییەکان بە هۆکار دەزانن. ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئابووریو دارایی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەمبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «حیزب بەرپرسیار نەبووە لە خەرجنەکردنی بودجەی (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩)، بەڵکو حکومەتی ناوەند بودجەی لە مانگی (٥- ٦) بۆ پارێزگای کەرکوک دەنارد، بۆیە ئێمە لەماوەی ئەو چەند مانگەی کە دەمایەوە نەماندەتوانی ئەو بودجەیە هەمووی خەرج بکەین، هەروەها لەساڵی (٢٠٠٩) بەغدا بڕیاریدا بودجەی زیاتر بۆ کەرکوک خەرج بکات، ئێمە چەند پرۆژەیەکمان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام دواتر ئەو بودجەیەیان خەرجنەکرد».

# دانانی راگرەکانی زانکۆی سلێمانی پرۆژەیەکی وەزارەتی خوێندنی باڵا لاواز دەکات

راپۆرتی: رۆژنامە

زۆرێک لەو کەسانەی خۆیان بۆ وەرگرتنی پۆستی راگرە بەتاڵەکانی زانکۆی سلێمانی پاڵاوتبوو، رەخنە لە دانانی ئەو کەسانە دەگرن کە پۆستەکانیان پێدراوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن؛ «وەزارەت لە دەرەوەی مەرجەکانی خۆی خەڵکی وەرگرتووەو دەستوەردانیش لە پرۆسەکەدا هەبووە». لەبەرامبەردا یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنەکە ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئەو قسانە پروپاگەندەن بۆئەوەی ئەو پرۆسەیە بخەنە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەگەر بمانەوێت لە پشتی پەردەوە خەڵک دابنێین، پێویستمان بە شانۆگەریو سیناریۆ نییە».

پاش ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم، مانگی کانوونی دووەمی رابردوو لە رێگەی رۆژنامەکانەوە، رایگەیاند، کە زانکۆی سلێمانی پێویستی بە دامەزراندنی (٦) راگر هەیەو بەنیازە لە رێگەی «پرۆسەیەکی کراوەو شەفاف»ەوە بە سیڤی دەستنیشانیان بکات، (٣٨) کەس بۆ ئەو مەبەستە سیڤییان پێشکەشکرد، دواتر لە رێگەی «لیژنەیەکی پسپۆریی وەزارەتەوە» بەربژاری سیڤی خوازیاران کراو دواتر رۆژی (٢٠١٠/٢/١٨) لە رۆژنامەی ئاسۆ پۆستەکانی راگەیەنران، جگە لە کۆلێژی زانستە سرووشتییەکانی چوارتا بەمشێوەیە: دکتۆرە عەتیە کەریم محەمەد (کۆلێژی پەرستیاری)، د.سەلاح رەزا سەعید (کۆلێژی بنەڕەتی چەمچەماڵ)، د.فاروق عەبدوڵلا (کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان)، د.بەرزان یاسین (کۆلێژی هونەر)و د.نزار عەبدولقادر (کۆلێژی کارگێڕیو ئابووریی)، بەڵام زۆرێک لەو کەسانەی سیڤییان پێشکەشکردبوو باس لەوە دەکەن، کە «وەزارەت بەپێچەوانەی مەرجەکانی خۆیەوە کاریکردووە، کە ئەو کەسانەی وەرگرتووە».

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی مەرجەکانی وەزارەت دەبوو ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت، دامەزرابێتو لانیکەم (١٠) ساڵ خزمەتی هەبێتو ئەزموونی کارگێڕیی هەبێت، بەڵام «ئەو کەسەی بۆ کۆلێژی هونەر دانراوە مەرجەکانی تێدانییە، لەبەرئەوەی دانەمەزراوەو هاوتای بڕوانامەی بۆ نەکراوەو هیچ خزمەتێکی نییە». ئەوە لە کاتێکدایە لە کۆلێژی هونەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیەو دانەنراوە، لەلایەکی دیکەوە د.سەلاح رەزا سەنگاوی، کە بۆ راگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی چەمچەماڵ دانراوە ناوی لە شۆرت لیستی پاڵێوراوەکاندا نەبووە، کە هەشت کەس بوونو هەروەها پسپۆرییەکەی زانستی فیزیایەو دوورە لە پەروەردەوە، بەڵام بەپەلە دامەزرێنراوە بۆ ئەوەی بکرێتە راگر، کە بەپێی وتەی سەرچاوەکەی رۆژنامە ئەو کەسە لەلایەن مەحمود سەنگاوی، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتییەوە دانراوە، سەرەڕای ئەوەش پێش چەند رۆژێک لەناو مامۆستاکانی ئەو کۆلێژەدا بڵاوبووەوە کە ئەو کەسە دەبێتە راگرو چاوپێکەوتنەکە بۆ چاوبەست بووە، وتیشی: «وەزارەت کاریان بەو مەرجو پێوەرانە نەکردووە کە پێشتر دیارییانکردبوو لە فۆرمەکانداو راستگۆنەبوون لەگەڵ خۆیانو مەرجەکانیان گۆڕیوە».

بەڵام بەپێی وتەی د.جەبار قادر، راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ خوێندنی باڵا، کە لە هەمانکاتدا ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنەکەش بووە؛ لیژنەکەیان «هیچ پێوەرێکی حیزبیی رەچاونەکردووە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەو تەنیا لێهاتوویيو کارامەیی کارگێڕیی لەبەرچاوگیراوە»، هەروەک وتیشی: دانانی راگرەکان لەسەر بنەمای بەرزیی بڕوانامەکان نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای توانای بەڕێوەبردنو لێهاتوویی کەسەکان بووە، چونکە مەرج نییە ئەوەی لێکۆڵەرێکی باش بێت، بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بێت.

نکۆڵی لەوەش کرد مەرجەکان گۆڕابنو وتی: «مەرجەکان نەگۆڕاونو لەو چوارچێوەیە دەرنەچووین»، بەڵام ئەو کەسانەی داخوازییان پێشکەشکردبوو هەموویان بە توانابوونو هەڵبژاردن لە نێویاندا ئەستەم بووە، بۆیە دەڵێم «ئەو قسانە پروپاگەندەن بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بخەنە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەگەر بمانویستایە لە پشتی پەردەوە خەڵک دابنێین پێویستمان بە شانۆگەریو سیناریۆ نییەو لە داهاتووشدا بەردەوام دەبین لەسەر ئەو شێوازە».

یەکێک لەو کەسانەش کە خۆی بۆ پۆستی یەکێک لەو پێنج پۆستە پاڵاوتبوو، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە دەستوەردان لە پرۆسەکەدا هەبووەو حیزب دەستی هەبووە لە دانانی راگرەکاندا، ئەوەش لەسەر زاری چەند بەرپرسێکی باڵای وەزارەتەوە باسکراوەو وتوویانە «دەسەڵاتی ئەو کەسانەمان نییە».

# کێ، کاسبی بە خوێنی شەهیدانەوە دەکات؟

## بەڵگەنامەکان، گەواهی بەرگریکردنن لە بەعسیی سەدامی

## جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ وەزیری دادی دانیمارک: نزار خەزرەجی، بەشداریی لە پرۆسەکانی ئەنفالو کیمیاباراندا نەکردووە

## دڵشاد میران، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی: خەزرەجی فەرماندەیەکی بەناوبانگەو کەمپەینی دادگاییکردنی بۆ لاوازکردنی سومعەیەتی

## فوئاد مەعسوم، لە نامەیەکدا بۆ وەزیری دادی دانیمارک: نزار خەزرەجی، رۆڵی نەبووە لە کیمیابارانی هەڵەبجەو بەشداریی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا نەکردووە

**راپۆرتی: رۆژنامە**

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک، هەریەک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێگەی (جەلال تاڵەبانی، فواد مەعسوم، دڵشاد میرانی)یەوە پاکانەیان بۆ نزار خەزرەجی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای عێراق کردووەو بە کەسێکی نیشتمانپەروەر وەسفیانکردووە.

نزار خەزرەجی کە لە سەردەمی هەڵمەتەکانی ئەنفالو کیمیابارانی گەلی کورددا، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بووەو لە کۆتایی نەوەدەکاندا لە عێراق هەڵاتو روویکردە کوردستانو دواترو لە ساڵی (٢٠٠١)دا لە وڵاتی دانیمارک رەوانەی دادگاکراو لەئێستاشدا لە دەرەوەی عێراقەو شوێنی ئاشکرا نییە.

عارف شاهین، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، رایگەیاند «نزار خەزرەجی، تۆمەتبارە لە دۆسیەی ئەنفالداو پێویستە دەستگیر بکرێتو بهێنرێتە بەردەم دادگا بۆ لێپێچینەوەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا».

عارف شاهین لە لێدوانێکی پێشوودا بۆ رۆژنامە، ئاشکرایکردووە، کە لە دەستپێکی لێکۆڵینەوەی دادگا لە دۆسیەی ئەنفالدا، بڕیاری دەستگیرکردنی نزار جەزرەجی دەرکراوە وەک یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئەو تاوانەو دادوەرانی لێکۆڵینەوەش بەردەوامن لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو ئەنجومەنی باڵای دادگای عێراقیو پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئەنتەرپۆڵ) بەمەبەستی دۆزینەوەی لە هەروڵاتێکدا بێت، تا بگەڕێنرێتەوە بۆ عێراق، وتیشی «چەندین وڵاتی وەک دانیمارکو ئیسپانیاو ئیماراتی عەرەبیمان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەگەر خەزرەجی لەو وڵاتانە بێت، رادەستی عێراقی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی داواکاری گشتیی دانیمارکمان دواندووەو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ئەوانیش وەک دادگای دانیمارک، بەدوای خەزرەجیدا دەگەڕێنو لەلای ئەوانیش داواکراوە».

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی، رۆژی (٢٠٠٢/١١/٢٨ ) نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانیمارکی نووسیوە کە تیایدا هاتووە: «هەر لە لاوێتییەوە، جەنەراڵ نزار ئەلخەزرەجی، عێراقییەکی نیشتمانپەروەر بووە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە پشتگیریکارێکی توندرەوی رژێمی دیکتاتۆری بووبێتو بەپێی زانیاریی من، جەنەراڵ خەزرەجی، شەخسی خۆی بەشداریی نەکردووە لە فەرماندان بە بەجێگەیاندنی پرۆسەکانی ئەنفالو رشتنی چەکی کیمیاییدا».

هەروەها دڵشاد میرانی، بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نامەیەکیدا بۆ وەزیری دادی کۆبنهاگن، نووسیویەتی: ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، رایدەگەیەنین کە جەنەراڵ نزار ئەلخەزرەجی، فەرماندەیەکی پێشووی بەناوبانگی سوپای عێراقەو کەسێتییەکی سیاسیی دانپێدانراوی سیاسییە لە عێراق.

خەزرەجی تۆمارێکی نایابی لە سوپای عێراقدا هەبووەو فەرمانداری ستافی جەنەراڵەکان بووەو لە ئازاری ١٩٩٨دا عێراقی جێهێشتو هاتە کوردستان بۆ پەیوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆنی رژێمی دیکتاتۆری عێراقەوەو بەم دواییانە ئەو، تارگێتی کەمپەینی تاوانبارکردن بە «تاوانباری جەنگ» بووە لە دژی کوردەکانو لەسەر هەڵمەتی هەڵەبجەو جینۆسایدی ئەنفال لە (١٩٨٨)دا.

ئێمە بە تەواوی بڕوامان وایە، ئەم کەمپەینە بۆ لاوازکردنی سومعەی جەنەراڵ خەزرەجییەو دەستی رژێمی سەدامە بۆ بێهیواکردنی بەرپرسە عێراقییەکانی دیکە لە پەیوەندیکردنیان بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتییەوە.

هەرلەوبارەیەوە، سەرکردە سیاسییەکانی کورد، ئەوەندە بەتەنگ خەزرەجی تۆمەتباری ئەنفالەوە بوون کە تا ئاستێک، د. فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو بەرپرسی ئەوکاتەی نووسینگەی دەرەوە، نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دادی دانیمارکی کردووەو نووسیویەتی: فەریق روکنی یەک (نزار خەزرجی)، لای ئێمە وەک کەسێتییەکی سەربازییو نیشتمانپەروەری شایستەو خاوەن ناوبانگێکی باش ناسراوەو بەپێی زانیارییەکانیشمان، رۆڵی نەبووە لە لێدانی شاری هەڵەبجەدا بە چەکی کیمیاییو بەشداریشی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالی کوردستانی عێراقدا نەکردووە، کە بەهۆیەوە نزیکەی (١٨٢٠٠٠) هاوڵاتی کوردی عێراقی بوونە قوربانیی، بەوەش ناسراوە کە دژ بە تاوانەکانی جەنگبووەو کەسێتییەکی رێزداربووەو بەهەند وەرگیراوە.



خەزرەجی لەکاتی شاڵاوی ئەنفال لە کوردستان



خەزرەجی دوای چوونە دەرەوەی لە عێراق



PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

نامەکەی جەلال تاڵەبانی



PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

نامەکەی فوئاد مەعسوم



KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY

KDP

نامەکەی دڵشاد میران

# کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد: وەزارەتی خوێندنی باڵا
# کاری عەمەلیی بۆ چاکسازیی لە خوێندنی زانکۆکاندا نەکردووە

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی



د. دلاوەر عەبدولعەزیز، وەزیری خوێندنی باڵا



وەزیری نوێی خوێندنی باڵا لە ئاست چاوەڕوانی زانکۆکاندا نەبوو

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، لە یەکەم راپۆرتیدا لەسەر پرۆژەی چاودێریکردنی کارو بەڵێنەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، کە تائێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا هیچ بەرنامەو ستراتیژییەکی روونی بۆ چاکسازیی لە مەنهەجی خوێندنی زانکۆکان رانەگەیاندووەو کاری عەمەلیی بۆ نەکردووە.

راپۆرتەکە کە کۆپییەکی بە رۆژنامە گەیشتووە باس لەوە دەکات، رێکخراوی ئاسک بۆ ئەمساڵیش دەستیکردووە بە چاودێریکردنی بەرنامەی کاری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویش لە رێگای چاودێریکردنی بەرنامەو کارو ئەدای چوار وەزارەتی دیاریکراو لەناو ئەم کابینە تازەیەدا، کە ئەوانیش پێکدێن لە وەزارەتەکانی (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، شارەوانیو گەشتوگوزار). لایەنە پراکتیکییەکەی ئەم پرۆژەیەش لە (٢٠١٠/١/١) دەستیپێکردووە.

بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە بواری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی شەشەمی حکومەتدا پێکهاتووە لە:

- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریی لە بواری پەروەردەو خوێندنی باڵادا.
- پاراستنی سەربەخۆیی زانکۆکان لە رووی ئەکادیمی، داراییو کارگێڕییەوەو رێزگرتن لە حەرەمی زانکۆ.
- پێداچوونەوە بە سیستمی قبوول مەرکەزیدا، بەجۆرێک کە لەگەڵ حەزو توانای خوێندکارانو پێداویستییەکانی پەرەپێداندا بگونجێت.
- بایەخدانی زیاتر بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستیو تەرخانکردنی بودجەی ساڵانە بۆ ئەو مەبەستە.
- هاندانی ئەکادیمییەکانی کوردستان لە دەرەوە بۆ گەڕانەوەو دابینکردنی پێداویستییەکانیان.
- تەرخانکردنی (١٠٠) ملیۆن دۆلار ساڵانە لە بودجەی هەرێم بۆ زەماڵەی خوێندنو هەڵبژاردنی خوێندکارەکانیش بەپێی پێوەرە زانستییەکان.
- پێداچوونەوە بە شێوازی ئێستای بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە زانکۆکاندا، بەجۆرێک کە لەگەڵ پێوەرەکانی زانکۆکانی جیهاندا کۆک بێت.
- دابینکردنی پێویستییەکانی کردنەوەی زانکۆی نوێ لە کوردستاندا، وەک لە ناوچەکانی گەرمیانو سۆران....هتد.

## مەنهەجی خوێندنی زانکۆکان

لەبارەی ئەم بەڵێنانەی سەرۆکی حکومەتەوە، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد لە راپۆرتی یەکەمیدا دەنووسێت: «وەزارەتی خوێندنی باڵا کار بۆ ئەوە دەکات ئیدارەیەکی ئەلیکترۆنی دابمەزرێنێت بۆ ئاسانکاریی ئیشکردن لەنێوان زانکۆکانو بەڕێوەبەرێتییەکان لەگەڵ هۆبەکاندا، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێکی عەمەلیی بۆ ئەم مەبەستە نەنراوەو ژمارەی کۆمپیوتەرو هۆبەکانی ئینتەرنێت لەنێو زانکۆو کۆلێژەکان بەپێی پێویست نییەو بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی قوتابیان زۆر زۆر کەمترە».

لە رووی پەرەپێدانی ئاستی خوێندنو مەنهەجیش (ASK) ئاشکرای کردووە؛ لە بەرنامەی وەزارەتدا هەیە چەند هەنگاوێک بنێت بە ئاراستەی چاکسازیی لەم بوارەدا، بۆ ئەم مەبەستەش وەک نموونە لە هەندێک بەشو کۆلێژ ئەم گۆڕانکارییە کراوەو چەند لیژنەیەکیش پێکهاتووە، بەڵام تائێستا وەزارەت هیچ بەرنامەو ستراتیژییەکی روونی بۆ چاکسازیی لە مەنهەجی خوێندنی زانکۆکان رانەگەیاندووەو کاری عەمەلیی بۆ نەکراوە.

## زانکۆکانی هەرێم دابڕاون لە زانکۆکانی جیهان

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە دروستکردنی مەلزەمەی خوێندنو پشتبەستن بە مەلزەمە وەک تاکە سەرچاوەی خوێندن، ژمارەیەکی زۆری قوتابیانو ئەکادیمییەکانی نێو زانکۆکانیشی بێزارکردووە، لە رووی دابینکردنی کتێبو سەرچاوەی خوێندنیشەوە، زانکۆکانی کوردستان هەژارییەکی بەرچاویان لەم لایەنەوە هەیەو بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی چاپەمەنیو بڵاوبوونەوەی کتێبو سەرچاوەی زانکۆیی تازەش لە جیهاندا، زانکۆکانی کوردستان لەم لایەنەوە زۆر دابڕاون.

## نزمیی ئاستی توێژینەوەی زانکۆکان

هەر زانکۆیەک خاوەنی سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستییە، ساڵانە لانیکەم (٣٠-٥٠) توێژینەوەی زانستی ئەنجامدەدرێت، ئەم توێژینەوانەش بە پلەی یەکەم لە بواری زانستە سروشتییەکاندان، وەک کیمیاو فیزیاو بایۆلۆژیو پزیشکی ..هتد، بە پلەی دووەمیش لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندان، وەک مێژوو و جوگرافیاو کۆمەڵناسیو ئابووریو ...هتد. جێگای ئاماژەبۆکردنە نامەکانی ماستەرو دکتۆرا رێژەیەکی زۆری سەرجەمی ئەو توێژینەوانە دەگرنەخۆ کە زانکۆکانی کوردستان ئەنجامیدەدەنو ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) توێژینەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ماستەرو دکتۆرا پێشکەشدەکرێت، بەبێ ئەوەی هیچیان ببنە جێگای بایەخو گرنگپێدانی ناوەندەکانی دیکەی حکومەتو کۆمەڵگە.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد لە راپۆرتەکەیدا لەم بارەیەوە دەنووسێت: تائێستا توێژینەوەکانی سەنتەری توێژینەوەی زانستی، کە سەر بە زانکۆکانن نەیانتوانیوە کار لەسەر ستراتیژییو بەرنامەیەکی هاوبەش بکەن بۆ پەرەپێدانی بواری توێژینەوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەک چۆن ئەم توێژینەوانە کاردانەوەیەکی واقیعییان نەبووە لەسەر خودی ئەو زانستانەی کە توێژینەوەکانیان تێدا ئەنجامدراوە لەلایەکو واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو تەندروستی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆشیان بۆ سەر واقیعی رەوشی خوێندنو زانستو مەنهەج نەبووە لە ناوەوەی زانکۆکانداو تائێستا حکومەت بودجەیەکی دیاریکراوو جێگیریشی بۆ بواری گەشەپێدانی توێژینەوەو زانستی لە زانکۆکانی کوردستاندا دەستنیشاننەکردووە.

## ئاستی زانستیی زانکۆ ئەهلییو حکومییەکان

حکومەتی هەرێم لەماوەی رابردوودا مۆڵەتی کرانەوەو دامەزراندنی چەندین زانکۆی ئەهلیی لە شارەکانی کوردستان داوە، ئەمەش بەو پێیەی کە زانکۆ ئەهلییەکان دەتوانن هاوکاریی زانکۆ حکومییەکان بکەن بۆ لەخۆگرتنی قوتابیانی دەرچووی ئامادەییەکان، کە رێژەیان ساڵانە لە زیادبووندایە، هەروەها هەر زانکۆیەکیش کە لەلایەن وەزارەتەوە مۆڵەتی کارکردنی پێدەدرێت، پێویستە لەسەری پابەند بێت بە هەندێک رێنماییەوە، ئەم رێنماییانە بەشێوەیەکی کاتیی لەلایەن وەزارەتەوە دەرچوون، هەر سەبارەت بە جێبەجێکردنو نەکردنی ئەم رێنماییانەو لەبەر نەبوونی مەرجی پێویست، وەزارەت بڕیاری داخستنی چەند بەشێکی وەکو ئەندازیارییو دەرمانسازییو پزیشکیی ددانی لە هەریەکە لە زانکۆکانی ئیشقو جیهانو زانکۆی شاهانەی بەریتانیو زانکۆی تایبەتی هەولێر بۆ زانستو تەکنەلۆژیا دەرکرد.

بەڵام رێکخراوی (ASK) ئاماژە بەوەدەکات؛ تائێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا پێوەرێکی ئەوتۆی لەبەر دەستدا نییە بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنو هەڵسەنگاندنی زانکۆ حکومییو ئەهلییەکان لە رووی بەرزیی ئاستی زانستیو خوێندن تیایاندا، کردنەوەی زانکۆ ئەهلییەکانیش تائێستا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو خوێندنی باڵا نەبووە لە کوردستاندا، بەقەد ئەوەی وەک پێویستییەک چاوی لێکراوە کە لە رووی قوتابیانەوە باری سەرشانی زانکۆ حکومییەکانی پێ سووکدەکرێت، بۆیە بەدەگمەن دەتوانرێت جیاوازی ئاستی خوێندنو پێشکەوتن لەنێوان زانکۆ حکومیو ئەهلییەکانی کوردستان دەستنیشانبکرێت.

لە رووی دابینکردنی مامۆستاشەوە، بۆ زانکۆ ئەهلییەکان نییە کە سوود لە کادیری ئەکادیمیو مامۆستایانی سەر بە زانکۆ حکومییەکان وەربگرن، ئەمەش مەرجی وەزارەتە کە زانکۆ ئەهلییەکانی ناچارکردووە زۆربەی مامۆستاکانی خۆیان لە دەرەوەی هەرێمو ناوچەکانی خواروو و باشووری عێراقەوە بهێنن، کە زۆرجار هیچ چاودێرییو کۆنترۆڵێک نییە بۆ ئاستی بڕوانامەو شارەزاییو ئاستی زانستیی ئەم مامۆستایانە، هەروەها نرخو کرێی ساڵانەی خوێندنیش لەم زانکۆیانە زۆر گرانەو هەندێکجاریش مەرجی دەرەجە بۆ وەرگرتنی قوتابی لە هەندێک بەشو کۆلێژی بەرز پشتگوێدەخرێت.

## وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژەکان

لەبارەی وەرگیرانی قوتابیان لە کۆلێژو پەیمانگاکانی کوردستان بە رێگای ناوەندی وەرگرتن (قبول المرکزی)، سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەت لە کارنامەی خۆیدا بەڵێنی دابوو پێداچوونەوە بەو سیستمەدا بکات، بەجۆرێک کە لەگەڵ حەزو توانای خوێندکارانو پێداویستییەکانی پەرەپێداندا بگونجێت.

بەڵام کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد لەم بارەیەشەوە باس لەوەدەکات؛ تائێستا هیچ پێداچوونەوەو گۆڕانکارییەک بەسەر ئەم سیستمەدا نەهاتووەو هەروەکو خۆی ماوەتەوە، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا هیچ پلانو بەرنامەیەک نییە بۆ گۆڕانکاریی لەم سیستمە یاخود دەستکاریکردنی.

رێکخراوی (ASK) کۆمەڵەیەکی ئەمریکی کوردییە، ساڵی (١٩٩٩) دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردووە لە هەرێمی کوردستاندا.

لەساڵی (٢٠٠٥)دا رێکخراوی ئاسک چووەتە بواری چاودێریکردنی دامودەزگا رەسمییو هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، وەک پەرلەمانو حکومەت.

# ترس لە گۆڕان



شوان ئەحمەد

هەرێمی کوردستان لەبەردەم قۆناغێکی تازەدایە، تازە بەو مانایەی خەڵکی ئێمە دەیەوێت، لە قۆزاخەی مێژووی ئەو بیست ساڵەی رابردوو بێتە دەرێو ئەزموونی جۆرە ژیانێکی دیکە بکات. ژیانێک دوور لە پاوانکاری حیزبیو بەدەر لەدەسەڵاتی خۆسەپێنەرانەی ئەم یان ئەو سەرکردە.

هەر ئەمەشە وایکردووە لەئێستادا، دەسەڵات دووچاری (گۆڕانۆفۆبیا) بێتو بەهەرچی رێگای ناشەرعی هەیە بەر بەو دۆخە بگرێت.

ئـــەوەی لـــەمـــاوەی دوو هەفتەی رابـــردووی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا بینیمانو دەیبینین، ململانێی روونـــی نـــێـــوان شـــەقـــامـــی کـــوردیـــی گۆڕانخوازو دەسەڵاتێکی حیزبۆکراتی خۆسەپێنەرە کە لەخەمی ئـــەوەدایـــە، درێژە بەتەمەنی حوکمڕانێتی خۆی بدات، دەیەوێت مێژووی ئەم میللەتە لەسەر ئەو رێتمە بڕوات کە خۆی دەیخوازێتو داهاتووی بەو شێوەیە بێت کە خۆی سیناریۆی بۆداناوە.

ئەو (نەئە) زوڵاڵو پڕ بە گەرووەی خەڵکی ئەم هەرێمە لە (٧/٢٥) کردیان، سەرەتایەک بوو بۆ تێکدانەوەی ئەو نەخشەو خۆشخەیاڵییەی، دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان لەسەر دەژیان. دابڕانێک بوو لەگەڵ مێژوویەکدا کە حیزبو سەرکردەکانی قسەکەرو بڕیاردەرو گەمەکاری پێشی پێشەوەبوون.

ئـــەو رێـــوشـــوێـــنـــە تـــونـــدەی حیزبە دەســـتـــرۆیـــشـــتـــووەکـــانـــی کـــوردســـتـــان لەسەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا گرتوویانەتە بەر، نیشانەی ترسێکی قـــووڵـــە لـــەو گۆڕانکارییەی بەڕێوەیە، ترسە لەو حەماسەتە زۆرو گەرموگوڕییەی گەنجانی ئـــەم وڵاتـە لەسەر شەقامەکان نیشانی دەدەن.

هەڵبژاردنی پێشوو، دەسەڵات شۆخیی بەهەناسەی گـــۆڕانو گـــۆڕانـــخـــوازی دەهـــاتو لووتبەرزانەو بە غرورێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ رەوشەکەدا دەکرد، ئەوەی بەئەرشیفی رۆژنامەکانی هاوینی ساڵی رابردوودا بچێتەوە، دەبینێت تێکڕای ســەرکــردەو لێپرسراوەکانی هـــەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، پێشبینی چـــەنـــد کـــورســـی بـــۆ گـــــۆڕانو هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکـــەن، وەڵـــێ کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تووشی شۆکی کردنو لەخەونی زەدەیی بەئاگا هاتنو ئەو پەیامە تووڕەیەی شەقامی کوردییان پێگەیشت کە (چیتر مێژوو وا ناڕوات)، دەستیاندایە شـــەڕی سایکۆلۆژیو هەڕەشەکردنو توندوتیژیی نواندنێک کە هەمووی نیشانەی لاوازیو ترسێکی قووڵە لە گۆڕان.

مەگەر ئەوانەی بێئاگابن لەمێژوو و حساب بۆ تووڕەیی خەڵکو جۆشو خرۆشی شەقام ناکەن، وابزانن بەزەبری هێزو باسکو بـــازوو بـــەر بەرەوتی مێژوو دەگیرێت، وابزانن تەمەن درێژیی دەســـەڵات لە برِو قەبارەی ئەو هێزو توندوتیژییەدایە کە نیشانی خەڵکی دەداتو مومارەسەی دەکات، ئەگەر نا هەموو کەس ئەو راستییە چاک درک دەکات کە لەهەموو قۆناغێکدا باجی ئەو بەدحاڵیبوونو خراپ تێگەیشتنە چەند قورسو گران بووە.

دەسەڵاتی کوردی دەبێت لەوە حاڵی بێت بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی کردنی، مۆدێلێکی ســـەرکـــەوتـــووی پێشکەش نـــەکـــردووە، هاوکات نەوەیەکی تازە هاتووەتە گۆڕێ کە بەو دۆخە رازی نییەو دەیەوێت چوارچێوەی ژیانی بگۆڕێت، دەیەوێت ئەزموونی مۆدێلێکی جیاوازی دیکەی حوکمڕانی بکات، کە تێیدا دەنگی بیستراوو رۆڵی بەگرنگ تەماشا بکرێت.

وەک حـــەتـــمـــیـــەتـــێـــکـــی ژیـــاریو مێژوویو حەیاتی، گـــۆڕان لەوڵاتی ئێمەشدا بەڕێوەیە. لەدوای دەرکەوتنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) هەردوو حیزبی دەسەڵات زیاتر درکیان بەم راستییە کرد، ئەو پەرچە کردارە ناشیرینو ناسروشتیانەشی لەوکاتەوە تا ساتەوەختی ئێستا لەدەسەڵاتی دەبینین، هیچ نییە جگە لە ترسێکی قـــووڵ لە گۆڕانو فۆبیایەکە لەو بوومەلەرزەیەی بەڕێوەیە.

# دەستوور، بەرپرسیارێتیو ڕێگریی

ئومێد جاف

**ئێستا بەشی هەرە زۆری پۆستە باڵاکانی عێراقو هەرێمی کوردستانو ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان، لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە خاوەنی رەگەزنامەیەکی دیکەن جگە لە رەگەزنامەی عێراقی**

دەستوور دایکی یاساکانە، مادە بە مادەکانی دەستوور وەک یەک هێزی یاساییان هەیە، لە زۆرێک دەستووری وڵاتاندا، پێشدەستی (دیباجە) وەک یەکێک لە مادەکانی ناو دەستوورەکە هێزی یاسایی هەیە، دەبێت سەرجەم یاساکان کۆکبن لەگەڵ دەستووردا و لەو روانگەیەوە یاساکان دابڕێژرێت.

دەستووری عێراقی لە رۆژی (٢٠٠٥/١٠/١٥) دەنگی رەهای گەلانی عێراقی بەدەستهێناوە، ئەم دەستوورە لەنێو (١٤٤) مادەدا دارێـــژراوە، لە هەندێک مادەدا حاڵەتی دوای پرۆسەی ئازادییو پێکهاتەی گەلانی عێراقی لەبەرچاوگرتووە، بەجۆرێک کۆمەڵێک کۆتو بەندی تێدا دارێژراوە، کە لەگەڵ بنەما گشتییە نێو دەوڵەتییەکاندا یەکناگرێتەوە.

ئـــەوەی من دەمـــەوێـــت ئـــامـــاژەی پێبدەم بەرپرسیارێتییە لەبەرامبەر دوو رێگر، کە لە مادەی (٧)و مادەی (١٨)ی دەستووری عێراقدا هاتووە.

لەمادەی (٧) برگەی یەکدا (رێگە نادرێت بەهیچ هێزێک رەگەزپەرستیی یان تیرۆر یان تەکفیر یان پاکسازیی نەژادیی بکاتە بەرنامەی خۆی، یان هانی ئەو کارانە بدات یان رێیان بۆ خۆشبکات یاخود بانگەشەیان بۆ بکاتو پاساویان بۆ بهێنێتەوە، بەتایبەت پارتی بەعسی سەدامی لە عێراقدا، لەژێر هەرناوێکدا بێت، رێگەش نادرێت لەژێر ناوی فرەیی سیاسیی جێی ببێتەوە، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت).

لەچەند هەفتەی رابردوودا دوورخستنەوەی کاندیدە دوورخراوەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا لەلایەن دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەرییەوە ببووە جێگەی باسوخواسی سەرجەم راگەیاندنە نووسراوو بیستراوو بینراوەکانی ناوخۆو دەرەوە، ئەم کێشەیە لە پەرەسەندندا بوو، بەجۆرێک سەروەریی عێراق لە ناوخۆو دەرەوە کەوتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد، بۆئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامبدات، ئەنجومەنیش ئەنجامیدا، لە تانەی کاندیدە دوورخراوەکاندا دەستەی قەزائی کەوتە ژێر فشاری سیاسەتی نادروستەوە، بڕیاری راگرتنی لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەکە دا لە سەرەتاوە، رای شەقامی سیاسیی عێراقی دابەشبوو بەسەر دوو بەشدا، بەشێکیان رای وابوو جیاوازیی بکرێت لەنێوان حیزبی بەعسو بەعسی سەدامیی، رای بەشەکەی دیکەیان جیاوازیی ناکات لەنێوان بەعسییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، فەزای رێگرییەکانیش گەڕانەوەیە بۆ مـــادەی (٧)ی دەستووری عێراقی، ئەم دەستوورە رێگرە لە بەشداریکردنی بەعسییەکان، بەپێچەوانەوە دەبێت هەموو هاوڵاتییەکی عێراقی مافو ئەرکی بۆ دابینبکرێت، یەکێک لە مافەکانیش مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنە، ئەگەر تاوانبارن با داواکاری گشتیی یاخود دەستەی لێپرسینەوەو دادپـەروەریـی سکاڵا دژیان تۆماربکات، هەر تاوانبارێک بەپێی تاوانەکەی سزا وەربگرێت، چونکە بنەمایەکی یاساییمان هەیە (المتهم برئ حتی تثبت ادانته).

بەهەمانشێوە مادەی (١٨) لە دەستووری عێراقی، تایبەتە بە مافی پێدانی رەگەزنامە بە هەموو هاوڵاتییەکی عێراقی، ئەم مافەش بە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٦) رێکخراوە، یەکێک لە مافە دەستەبەرکراوەکان پێدانی زیاتر لە رەگەزنامەیەکە لە یەککاتدا بۆ هاوڵاتییانی عێراق، کە لە یاسای (٤٣)ی ساڵی (١٩٦٣) ئەم مافە دەستەبەرنەکرابوو، هەر هاوڵاتییەک جگە لە رەگەزنامەی عێراقی هەڵگری رەگەزنامەیەکی دیکە بووایە، راستەوخۆ رەگەزنامە عێراقییەکەی لەدەستدەدا، بەڵام ئەم مافە رێگریی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە پۆستی باڵا وەردەگـــرن لە ناوخۆی عێراقدا، لە مادەی (١٨)و برگەی (٤)ی دەستووردا هاتووە؛ (دەکرێت کەسێکی عێراقی هەڵگری چەند رەگەزنامەیەک بێت، هەرکەسێک پۆستێکی سیاسییو بواری ئاسایشی لە ئاستێکی بـاڵادا وەربگرێت، دەبێت وازبهێنێت لە هەر رەگەزنامەیەکی دیکە...)، ئێستا بەشی هەرە زۆری پۆستە باڵاکانی عێراقو هەرێمی کوردستان، گشت ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە خاوەنی رەگەزنامەیەکی دیکەن جگە لە رەگەزنامەی عێراقی، ئامادەیە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە، تەنیا ئەوەی بەلاوە گرنگە لەکاتی روودانـی تاواندا بگاتە فرۆکەخانەو هەڵبێت لە عێراق بۆ وڵاتی دووەم، کە هەڵگری رەگەزنامەیەتی، ئەو وڵاتەی رەگەزنامەی دووەمــی پێبەخشیوە ئامادەیە پارێزگاریی لێبکات وەک هاوڵاتییەکی خۆی، بەشێوەیەکی گشتیی ئەو کەسانەی لە پۆستی باڵادان هەمیشە بەرژەوەندیی کەسێتییان لەپێش بەرژەوەندیی گشتیی گەلەوە دادەنێن، هەمیشە خۆی وەک رێبوارێک دەبینێتەوە لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا، لەسەرەتاوە ئاماژەمان بەوەدا کە کە مادەکانی دەستوور وەک یەک هێزی یاساییان هەیە، پێویستە بەهەمانشێوە کاربکرێت بۆ جێبەجێکردنیان.

# خەڵکی کوردستان لەنێوان گەمەی هەڵبژاردنو بەڵێنی درۆزنانەدا



نەجات ئەسپیندارەیی

**ئەمجارە بە چ شێوازێک خەڵک پەلکێش دەکەن بۆلای خۆیان، چونکە گەمەکان وەکو فیلمی هیندی هەمووی دووبارەو سێبارەنو خەڵک زۆر باش دەزانێت کە بەڵێنەکان هەمووی بڵقی سەر ئاون**

حـــیـــزبـــە دەســـەڵاتـــدارەکـــانـــی کوردستان سەرەتا بۆ ئەوە هاتنە سەر کورسی دەسەڵات، کە ئەو فرمێسکو خـــوێـــنو مەینەتیو کـــارەســـاتو ماڵوێرانییەی کە لە رابردوودا بەسەر گەلی کـــوردا هاتووە، قەرەبووی بـــکـــەنـــەوە بـــە خـــۆشـــگـــوزەرانـــیو کامەرانیو بەختیارییو سەرفرازیی، بەڵام ئەوانیش هاتن بۆ ئەم میللەتە قوڕبەسەرە دەرگایەکی دیکەیان بە رووی دۆزەخـــدا کـــردەوەو ئەم میللەتەیان تووشی جۆرەها قەیرانی سیاسییو ئابووریيو کۆمەڵایەتی کرد، شتێکی روونو ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان ئێستا لە قۆناغێکدا دەژی، کە هەر چـــواردەورەی بە مەینەتیو نەهامەتیو کەمدەرامەتیو بێکارییو بەدبەختی تەنراوە، جاران، واتە سەردەمی بەعس ئەم خەڵکە لە رووی سیاسییەوە دەچەوسێنرایەوەو ئەم وڵاتەی لێ ببوو بە زیندانێکی بێ چراو نەیدەتوانی بە ئارەزووی خۆی بجووڵێتەوە، بەڵام ئێستا لە رووی ئابوورییەوە دەچەوسێنرێتەوەو ناچاردەکرێت لە دەرگای حیزبەکان بـــداتو داوای بژێویی ژیانیان لێ بکات، بێگومان مامەڵەکردنی حیزبیش لەگەڵ خەڵکدا لەسەر بنەمای کەفائەتو لێهاتوویيو زیرەکی نییە، بەڵکو لەسەر بنچینەی گوێڕایەڵیو سەمعو تاعەیە، کەسی لاوازیش لەنێو کۆمەڵگەدا بەپێی هەلومەرجەکان رووخساری خۆی دەگۆڕێتو هەر رۆژە لەنێو حیزبێکدا کاردەکات یان هەر رۆژە لەسەر پەتێک یاریی دەکـــات، حیزبە دەســـەڵاتـــدارەکـــان لـــە رێـــگـــەی حکومەتەوە خۆیان خزاندووەتە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسییو ئابووریيو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییو زانستییەوە، لەهەر جێیەک جووڵە هەبێت ئەوانیش لەوێ ئامادەن، لەهەر جێیەک پـــرۆژەی ئابوورییو بەرهەمهێنان هەبێت ئەوانیش لـــەوێ ئـــامـــادەن، لەهەر جێیەک دەستکەوتی مادیی هەبێت ئەوانیش لەوێ ئامادەن، ئێستا هەموو دەسەڵاتەکانی سیاسییو ئابووریی لەدەستی حیزبدا کۆکراوەتەوەو حیزب لەجیاتی حکومەت دەبەخشێتو خەڵک دادەمەزرێنێتو خەڵک لەسەر کار لادەباتو یەکێک بڵند دەکاتو یەکێک نەوی دەکـــات، خەڵک هەیە کاسەکەی بەتاڵەو خەڵکیش هەیە کاسەکەی ئەوەندە پڕبووە لەسەری دەڕژێـــت، خێزان هەیە لە کونو قوژبنە تاریکەکان کەوتووەو کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە، خێزانیش هەیە چەند کەس بن لەماڵەوە هەموویان مـــووچـــەخـــۆرن، ئـــەمـــەش ئـــەوە دەگەیەنێت کە دادگەری کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا هەر بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە، ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە ئەوەندە خۆشباوەڕە کە زۆر بەئاسانیی بە دیعایەو بەڵێنی درۆینەو گفتی ســـەرزارەکـــی بـــاوەڕ دەکـــات، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەم خەڵکە سادەیە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەکەوێتە نێو گێژاوی پڕوپاگندەو درۆو دەلەسەو پەیمانو بەڵێنی بێ بنەماو بێ سەروبەرە، لەو هەموو هەڵبژاردنانەی کە لە کوردستاندا ئەنجامدرانو ئەو هەموو بەڵێنانەی کە بە خەڵک دران، دەبوایە ئێستا ئێمە هەموو کوچەو کۆڵانەکانمان کاشیو مەڕمەڕ بوایە، دەبوایە ئێستا یەک کرێچی لەم وڵاتەدا نەمایە، دەبوایە هەمووکەس مووچەخۆر بوایەو هیچ کەسێک کێشەی نەبوونیو بێکاریی نەبوایە، بـــەڵام بـــەداخو مەخابنێکی زۆرەوە پاش ئەو هەموو هەڵبژاردنانەی کە بەڕێمانکردن، پاش ئەو هەموو پەیمانو بەڵێنانەی کە پێیاندااین، کەچی خەڵکەکەمان بە بارودۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێتو لـــە هـــەمـــوو کـــاتو ساتێک زیاتر نەبوونیو بێکارییو کەمدەرامەتی رووی تێکردووە، جا لێرەدا ئەوەی پێویستە بوترێت، ئەوەیە کە ئەمجارە حیزبە دەسەڵاتدارەکان چ پەیمانو بەڵێنێکیان پێیە بۆ ئەم میللەتە، چ پرۆژەیەکیان پێیە بۆ ئەم وڵاتە، ئەمجارە بە چ شێوازێک خەڵک پەلکێش دەکـــەن بـــۆلای خۆیان، چونکە گەمەکان وەکو فیلمی هیندی هەمووی دووبارەو سێبارەنو خەڵک زۆر باش دەزانێت کە بەڵێنەکان هەمووی بڵقی ســەر ئــاون، یەکێک لە نـــەریـــتو رەفـــتـــارە دیارەکانی سیاسەتمەدارانی کورد، ئەوەیە کە بەر لە گەیشتن بە دەسەڵات سەدان وەعـــدو بەڵێن بە خەڵک دەدەنو قەرسیل دەگەیەننە چۆکان، بەڵام کە گەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات ئیتر کەسیان لە خەیاڵ نامێنێتو سەرقاڵی پـــرۆژەی تایبەتی خۆیان دەبـــن، دەکەونە نێو گێژاوی ســـەروەتو ســـامـــانو کۆمپانیاو قۆنتەراتو شتی دیـــکـــە، بـــۆیـــە لـــە زۆربـــەی پرسە نەتەوەییو نیشتمانییەکانو مەسەلە چارەنووسسازەکاندا شکستمانخواردووەو چەندین ساڵە مەسەلە گرنگەکانی وەکو کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان وەکو خۆی ماوەتەوە، لێرەدا دەتوانین بە راشکاویی ئەوە دووپاتبکەینەوە کـــە دەســـــەڵاتـــــی کـــــوردیو سیاسەتمەدارەکانی هەموو خەونو خۆزگەکانی ئێمەیان لەنێو خواستو ئارەزووەکانی خۆیاندا ونکردووە.

# خوێندکاران بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێن

راپۆرتی: رۆژنامە

**لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، رێکخستنەکانی سەر بە یەکێتی، خوێندکارانیان بۆ بانگەشە بەکارهێناوەو چەندین کۆبوونەوەی حیزبی بەخوێندکاران کراوە، دەوامی رەسمیی خوێندن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەهەندێک ناوەندی خوێندندا لەبەر حیزب راگیراوە**

ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، رۆژی (2/25) بۆ کۆبوونەوەیەکی مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بۆ بانگەشەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەبرێنە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی، کە هۆڵێکی حکومییەو لەو کۆبوونەوەیەدا داوا لە خوێندکاران کرا، دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی بدەن.

ئەو کۆبوونەوەیەی کە مەلا بەختیار بە خوێندکارانی کرد، بووە هۆی راگرتنی دەوامی خوێندنی ئەو خوێندنگەیانە، یەکشەممەی رابردووش خوێندکارانی چەند خوێندنگەیەک هێنرابوون بۆ هۆڵی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییو مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، داوای لە خوێندکاران کرد تا دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی بدەن.

هەروەها رۆژی سێشەممەی رابردووش کۆمیتەی یەکێتی لەناو قوتابخانەکانی قەزای کفریو دەوروبەریدا چەندین ماموستایان بانگردبوو بۆ کۆبوونەوەی حیزبی، هەروەک بە بڕیاری بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی خانەقین رێپێوانێک بە خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی شارەکە کرا، بۆ پشتگیریکردن لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە چەند قوتابخانەیەکی هەولێریش پۆستەرو دروشمی لیستی هاوپەیمانی دابەشکراوە.



خوێندکارێک، کە نەیوست ناوی ئاشکرا بکرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: چەند رۆژێک لەمەوبەر ژمارەیەک کادیری یەکێتی هاتنە نێو خوێندنگەکەوەو کۆبوونەوەیان بە سەرجەم خوێندکاران کردو دەوامیش راگیرا، داوایانلێکردین کە دەنگبدەین بە لیستی هاوپەیمانیو بەڵێنی ئەوەشیان پێدان کە هەموو شتێکمان بۆ دەکەن.

یەکێکی دیکە لەو خوێندکارانەی کە رۆژی (2/25) بانگکرابوون بۆ کۆبوونەوەکەی مەلا بەختیار، ئاماژەی بەوەکرد؛ چەند ماموستایەکی خوێندنگەکەیان کاری حیزبی لەناو خوێندنگەدا دەکەنو بە سەرپەرشتی ئەوان زۆربەی خوێندکاران هێنرابوون بۆ کۆبوونەوەکە.

وتیشی: «بەکارهێنانی خوێندکاران بۆ بانگەشەی لیستی دەسەڵات کارێکی نادیموکراسییەو کاردەکاتە سەر ئاستی زانستی خوێندکاران».

سەرکەوتنی لیستی گۆڕان، لە (7/25)دا بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ خەڵکی کوردستانو هەروەک بووە سەرەتایەک بۆ بچووکبوونەوەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، ئەمە هۆکارە بۆئەوەی کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ترسی دۆڕاندنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنی 3/7ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە، بۆیە هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ، تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی پارەو بودجەی میللەت، کەلوپەلو دامودەزگای حکومیی، بەکارهێنانی هێزی چەکداریی، ئەمە هاوکاتە بەلێدوانی بەرپرسانی حکومیی، کە باس لەوە دەکەن، نابێت دامودەزگای حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت، یەکێک لە دروشمەکانی کابینەی شەشەم بریتییە لە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە ناوەندەکانی خوێندندا.

لەگەڵ ئەو هەموو پێشێلکارییەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەنێو چوارچێوەی پەروەردەدا، بەڵام بەرپرسانی پەروەردەیی بێئاگایی خۆیان لەو بارەیەوە رادەگەیەنن.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە قبووڵی ناکەین لەکاتی دەوامی رەسمییدا کۆبوونەوەی حیزبیی لەناو ئەو خوێندنگانەو بە خوێندکاران بکرێت، ئێمە لە پەروەردە بەهیچ خوێندکارێکمان نەوتووە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی حیزبیدا، هەرکەسێک ئەوەی کردبێت خۆی بەرپرسە، چونکە ئەوە یەکێکە لە سەرپێچییەکان.

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەکارهێنانی دامودەزگای حکومیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن پێشێلکارییەو ئەنجامدەرانی سزادەدرێن.

# حەرەمی زانکۆ مەشکێنن

دوای دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی (3/7)، پێویستبوو دامودەزگا حکومیو گشتییەکانو بەتایبەتی زانکۆکان، سەربەخۆییو بێلایەنیی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەوەی بەرچاو دەکەوێت لەچەند رۆژی رابردوودا، نەک پیرۆزیی زانکۆ نەپارێزراوە، بەڵکو کراوەتە ناوەندێک بۆ بانگەشەی لیستی دەسەڵات، ئەویش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پۆستەری کاندیدەکانی لیستی دەسەڵاتو هەڵواسینی دروشمو ئاڕمی حیزبەکانیانو ئیستیغلالکردنی پۆستە ئیدارییەکانی زانکۆ بۆ ریکلامکردن لەنێوان کارمەندانو ماموستایانی زانکۆدا، ئەمانەو چەندین کاری دیکەی دژ بەیاساو رێساکان لەلایەن ئۆرگانە حیزبییەکانەوە لەناو کۆلێژو بەشەکاندا ئەنجامدەدرێن.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە بەرپرسە باڵاکانی ئەم لیستانە، هەر خودی خۆیان چەندین پڕۆژەیان دارشتووە بۆ سەربەخۆکردنی زانکۆکان. ئایا ئەم دژ بەیەکیی و دوو فاقییە، هۆکارەکەی چییەو بۆچی دەگەڕێتەوە؟!

بۆیە ئێمە وەکو کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆ، داواکارین کە هەموو لیستەکان پابەندبن بە تەواوی یاساکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنو حورمەتی سەربەخۆیی زانکۆ بگرن، چونکە ئەگەر لایەنێک لە چەند ساڵی دەسەڵاتیدا نەیتوانیبێت جەماوەر والێبکات کە دەنگی پێبدەن، ناکرێت لەماوەی (20) رۆژی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لە رێگەی شکاندنی یاساو خروقاتەوە متمانەی جەماوەر بەدەستبهێنێت.

**ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی**

Norwegian People's Aid
Iraq / Kurdistan Region

*Norwegian People`s Aid (NPA)/Sulaimanyah*

*Vacancy Announcement*

NPA in Sulaimanyah/ Iraq is looking for a **Program manager** for it is community Development program based in Sulaimanyah;

**Responsibilities**

- Plan, implement, monitor and supervise all activities under NPA's Community Development Program (hereafter CDP Programme) in Iraqi Kurdistan and ensure that they are in accordance with NPA policies and regulations.
- Prepare detailed proposals and budgets for new projects under CDP Programme, in co-operation with partners where relevant
- Conduct negotiation on partnership agreements and contracts with local partners, contractors and local authorities.
- Develop the programme profile in line with NPA country strategy for Kurdistan
- Conduct internal evaluation of the projects of the CDP Programme in accordance with NPA and donor guidelines and agreements entered into.
- Ensure monitoring of all existing programmes within CDP Programme.
- Provide periodic and final reports according to the project documents and annual working plan.
- Whenever required, provide updated reports and plans to donors and other relevant partners on CDPP activities in Northern Iraq/Kurdistan.
- To fulfill such other duties as may be assigned to him by the Resident Representative.

**Requirement for this position**

1. University Degree
2. Fluent in English, Arabic, Kurdish (reading and writing)
3. Experience in project management not less than 3 years.
4. Self confident , very good computer skill

**Application:**

If you have the above requirements kindly send your detail CV to admin@npairaq.org or bring it to NPA office in Bakhtyare near youth center not later than March 25th 2010.

For more information kindly contact (053) 3184200 - 3188010

| | | |
|---|---|---|
| **Norwegian People's Aid** | **Norwegian People's Aid** | Web site www.npaid.org |
| Pb 8844 Youngstorget | Handren Quarter 109, Sec 31 | Norway npaid@npaid.org |
| 0028 Oslo / Norway | Sulaimanya, Iraq | Iraq admin@npairaq.org |
| Tel 0047 22 03 77 00 | Local line +964 (053) 318 8010 | |

# کێ لە تەواونەبوونی نەخۆشخانەی شەهید ئەکرەم بەرپرسە؟

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

نەخۆشخانەی شەهید ئەکرەم لە هەڵەبجەی تازە، یەکێکە لەو نەخۆشخانە حکومییانەی کە چەندین ساڵە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەگەرچی هاوڵاتییانی ئەو قەزایە پێویستییەکی زۆریان بەو نەخۆشخانەیە هەیە، بەڵام تائێستا بە تەواونەکراوی ماوەتەوە.

بە تەواوبوونی نەخۆشخانەی شەهید ئەکرەم، کە نەخۆشخانەیەکی پەنجا قەرەوێڵەییە، سوودێکی گەورەی تەندروستی دەگەیەنێت بەو ناوچەیە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو شارۆچکەیە دوو نەخۆشخانەی دیکەی تێدایە، بەڵام بەهۆی کەمیی داوودەرمانو نەبوونی ئامێری تەواوی تەندروستییەوە، ناتوانێت سوودی تەواو بە دانیشتووانی ئەو شارە بگەیەنێت.

تەلار عەلی، (21)ساڵ، دانیشتووی هەڵەبجەی تازەیە، ئەو لە وێستگەی پاسەکانی (سلێمانی – هەڵەبجە) وەستابوو، چاوەڕوانی تاکسی دەکرد تاوەکو بەرەو سلێمانی بیگەیەنێتو بە نائومێدییەوە، وتی: «ئێستا لە کاتی سکپڕی(حەمل)دام، بەڵام لە نائومێدیدا دەژیم، چونکە نەخۆشخانەکانی ئێرە بەهۆی بچووکیو نەبوونی دەرمانو بەهۆی کەمیی ئامێرەکانیەوە، وەکو پێویست خزمەتی نەخۆش ناکەن».

ژنان لەکاتی منداڵبووندا، بە ئومێدەوە دەڕواننە داهاتووی منداڵەکەیان، بەڵام تەلار، نائومێدبوو لەوەی کە بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەیەکی پێویستەوە، گیانی بکەوێتە مەترسییەوەو خەڵکی ئەم شارۆچکەیەش لەوە دەڕوانن کە نەخۆشخانەی شەهید ئەکرەم ئەو بۆشاییەیان بۆ پڕبکاتەوە.

دکتۆر ئالان عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی شارەزوور، لەبارەی تەواونەبوونی ئەو نەخۆشخانەیەوە، بۆ رۆژنامە وتی: «زۆربەی زۆری کارەکانی تەواوبووە، لە ساڵی پێشوودا کۆمەڵێک کێشەی تێکەوتبوو، ئەوەش بەتەنیا لەبابەتی تەندەرو هێنانی پێویستیو ئامێرەکاندا خۆی دەبینییەوە، دوای ئەوەی بوومە بەڕێوەبەری تەندروستیی گشتیی شارەزوور، بەدواداچوونم بۆ کردووەو ئەوەلیاتو شتە سەرەتاییەکانی ئەو نەخۆشخانەیەمان لە وەزارەتی تەندروستیو دارایی وەرگرتووەتەوە».

دکتۆر ئالان، باسی لەوەشکرد: «بەشێوەیەکی گشتیی، دامەزراندنو هێنانی کەلوپەلەکانی ماوەو لەوە دەچێت لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا ئیحالەکانی تەواوبکەینو بەهاتنی ئەوانەش دەیدەین بە تەندەر کە کەلوپەلەکانیشیان هێنا، دەتوانین لەماوەی سێ مانگی هاتوودا، ئەو نەخۆشخانەیە بکەینەوە».

نەخۆشخانەی شەهید ئەکرەم، (6)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە ساڵی (2004)ەوە دەستکراوە بە دروستکردنی، بەڵام بەهۆی کەموکورتییەکانیەوە تەواو نەبووە.

حاجی عەباسی تەمەن (68)ساڵ، کە هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی هەڵەبجەی تازەیە، دەڵێت: «ئەم نەخۆشخانەیە ماوەی ساڵێکە بە تەواونەکراوی بەجێهێڵراوەو تا ئەمڕۆش ئەو نەخۆشخانەیە چۆڵە».

ئەو هاوڵاتییە باس لەوە دەکات؛ لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشخانەیە کاری تێداناکرێتو چۆڵە، چەندینجار منداڵی بینیوە کە بەردی حەلانیان لە نەخۆشخانەکە کردووەتەوە، یان ئاژەڵی تێکراوە.

لای خۆشیەوە، سۆران عەلی رەباتی، قایمقامی شارەزوور، لەبارەی ئەو نەخۆشخانەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە چەندجارێک سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە، سەردانی وەزارەتی تەندروستیشمان کردووە، ئاگادارمان کردوون کە ئەو پڕۆژەیە بووەتە هۆکاری نارەزایی خەڵکو بەڵێنیانداوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پڕۆژەیە تەواوبێت، دەتوانم بڵێم لە(80٪)ی ئەو پڕۆژەیە تەواوبووە، بە تەواوبوونیشی خەڵکی ناوچەکە سوودی لێ دەبینن».

قایمقامی شارەزوور، وتیشی: «چەندینجار داوامان لە حوکمەتی هەرێم کردووە کە ئەو پڕۆژەیە تەواوبکرێت، بەڕاستی ئەم پڕۆژەیە کێشەکەی لەوەدایە کە بەبێ ئاگاداری قایمقامییەت دەکرێت، بۆیە ئومێد دەکەین کە ئەو پڕۆژانەی لەقەزاو ناحییەکاندا دەکرێن، بە ئاگاداری قایمقام بن، تاوەکو ئەوانیش ئاگایان لە بەدواداچوونی هەبێت».

# زەنگێکی ترسناک، بە بیانووی ناوی میلیشیاوە

## هیوادارم، هۆکارەکەی نەزانین بێتو زوو روون ببێتەوە، نەک هەڵەی سیاسیی‌و بە ئانقەست



ئەندازیار، بەکر حسەین: سوید

ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٢٣) لە پەخشی تەلەفزیۆنەکانی یەکێتییەوە، ئاگاداربووم لەوەی کە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـــۆڕان، عـــەدنـــان عـــوســـمـــان، نـــاوی پێشمەرگەی بە میلیشیای حیزبەکان نـــاوبـــردووەو لەسەر ئـــەوە لەلایەن میدیاکانی یەکێتییەوە، کەسانێکی پیشاندا کە هەوڵی شکاتو دادگاییکردنی کاک عەدنان دەدەن‌و داواکارن کە حەسانەی پەرلەمانی لەسەر هەڵبگیرێتو ...هتد. هەروەها شیعری نیشتمانپەروەرانەی دژ بە دوژمنانی کورد، بۆ بەرگریی لە ناوی پێشمەرگە پەخشدەکرد، دیارە ئەوەش ئاڕاستەبوو بۆ کاک عەدنان‌و وروووژاندنی حەماسەتی بەشێکی زۆری برایانی پێشمەرگە، گوایە کاک عەدنان سوکایەتی پێکردوون‌و بە میلیشیای ناوبردوون.

بەهەمانشێوە، بە گوێرەی ڕۆژنامەی خەبات (٢٠١٠/٢/٢٤) بەڕێز، سەرۆکی هەرێمیش لە ڕێوڕەسمی کۆنگرەی قوتابییانی کوردستاندا، ئاماژەی کردووە بۆئەو ئیهانەیەو ڕایگەیاندووە: خەڵکانی وا لە کوردستاندا جێیان نابێتەوە، دیارە ئەوەش، هەڕەشەیەکی زۆر دژوارە.

من وەک کەسێکی سەربەخۆ، بەڵام بە پەرۆش بۆ پشتگیریی‌و چەسپاندنی دیموکراتی لە هەرێمدا، زۆر نیگەرانم لـە ئاستی پڕمەترسیی شـێـوازی کێبڕکێ‌و ململانێ سیاسییەکان. کورد وتویەتی، دەبێت لە ناخۆشیدا، پیاو تێیدا بهێڵێتەوە.

ئەم تێگەیشتنە ناڕاستە لە مانای میلیشیا، یان هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی سیاسی بۆ ڕووداوەکـــەو ئەو زمانە ئاگراوییەی لە میدیاکاندا فوی پێدا دەکـرێـت، پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی سیاسی زۆر ناڕاستو پڕمەترسییە، بەتایبەتی کـە هــەمــوو مەسەلەکە بێبناغەیەو ناوی میلیشیا، مانایەکی خراپی نییەو ئەو پێناسەیە تاوان نییە، ئەگەر پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتووی نیزامیی هەرێم نەبێت، هێزێکی حیزبییەو بەگوێرەی سەرچاوەو زانیارییەکان، ئەو پێناسەیە دەیگرێتەوە، بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە میلیشیا بە گوێرەی کردەوەو ئەرکو شێوازی چالاکییەکەی ناوبانگێکی باش یان خراپ وەردەگرێت، هەروەها ئەوەش بەهەمانشێوەیە بۆ لەشکرو سوپای نیزامی.

بە هیچ جۆرێک، میلیشیا ناتۆرەیەکی خراپ نییە، هەروەک لە دواتردا زیاتر ڕوونیدەکەمەوە.

هـــیـــوادارم، کەسانی تێگەیشتووی سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتی‌و گۆڕان، هەڵسەنگاندن‌و تێگەیشتنی وردتریان هەبێت بۆ شێوازی ململانێی دیموکراتی‌و بە تایبەتی ڕێگریی بکرێت لە تانەو سوکایەتیپێکردنی کەسایەتییەکان، با ململانێکان چڕبکرێنەوە لەسەر بانگەوازو بەرنامەجیاوازەکان، نەک باش‌و خراپیی کەسایەتییەکان. ئێمە هەموو خەڵکانی کۆمەڵگایەکین‌و لە هەمووولایەک هەمووجۆرێک هەیەو دڵنیام لەوەی کە خەڵکانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە هەمووولایەک هەیە، بـەڵام لای من بەرنامەی جیاوازو مۆدێلی حوکمڕانیی جیاواز گرنگەو دەبێت ئەوە بابەتی ململانێ‌و بانگەشەی ڕاگەیاندن بێت.

دەربـــارەی ئەو گرفتەی سـەرەوە، مەبەستم نییە بەرگریی لە هیچ کەسێک بکەم، یان هێرش بکەمە سەر هیچ لایەنێک، بەڵام زۆر لام پێویستە کە هاوبەشی بکەم لە ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە (کـە هیوادارم تێگەیشتنی هەڵە بێتو مەبەستی سیاسیی نەیخولقاندبێت).

با بزانین، ئایا کاک عەدنان یەکەم کەسایەتیی سیاسیی کوردە کە هێزی پێشمەرگەی بە میلیشیا ناو بردووە؟، یان زۆر لە پێش گۆڕان یان کادیرێکی گۆڕانەوە، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار خۆیان بەکاریانهێناوە.

لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی (١٩٩٤) داو لە ڕێککەوتننامەی پاریسدا (١٦-١٩٩٤/٧/٢٢) لەنێوان (ی.ن.ک.)و (پ.د.ک.)دا کە دەقێکی بڵاوکرایەوە لە ژمارە (٢٥)ی کوردستانی نوێدا. لە باسی سوپاو ئاسایشی هەرێمدا لە بڕگەی ١- (د) باسی میلیشیای تێدا هاتووە:

سوپاو ئاسایشی هەرێم

١- (ا) سیستمی بەرگریی نیشتمانی، ئێستا ئاشکرایکرد کە بێتوانایەو پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوەو پێویستە هەیئەتێکی ئەرکان جێی وەزارەتـی پێشمەرگە بگرێتەوە...

(ب) پێویستە سوپایەکی یەکگرتوو بە تەواوی لە خزمەتی حکومەتدا بێت.....

(ج) ..هێزەکە کەمبکرێتەوە بە گوێرەی ڕێککەوتنی هەردوولا...

(د) هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان بەپێی جەدوەلێکی زەمەنی....هتد.

٢- هێزی پۆلیس‌و ئاسایش:

(ا) سەرلەنوێ، بەپەلە هێزی پۆلیس‌و ئاسایش ڕیکبخرێنەوەو بە تـەواوی بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە... هتد.

لەدواتردا لە بڕگەی (ح): ئەو دەزگاو دامـەزراوەو کارمەندانەی کە سەر بە حیزبەکانن لەناو ئاسایشدا بگوێزرێنەوە بۆ دەزگا خزمەتگوزارییەکانی دیکەی حکومەتو دەبێت وەرگرتنی پۆلیس‌و ئاسایش، بە شێوەی تەجنید بێتو دەرچووی زانکۆکان‌و پسپۆڕان دوای مەشق لە دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایش وەربگیرێن.

ئـــەوەی ســـــەرەوە بـەشـێـکـە لە (ڕێککەوتننامە جوانەمەرگەکەی پاریس کە جێبەجێ نەکرا)و هـەردوو لایەنی پارتی‌و یەکێتی ئیمزایان کـردووەو بڵاویانکردووەتەوە.

پێش ئـەو ڕێککەوتنەش، یەکێتی پرۆژەی خۆی پێشکەشکردبوو، کە لای من ژمارەیەکی کوردستانی نوێ (چاپی دوەلی- دەرچووی ئەوروپا هەیە) بە زمانی عەرەبی، لە بڕگەی ٤- (٧) دا، باسی میلیشیای تێیدا هاتووە کە دەڵێت: هەڵوەشاندنەوەی هەموو میلیشیای سـەر بـە حـیـزبـەکـان‌و زامنکردنی مووچەیان لەلایەن دەزگـای بیمەی کۆمەڵایەتییەوە.

لە خوارەوە دەقە عەرەبییەکەی:

٤- الدفاع الخارجي:

٤- (١) عقد مؤتمر عسكري من الظباط الأكراد لبحث كيفية تشكيل هيئة أركان وتشكيل هيئة عدد من أفواج المشاة المستقلة، أو ألوية مشاة.

٤- (٤) يتم قبول الجنود وفقا للمقايس المتبعة في جيوش العالم.

٤- (٥) تكون مهمة هذة القوات، الدفاع عن حدود إقليم كردستان العراق مقابل العدو الخارجي ويحرم عليها التدخل في الشؤون الداخلية، بما فيها المنازعات السياسية والعشائرية.

٤- (٦) يستقيل منتسبي قوات الدفاع الخارجي من أحزابهم.

٤- (٧) حل جميع المليشياة التابعة للأحزاب وتأمين رواتبهم من قبل موؤسسة الضمان الإجتماعي.

ئایا ئەوە پـڕۆژەی یەکێتی نەبووە کە لە دوێنێدا هێزی پێشمەرگەی بە میلیشیا ناوبردووەو داوای گۆڕینی کـردووە بۆ ئـەوەی وەک لەشکرێکی نیزامی ڕیکبخرێتەوە؟ ئایا ئەوە هیچ سوکایەتیپێکردنێکی تێدا بووە؟

بـۆ دوێـنـــێ ســوکـایـەتـیـکـردن نەبوو بە پێشمەرگەو ئێستا بووە بـە سوکایەتیپێکردن؟ ئـایـا ئـەوە لەبیرچوونەوەیە؟، تێنەگەیشتنە؟، یان بانێکەو دووهەوا؟

ئەوەی کە زۆر سەیرە لەمەدا، ئەوەیە کە میدیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی، دەوری سەرەکی دەبینن لەو گرفتو ئاڵۆزییەدا.

وا دیـارە ئەو بەڕێزانە ئاگاداری رابـــردووی یەکێتیی نیشتمانیی‌و بەرنامەو خیتابە سیاسییەکەی نین. ئایا ئەو کاتە، ئەو بەڕێزانە یەکێتی نەبوون؟

هـیـوادارم کە بـەڕێـزان‌و کەسانی کـارامـەی سـەرکردایـەتـی یەکێتی، ئاگاداربن‌و درک بەو هەڵەیە بکەن‌و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنیان هەبێت بۆ ئەنجامی زەرەری بارودۆخەکەو بەتایبەتیش کە دوور نییە لـەوەدا، زەرەری یەکێتی زۆر زیاتر بێت لە قازانجی چاوەڕوانکراو.

مـن لـە خـوارێـشـەوە، هـەنـدێـک ڕوونکردنەوەی دیکە دەخەمە پێشچاو:

با بێینە سەر باسی لێکۆڵینەوەو گـەڕان بـەدوای مانای زاراوە، یان وشەی میلیشیاداو بزانین ئایا، ئەوە ناوو ناتۆرەیەکی خراپە، یان نا؟

گەڕانێکی زۆرم کرد بۆ زانیاریی لە سەرچاوە جیاوازەکانداو لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمبینی کە میلیشیا پێناسەیەکی خراپ‌و سوکایەتیپێکردن بێت، بگرە بە پێچەوانەوە، میلیشیا وەکـو پێناسە، هێزێکی نادەوڵەتی (غەیرەنیزامی)، هێزێکی بەرهەڵستکار، یان هێزی پارت، یان گرووپێکی سیاسی دەگرێتەوەو لە زۆر نووسین‌و بابەتی ڕۆژنامەوانی بێگانەدا لەسەر کورد، بۆ ڕوونکردنەوەی وشەی پێشمەرگە کە خـوێـنـدەواری دنیای دەرەوە لە مانای (پێشمەرگە) تێناگات، بە میلیشیا باسکراوە، وەکـو بڵێیت، پێشمەرگە ناوێکی کوردییە بۆ میلیشیا، چونکە سوپایەکی نیزامی، یـان (حکومی) نەبووەو نییە.

تکایە سەیری ئەم لینکە بکەن: http:// en.wikipedia.org/wiki/Militia

کە هی ئینسایکلۆپیدیای ئەلەکترۆنی ویکیپیدیایە: (لـە پاشکۆیەکیشدا، نموونەی دیکەم پیشانداوە):

ماوەیەک لەمەوبەر، ئەو مەسەلەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام‌و لە ساڵی (٢٠٠٨) دا لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەدا) نووسینێکم بڵاوکردەوە دەربارەی پێویستی گۆڕینی ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە لەشکری بەرگریی هـەرێـم، یان لەشکری بەرگریی نیشتمانی‌و هۆیەکانم ڕوونکردبووەوە بۆچی، لێرەدا جێی دووبارەکردنەوەی ئەوە نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نابێت هەر ناوگۆڕین بێت، بەڵکو دەبێت بەڕاستی گۆڕینی سروشتو تایبەتمەندی هێزەکەش بێتو بەڕاستی بکرێت بە سوپای بەرگریی هەرێم، نەک هەر ناوی بگۆڕدرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە هێزێکی حیزبیی بمێنێتەوە.

بێینەوە ســەر بـاسـەکـە، لـە هیچ پێناسەیەکدا ناوی میلیشیا بە خراپی نەهاتووە (ئەگەر میلیشیاکە خۆی خراپ نەبووبێت)، بۆ نموونە (حزب الله)ی لوبنانی هەم بە میلیشیاو هەم بە هێزێکی بەرگریکەرو فیداکار ناسراوە، بەڵام جەنجەوید میلیشیایە کە بەدناوە بە کوشتنی بەکۆمەڵو بە دەستدرێژیی جنسی بەرامبەر بە گەلی دارفـور ناسراوە.

بەهەمانشێوە، ســوپــای عـێـراق، بەهەماننــاو، سەردەمێک سەدام حسێن ســەرکـردەی بـووەو ئـەوســەردەمــە سوپایەکی داگـیـرکـەرو ئـامـرازی جینۆساید بوو، لە سەردەمێک دوای ڕزگاری عێراق، بوو بە سوپایەک کە بابەکر زێـبـاری، ســەرۆک ئەرکان‌و کەسانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وەزیرو سەرکردەی بن، بۆیە زاراوەی (میلیشیا) خۆی لە خـۆیـداو بە ڕادەی یەکەم پێناسەی هێزێکی بەرگریی میللی، یان حیزبییەو دواتر ناوبانگەکەی بەندە بە سروشتو تایبەتمەندی خۆیەوە.

با سـەیری هـەنـدێـک ڕاستی بکەین: پێشمەرگەی کـوردسـتـان، لـە کاتی شۆڕشدا پێکهاتبوو لە هێزی پارتە جیاوازەکان، بە هێزە نیشتمانییەکان‌و ئاینییەکانیشەوەو هــەمــوویــان لە سەنگەری شەرەف‌و کوردایەتیدا بوون، بـەڵام سەبارەت بـەوەی کە سەر بە پارتی جیاواز بوون، زۆر کاتیش لەباتی ئەرکی پیرۆزی بەرگریی لە نیشتمان‌و بەرەنگاری هێرش‌و پەلاماری دوژمن، لە شەڕی ناوخۆو شەڕی دژی یەکتریشدا هەبوون، ئایا کەس نکۆڵی لەوە دەکات؟

لـە دوای ڕاپــەڕیــن‌و ڕزگــاریو دامەزراندنی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمیشەوە، تایبەتمەندی هێزی پێشمەرگە نەگۆڕدرا بۆ هێزێکی نیزامی یەکگرتووی هەرێم کە ئازاد بێت لە کۆنترۆڵی پارتە سیاسییە ناکۆکەکان‌و بە ئەنجامی ئەوە، چەندساڵێک ئەوهێزە لە ئامانجێکی (دژ بە بەرژەوەندیی گەل‌و نیشتماندا بۆ شەڕی ناوخۆ بەکارهێنرا).

هەروەها بە ئەنجامی ئەوە، هەم لەناو ڕیزەکانی میللەتداو هەم لە بڵاوکراوە سیاسیی‌و سەربازییەکانیشدا ئاماژەیان بۆ کراوە وەک هێزی ئەم حیزب، یان ئەو حیزب، وەک پێشمەرگەی پارتی‌و پێشمەرگەی یەکێتی، یان هی ئیسلامی، شیوعی... هتد، ئـەوەش ڕاستییەکی ئاشکرایەو ئایا کەس هەیە نکۆڵی لەوە بکات؟

ڕاستە هەموو پێشمەرگەیەک خۆی بە پێشمەرگەی کوردو کوردستان زانیوە، بەڵام ئەو پیشمەرگەیە سەربەخۆ نەبووە لەوەی، خۆی بچێت، برا پیشمەرگەکەی بـکـوژێـت، ئـەگـەر وابـێـت، کـەواتـە پێشمەرگە وەک (تاک) بەرپرسیارە لە شەهیدکردنی براپێشمەرگەکانی خۆی‌و ئـەوەش کارێکە هەموو شانازییەکی ڕابـردووش لەو کەسە دەسێنێتەوەو بەرپرسیاری دەکاتو ... هتد، بەڵام دیارە ئەوە وانەبووە. پێشمەرگە بە فەرمانی سەرکردایەتییەکەی (حیزبەکەی) بەکارهێنراوە بۆ شەڕی ناوخۆو دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێم‌و گەل‌و نیشتمان‌و ئەوەش بۆیە ڕوویدا، چونکە پێشمەرگە، چۆن لەسەرەتاوە هێزی حیزب بووە، لەدوای ڕاپەڕینیش نەکرا بە سوپای یەکگرتووی هەرێم.

هیچ گومانێک لـــەوەدا نییە کە بەرئەنجامی ئەو سیستمە سیاسییە زیانبەخشەی، تا ئێستا وەک ئەمری واقیع (دیفاکتۆ)، بەسەر کوردستاندا سەپاوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە ڕادەی یەکەم، هێزی پارتی، یان هێزی یەکێتییەو بە فەرمانی ئەو دوو سەرکردایەتییە هـــەروەک کـــاری شۆڕشگێڕیی‌و نیشتمانپەروەریی ئەنجامداوەو هەروەها لە ڕابردوودا، بەهەمانشێوە، کاری دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێم‌و گەل‌و نیشتمانیشی ئەنجامداوە، شەڕی دەسەڵات نموونەیەکی ئاشکراو بەشێکە لەو ڕابــردووەو ئـەوەش ئەنجامێکی سروشتی بـــووە، کاتێک کە هێزی شۆڕش‌و بەرگریی میللەتێک، پارچە پارچەو ســەر بە گرووپی سیاسیی جیاوازو تینوی دەسەڵات بن.

هیوادارم، خێرخوازێک ئەم نووسینە بگەیەنێت بە بەڕێز سەرۆکی هەرێم (کاک مەسعود)و هەروەها بە بەڕێزانی سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتی، لەگەڵ ئەو پاشکۆو بەڵگەنامانەی کە لەگەڵیدایە.

هیوادارم، ئەم هەرایە ئاشکرابێت کە بێ بناغەیەو بەشێکی بەهۆی تێگەیشتنی هەڵەوەیەو بەشێکی دیکەشی بەهۆی بەهەڵەدابردنە. هیوادارم، ئەوە نەکرێتە کراسەکەی عوسمان، یان مەسەلەکەی سەلمان ڕوشدی‌و فەتوای جۆراوجۆر.

هـــیـــوادارم، سیاسییەکارامەکان، دووربین بن‌و نەکەونە هەڵەی زیاترەوەو ئاوێک بکرێت بە ئاگرەکەدا.

**تێبینی:**

**پاشکۆو بەڵگەنامەکان لەبەر نەبوونی جێگا بڵاونەکراونەتەوە، هەرکەسێک ویستی بیانبینێت لای ڕۆژنـامـە پارێزراون.**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# بزاڤی گۆڕان، هەوێنی کوردان



ئازاد قەزاز

**بزاڤی گۆڕان توانی بنەمای یەکەم کە بریتیبوو لە بزاڤێکی سەربەخۆ بەدیبهێنێت، چونکە پەنای بۆ هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نەبردووە تا چەکو پارەی لێوەرگرێت**

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لەچاو نەتەوەکانی دەوروبەری، لە کاروانی خۆناسینو خۆدۆزینەوەو خۆجیاکردنەوەدا دواکەوتووە، مەبەستم لەم سێ وشەیەی سەرەوە سێ تێرمی زانستییەو ماناو قووڵایی تایبەت بە خۆیان هەیە، نەک مەبەستم ئەو وشانە بن، کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن. ئەوەی لێرەدا گرنگە بیڵێم، ئەوەیە کە بزاڤی گۆڕان ئاماژەیەکەو هەنگاوێکە بەرەو چوونە ناو کاروانی ئەو مێژووەی کە نەتەوەکانی دیکە زووتر پێش نەتەوەی کورد ئەو هەنگاوەیان ناوە. بزاڤە کۆنەکانی رزگاریخوازی کوردو سەرکردەکانی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەو هەنگاونانەو ئاستەنگێکی گرنگ بۆ چوونە ناو ئەو مێژووەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی ئەمڕۆ کە خۆی لە بزاڤی گۆڕاندا لە باشووری کوردستان دەبینێتەوە، ئەو دەقەی شکاندو کوردی هاویشتە ناو دەقەری مێژووەوە.

**سەرەتا دەبێت بزانین ئەو هۆکارانە چی بوون کە بزاڤە کۆنەکانی رزگاریخوازی کورد، کوردی دواخست، ئەو هۆکارانەش چین کە بزاڤی گۆڕان هەنگاوێک نەتەوەی کوردی پێشخست؟**

وەک کوردێکی زانستخواز، نەک سیاسەتباز، گەیشتوومەتە ئەو دەرئەنجامەی کە نەتەوەی کورد پێویستی بە دوو فاکتەری گرنگ هەیە تا بتوانێت خۆی بگرێتو ببێتە خاوەن قەوارەی خۆی، ئەو دوو فاکتەرەش، یەکەم: بزاڤێکی رزگاریخواز کە لەخودی نەتەوەکەو ئاتاجی ئەو نەتەوەیە خۆیەوە هەڵقوڵابێت. دووەمیش: ئایدیۆلۆژیایەک کە بنەماکانی ئەخلاقی پێ دابمەزرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە نەتەوەی کورد دروشمی نەتەوەیی‌و کوردایەتی لە هەموو دروشمەکانی دیکە زیاتر دەیورووژێنێتو هانیدەدات بۆ جووڵەو بزوان، بۆیە بۆ ئەم دوو فاکتەرە پێویستی بە دوو پرۆژەی تایبەت دەبێت. هەربۆیە دەبینین ئەو پارتو بزاڤانەی کە دروشمی نەتەوایەتییان هەڵبژاردووە، لە هەموو ئەوانی دیکە لایەنگرانو شوێنکەوتەیان زیاترن.

ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پارتو بزاڤانەی دروشمی نەتەوایەتییان هەڵبژاردووە، لەوانی دیکە ڕاستترو دڵسۆزتر بن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژێ هەستیارەی نەستەکۆی گەلی کورد، کە لەناو پرۆسەیەکی مێژووییدا خولقاوەو سەرکردەکانی کوردیش بە حوکمی ئەزموونی خۆیان توانیویانە ئەو ژێ هەستیارە بناسنەوەو بۆ مەرامو مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریبهێننەوە، واتە ئەو سەرکردە کوردانە توانیویانە شەرعیەتێک بۆ بوونی خۆیان بدۆزنەوە تا مەرامی ناشەرعیی خۆیانی پێ بپارێزنو تائێستاش هەر لەو هەوڵەدا بەردەوامن، تەنانەت پارتە ئیسلامییەکانو پارتە چەپەکانیش کە دێنە ناو مەیدانی کاری سیاسی، هەوڵیانداوە ئاراستەی سیاسەتی خۆیان بەرەو ئەو ژێ هەستیارە ببەن، تا زۆرترین دەنگ کۆبکەنەوە، بەڵام ئەم پارتانە هیچ کامیان لە زەمینەیەکی واقیعییەوە سەریانهەڵنەداوە، بەڵکو لە کەللەسەری پێشەواکانیانەوە هەڵقووڵاوە، کە ویستویانە بەم شەرعیەتە دەسەڵاتێکی ناشەرعیی بۆ خۆیان بەدەستبهێنن، واتە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیەک پاڵنەریان نەبووە، بەڵکو ئەو دەسەڵاتە تاکەکەسییە بووە کە چاویان تێبڕیبوو.

ئێمە ئەو دوو فاکتەرە گرنگەی کە لەپێشەوە ناومان هێنان (بزاڤێکی هەڵقوولاوی خودو ئایدیۆلۆژیەکی ئەخلاقی) سەبارەت بەوەی نەتەوەی کورد بۆ بەدیهێنانی قەوارەیەکی پتەو لە هیچ کام لەم پارتانە نابینینەوە، ئەگەر بەدەمو قەڵەم لەوجۆرە شتانە بدرکێنن، بەڵام ڕەفتاریان ئاماژەی شتێکی دیکەو ئاراستەیەکی دیکە دەردەخات. لە کتێبی (ڕۆحی کورد لە بن دەستی ناسیۆنالیزم، ئیسلامیزمو مارکسیزم دا) تارادەیەک ئەم بۆچوونەم ڕوونکردووەتەوە، بۆیە درێژە بەم لایەنە نادەم.

**مەبەستمان چییە لە بزاڤێک، کە هەڵقوڵاوی خود بێت؟**

مەبەستمان لە بزاڤێکە دەرئەنجامی ئازارو ئەشکەنجەی گەلێکە کە بە پرۆسەیەکی مێژووییدا تێپەڕبووبێت، کۆمەڵێک میکانیزمو ئامرازیش لەتەک خۆیدا پێدەگەیەنێت، کە دەتوانێت بەهۆیانەوە بەرەنگاری ئەو جەللادە ببێتەوە کە ئەو نەتەوەیە یان ئەو کۆمەڵگەیەی کردووە بە قوربانیی، ئەم بزاڤە متمانەی تەواو دەخاتە سەر ئەو هێزو توانستو ئامرازو ئامێرانەی کە لەو کۆمەڵگەیەدا بەرهەمدێت، نەک لەدەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیەوە بیهێنێت. ئەمجۆرە بزاڤە تابڵێی گرنگە، بەتایبەتی بۆ گەلێک کە بە هەر هۆکارێکی سایکۆپۆلیتیکی بووبێت یان بە هۆکارێکی جیۆپۆلیتیکی بووبێت، لەگەڵ جەللادەکەی خۆیدا، لە سنوورێکی دیاریکراودا کۆکرابێتنەوە، واتە ئەو بزاڤە متمانە دەخاتە سەر هێزێکی ئەبەدیی کە لە خودی ئەو گەلەوە هەڵدەقووڵێت، ئەو هێزەش کە ئەو بزاڤە متمانەی دەخاتەسەر، هێندە هێزێکی مەعریفیو مەعنەویو پەروەردەیی ئەو کۆمەڵگەیەیە، هێندە هێزێکی مادیی نییە، چونکە هێزی ناوەکی لەمجۆرە بنەبڕ ناکرێت، لەبەرئەوەی هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە بگریت، بەرهەمهێنەری ئەو وزە بنەڕەتییە دەبێت.

بزاڤە کۆنەکانی رزگاریخوازی کورد ڕێک پێچەوانەی ئەم بنەمایە کاریانکردووە. یەکەم هەنگاو کە ناویانە، پەلاماری ئەوەیان داوە کە هێزی دەرەکیی لە بێگانەیەک قەرز بکەن تا بەکارییبهێنن، ئەو هێزە دەرەکییەش جگە لە هێزێکی مادیی، کە خۆی لە چەکو تەقەمەنیدا بینیوەتەوە، هیچی دیکە نەبووە. ئەم پارتانە تاوەکو هەنوکەش سوود لەو سەرمایەیە وەردەگرن کە بە ناشەرعی، شەرعیەتی خۆیانیان لێوەرگرتووە.

بزاڤە ئیسلامییەکانیش لە دوورو نزیکەوە پرۆژەکانیان پەیوەندیی بەو ژێ هەستیارەی کوردەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندیی بە تەتبیقی شەریعەتی ئیسلامییەوە بوو، کەچی ئێستا بایانداوەتەوە سەر کوردایەتیو نەتەوایەتیی، تا بازاڕی خۆیانی پێ گەرم بکەن، ڕەفتاری پارتە ئیسلامییەکانیش هەمووی ئاماژەی ئەوە دەکەن، کە جگە لە کورسی دەسەڵات، چ پاڵنەرێکی دیکە نایانجووڵێنێت، کێشەی هەرە گەورەی ئیسلامییەکان لەوەدایە، کە هەموو خۆزگەو حەزەکانی خۆیان بەناوی خوداوە ریزدەکەن، لەبری ئەوەی ئەم ئیسلامییانە خۆیان گەورەبکەنو ڕەفتارو ئەخلاقی خۆیان بەرەو خوایەتیی بەرن، کەچی خودایان هێندە بچووککردووەتەوەو حەزەکانی ئەو خودایەیان هێندە منداڵانە کردووەتەوە، تا ئەو خودایەیان والێکرد، کە کتومت لە خۆیان بچێت، ئێستا تێگەیشتین نە ئیسلامییەکانو نە پارتەکانی دیکەش بزاڤێکی خودهەڵقوڵاو نەبوون، بەڵکو بزاڤێکی خەیاڵپڵاوی خۆیان بووە.

ئەمەی سەرەوە بەکورتی فاکتەری یەکەم بوو کە کورد بۆ بنیادنانی خۆی پێویستی پێیەتی.

فاکتەری دووەم بۆ بنیادنانی قەوارەیەک بۆ نەتەوەی کورد، مەبەستمان لە ئایدیۆلۆژیەکی ئەخلاقی بوو بۆ کورد، چونکە ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکەوە گرێدانی ئەندامانی کۆمەڵگەیەک دەبینێت، هەقیقەتێکی باڵا هەر پرۆژەیەکی تایبەتی لەسەر بنیادبنرێت دەبێتە ئایدیۆلۆژیا. وەک ئەوە وایە کە ئەو هەقیقەتە باڵایە بۆ بەرژەوەندیی ئەو کۆمەڵگەیە بگونجێنرێت، بەمانایەکی دیکە، هەقیقەتێکی گەردوونیی لۆکاڵیی دەکرێت، بۆ نموونە خودا هەقیقەتێکی ڕەهایە، نەتەوایەتی هەقیقەتێکی باڵایە، هیومانیستی هەقیقەتێکی گەردوونییەو دامەزراندنی هەر ڕێبازێک لەسەر بنەمای ئەم هەقیقەتانە، دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەک کە ڕەنگی ئەو هەقیقەتەی تێدا دەدرەوشێتەوە. دامەزراندنی هەر ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژیی لەسەر بنەمای ئەو هەقیقەتانەش وردەکاریی‌و کارامەیی‌و دڵسۆزیی گەرەکە. ئەگەر بە زمانی سایکۆلۆژی ئەم بۆچوونە بڵێمەوە، دەڵێم ئەم هەقیقەتانە هەستێکی سروشتین لە مرۆڤداو لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ ئەو هەستانەش گەشەدەکەنو مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت کارامانە مامەڵە لەتەک ئەو هەستانەیدا بکات، دەنا لەبری ئەوەی ئەو هەستانە مرۆڤ ئاسوودە بکەن، تێکیدەشکێنن.

ئەو هەقیقەتانەی کە مرۆڤ هەستیان پێدەکەن، خۆی لەخۆیدا بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە ئاستی بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەرەو بەرژەوەندیی باڵاو مەزنتر ببەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان بتوانن بەهۆی بەرژەوەندییەکی باڵا لە دەوری یەکتر کۆببنەوەو لەو پێناوەداو بۆ نەوەی ئایندەیان قوربانیی بدەن تا بەهایەکی بڵندترو دیمەنێکی جوانتر بە بوون بدەن، نەک ئایندەی نەوەکانیانو بوونیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرغبکەن، مەرج نییە قوربانیی‌و خوێنڕشتنو خۆبەکوشتدان، نەخێر گرنگ ئەوەیە قوربانیی لەوەدا بدەیت کە خۆپەرست نەبیتو بە جدیی ئەرکەکانت بکەیتو بەجوانی ئەمانەتەکان ڕادەستی نەوەی داهاتوو بکەیتەوە، سەرکردەکانی کوردو جەماوەرەکانیشیان بەپێچەوانەی ئاراستەی سروشتی ژیانەوە کاردەکەن، چونکە هەمووشتێک بۆخۆیان قۆرغدەکەنو ئێستاش کاتی ئەوەیە کە سروشتی ژیانیش سزای ئەوانە بداتو زللەی خۆی لەوانە بوەشێنێت کە ناسروشتی دەجووڵێنەوە.

بۆیە نەتەوەی کورد پێویستی بەوە هەیە کە لە یەکێک لەو هەقیقەتانەوە ئایدیۆلۆژیایەک هەڵگۆزێت، تا ڕێگایەکی سروشتی ژیان دامەزرێنێت، گۆڕینی ئەو هەقیقەتانە بۆ ئایدیۆلۆژیا، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک دەگۆڕێتو ئاستی هۆشیاریی‌و ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگەیەش ئاراستەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە دیاریدەکات. بۆنموونە خۆرئاوا لە سەدەی نۆزدەو بیستەوە لە ئایدیۆلۆژیای ئایینییەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی‌و ئایدیۆلۆژیای هیومانیستی گوێزرایەوە، واتە سەردەمێک ئایدیۆلۆژیای ئایینی دەیبزواندنو سەردەمێکیش ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە.

ئەوەی کە من لە کورد تێگەشتبم، ئەوەیە کە تاوەکو هەنوکەش لەناو ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینیدا دەتوانێت خۆی ببینێتەوە، واتە ئایدیۆلۆژیایەک کە بتوانێت بنەمای ئەخلاقی بۆ دامەزرێنێت هەم بۆ ناوخۆی خۆیو ڕێکخستنی پەیوەندیی تاکەکانیو لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیی کورد بە نەتەوەکانی دیکەوە دیارییکات، واتە ئەم ئایدیۆلۆژیایە ببێتە هۆکارێک کە سنوورێکی ڕۆحیی بۆ ئەو نەتەوەیە دابڕێژێتو لە نەتەوەکانی دیکەی جیابکاتەوە. زۆرجار ئەم ئایدیۆلۆژیایەم بۆ خەڵکی وا ڕوونکردووەتەوە بە هەوێنم چواندووە، هەوێن بە مانایەکی دیکە واتای ڕۆحی شتێک دەگەیەنێت، کەواتە هەوێن هەم ڕۆڵی مەیینو هەم ڕۆڵی دروستکردن دەگێڕێت.

هێندەی من ئاگاداربم، بزاڤە کۆنەکانی رزگاریخوازی کورد هەرگیز لەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایەی بۆ کورد دانەمەزراندووە، ئەوان هەرئەوەندەیان زانیوە تەنیا داوای ماف بکەن، ئەویش بە خواروخێچی‌و لنگەوقوچی، دروشمەکانیان پڕن لە خوێنو خاکپەرستیو خۆ بە قوربانزانو هەڕەشەکردن لەلایەکەوەو خۆ بەگەورەزانو نەشکاوو کۆڵنەدەر لەلایەکی دیکەوە. سەرکردەکانی کۆنو نوێی کورد هەڵگری کەسایەتییەکی دوالیزمی زۆر سەیرن، کەسایەتییەکی ئازاو نەبەرد لەلایەکەوەو کەسایەتییەکی تێکشکاوو شپرز لە لایەکەی دیکەوە، لە ڕووی نەتەوەکەیدا کەسایەتی یەکەم نیشاندەدەنو لە ڕووی عەرەبو تورکو فارسدا کەسایەتیی دووەم دەخەنەڕوو.

من هەمیشە بزاڤی کوردم هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا دەگاتە ئەم سەردەمەش بەم چاوە بینیوەو خوێندووەتەوە، بۆیە هەرگیز دڵم پێیان خۆش نەبووە، لەسەر ئەم بۆچوونانەم تانەو تەشەرەی زۆرو زەبەندەم لێدراوە، بەڵام بڵێم چی زانست وەهای پێگوتووم، ئەوەی کە زیاتر متمانەی بە بۆچوونەکانم بەخشی، ئەو ڕاستیانە بوون، کە نەوشیروان مستەفا لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە ئاکارو ڕەفتاری ئەو سەرکردانەی کە لەگەڵیاندا ژیاوە ئاشکرای کردن، ئەوەی کە من بەزانست پێیگەشتبووم خەڵک لێی تێنەدەگەیشت، ئەو لە ئەرزی واقیعدا بە چاوی خۆی بینیونیو تێیدا ژیاوە، لەمەوە هۆی ئەوە دەردەکەوێت، بۆ تائێستا کورد نەیتوانیوە ببێتە بوونو قەوارەی خۆی هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە نە دروستانە تێکۆشاوەو نە هەوێنیشی بووە تا شیری سروشتی بوونی خۆی بمەیەنێت. لەم گۆشە نیگایەوە کە لە بزاڤی کوردم ڕوانیوە هیچ دڵم پێی خۆش نەبووە، چونکە زانیومە هەمووی پەلەقاژەی نەزانینو بێئەزموونیی بووە.

ئائێستا شرۆڤەیەک بوو سەبارەت بەو هۆکارانەی کە نەتەوەی کورد پێویستی پێیەتی بۆ خۆدروستکردنو ئەوەشمان دەرخست کە سەرکردەکانی کۆنی کوردو پرۆژەکانیان هیچ کام لەو پرۆژانەیان ئەو دوو فاکتەرە گرنگەی لە خۆنەگرتبوو.

**ئاخۆ ئەمجارەیان بزاڤی گۆڕان مژدەبەخش بێتو لەو فاکتەرانەی دروستکردنی نەتەوەی کوردی لە هەناودا هەڵگرتبێت؟ من دەڵێم بەڵێ، بەڵام!!.**

ئێمە لە پێشەوە وتمان کە نەتەوەی کورد پێویستی بە دوو فاکتەری گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕووی مرۆگەرییەوە خۆی دروست بکاتو بتوانێت چ قەوارەی سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت دابمەزرێنێت، ئەو دوو فاکتەرەش وەک وتمان یەکەم بزاڤێکی سەربەخۆی خۆکرد، دووەمیش ئایدیۆلۆژیایەکی ئەخلاقی، کە وەک هەوێنی پێکەوە گرێدانی تاکەکانی نەتەوەیەک خستمانەڕوو.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور وەک بزاڤێک سەریهەڵداوەو ناوی گۆڕانی وەرگرتووە، بە بۆچوونی من گەیشتووەتە ئەوەی بزاڤێکی سەربەخۆی خۆکرد بێت، چونکە:

**یەکەم:** دەرئەنجامی نزیکەی بیست ساڵی ئازارو مەینەتیو ئەشکەنجەی ئەو کۆمەڵگەیە خوڵقاندویەتی، کە وەک پرۆسەیەکی لەسەرخۆو هێدی هێدی هاتووەتە بوون.

**دووەم:** ئەم بزاڤە ئەو ئامرازو میکانیزمانەی لەتەک خۆیدا گەشەپێداوە، کە ئەو پرۆسەیە بۆئەوەی بگاتە ئامانجو پێویستی پێیەتی. ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا، ئەوەیە کە ئەم بزاڤە جیا لە بزاڤە کۆنەکانی کورد پرۆسەی ئەنتیباوان جێبەجێدەکات، چونکە بزاڤە کۆنەکانی کورد بەرامبەر بە دوژمنی دەرەکیی دامەزرابوون، بەڵام بزاڤی گۆڕان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتێک دامەزراوە کە شەرعییەتی لە ڕابردووەوە وەرگرتووەو منەت بەسەر خەڵکیدا دەکات.

ئەگەر دیقەت بدەین، بزاڤی گۆڕان بانگەوازێکە دژ بە گەندەڵیی دەسەڵاتی کوردی خۆیەتی، دژ بە نایەکسانی‌و نادادگەریی هەڵسوڕێنەرانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەیە، کە کاتێک لەناو شاخدا شاراوەبوون، وەک فریشتە دەبینران، کەچی ئەمڕۆ لەبەر تیشکی دیدەی خەڵکیدا دەرکەوت کە ئەوانە فریشتە نەبوون، مرۆڤن وەک ئەو مرۆڤانەی دیکە، کە دەکرێت گەندەڵ بن. مرۆڤ دەتوانێت زۆرجار بەهۆی تیشکی زانستەوە ئەو مرۆڤە شاراوانە بناسێتو تەشخیسیان بکات، بەڵام چونکە لەبەرچاوی ئاساییدا نین، زۆربەی خەڵکی لەو تەشخیسە تێناگەن تا بەچاوی خۆیان دەبینرێن، هەربۆیە لە کتێبی سایکۆپۆلیتیکدا وتوومە کە دڵخۆشم بەم دۆخەی ئێستای کوردی تێدایە، واتە دۆخی پاش ڕاپەڕین، نەک لەبەرئەوەی دڵم بەو دەسەڵاتە کوردییە خۆش بوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە ئەو دەسەڵاتە کوردییە ناتوانێت چیتر لەپشتی شاخەوە سیفەتە دزێوەکانی بشارێتەوەو شاخ بکاتە دەمامک، هەردەبێت ئەو دەمامکە هەڵگیرێت. وا ئەمڕۆ بزاڤی گۆڕان خەریکە ئەو دەمامکە هەڵماڵێت، ڕەنگە ئەوکاتەی کە من ڕەخنەم لە بزاڤی رزگاریخوازی کۆنی کورد هەبوو، سەرانی ئەمڕۆی بزاڤی گۆڕان ئەو بزاڤانەیان تەجمید کردبێت، کەچی وا ئەمڕۆ خۆیان بۆیان دەرکەوت، کە بەو عەقڵیەتەوە هەرگیز کورد نەیدەتوانی بگاتە ئامانج.

بۆ من ئەمڕۆ گرنگ نییە کە زووتر دەرکم بەو کێشەیە کردبوو، ئەوەی گرنگە بۆ من ئەوەیە کە ئەو بزاڤە توانی ئاراستەی کورد بە بارێکدا بگۆڕێت، کە ڕەنگە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونی بەرێت، ڕەنگە خەڵکی دیکەی دڵسۆز بووبن کە ویستبێتیان ئەم هێزانەی بە ناشەرعیی شەرعیەتی خۆیان لەسەرمایە ڕەمزییەکانی کوردەوە وەردەگرن، بگۆڕن، بەڵام لە توانایاندا نەبووبێت بەهەر هۆیەکەوە بووبێت ئەو بڵێسەیە هەڵکەن، گرنگ نییە کێ دەیگۆڕێت، گرنگ ئەوەیە ئەم دۆخەی هەنوکەی کورد بە ئاراستەیەکی دروستدا بگۆڕدرێت.

من دۆخی کورد وا دەبینم کە چەند کەسێک لەناو دارستانێکدانو هەریەکەو خەریکە بۆ ئەوەی ئاگرێک بکاتەوە، هەریەکەو خەریکە بەهەموو توانای بەرد لە بەرد دەخشێنێت تا پڕیشکێک پوشەکەی گڕ تێبەرداتو دارێکی لێداگیرسێنێت، ئیدی هەمووان دەتوانن سوود لەو ئاگرە وەرگرن. دیاربوو دارەکەی نەوشیروان مستەفا زووتر گڕی سەندو بڵێسەکەی کردەوە، ئیدی ئەوانی دیکەش دەتوانن سوودی لێوەربگرنو چیتر خۆیان خەریک نەکەن.

کەواتە بزاڤی گۆڕان توانی بنەمای یەکەم کە بریتیبوو لە بزاڤێکی سەربەخۆ بەدیبهێنێت، چونکە پەنای بۆ هیچ دەوڵەتێکی بێگانە نەبردووە تا چەکو پارەی لێوەرگرێتو بە مەرجەکانی ئەوان بزاڤەکەی دەستپێبکاتو بە مەرجەکانی ئەوانیش بیوەستێنێت، ئەو هێزەی لە پشتییەوەیە جەماوەرەو ئەو میکانیزمەی کە بەکاریدەهێنێت هەڵبژاردنە، هەرگیز هەلی وا گونجاو بۆ کورد هەڵنەکەوتووە کە دوو فاکتەری مەدەنیو ناسک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بخاتەگەڕ، ئەگەر هەلی وەهاش هەڵکەوتبێت، ئەو سەرکردانەی کورد خۆیان بەدەستی خۆیان لەباریان دەبرد، چونکە هەلی وا ناهێڵێت ئەوان بۆ هەتا هەتایە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

ئومێدی ئەوەدەکەم کە ئەم بزاڤە نوێیە بتوانێت ئەو هەوێنەی کە وتمان ئایدیۆلۆژیایەک دەیخوڵقێنێت وەبەربهێنێت، واتە هەوێنێکی خۆماڵیی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت شیری سروشتی کورد بمەیەنێت، چونکە ململانێی مەعریفی کورد لەتەک نەتەوەکانی دەوروبەری کۆتایی نەهاتووە، لەهەمانکاتدا ئایدیۆلۆژیا دەبێتە هەوێنێکی مەعریفی ئەوتۆ جگە لەوەی پەیوەندیی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە پتەو دەکات، تاکەکانی ئەو نەتەوەیەش شانازیی بەخۆیانەوە دەکەن، کە بوونەتە خاوەنی مەعریفەی خۆیان، هەروەک چۆن نەتەوەی عەرەب شانازیی بەخۆیانەوە دەکەن کە مەعریفەیەکی ئایینی وەک ئیسلامیان بەرهەمهێناوە، ئاوەهاش کورد شانازیی بەخۆیەوە دەکاتو دەبێتەوە بە خاوەنی ڕۆحی خۆی، ئەوکات بزاڤی گۆڕان دەبێتە هەوێنی کوردان.

## دەنگدانی ئەمجارەو دزێوییەکانی ڕابردوو

# دەنگت بزمارێکە لە بۆشاییدا داینەکوتیت



**حەمە کاکەڕەش**

**«لەهەموو کاتێکدا؛ شتێکی باشە نیشانەی پرسیار بخەیتە سەر هەموو ئەو شتانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە بوونەتە بەڵگەنەویست؟!»**
**-برتراند راسل-**

چ بێهوودەیی و یەئسێکە؛ ئەو دەمانەی تارماییەکانی ڕابردوویەکی دزێــوو ناشرینی دەســەڵاتــی کوردی تەونئاسا، خەیاڵ و هزرت دەتەنێت ..ئیتر ئەگەر ڕۆبچینە نێو مێژوویی خوێناویی دەسەڵاتی کوردی، یان هەر مێژووی پاش ڕاپەڕینی ئــازاری ١٩٩١بکەینە نموونە؟! دەبینین چ تراژیدیاییەکی جەرگبڕ و پڕ ناسۆرە.

ڕاستــیــیــەکــەی تــائــێــستــا زۆر ویستوومەو هەوڵم داوە، دەسەڵاتی کوردی بەشێوەیەکی جوان ببینم، بەڵام مەخابن نەمتوانیووە هێندەی تۆزقاڵێک جوانی تێدا ببینمەوە..ڕەنگە هەبن پێیان سەیر بێت کەمن وادەڵێم و پێیان وابێت ئەوەی من دەیڵێم ناحەقی و زیادەڕەوییە... وەڵێ باشترین وەڵام بۆ ئەو کەسانەی پێیان وایە؛ وەبیرهێنانەوەی وێرانکردنی شارەکانە پاش ڕاپەڕین..هەر لەفرۆشتن و ئاودیوکردنی سەرجەم ئەو شتانەی کەگەرچی لەکارگە دروستکراوەکانی سەردەمی ڕژێم جێ مابوون.. بەڵام وەک حەقێک هەموو ئەوانە؛ موڵکی خەڵک خۆی بوو، نەک هیچ کامێک لەبەرپرسی لایەنە سیاسییەکان، تابەئارەزووی خۆیان ئــاودیــوی سـنـووری بکەن و گیرفانی خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە.. زۆر پێویستە لەئێستادا و پێش دەنگدان گوزەرێک بەهەموو یادەوەرییەکانی ڕابــردوودا بکەین و هەڵوێستەیەک لـەئـاسـت تـیـرۆرکـردنـی ئـافـرەتـان لەخراپترین حاڵەتداو بەکارهێنانیانیش لەباشترین حاڵێکدا بکەین و بەقووڵی بڕوانینە لێشاوێک کوشتنی ئافرەتان.

ئیتر بــەنــاو بەرەوپێشچوونی کــوردســتــان لـــەزۆر ڕووەوە هێندە کۆمیدییە کەنازانیت پێی پێبکەنیت، یان بگریت؟!

هەر بۆ نوونە ئەوە بۆ بیست ساڵێک دەچێت، لاف و گەزافی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ لێ دەدرێت و باس و خواسی ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی لەترۆپکدایە؟! وەڵـێ سەیر لەوەدایە ئەو ڕێکخراوانەی کەبەناو داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ و شتی لەو چەشنە دەکــەن، دروستکراوێکی تــری ئەم حیزب و ئەو حیزبی سەر بەدەسەڵاتن و بگرە لەباوەڕپێکراوەکانی دەسەڵات پێکهاتوون و جگە لەگیرفان پڕ کردن و ڕازیکردنی دەسەڵات هیچ کارێکی تریان نییە؟!

هەموو ئەوەی بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە لەهەرێمی کوردستاندا ڕوویداوە، ئەوەندە زۆر و جەنجاڵ و چڕ و پڕە؛ پێناچێت بەئاسانی بتوانین یەکالای بکەینەوەو لێی حاڵی ببین..ڕوون و ئاشکرایە کەزۆر کەس بەشوێن وەڵامی ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی، کورد لەگەڵ خۆیدا و دژ بەهاوڕەگەزەکانی خــۆی کــردی دەگــەڕێــت و دەیــەوێـت بزانێت، بەتەوایی بۆ شـەڕی ناخۆ هەڵگیرساو بۆ دواتر لەئان و ساتێکدا تەواو بوو..یان بەچی بزانین جارێکی تر و بەچەشنێکی تر شەڕێکی خوێناوی لەو چەشنە هەڵناگیرسێتەوەو ئیدی هیچ لایەنێکی کوردی دەستی دوژمنانی کورد ناگرێت و بۆ بنەبڕکردنی نەیارانی بەکاریان ناهێنێت؟!

بەجێ هێشتنی هەموو پرسیارەکان بێ وەڵام و بەهەڵپەسێراوی یەکێکە لەکۆسپە گەورەکانی دیموکراتیزەکردنی کوردستان...دەبێت کەسێک هەبێت و بێتە پێش و بۆ نموونە پێمان بڵێت بۆ هێشتاکە گوندەکانی کوردستان وێرانەحاڵن و بەناو ئاوەدانکردنەوەشیان لەدروستکردنی چەند کولانە لەقووڕ دروستکراوێک زیاتر؛ هیچی تر نییە.. یان بۆ دەبێت کۆنترین بینایەکی دائیرەو قوتابخانەکانی بۆ نموونە نێو شارێکی وەک سلێمانی هێشتاکە وەک خۆیان بن و بەسەد ساڵی تریش هیچیان لێ نەیەت، بــەڵام تازەترین قوتابخانەی پــاش ڕاپــەڕیــنــی نـێـو گـونـدەکـان، کەلەلایەن ڕێکخراوە بیانییەکانەوە دروستکراوە..زۆریان لەبەر دزی و گزی لەدروستکردنەکەیاندا..هێندەیان نەمابێت بەسەر سەری قووتابیەکانی ناویاندا بڕووخێن..هەر بۆ نموونە هەر کەسێک لەئێستادا بچێتە سەیری قووتابخانەی گوندی «سەرسووراو»ی سەر بەقەزای پێنجوێن، ئەو ڕاستییە بـەچـاوی خـۆی دەبـیـنـێـت، کەئەو قووتابخانەیە ئــەوەنــدەی نــەمــاوە بڕووخێت و ئۆباڵەکەشی بەئەستۆی ئەو دەسەڵاتەی کەدەیان جار لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە ئاگادارکراونەتەوە، ئەمە تەنها وەک نموونەیەک..ئەگینا نازانین چی سەبارەت بەهەزاران ماڵوێرانی سەردەمی ئەنفال و قووڕبەسەری تری زەحمەتکێش و کارگەر و بێ ئیشی کورد بڵێین؟! گەر پیاوەکانی دەسەڵات و تازە پیاکەتووە دەوڵەمەند بووەکان.. ڕۆژانی هەینی و نیوەڕۆیان پاش نوێژ؛ تەشریف بفەرموون و بڕواننە ئەو هەموو برسی و بێ لانە و شوێنەی کەبەناچاری، چــاوەڕێــی نــانــی خــێــری مزگەوتی گــەورەن تا بەسەریاندا ببەشرێتەوە، کـەزۆربـەشـیـان کــوردی ئێزیدی و ناوچە پڕکێشەکانن و بەناچاری و بەئاوارەیی سلێمانیان کردۆتە شوێن جێگەی گوزەرانیان؟! تەنانەت لەناو ئەو کەسانەی موحتاجی تیکەو نانێکی گەرمن..جار جارە خوێندکاری نێر و مێی شار و شارۆچکەکانی تریش هەن کەبەناچاری لەسلێمانی دەخوێنن و ئاشکرایە لەبەر کەمدەرامەتی ناچارن لەڕیزێکی دوور و درێــژی هەژاراندا چاوەڕێ بن.

ئەمە جگە لەوەی بێ هیچ دوو دڵییەک کوردستان پاش نزیکەی بیست ساڵ، هەر وێرانەخاکەکەی جارانەو هەموو بیناسازی وجوانکاری و پاکوتەمیزی و خۆشگوزەرانی هەر بۆ پیاوانی دەسەڵاتە، کەگەیشتنە پەرلەمان و بەدەستهێنانی دەنگی هاووڵاتیانیان؛ تائێستا هەر بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆشبەختانەی خۆیان و خاو و خێزانیان بووە، کێشەیەک نییە خەڵکی کوردستان کارەبا و ئاو و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان نەبێت..خۆ ئــەوان نەک هەر ئەوانە، بەڵکو خاوەنی عەجایبترین هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی و لەزەتبینین و ژیانن، بەچەشنێک کەبەخەیاڵی هیچ بارۆن و سەرمایەدار و دەسەڵاتدارێکی دنیا و بگرە هیچ فیرعەونێکیشدا نەهاتووە؟!

هەموو ئەوەی کەبەدرێژایی ئەو چەند ساڵە ڕوویداو هەموو تاکێکی کوردی بەویژدان، شایەتحاڵە..بەسە بۆ ئەوەی کەلەمرۆدا خەڵکی بەویژدانی کوردستان بەتەواویی لەدەنگدان بسڵەمێتەوەو نەوێرێت جارێکی تر، کۆمەڵێک ناو هەڵبژێرێت و بیانکاتە سەروەو ئاغای خـۆی، تابەو پــەڕی تاسەوە بکەونە عەیش و نۆشی خۆشییەکانی ژیان و بەو پەڕی گاڵتەجاڕیشەوە، هەموو ئەو خەڵەتێنراوە دەنگەدەرانە لەبیر خۆیان بەرنەوەو بەفەرامۆشیان بسپێرن؟!

لەکاتێکدا لەدنیای دەرەوەو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وابــاوە، کەئەندامە کاندیدکراوەکان پاش هەڵبژاردنیان، بەڵێنەکانیان ببەنە سەر و پابەستی پرۆگرامە خزمەتگوزارییە، پێشتر تەرحکراوەکانیان ببن..نازانم تاکەی دەنگدەری کورد، بەوەبیرهێنانەوەی خەباتی شاخ و خوێنی شەهیدان و دروشمە بریقەدارە ناسیۆنالیستە لەکارکەوتووە تەقلدییەکان هەڵبخەڵەتێنرێت.. لەکاتێکدا ئــەوەی بەدرێژایی مێژوو خوێنی بۆ ئەم شۆڕشە داوە، هەر ئێمە بووین و پێشم وایە هەر ئێمە دەبین، جا ئەگەر هەموو ئەوەی ئەمڕۆ حزبەکانی کورد بیرماندەخەنەوەو دەیدەنەوە بەڕووماندا هەر خودی ئێمەی جەماوەری خەڵکی کوردستان پێی هەڵسابێتین، ئەی بۆ دەبێت کەسانێکی تر و توێژێکی

**بێشەرمییەکی گەورە بێت، بەبێ لێپرسینەوەی یاسایی لەهەموو ئەوانەی بەسایەی حیزبەکانیانەوە، پاش ڕاپەڕین بوونەتە سەرمایەدار بێیت و داوای دەنگدان لەخەڵکی بکەیت، ئەمە لەکاتێکدا هیچ پرۆگرامێکیش نەبێت**

دیاریکراو لەبەرەکەی بخوات هەموو ئەوی تری لێ بێ بەش بکات... کەواتە بۆ دەبێت، هەڵەبجەو سەرجەم شوێنە وێرانکراو و ناوچە ئەنفالکراوەکان..پاش نزیکەی بیست ساڵ لەحوکمی بەناو حکومەتی کــوردی، هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتبێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەرپرسێکی کورد خۆی خەڵکی ناوچەیەک بووبێت و خۆی مەبەستی بووبێت، بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر لەڕووی بیناسازی و خزمەتگوزارییەکانەوە ئاوەدانی بکاتەوە..

ئەوە توانیویەتی بەتاقی تەنیا کارێک بکات و بەچەشنێک پارەی شەخسی خۆی تێدا سەرف بکات، کەبێتە مایەی بەزەیی هاتنەوەت بەحیزبەکەیدا کەبەقەدەر ئەو پارەی نییەو ناتوانێت هیچ جێگەیەک وەک ئەوەی ئەو ئاوەدان بکاتەوە؟؟!!...

ئەمە هەم جێگەی پرسیارەو هەم مایەی پێکەنینیشە..کاتێک دەبینین بەرپرسێکی تاپێش ڕاپەڕینیش بێ شەهادەو بێ پارە، بەڵام پاش ڕاپەڕین خاوەن چەند شەهادەو سەرمایەیەکی بێ شوومار.. کەهیچ ســەر گــەورەی مافیای دنیا بەدەیان ئیشی نایاسایی بۆی پێکەوە نایەت؟!

بۆیە پێم وایە بێشەرمییەکی گەورە بێت، بەبێ لێپرسینەوەی یاسایی لەهەموو ئەوانەی بەسایەی حیزبەکانیانەوە، پاش ڕاپەڕین بوونەتە سەرمایەدار بێیت و داوای دەنگدان لەخەڵکی بکەیت، ئەمە لەکاتێکدا هیچ پرۆگرامێکیش نەبێت..لەدنیای دەرەوەدا کاتێک خەڵک دەنـگ بەکاندیدکراوەکانی لیستێکی دیاریکراو دەدەن، کەبەڵێنی پرۆژەی خزمەتگوزارییان پــێ بــدەن..وەلــێ لەکوردستاندا و بەتایبەتیش لەشارێکی وەک «سلێمانی» دا..پاش ڕووخانی ئەو سێ پردەی کەلەکاتی ڕژێمدا و لەنێو شاردا بۆ سەلامەتی گیانی هاووڵاتیان دروستکرابوو..تا ئێستا دەسەڵات پاش ساڵانێک لەحوکمکردن ئەوەی حیسابی بۆ نەکردبێت، سەلامەتی گیانی هاووڵاتیانی ئەو شارەیە وەک نموونەیەک؟! هەر بۆیە نەک هەر مانگانەو هەفتانە بەڵکو ڕۆژانــەش، دەرئەنجامی پەڕینەوەی هــاووڵاتــیــان چــەنــدیــن کــارەســاتــی جــەرگــبــڕی هــاتــووچــۆ ڕوودەدات.. باشترین شایەتیش بۆ ئەمە مردنی ژمارەیەکی نووسەر و هونەرمەندی شارەکەیە بەکارەساتی هاتووچۆ، هەر وەک هونەرمەند»سەروەت سەوز» و نووسەرانی وەک» ئەوڕەحمانی حاجی مارف» و....؟!

ڕاستییەکەی ســەربــاری گەلێک کــارەســات و مەرگەساتی جەرگبڕ کەدەسەڵاتی کوردی تێیدا تاوانبارە.. لەم گوتارەماندا مەبەستمانە بڵێین، لەم ماوەیەدا؛ قەوارە سیاسییەکانی کورد بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە سەرقاڵن و هەموو حیزب و لیستەکان دەیانەوێت بەشێوەیەک لە شێوەکان بە بانگەشەو خۆبردنە پێش، سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان ڕابکێشن و تا لەو ڕێگایەوە زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر و قۆرخ بکەن.

ئــەوەی لــەمــڕۆدا لــە زۆربــەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە قسەو باسی لەبارەوە دەکرێت و حسابی لەسەردەکەن هەڵبژاردن و دەنگدان و دەنگنەدان و گرنگی دەنگی هاووڵاتیانە، هەرلایەو بەیت و باڵۆرەیەک دەبێژێ بۆئەوەی ببێتە جێگای بڕوای هاوڵاتیان و دەنگی پێبدەن، هەرچەندە سیستەمی حکومی عێراق و کوردستان سیستەمێکی دیموکراتی نییە تا وەکو وڵاتە دیموکراتەکانی دونیا دەنگی هاووڵاتیان هێندە کاریگەرو قوڵ بڕوات تا ئەو ئاستەی ئەگەری گۆڕین و گۆڕانی لێبکرێت و بتوانێت متمانەی حکومڕانی لە حکومەت بسێنێتەوەو سیستەمی دەســەڵات قڵپبکاتەوەو لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە حکومەتێکی تازە بێنێتە سەرکار، وەک وتم هەرچەندە لە عێراق و کوردستان بەشێوەی وڵاتــە دیموکراتەکان نییە چونکە سادەترین هۆی ئەم قسەیەم ئەوەیە کە حیزبی دەسەڵاتدار بەبێ شک هێندەی بۆی بکرێت لە تەزویرو فێڵ کردن کۆناکاتەوە.بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەنگەکان هەر قورسایی خۆیان هەیەو دەتوانن تەرازووی دەسەڵات بەلایەکدا لاسەنگ بکەن و ژمارەی کورسییەکان بگۆڕن. بەڵێ تــاڕادەیــەک دەنگەکان کاریگەرییان دەبێت و چیتر ناکرێت

حیزبەکان و سەرکردەکانی کورد لە پەنای شانازی خەباتی ڕابوردوویانەوە یان بە تەزویرو فێڵ کردن بەزۆری زۆرداری بــاوەش بە کورسی دەســەڵاتــدا بکەن و تەواوی پێداویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فەرامۆشبکەن و هیچ بەهایەک بۆ خەون و خولیای تاکی کورد دانەنێن و دوور لە هەموو خزمەتگوزاری و دادو یەکسانی و ڕاستی و بەرچاو ڕوونییەکی دەســەڵاتــداری هــەر بەو هیوایەبن خەڵک دەنگیان پێبداتەوەو ببنەوە جێگای متمانەی هاووڵاتیان. بۆیە دەبێت هەموو تاکێک ئەوە بزانێت کە هەڵبژاردن سەنگی مەحەکەو ڕۆژی تۆڵەکردنەوەی هاووڵاتییانە لە گەندەڵی و ناداپەروەری دەسەڵاتداران، دەبێت هەموو هاووڵاتییەک هێندە ئەقڵ و بیرکردنەوەو تێڕامانی هەبێت.. وەک هەر لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا ئاوڕێک لەو ساڵانەی ڕابردوو بداتەوە بۆئەوەی بزانێت ئاستی ژیــان و گــوزەرانــی هاووڵاتیان چۆن بووە؟! بۆئەوەی بزانێت ئاسایش و دادپەروەری و خزمەتگوزاری بۆ کێ بووەو لەخزمەتی کێ دا بووە؟! بۆئەوەی بزانێت سەروەت و سامانی گشتی بۆ کێ و بۆ چی خەرج کراوە؟! بۆ ئەوەی بزانێت دەسەڵات هیچ ڕێکەوتنێکی لە تاریکیداو لە پێناو بەرژەوەندی چەند کەسێکدا دوور لە پەرژەوەندی گشتی واژۆکــردووەو هەوڵی داوە بە چاوو ڕاو ئاشکرابوونی هەموو پرسەکان لە کۆمەڵانی خەڵک بشارێتەوە. چونکە هەر هاووڵاتییەک دەنگەکەی خۆی بەلاوە گرنگ نەبێ و بەبێ وردبــوونــەوە لە ساڵانی ڕابردوو دەنگی بخاتە سندوقی دەنگدانەوە ئەوە دەبێت چاوەڕێی هیچ گرەنتییەک نەکات بۆ باشتربوونی ژیان و گوزەرانی چونکە هەر هاووڵاتییەک خۆی بەهای دەنگی خۆی نەزانێت کە دەنگ بۆ کێ و کام لیست دەدات ئەوە بەبێ گومان ئەو حیزبەیش هیچ نرخێک بۆدەنگێک دانانێت کە لەڕیگای سۆزەوە کۆنترۆڵ کرابێت و بەبێ بیرکردنەوە لە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو فڕێبدرێتە سندوقی دەنگەکانەوە. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانــم بەهەموو تاکێکی کورد بڵێم : کە هەوڵبدات نەکەوێتە ژێر وتاری پڕ لە سۆزی سەرکردەکانەوەو دەنگی خۆی نەکاتە قوربانی جووڵاندنی وەتەری سۆزو کولاندنەوەی برینەکان و هێنانەوە یادی کارەساتەکانی ڕابردوو.. چونکە لیستی دەســەڵاتــدار لەم ڕۆدا بەدەستی خزمەتگوزاری بەتاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابــردوو و دەیەوێت بە هێنانەوە یادو خستنەوە بەرچاوی وێنەی کارەساتەکانی ڕابردوو سۆزی خەڵکی کۆنترۆڵ بکات و لەو ڕێگایەوە دەنگەکان بۆخۆی بەرێت ، بۆیە دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کــوردی ئاوڕێک لەو ساڵانەی ڕابردوو بداتەوە بـۆئـەوەی بزانێت دەســـەڵات چی بۆ خەڵک و چی بۆ دەست و پێوەندەکانی خۆی کردووە ئەمە کارێکی گران نییە بەگەڕانەوە بۆ ئەو ساڵانە ڕووی ڕاستی دەسەڵاتی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت کە دەسەڵاتێک بووە پشت لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕوو لە کەمینەیەک کە تــاڕادەیــەک ســەروەت و سامانی گشتی بۆ مەرامەکانی ئەو کەمینەیە خەرج کــردووە کە ئەو کەمینەیە هەم حیزب و حکومەتیان بۆخۆیان قوتداوەو هیچ خەمێکی ئەوەیان نەبووە کە ڕۆژێک ئاوڕ لە هەڵەبجەو ئەنفال و گەرمیان کێشەو ئازارەکانی خەڵک بدەنەوە، بۆیە لە کۆتایی دا هیوادارم هەموو کەسێک بەهای دەنگی خۆی بزانێت و دەنگی خۆی بەبزمارێک دابنێ کە لە بۆشاییدا داینەکوتێت.چونکە پێشتر زۆرێک لە ڕێگای دەنگەکانەوە گەیشتنە بەغدادو لــەوێ بۆ خەم و کێشەو ئازارەکانی کورد لە بۆ شاییەک زیاتر هیچی تر نەبوون!؟



# بۆ بردنەوەی دیاریی بەنرخ هێڵەکەت تۆماربکە

ئاسیاسێڵ سەرجەم بەشداربووانی خاوەن هێڵە تۆمارنەکراوەکان ئاگاداردەکاتەوە کە بەڵگە رەسمییەکان ئامادەبکەن بۆ تۆمارکردنی هێڵەکانیان لای بریکارە سەرەکییەکانی سەر بە کۆمپانیا یان لە نزیکترین ناوەندی فرۆشتن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانمان دا.

تێبینی: تۆمارکردنی هێڵەکان بێ بەرامبەرە

**ئەو بەڵگانەی کە پێویستن بۆ تۆمارکردنی هێڵەکە:**

– ناسنامەی باری شارستانی
– کۆبۆنی خۆراک
– ٢ وێنە

**تێبینی:**

– خاوەنی ئەم هێڵانە لەرێی کورتە نامەوە ئاگادار دەکرێنەوە.
– هەفتانە قورعە بۆ دیارییەکان ئەنجام دەدرێت.

**بۆ تۆمارکردن تکایە سەردانی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە بکە:**

## کەرکوک

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقانی پارێزگای سەرەکی

| ناوی بریکار | ناونیشان |
|---|---|
| کۆمپانیای سارا | سەرەتای شەقامی جمهوری \ بەرامبەرنەخۆشخانەی (دار السلام)ی کۆن |
| کۆمپانیای ئەزهر | ئەلماس\ بەرامبەر ماڵی پارێزگاری کۆن |
| کۆمپانیای دیلانیی | سەرەتای شەقامی جمهوری \ نزیک چێشتخانەی عەبدوڵلا |
| ئالان شۆپ | شەقامی الثورة \ تەنیشت کۆمپانیای بیمەی نیشتمانی |

## سلێمانی

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقامی سالم، تەلاری گروپی کۆمپانیاکانی فاروق

| ناوی بریکار | ناونیشان |
|---|---|
| ئاسیافۆن | شەقامی کاوە / تەلاری کاوە |
| شاخەوان | شەقامی کانێسکان |
| شاد | شەقامی سالم |
| بەڵین | شەقامی سالم |

## هەولێر

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – شەقامی ئاراس، سەنتەری ئارام
ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – ناحیەی سۆران

| ناوی بریکار | ناونیشان |
|---|---|
| ئاسیاتێل | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| هەولێرفون | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| سۆز | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| کاوە | شەقامی ئاراس |
| سایە | شەقامی باتە/کۆتری سەلام |
| جوندیان | شەقامی سەرەکی جوندیان |

## دهۆک

ناوەندی فرۆشتنی سەرەکی – فولکەی خیول

| ناوی بریکار | ناونیشان |
|---|---|
| شانا | میدانی ئەحمدی خانی/ناوەندی بازار/نزیک چێشتخانەی منقل |
| هەولێرفون | شەقامی K.R.O / نزیک نەخۆشخانەی د. عاصمە |
| سۆز | شەقامی نوهادرا / بەرامیەر چیشتخانەی تورکی |

**ئەو ژمارانەی خەڵاتی کارتی ١٠٠ دۆلارییان بردوەتەوە**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 07709813452 | 07706269933 | 07700864168 | 07707232281 | 07704213456 | 07701854664 |
| 07711078568 | 07700407810 | 07702749231 | 07711425669 | 07712363322 | 07712891102 |
| 07711436668 | 07701726102 | 07709986087 | 07709960660 | 07711961514 | 07708479777 |
| 07711264798 | 07712997952 | 07700751654 | 07708760372 | 07704295040 | 07710178002 |
| 07709885737 | 07712609581 | 07700985450 | 07707184902 | 07709991724 | 07700186875 |
| 07703920993 | 07710864077 | 07705850411 | 07710250941 | 07710274184 | 07712274797 |

ئاسیاسێڵ کۆماندەکاتەوە

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ـــــی بیستەمینی حوکمی خۆمان

سیاسیو فکری سیاسیمان بگۆڕین.

دەروازەی ئەم کاتە، دەروازەی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، لەلایەک دەستکردو بەرهەمی ئەو بزووتنەوە مەدەنییەیە کەچەند ساڵێکە لەکوردستاندایەو لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی بەرهەمدارو روو لەئاشتی بکات، دەبێت ڕێکخراوەمەدەنییەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن‌و قسەیەکی زۆر ئاشکراو راستەوخۆیان هەبێت‌و تەمسیلی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە بکات کە لێوەی هەڵقوڵاون. دەنگدان بەرەو هەڵبژاردنی هێزێکی ترمان دەبات کە دووانە پێکهاتەیە، پێیەکی لە دەروازەکانی رابردوودایەو پێیەکی لەدەروازەی ساڵی بیستەمی حوکمی خۆماندایە. دەروازەکانی رابردوو، کەم تازۆرێک دەروازەگەلێکی دەستکردی هێزە دەرەکییەکان بوون، بەڵام دەروازەی ئەمڕۆ، بەرەو حوکمی خەڵک پەلکێشمان دەکات.

لەدەیەی پێشوودا، چالاکییە مەدەنییەکان لەکوردستانداو لەعێراقدا زۆرترین‌و دیارترین چالاکی بوون کە کەمترین کاریگەریی حیزبیان لەسەر بێت. هەندێکمان دەڵێین، دەبێت کۆمەڵگای مەدەنی لەحیزبەکان بەدەر بێت‌و هەندێکمان دەڵێین، کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا ڕێکخراوە NGO کان دەگرێتەوەو ئیتر زۆرێک لە راکانی تریش. لەم بەشەدا پرسی من، پرسی ئەو سەرپێوەستانەیە کە کایە مەدەنییەکان خاوەندارێتی دەکەن کە بەتاکی سەربەخۆ دەستپێدەکات‌و بە دەسەڵاتی چوارەم کۆتایی دێت. یەکێک لە کۆسپەکانی دیموکراتییەتی گشتی لەلای ئێمە، نەبوونی بەرهەمەو نەبوونی پیشەیەو نەبوونی سەندیکاکانێتی. دەبێت دەروازەی ئەمجارەمان بەرەو ئازادیی ڕێکخراوبوون‌و ئازادیو سەربەخۆیی سەندیکاکان‌و یەکێتییە پیشەییەکان بێت لە هەموو جۆرەکانی حیزب. ئەم پەیامەش تەنیا ڕێکخراوە مەدەنییەکان تێیدەگەن. دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەڵگای مەدەنی دەنگی هەبێت، تاک دەبێت هاوڵاتی بێت، هاوڵاتییەکی کاراو بەرپرسیار، دەبێت خواستەکانی خەڵکی کوردستان ڕەنگبداتەوە لە گۆڕیندا.

## رابەرێک‌و دوو بزووتنەوە:

لەساڵی (٢٠٠٩)دا بزووتنەوەیەک درووست بوو بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان‌و تا ئێستاش لەبرەودایە، ئەم بزووتنەوەیە، دوو تەوژم لەخۆ دەگرێت: یەکەم: ئەوانەی لەدەسەڵاتدا بوون‌و بەئاگابوون لە غەرقبوونی دەسەڵات، لەگەندەڵیو ناعەدالەتیدا، دووەم: ئەوانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتدا لەچوارچێوە مەدەنییە پچڕپچڕەکاندا خۆیان ڕێکخستبوو، ڕێکخراوی مەدەنی بوون، کۆمەڵە بوون، رۆژنامەو گۆڤارو دامەزراوەی پەخش بوون... تاد. وەک ماکی کلتووری بنەڕەتی، خەڵکی کوردستان، بێ «سیمبوڵ» ململانێی پێناکرێت، بۆیە سەرکردایەتییەک بوو بە رابەری دوو بزووتنەوەو لە گۆڕاندا جۆرێک لەئاشتییان درووستکردووە. ئاشتییەک لەنێوان دوو بەرەدا، ئەوانەی حیزب‌و بەرنامە خراپەکانی حیزب ناشرینی کردبوون، هەروەها ئەوانەی هەیمەنەی دەسەڵات لەناو کایەمەدەنییەکاندا تەنگی پێهەڵچنیبوون، ئەم دوو بەرەیەش، پێویستیان بە یەک‌و دووە، دەبێت پێکەوە بن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن، بەڵام دەبێت بەردەوام لەجیاوازیدا بن، دەبێت ئەم دوو بەرەیە پێکەوەو بەردەوام لەداخوازیو لەدانوستاندا بن بۆ ئەو خواستەی دەتوانێت کۆیان بکاتەوە، ئەویش گرنگیدانە بەپێویستیو خواستەکانی خەڵک، چونکە ئەوەی دەسەڵاتی دەوێت «دەسەڵات هی خەڵکە، ئیدی دەبێت خەڵک دەسەڵاتیان باتێ، ئەوەی خەڵکی دەوێت، پێویستی بە دەسەڵاتە بۆ ئەوەی خواستەکانی خەڵک بەدەستبهێنێت».

رابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە، وەڵامدانەوەی پرسیاری گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە رابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە، ئەرکی ئاشتەواییو تەبایەتییە بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەکەو سەقامگیریی گۆڕان. ئەوەی لە لیستەکاندا دەبینرێت، دەموچاوی نوێن، بەرێژەیەکی بەرز، ئەوەی لەلیستەکاندا دەبینرێن، خەڵکی جیاوازن، بەڵام تێکڕا لەدوو بەرەوە هاتوون، بەرەیەکی سیاسیی قاڵ لەدەسەڵاتداو بەرەیەکی مەدەنیی قاڵ لەمقاوەمەتدا. مقاوەمەت، بە واتای رەخنەو قبوڵ نەکردنی دەسەڵاتی زۆرەملێ، مانەوەی ئەم پێکهاتەیە بە تەباییو بە هاوبەشی، کۆمەک بە پرۆسەی گۆڕین دەکات.

پارێزگاری خەسڵەتەکان لەپێکهاتەی گشتیدا، گۆڕین لەناو گۆڕیندا بەردەوام دەکات. رابەرایەتیی ئەم کارە، وەک رابەرایەتیی دوو بزووتنەوە وایە لە یەک جەستەدا، رابەرایەتیی خێرو شەڕ نییە، بەڵام رابەرایەتیی دوو خواستی تەواو جیاوازە. خواستێک بەتەنیا لە دەرگای دەسەڵاتەوە دەڕوانێتە دونیاو هەرچی خواستی دووەمیشە، بەتەنیا لە دەرگای دەسەڵاتەوە دەتوانێت شتێکی هەبێت، بیلێت.

پێشتر خواستی یەکەو کارەکتەرە چالاکەکانی بواری مەدەنییەت، تەنیا بواری رۆژنامەوانی بوو، بەڵام ئیتر لەدوای دەروازەی ساڵی بیستەمینی حوکمی خۆمانەوە، دەبێت ڕێکخراوبوون بێت، نەک بە تەنیا رۆژنامەکان، ئیدی دەبێت ئاکسیۆن‌و چالاکی مەدەنییانە بێت، نەک بە تەنیا وتەو کاری رۆژنامەکان.

لێرەڕا حوکمی قەدەری ئەم ئیشە لە ناوەڕۆکی پێکهاتەکانییەوە بەدی دەکەین، بێگومان مەبەستم رابەرایەتیکردنی ئەم کارەیە، چونکە ئەم پێکهاتەیە، رابەرایەتییەکی تایبەتی دەوێت. بزووتنەوەکانی کوردستان وا راهاتوون کە دەبێت بگەنە ئەوپەڕی ناخۆشییەکان، ئینجا رادەپەڕن، بەم ئالیەتەش هەموو خەڵک دەبێت بەیەک کە لە راستیدا جیاوازن. بەم ئەلگۆیە رابەرایەتیی سەرکەوتوو، دەبێت دەست بەجیاوازییەکانەوە بگرێت‌و لە ئاشتییەکی بەردەوامدا بەڕێوەیان بەرێت، دەرفەتی بەرهەمهێنانی ڕێکخراوو کۆبوونەوەی جۆراوجۆرو سەندیکای بێلایەن درووست بکات، بۆ ئەوەی بتوانین بەهۆیەوە لەحوکمی هەمان قەدەر دەرباز ببین کە هەموومان دەکاتەوە بەیەک.

## هاوڵاتی.. سەرچاوەی فیکری جیاواز:

سروشتی مرۆڤ وایە، کەس بەتەواوی لەکەسێکی تر ناچێت‌و ئەمەش وادەکات کە بەردەوام پێویستیی جیاوازو خواستی جیاوازیان هەبێت. مرۆڤ‌و مافەکانی مرۆڤ پێمان دەڵێن، گرنگ زۆرینەو کەمینە نییە، گرنگ شوێن‌و جێگا نییە، مافەکان جیهانین‌و دەبێت هەموو کەس ئەو مافانەی پارێزراو بن، بەڵام سیستمی وڵاتەکان، جۆری هاوڵاتیو مافەکانیان دیاریدەکەن، هاوڵاتیبوون ئەو جوغزەیە کە دەبێت ببێتە سەرچاوەی ئەو جیاوازییەی وەک دەروازە کراوەتەوە لەبەردەم ئەم دەیەیەی کوردستاندا. بەگشتی، هاوڵاتیبوون وەک چەمکێکی سیاسیی ناسراوە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنداو لە فیکری دیموکراسیشدا، ئەم چەمکە بەسەر دوو جۆردا دابەش بووە: یەکەمیان، هاوڵاتیی ئاسایی، دووەم هاوڵاتیی کارا. هەرچی جۆری یەکەمە، بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە کاریگەریی زۆری نابێت، چونکە جۆرێکی پاسیڤەو کۆمەڵە مافێکی پێدراوەو دەتوانێت سەری خۆی کز بگرێت‌و ژیان لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن بەڕێ بکات، بەڵام جۆری دووەم، زەخیرەی هەموو کردەکانی مێژوویەکە کە بەیانی دەستپێدەکات، هەمیشەش بەیانیش ئەمڕۆ دەستپێدەکات.

ئێمە بۆ پرۆسەی گۆڕین، جۆری دووەمی هاوڵاتیمان پێویستە، ئەم جۆرە، ناوەستێت لەسەر یاساکان کە مافی هاوڵاتیبوونی بۆ بسەلمێنن، بەڵکو خۆی دێت‌و دەڵێت، من هاوڵاتیم‌و بە بەشداریو بە کارایی خۆی ئەم کارە دەکات‌و قبوڵی چاوەڕوانی ناکات بۆئەوەی مافەکانی بۆ دابنرێن. لێرە بەدواوە، لەم دەروازەیەوە هاوڵاتیی کارامان دەوێت بۆئەوەی پێش هەموو کەس، بزووتنەوەکەی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە. من قسەم لەسەر هەڵبژاردن نەماوە، چونکە ئیدی هەڵبژاردن‌و دەرئەنجامەکانی روونن. ئەگەری هەرە بەهێزی خەڵکی کوردستان ئەوەیە، کە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی زۆرینە بێت لەناوەندی دەسەڵاتی فیدراڵیدا، ئەگەری لاوازیش ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنیش هێندەی دەسەڵاتی ئەمڕۆ، کاریگەری هەبێت، بەڵام گرنگی کاریگەرییەکە لەژمارەی کورسییەکاندا نییە، گرنگی کاریگەرییەکە لە کاراییدایە.

کارایی نوێنەرایەتی، وابەستەی کارایی هاوڵاتییە، ناتوانین نوێنەرێکی کارامان هەبێت بەبێ دەنگو رەنگو کردەی کاراییانەی ئەوانەی نوێنەرایەتییان دەکات «هاوڵاتیی کارا». بە واتایەکی تر، بۆئەوەی دیموکراتییەتێکی سەراپاگیر هەبێت‌و کۆمەڵگا بەتەواوی دیموکراتیزە ببێت، ئەوا دەبێت هاوڵاتی دەرفەتی هەبێت کە بەشدارییەکی راستەوخۆی کاریگەر لەبونیاتنانی دەوڵەتەکەی خۆیدا بکات، بەهەموو پێکهاتەکانی دەوڵەتەوە. ئەمەش بە تەحەداکردنی دەسەڵات دەبێت لە ڕێگای هاوبەشی هاوڵاتیی بەرپرسیارو کاراوە لە پرۆسێسی سیاسیدا. هەرگیز مافی (هاوڵاتیبوونی بەرپرسیارانە) بە ئاسانی لەلایەن دەسەڵاتەوە نادرێت‌و لەوانەیە دەسەڵات، بێتە پێش‌و بۆ ئەوەی خۆی جوان بکات، مافەکانی هاوڵاتیبوون لەچەند چوارچێوەیەکدا وێنا بکات، بەڵام تەنیا کاتێک کە مافی هاوڵاتیبوونی چالاک‌و بەرپرسیاری تیادا دەسەلمێت، ئەو کاتەیە کە بەهۆی زەبری چالاکبوون‌و کارابوونەوە دەسەڵات ناچار دەکرێت‌و مافی هەموان لەچوارچێوەی یاسایەکی مرۆڤدۆستدا دەسەپێنن.

بەبێ هاوڵاتیی هەمەڕەنگ، دەروازەی بیری جیاوازو بیری خۆمی تاکە کەس بەرهەم نایەت. بەبێ شەرعیەتی هەمەڕەنگبوون تاکەکەسی بەرپرسیارو چالاک بەرهەم نایەت، لێرەوە سەرچاوەی بیری جیاواز، پاراستنی مافی هاوڵاتیبوونی بەرپرسیارو کارایە وەک تاک لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا، بۆیە دەبێت، هاوڵاتی بەسەرجەم ئەو هێزانە بڵێت: «نەخێر» کە دێن‌و بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ بەرپرسیارێتی دەکەن‌و دەیانەوێت هەمووومان کۆپی یەکتر بین، ئەمەش ئاسانە بیناسینەوە. لەتێکڕای ئەو ترسانەدا کە دەسەڵات لەماوەی رابردوودا پەراوەی کردوون، وەک قورسیی مۆڵەتی ڕێکخراوەکان، داخستنی رۆژنامەو راوەدوونانی قەڵەمەکانیان، قورسیی سەربەخۆیی سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکان، ترس لەدرکاندنی بودجەو زانیارییەکان...تاد.

## کوردبوون لە عێراقدا، پرسێک بۆ ئەو کەسەی کە مەبەستێتی، یان دەترسێت:

دەربارەی کورد، «مەلەفێک نییە بەناوی کوردەوە لەسیاسەتی ئەمریکیدا، بەڵکو مەلەفێک هەیە بەناوی عێراقەوەو کوردیش چاپتەرێکە تێیدا»، ئەمە ئەو خیتابە دۆڕاوەیە کە دەسەڵات وەک تەپڵی پارشێو لێیدەداتەوەو هەموو شەوێک لەخەومان دەکات، دیارە مەبەستم کلتووری تەپڵلێدانەکەیە، لەنەبوونی سەعاتدا، ئەو کلتوورە ئەرزشی هەبوو، بەڵام ئێستا هەموو ماڵێک ئامێری بەئاگاهێنانی تێدایەو ئەم تەپڵەمان ناوێت. دەبێت لەم دەروازەیەوە کە گۆڕینە.. کە بەرەنگارییە.. کە رۆڵبینینە.. وەک هاوڵاتی، دەبێت ئەو گوتارو لێکدانەوەیە بگۆڕین. کورد لە عێراقدا بەئارەزووی خۆی عێراقی نییە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا سەلماندویەتی ئەوەیە کە دەیەوێت عێراقی بێت، واتە لە ناخەوە عێراقی نەبووە، بەڵام لە رووکاردا خۆی عێراقی کردووەتەوە. دەسەڵات‌و نوێنەرایەتیی کوردی لە بەغدادا، تا ئێستا بۆی گرنگ نەبووە کە بیر لە چارەسەری ئەم گرێیە بکاتەوە، چونکە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت لەوێ بوون‌و هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی بۆیان مەسەلەیەکی لاوەکی بووە.

گومانی تێدا نییە کە بە دەوڵەتبوونی کوردستان، کارێکی قورسە، بەڵام هەرگیز نییە. گومانی تێدا نییە کە ئەمە خەونی هەموو کوردەکانە، نەک بەتەنیا شاعیرەکانی کورد، دواجار خەون شتێکی جوانە نەک ناشیرین، چونکە خەون بەشی گەورەی راستییە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، هەمیشەش راستی ناشرین نەبووە. گومانی تێدا نییە کە بڕیاردان لەسەر چارەنووس بەرەو دەوڵەتیش مافێکی هەموو کوردانە، بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، چونکە مافی چارەی خۆنووسین مافە، ئەگەر کوردانیش هاتنە سەر داوای سەربەخۆیی، دەبێت لەم قاڵبەدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت‌و ناتوانرێت لێیان زەوت بکرێت. ئەم جۆرە لە «نۆشن»، ئەم جۆرە لەئیحساس‌و ئەم جۆرە لەخواست، هەرگیز نەگەیەنراونەتە دڵ‌و هەستی «شەریکەکانمان» لە عێراقدا. ئەمەش بەرهەمی ترسنۆکی دەسەڵاتە لە دەسەڵاتداری خۆی، چونکە هەرکات ویستت کورسییەکەت بەشەرعی بهێڵیتەوە، ئەوەندە زیاتر تەنازول دەکەیت‌و بەئاشکرا دیار دەبێت کە بەرهەم‌و خواستی گشتی دەدەرێت بەخواستی تایبەتی. ئەم دەروازەیە بۆ گۆڕین لەسیاسەتی ئاشتیخوازانەدا کارێکی ئاسانەو تەنانەت ئازایەتیو بوێری زۆریشی ناوێت، بەڵکو تەنیا لۆجیکی راستگۆییو ئازایەتیی نوێنەرایەتی دەوێت. سیاسەت بە فەزیلەت دەکرێت نەک بە رەزیلەت، بۆیە کاتێک بەرپرسەکانی کورد جورئەتی ئاشکراکردنی سامانەکانیان نییە لەبەر دەم لیژنەکانی نەزاهەدا، دیارە تێکڕای فەزیلەتی خۆتەرخانکردنیان بۆ پرسی گشتی لەدەستداوەو ئەمەش حیکمەتی من نییە، لەسەردەمی پێش یۆنانی کۆنەوە ئەمە لۆجیکی سیاسەتە.

دەروازەی نوێ بە جێکەوتەی کاریگەریی گۆڕین، دەخوازێت خیتابی ناخی کورد بگەیەنێتە نەتەوەکانی تری خەڵکی عێراق، ئەگەر چی ئەم خیتابە داواکاری جیابوونەوەش نەبێت، دەبێت ئەم خیتابە لەناخی نەتەوەکانی تری عێراقدا چەکەرە بکات‌و شوێنێکی هەبێت، دەبێت ئەم خیتابە یەکێک بێت لە کەرەستەکانی ئەم دەروازەیەی ئەمڕۆ کە دەیەوێت گۆڕین بەرجەستە بکات، چونکە ئەوە خواستی خەڵکە. ئەگەر سیاسەتی رۆژیش ناخوازێت کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، ئەوا دەبێت مافی سەربەخۆبوون، زەنگێکی هێمنی مرۆڤدۆستانە بێت‌و هەمیشە لەدەرگای نەتەوەکانی تری عێراق‌و هێزەجیهانییەکان بدات، چونکە بەڕاستی ئەمە خواستی خەڵکی کوردستانە. نوێنەرانی کورد لەبەغدا، لە شەش ساڵی رابردووداو بەتایبەت لەچوارساڵی رابردوودا، نەیانتوانیوە ئەو خیتابە نە لەسەر ئاستی جیهانی، نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەرنە پێش.

کورتەی گوتارمان: دەروازەیەک لەبەردەمدایە بۆ نوێبوونەوە کە بە دەنگی هاوڵاتی دەکرێت، دەبێت ئەوانەی خێریان تیایە لەحیزبەکان‌و کۆمەڵگای مەدەنی، مل بە فەزیلەتەکانی سیاسەت بدەن بۆئەوەی پرسی میللەتێک بەرنە قۆناغێکی تر.. بۆ ئەوەی دەروازە نوێیەکەی گۆڕین، نەبێتە دەروازەکانی ململانێی دەسەڵاتی ناشەریفانە کە نیوسەدە زیاترە ئێمەی یەخسیرکردووە.



عێراق

# گـۆڕیـن.. دەروازەکـەی ساڵـ



سۆران عەبدولقادر کۆستە

دیموکراسی، باشترینی ئەو سیستمە خراپانەی ئەمڕۆ لە دونیادا هەیە..

هەڵبژاردن، تاکە ڕێگای دیموکراسی، بۆ گەیاندنی دەنگی هەموو بۆ بەرزترین ناوەندەکانی بڕیاردان.. عێراقێکی تەواو زامدارو پڕشکست، بە ناچاری مومارەسەی دەوڵەتبوون دەکاتو تێکڕای جەستەی پینەی سیاسییە.

ئەگەرچی ئەمڕۆ عێراق دەوڵەتێکی بێخاوەنە، دەوڵەتێکی بێسەرکردەو بێسیستمە، دەوڵەتێکە لەدۆخی گۆڕانو گواستنەوەدایە، دەوڵەتێکە بۆ تەراتێنی نەخۆشییەکانی دەسەڵات کە سەراپا لەناخی یەکەیەکەی تاکەکانیدا بە بەردبووە، بەڵام هێشتا بەشی کوردستان هێزو گوڕی تێدایەو نەخشەکانیشی ڕەنگدەگرن لە عێراقێکی دوای سەدام حوسەینەوە. ئەمڕۆ لەعێراقدا کوردستانێک وەک هەرێمێک دەژیو جیایە لەجەستەی پیرەدەوڵەتی بەزۆر دروستکراو. ئەمڕۆ ئەم هەرێمە دەبێت وەک باقی وڵاتەکە بەشداری دەنگدان بکاتو تازەچارەنووسی بۆ ئەمجارەش، مەحکومە بەتێکڕای ئەم دەوڵەتەوە.

## دوو پێویستیی بۆ دەنگی تۆ:

پێویستی یەکەم: هاوڵاتی، ئەگەر بڕیارە هاوڵاتی بێت، بڕیارە بەرپرسیارو خاوەندەنگو خاوەنماف بێت. بۆ ئەوەی هاوڵاتی بین، دەبێت بەشدارو چالاک بین، بەشداریو چالاکی لەدەنگداندا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی هاوڵاتیبوونە. گرنگ نییە، جۆری دەنگمان. گرنگ نییە، ڕەنگی دەنگمان، گرنگە بەشدار ببین. دەنگی تۆ جیاوازی دەکات لەنێوان خراپو باشدا، بێگومان بە رای تۆ، دەنگی تۆ جیاوازی دەکات لەنێوان خراپو خراپتریندا، بێگومان بە هۆشیاری تۆو تێگەیشتنی تۆ.

پێویستی دووەم: ئێمە خۆشمان بێتو ترشمان بێت، لەعێراقداینو دەستوورێک هەیە کە ئێمەش دەنگمان پێداوەو بەرامبەری بەرپرسیاربووین لە رووی مێژووییەوە. دەبێت ئێمە لەم عێراقەدا بەشدار بین، بەڵام کێ بەشداریی پێدەکەین؟ ئەوە دەنگی تۆیە کە چارەسەری ئەو پرسیارە هەستیارە دەکات، هەڵسەنگاندنی تۆ، چارەسەری ئەو گومانانە دەکات، تۆ دەتوانیت بڕیار بدەیت کە کێ لەوێ بێت. ئومێدی هەموومانە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆمان هەبوایە، هەموو ناوچەکانی کوردستان لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا بوونایە، بەڵام ئەگەر کەمێک واقیعی بین، ئەمڕۆ ئێمە ئەو دەوڵەتەمان نییەو لەعێراقداین، بەڵام بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو، دەبێت خەڵکی ئازا بچێتە ئەو ناوەندەی بڕیارەوە، خەڵکی خۆنەویست بچێتە ئەو ناوەندەی دەسەڵاتەوەو دەنگی تۆیە، جیاوازی دەکات لەنێوان ئەوانەدا کە دەبێت بچنو ئەوانەدا کە بۆ ئەو ناوەندە ناشێن.

## سەرکردەی ئازامان دەوێت:

لە دیموکراسیدا دەسەڵات بەنۆرەیە.. دەسەڵات جارێک بەوە، جارێک بە من، جاری دواتر سەرەی تۆیەو ئەگەر زۆر بەسادەیی قسە لەسەر حیکمەتەکەی بکەین: هەر سەرکردەیەک، هەر بەرپرسێک لەماوەیەکی دیاریکراودا، دەتوانێت حوکم بکات! زۆر گرانو زەحمەت نییە، ئەو ماوەیە هەموو هۆشو بیری دەخاتەگەڕ بۆ ئەو پرسو پەیمانەی لەپێناویاندا چووەتە مەیدانی سیاسەتو پاش ئەو ماوەیە زانیاریو هۆشمەندییەکانی لاواز دەبن! ئەمەش سەیر نییە، حوکمی میکانیزمی عەقڵ وایە.. پێویستی بەکاتە بۆ خۆنوێکردنەوە، پێویستی بە پشووە بۆ ئاساییبوونەوە، چونکە سیاسەت کارێکی تاقەتپڕوکێنەو کەس ناتوانێت تاسەر لەجێیەکداو بەنەفەسێک سەرکردە بێت. ئەمە گرنگترین هۆکاری دەروونیو بایۆلۆجییە کە سەرکردەکانی ئێمە دەمێکە لە رووی هۆشمەندی پێویستو لە رووی جەستەییەوە بە کەڵکی سەرکردایەتی نەماون. ئیدی ئەمە وابەستە نییە بەتەمەنەوە کە گەنج بیت یان بەتەمەن، دەتوانیت هەرماوەیەک، زۆر ژیرانە رابەرایەتی بکەیت. ئەوانەی ناوەندەکانی دەسەڵات، لەلای ئێمە زۆر لەمێژە ناتوانن لەئاستی حیزبەکانیاندا کارا بن چجا بەحاڵی کارکردن لەبەغداو لەناوجەرگەی ململانێکانی دەوڵەتێکی ئاڵۆزی وەک عێراقدا.. ئەمە ئەگەر هاتوو قایل بووینو ملماندا بەوەی: یەکەم/ ئەوان لەماوەی رابردوودا بۆ بەرژەوەندیو پەیامێکی گشتی لەو ناوەندە کاریانکردووەو هەرگیز بەرژەوەندیی خۆیان نەخستووەتە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە. دووەم/ ئەگەر قایل بووین بەوەی کە ئەوان لە رووی زەیینو هۆشمەندیو دەروونییەوە عەیارە بیستو چوارنو شمولی یاسا بایۆلۆجییەکان ناکەن.

ئێمە وەک هاوڵاتی، متمانەمان دایە تاقمێک لە خەڵکو لە سەرکردە، بەو بڕوایەی کە دەتوانن داکۆکی لەمافەکانمان بکەن، بەڵام لەماوەی رابردوودا شانسی خۆیان وەرگرتووەو ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە جارێکی تر شانسیان پێ نەدرێتەوە. زۆربەیان ئەوەتەی هەن سەرکردەن، باوەڕم وایە کە کورسییەکەشیان لێیان بێزار بووبێت. هەیانە ژیانی ئاسایی نەبینیوە، هەرگیز پشووی نەداوە، هەڵەی ئێمەش لەوەدایە کە ئەم جۆرە لە خەبات بەقارەمانی وەسف دەکەین کە لە راستیدا قارەمانێتییەکی ناهۆشمەندانەیە. لەسیاسەتیشدا قارەمانی هۆشمەندانەمان دەوێت، لەکاتی خۆیدا دەنگ هەڵبڕێت، بە کەرەستە پاکەکان سیاسەت بکاتو بزانێت ئیستیقالە چییە، بوێرێت سەرکردایەتیی خەڵکی تر قبوڵ بکات.. ئەم جۆرە لەقارەمانێتی ئازایەتی دەوێت. ئەوانەی رۆژێک لەڕۆژان جورئەتیان نەکردووە لەپۆستەکانیان ئیستیقالە بکەن، یان پەنایان بردوەتە بەر شێوازی ناشەرعی بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا، هەرگیز ناتوانن ئەو سەرکردەو نوێنەرە دڵسۆزە بن کە بۆ ململانێکانی بەغدا دەست بدەن.

ئەم جۆرە لەقارەمانێتی ئازایەتی دەوێت. ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان جورئەتیان نەکردووە لە پۆستەکانیان ئیستیقالە بکەن، یان پەنایان بردووەتە بەر شێوازی ناشەرعی بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا، هەرگیز ناتوانن ئەو سەرکردەو نوێنەرە دڵسۆزە بن کە بۆ ململانێکانی بەغدا دەست بدەن

## چۆن تەوژم، شوێن ئێمە دەکەوێت؟

راپەڕینی(۱۹۹۱) دەروازەیەک بوو بۆ رزگاریو بۆ ئازادی، بەڵام ئازادی لە دیکتاتۆرەکەی بەغدا، نەک لەدیکتاتۆرییەت... شۆڕش تەوژمێکی پەنگخواردووی سەر سنوورو ئەودیو سنوورەکانی دەوڵەتە بەزۆر درووستکراوەکەبوو.. ئەم راپەڕینە خەڵک دروستی کردو پێویستییەکی دێرینو پەنگخواردنەوەیەکی پازدە شازدە ساڵی بوو... دواتر تەوژمی شۆڕش شوێن خواستی ئێمەکەوت، بەڵام ئەم تەوژمە پڕبوو لەحەز بۆ دەسەڵات. تەوژمێک بوو بەبێ دەسەڵات ململانێی دەسەڵاتی کردبوو لە سەرەتاکانی شەستی سەدەی رابردووەوە، هەر بۆیە لەنێو خۆیدا کەس ملی بەکەس نەداو شەڕێکی خوێناوییان بەرپاکرد بە رووی تێکڕای هەمووماندا و ئەوانەی تینوی دەسەڵات بوون، بۆ دەسەڵات رەسمەکانیان لەدیواردا و بەرپرسیارن بەرامبەر پاشهاتو مێژووەکەی.

ئاشتییەکەی (۱۹۹۸) خواستێکی بێوچانی خەڵکی کوردستان بوو کە ئیدی نابێت کەس لەخۆڕاو بەئاگری جەنگی ناوخۆ شەهید بکرێت. ئەم دەروازەیەی ئاشتی، هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ناچارکرد کە مل بەخواستەکانی ئێمە بدەن، زۆر کەس هەیە دەڵێت، بەهێزی دەرەکی ناچارکران، بەڵام لەڕاستیدا هێزە دەرەکییەکان (ئەمریکاو بەریتانیا بەتایبەت، هێندە ژیرن کە دەزانن، کەی گۆڕانێکی تر دەخولقێت، بۆیە دەزانن کەی گوشار دەکەنو کەی هەنگاو دەنێن، ئەو هێزانە دامەزراوەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەبەردەستدایە، نەک لەخۆڕا بڕیار بدەن).. لەهاوسەنگی هێزەکاندا فەزایەکی مەدەنی درووست بوو.. هێدی هێدی ئێمەش هاتین، رۆژنامەی ئازادو رێکخراوی چالاکو کایەی داکۆکی جیاوازو ریفراندۆمو زۆر شتی ترمان کردە عەساو بەرامبەر سیحری فیرعەونەکانی کورد لەبواری جیاجیادا دەمانوەشاند، بەڵام بەداخەوە دواجار قاڵبێکیان دۆزیەوە، قاڵبی دوو ئیدارەیی، ئەو قاڵبەی لەخۆڕا خەڵکی ڕەنگ دەکردو لەخۆڕا خەڵکی دەکردە گێرەشێوێنو تیرۆریستو سەوزو زەرد.. هەتا دوایی. ئەمەیش چانسێکی تریان بوو، تا دەروازەکەیان زۆر لەسەرخۆ پێوە دەدا.

دەروازەی رزگاریی یەکجاری، روخاندنی رژێم، ساڵی(۲۰۰۳)، خواستی خەڵکی عێراقو بەرژەوەندیی زلهێزەکان یەکیانگرتو دیکتاتۆر بەیەکجاری وەدەرنرا، بەڵام وەدەرنانی پەروەردەو کلتوورەکەی زۆر زیاتری پێدەچێت لەو ماوەیەی کە باوەڕمان پێکردبوو. ئەم دەروازەیە کرانەوەی دروستکردو جارێکی تر بەڕووی دونیادا کراینەوە.. دەستمانکرد بەهەوڵدان بۆ شێوازی حوکمی دیموکراتییانەو ژمارەی ڕێکخراوو لاپەڕەو تەلەفزیۆنی ئاسمانیو زانکۆی جیهانیو حیزبی نوێ...تاد هاتنە گۆڕێ، بەڵام ژینگەی دیموکراتی بە عەقڵی پەروەردەکراوەوە بۆ دیموکراتییەت دروستدەبێت، لەدەرەوەی ئەم ئەگەرە، زۆر ئاستەنگە دیموکراتییەت چەکەرە بکات، هەر بۆیە بەداخەوە رووبەڕووی عێراقی خوێناوی گەندەڵو کوردستانێکی گەندەڵتر بووینەوە! بەداخەوە سەرکردەکانمان نەیانتوانی سوود لەم دەرفەتەش وەربگرنو هەنگاوێک لە پرسە سەرەکییەکان بچنە پێشێ. لەڕاستیدا جارێکی ترو بۆ دواجاریش دەنگمان پێدانەوەو لە (۲۰۰۵)دا دڵمان پێخۆشکردن!، بەڵام مایە بەتاڵ گەڕانەوەو پرسێکی ستراتیژییان نەبردە پێش، بەڵکو مانشێتی جەریدەکانیان پڕپڕبوو لە بانگەشە بۆ چارەسەری پرسەکانی هەرێمو ناوەند لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، رۆژێک نەمانبیست کە پرسێک چارەسەرکرابێت.

دەروازەی چوارەم (۲۰۰۹ ــ ۲۰۱۰) دەروازەکەی بیستەمین ساڵی حوکمی کورد، دەروازەیەک بۆ دەربازبوون لە عەقڵی دیکتاتۆری، ئەم دەروازەیە بەمانشێتی بیری جیاوازو هەمەڕەنگ کراوەتەوە. بەهۆی ئەم دەروازەیەوە لەکوردستان بیری ئۆپۆزسیۆن بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە سەرکەوتوو بوو، ئۆپۆزسیۆن وەک دیاردە لە رقی خەڵکەوە ئەڵتەرنەتیڤی هێنایە کایەوە. واتە جارێکی تر تەوژمێک پەیدا دەبێتەوەو دەڵێت، نەخێر بۆ دۆخی وەستاو.. بۆئەوەی بەدەردی دەرگاکانی تر بەداخستن نەچێت، دەبێت خواستەکانی تۆ بەدی بهێنێت.. دەبێت کار بۆ سەرکەوتنی تۆی دەنگدەر بکات.. دەبێت ئەو تەوژمە شوێن تۆبکەوێت..

لەم مەراقە گشتییەدا دەردەکەوێت کە هەر چوار تا پێنج ساڵێک، دەبێت بەخۆشی بێت یان ناخۆشی گۆڕانێک روو بدات. دەوڵەتو سیستمە ژیرەکانی دونیا ئەم گۆڕانە بەپێکەوەیی دەکەن، بەیەکەوە هەوڵدەدەن کە خۆیان نوێبکەنەوەو پێکەوە تێدەکۆشن بۆئەوەی دووچاری بنبەستو قەیرانی حوکمی هەتا هەتایی نەبن.. ئەوان ئەم بەهاو زانینو بیروباوەڕانەیان لەنێو کلتوورەکانیانی خۆیاندا پراکتیزە کردووەتەوە.. ئێمەش یان ئەوەتا دەبێت مل بدەین بە دەسەڵاتی خێڵئاسای وەک وڵاتەکانی تری نەوت لەکەنداودا، یان دەبێت بە ئاڕاستەیەکی تردا تێکڕای ژیانی



پەرلەمانی

# رۆژنامە ٧

**٦٠٠ ملیار دیناری کرێنی گازوایل نارۆشنە**

**١٠٠ ملیار دیناری داهاتی کارەبا دیارنییە**

# بودجە لە رۆشنایی گۆڕاندا



## لە پێشنیاری بودجەی بەکاربردن (١٦،١٢٧،٧٥٣) ملیۆن نووسراوە، بەڵام بۆ وەبەرهێنان لە خانەی پێشنیار (سفر) دانراوە

ناوەڕۆکی بودجەکە دەریدەخات، کە (١٩) ساڵە چ غەدرو فیلێک کراوە، چونکە تەنیا لەمساڵدا چەندین پارە سەرفکراوە بۆ پرۆژەی حیزبیی‌و بێکەڵک، بەڵام گەرمیان‌و چەندین ناوچە بێ پرۆژەن

جگەلەوەی تائێستا چارەنووسی (٥) ملیار دۆلاری گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیار نییە، سەدان ملیۆن دۆلاری وەزارەتی سامانەسروشتییەکان بە نارۆشنی ماوەتەوەو نازانرێت لە کوێدان، هەروەک داهاتی وەزارەتەکە نەخراوەتە سەر بودجەی گشتیی

## (٣٠) ملیار بۆ گۆڕستانێک، بەڵام دوو قەزا بێ پرۆژەن

## (٢) خوێندنگەی ئەهلی، هێندەی (٤٦) خوێندنگە پارەیان بۆ دانراوە

# چ شتێک ماوە بیکەن؟

هەنار رەحیم

لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە پێشبینی ئەوە دەکرا چیدی لیستی دەسەڵات نەتوانێت بەرگەی ئەو نارەزاییە جەماوەرییە بگرێت، کە لە ڕێگەی ڕژانە سەر شەقامەکانەوە هاوڵاتییان دەریاندەبڕی، زۆریشی نەخایاند ئەو هەقیقەتە بە روونیی دەرکەوت.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو لیستە بەردەوام بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، بەڵام هەر زوو دەرکەوت پەتی تەحەمولی ئەوان بەرگەی چەند ڕۆژێکی قەرەباڵغی ئەو جەماوەرە ناگرێت کە دەڕژانە سەر شەقامەکان، بۆیە دەبوو وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان ڕێگای زەبروزەنگ بۆ خەفەکردنی دەنگی جەماوەر بەکاربهێنن.

ئەوان لەڕێی چەکبەدەستە حیزبییەکانەوە زۆر بێشەرمانە کەوتنە ویزەی ئەو گەنجانەی لەسەر شەقامی سەهۆڵەکەو شەقامەکانی دیکەی شاری سلێمانی خۆشی خۆیان دەردەبڕی، یەکەمجار بە لێدانو سووکایەتیپێکردن، ئینجا بە تەقەو بریندارکردن، ئەمەش کتومت هەڵسوکەوتەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی بیرخستینەوە.

ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابـردوو پێیوتین سەرکردەی ئەم حیزبانە هیچ پەندێکیان لە شەڕی ناوخۆوە بۆ بەجێ نەماوە، ئەو جەنگەی بە بڕیارێکی هەڵشانەو لەپێناو بڕێک بەرژەوەندیی خۆیاندا هەزاران گەنجیان تێدا کردە قوربانیی، ئەو جەنگەی سەدان منداڵیان تێدا بێ باوک کردو ئێستاش نانی ئەو منداڵانە دەبڕن کە هەرخۆیان سەبەبکاری لەناوچوونی باوکیان بـوون، پێدەچێت هێشتا هەر لەو خەیاڵەدا بنو بیانەوێت هەمان سیناریۆ دووبارەبکەنەوە.

هەموو ئەمانە وامان لێدەکات بپرسین، کە ئایا سەرۆکی هەرێم لەکوێی هاوکێشەکەدایە؟، ئایا ئەو بە تەنیا وەک سەرۆکی هەولێرو دهۆک مامەڵە دەکاتو ئەوەی لەشارەکانی دیکە روودەدات پەیوەندیی بـەوەوە نییە؟ ئایا ئێستاش بەهەمان پێوەری دابەشبوونی جوگرافی شەڕی ناوخۆ فەرمانڕەوایی دەکات؟ یان دەیەوێت لە دوورەوە چاوەڕێ بکات، چونکە هەرچییەک رووبدات بەقازانجی ئەو پارسەنگ دەبێت.

بە بڕوای من، ئەگەر سەرۆکی هەرێم هیچی لەدەستنایەت، ئـەوا بۆئەوەی ئەو مەسئولیەتە مێژووییە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، باشترین چارەسەر ئەوەیە دەست لەکاربکێشێتەوە.

ئەگەر ئەو گریمانەیەش وەربگرین، کە سەرۆکی هەرێم بەپلەی یەکەم خەمخۆری ناوچەکانی ژێر رکێفی حیزبەکەی خۆیەتی، ئەوا ئەم حاڵەتە بۆ سەرۆکی حکومەت بەڕاست نابینرێت، چونکە ئەو پێش هەموو شتێک نوێنەرایەتی شارەکەی خۆی دەکاتو ئەگەر لێرە دەستی نەڕوات، ئەوا باشترە چـاوەڕێ نەکات لەهیچ سووچێکی دیکەی ئەم هەرێمەدا گوێی لێبگیرێت.

بەپێی هەموو پێوەرێکی یاسایی ئەو هێزانەی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی بە حساب ئەمنییەت رادەگرن، کەوتوونەتە ژێر فەرمانڕەوایی ئەوەوە، بۆیە بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر هەر پشێوییەک کە روویدات، ئەگەر ئەویش پێیوایە توانای بەسەر ئەو هێزانەدا ناشکێت، ئەوا باشترین بڕیار بۆی ئەوەیە خۆی دەرباز بکاتو دەستلەکارکێشانەوەکەی رابگەیەنێت.

بەڕێزینە، خۆتان باش دەزانن ئەو شکستانەی تووشتان هاتووە دەرئەنجامی ئەو بێباکییەیە کە چەند ساڵە بەرامبەر هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە پەیڕەوی دەکەن، باشیش دەزانن ڕۆژبەڕۆژ هێزو تواناتان روو لەکەمیی دەکات، بۆیە ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکی گەورەدان، یان ئەوەتا بە حوکمی جەماوەر رازی بن، ئەگەر زۆرینە بوون کەمینە فەرامۆش مەکەنو ئەگەر کەمینەش بوون زۆرینە قبووڵ بکەن، یان ئەوەتا بڕیارێکی لەوە قورستر بدەنو ئەو دەبابانەی لە جەنگی عێراقەوە حەشارتان داوە، ئێستا دژی جەماوەر بەکاریبهێنن، بەڵام ئەوکاتەش بڕیاری جەماوەر هەرچییەک بوو ئەنجامەکەی لەئەستۆی خۆتانە.

**خۆتان باش دەزانن ئەو شکستانەی تووشتان هاتووە دەرئەنجامی ئەو بێباکییەیە کە چەند ساڵە بەرامبەر هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە پەیڕەوی دەکەن**

# درۆ و دراو کارتەکانی دەسەڵات



پارێزەر، عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین خدر

بەهای هەر هێزێکی سیاسیی بریتیە لەگوتارو کـردەوەی ئەو هێزە بۆ میللەتەکەی، چونکە ئەمە دواجار دەبێتە شوناسی ئەو هێزە، یەکێتی و پارتی بەو پارە زۆرەی لەبەردەستیانە دەیانتوانی هەموو پەیامو بەڵێنێک بکەنە کـردەوەو لەدەرەنجامدا بتوانن ژیان و گـوزەران لەهەرێمی کوردستاندا بەجۆرێک لێبکەن کە کەس نەتوانێت بڵێک دەسەڵات میللەتی لەبیر چـۆتـەوە، کـەس نەتوانێت بڵێت بودجە لەتاریکیدا تێدەپەڕێنرێت و ماڵی میللەت بەفیرۆ دەدرێـت هەروەها یەکێتی و پارتی ئەگەر نیەتێکی باشیان هەبوایە و خەمی چەندین ساڵەی میللەتەکەمان کەلەپێش هەموویانەوە مەسەلەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانە ببوایە بەسەنتەر و پێوەری سیاسەتەکانیان لەو ژینگە سیاسیە لەبارەی عێراق لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوەوە دەیانتوانی سەرکەوتنی مێژوی گەورە تۆماربکەن و تەواوی ناوچە دابڕێنراوەکان بگەڕێننەوە سەرخاکی کوردستان ئەمڕۆ کەس نەیدەوت خەمی پۆست و ئیمتیازە تایبەتیەکانتان لەپێش خەمی نەتەوە بوە بەڵام ئەو پرسیارەی کەبەرلەوەی ئێمە لەدەسەڵاتی کوردی بکەین پێویستە خۆیان پرسیار لەخۆیان بکەن ئەوەیە بۆچی دەسەڵاتی کوردی «یەکێتی و پارتی» نەیتوانیوە ئەم بەرەنجامانە بەرهەمبهێنن؟ لەواقعدا دەسەڵاتی کوردی هەمیشە لەئاستی زۆر نزمدا مامەڵەی لەگەڵ عەقڵیەتی تاکی کوردیدا کردوە و تەسەوری دەسەڵات بۆ هۆشمەندی تاکی کورد بەجۆرێک بوە کە هەمیشە دەتوانێت بەهەردوو چەکی درۆ و دراو لەخشتەی بەرێت و دواجار بیخاتەوە خزمەت سیاسەتە نا ئەخلاقیەکەی خۆی ئەم جۆرە لەسیاسەت کردن بەدەرلەوەی بەبازاڕیکردنی سیاسەتە بەگەوج کردنی تاکی کوردیشە چونکە دەسەڵاتی کوردی تەنیا کارینەکردوە لەسەر قێزەون کردنی سیاسەت و کردنی بەبابەتێک بۆ کڕین و فرۆشتن و دانانی نرخ لەلایەن پیاوە نەخوێندەوارەکانی دەسەڵاتەوە بەڵکو بەکەم تەماشاکردن و بێڕێزی نواندنە بەرامبەر بە تاکی کوردی، دەسەڵاتی کوردی دەمێکە هەڵگری گوتارێکی نەخۆشە،گوتارێک پێیەکی درۆیە و پێیەکەی تری دراو، گوتارێک کە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بەشێک نیە لەخەمی نەتەوە و بەرپرسانە لەگەڵ چرکە ساتی مێژوویدا مامەڵناکات بەڵکو میزاج و خەمی تاکەکەس و بنەماڵە پێکهێنەری ئەم گوتارەیە و بـەردەوام هەڵیدەسوڕێنێت و ئاڕاستەی دەکات، دەسەڵاتی کوردی ئەو ووشەیەی کە خەونی هەمووان بوو ئەمڕۆ کە بۆتە واقع بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە سەرقاڵی چی یە، ئاخر کارەسات لەوە گەورەتر دەبێت چی بێت کە ئەم دەسەڵاتە بەسەرمایەی ماددی میللەتەکەمان سەرمایەی مەعنەوی و مرۆیی میللەتەکەمان ڕەزیل دەکات و چەواشەی دەکات، جارێک بیکاتە بابەتێک بۆ کڕین و فرۆشتن جارێک بیکاتە موادی شەڕ بۆ بەرژەوەندی بنەماڵە ...هتد دەسەڵاتی کوردی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەردەوام کاری کردوە لەسەر ڕزیل کردنی تاکی کوردی، هەمیشە ویستویەتی تاکی کوردی ببێتە هەموو شتێک نەبێتە مرۆڤێکی هۆشیار، چونکە دەزانێت مرۆڤی هۆشیار کارە ڕەزیلەکانی ئەوان دەبینێت و پێی قبوڵناکرێت وە هەموو کات دەسەڵاتی کـوردی ویستویەتی ئەوهێزانەی کار لەسەر هۆشیاری تاکەکانی میللەتەکەمان دەکەن چ تاکن یان گروپی ڕوناکبیری یان سیاسی یان ڕۆژنامەوانی لەلای خەڵک بەتێکدەری بەرژەوەندی میللەتیان بشوبهێنێت بۆئەمەش چەند کەناڵێکی حزبی و ڕاگەیاندیان هەیە کەبەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی درۆن ئەمانە خاوەنی فەرهەنگێکن لەدرۆ و چەواشەکاری کە بەڕویەکی زۆر قایمەوە ئەم درۆیانە دەهۆننەوە، بەڵام لەئەمڕۆدا کە خەڵکی کوردستان لەئاستێکی بەرزی هۆشیاریدایە و دەبینن کەمیللەتەکەمان خاوەنی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی کارایە لە شانۆی سیاسیدا وهـاوکـات چەندین ڕوناکبیری خاوەن هەڵوێست و ڕاگەیاندن کاری ئازایە کەدەستی ئەم دەسەڵاتەیان کەشف کردووە کە هەرگیز خەمەکانیان خەمی نەتەوە نەبووە بەڵکو خەمی کەسی بووە بۆیە دەنگی نا بۆدەسەڵاتی گەندەڵ و بەڵێ بۆ گۆڕان کورسیەکەیانی خستۆتە لەرزە و جارێکی تر گەندەڵی شوێنی خۆی ناگرێتەوە بەڵکو ئیرادە ژیانێکی سەربەرزانە بۆ تاکی کوردی دەگەڕێتەوە.

# نوێنەرانمان لە بەغدا



مافپەروەر: ئارێز سمکۆ حسێن (دهام)

دوای ئـەوەی بەپێی پەیمانی نێوان زلهێزەکانی ئـەوێ ڕۆژێـی دونیا، خاکی کوردستان لەنێوان چەندین دەوڵەتدا بەبێ خواستی خۆی دابەشکرا، بەشێکی نیشتمانی کوردانیش بە عێراقەوە لکێنراوەو درا بە ئینگلیز، لەم کاتەوە کەم یان زۆر، راستەقینە یان دیکۆر، بێ مەبەستو مەبەستدار گەلی کوردیش رۆڵـی بینییەوە لە پشکداریەتی حکومڕانیی عێراقدا، بەجۆرێک کە لە سەردەمی مەلەکییەتدا تا پلەی سەروەزیریش ئـەم دەسـەڵاتـەی کـورد بـڕیـکـردووە، دوای کودەتاکەی، کە بەعس لە عێراقدا فەرمانڕەوایی گرتەدەست، هەوڵدرا کوردیش بەشێوەیەک بەشداربێت لە دەسەڵاتی عێراقدا، بەو مەرجەی دەست لە هەندێک داواکاریی خۆی بەر بدات، کە گرینگترینیان مەسەلەی کوردستانیبوونی کەرکوک بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دواجار شۆڕشی ئەیلول، کە لە مێژووی کوردا بە گەورەترین شۆڕشی کوردستانی باشوور دادەنرێت، بەجۆرێک کە کۆی هێزەکانو خەڵکی کوردستانیش تێیدا خەباتیان تێداکردووە، هەناسەسارد بکاتو هەرەسبهێنێت.

دوای ئەو هەموو بەرخودانیەی کە گەلی کـورد لە باشووری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی دای، کە دواتر بە بەدەستهێنانی دیفاکتۆیەک لەنگەری گرت، جگە لەمەش دواجار لە(٢٠٠٣/٤/٩) ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان ڕژێمی بەعسیان رووخاند، بۆ یەکەمجار هەلێکی مێژوویی بۆ گەلی کوردی باشووری کوردستان رەخسا، کە ئەوەی بیەوێت بەسەر حکومڕانیەتی عێراق بیسەپێنێت، هەڵبەت ئەمەش لەبەرئەوەی تاقە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ناو عێراق بوو، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی رێکخستبوو، هاوکات هەرێمێکی ئازادکراویشی هەبوو، دیارە ئەمەش کەمجار لە مێژووی میللەتاندا ڕێکدەکەوێتو دووبارەبوونەوەی سەختە، بەڵام بەداخەوە نوێنەرانی کورد کە لەژێر ناونیشانی سەرکردایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا خۆیان نمایشدەکەن، لەجیاتی ئەوەی هەوڵی بەهێزبوونی خۆی بداتو گەشە بە دیفاکتۆکەی بداتو تۆکمەی بکات، چوو دەستی هێزۆکەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گرتو سەرلەنوێ دەسەڵاتداری بۆ خۆی دروستکردو عێراقی بنیادنایەوەو دایە دەست ئەو هێزانەی کە لەکاتی ئۆپۆزسیۆنبوونیان لەژێر باڵی خۆیدا بوون، بەمەش نەیتوانی سوود لە بێهێزیی بەرامبەرەکەی وەربگرێت، نەک ئەوەندەش ئەوەتا کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی دەیبینین، ئەم هێزانە بە کـردەوە لە هەوڵی بێهێزکردنی کوردانو سـەدان گـەمـەی یاسایی لـەسـەر کـورد دەچەسپێننو ململانێکان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا یەکلاییدەکەنەوە.

ئەمڕۆ لە عێراقدا جگە لـەوەی کورد توانیویەتی لە هەرێمێک خۆی نمایش بکات، هاوکات نوێنەرەکانی کە لە بەغدان پۆستی گرنگو کاریگەریان لەژێردەستە وەک: سەرۆک کۆماری عێراق، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران، وەزیرانی دەرەوەو سەرچاوەکانی ئاوو ئەشغالو ژینگە، چەندین باڵیۆزی عێراق لە وڵاتانو سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقو نزیکەی شەست ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو بە دەیان بریکاری وەزارەتەکانو بەڕێوەبەری گشتییو چەندان پۆستی سەربازییو کارگێڕیی دیکە، کە ئەمانە لەسەر بەشی کورد لە بەغدان، لێرەوە دەکرێت هەندێک پرسیار بکەین:

ئایا ئەم نوێنەرانەی کورد لە بەغدا شیاون بە هەموو پێوەرەکان؟، هەموو میللەتێک لە نوێنەرانی خۆیان دەکۆڵنەوەو تارادەیەک ئەگەر بینییان نەیانتوانیوە کارەکانیان بە باشی بەڕێوەببەن، ئەوا لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکـەن، لێرەوە دەکرێت بپرسین، ئەم نوێنەرانەی کورد چەند لە مافەکانی کوردیان وەرگرتووەتەوە لەوەی کە سەردەمی بەعس نەمان بووبێت؟ چییان بۆ بارودۆخی کەرکوک کردووە؟، توانیویانە هێزی پێشمەرگە بە نیزامی بناسێننو بودجەی تایبەتیان بۆ وەربگرن؟ توانیویانە کەیسەکانی هەڵەبجەو ئەنفالو تێکدانی لادێو شارۆچکەکانی کوردستان یەکلاییبکەنەوەو بە فەرمییو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جۆرێکیش کە بە بەغدا تێپەڕببێت بیکەن بە کەیسی نێودەوڵەتیو وەک جینۆسایدو کۆمەڵکوژیی بۆ دنیای بسەلمێننو بەهۆیەوە پشتیوانیی میللەتو وڵاتانی دنیای بۆ بەدەستبهێننو بیکەن بە دەستکەوتێک بۆ دوارۆژی میللەتەکەمان.

arezsmko@yahoo.com

**ئەم نوێنەرانەی کورد چەند لە مافەکانی کوردیان وەرگرتووەتەوە، چییان بۆ بارودۆخی کەرکوک کردووە؟**

# ـــەرێم، بۆ ساڵی (٢٠١٠)

ستراتیژی ڕۆشنه لەلایەن کابینەی نوێوەو ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، ئەمە کابینەی تەسریفی کارەکانە، نەوەک وەزارەتێکی راستەقینە، ئەوەیە کە؛ ئەو (٣) ترلیۆن‌و نیوەی بۆ وەبەرهێنان تەرخانکراوە نزیک بە (٦٨٪) لە سەدی، واتە: نزیک بە (٢ ) ترلیۆن‌و نیوی بۆ پڕۆژەکانی ساڵی رابردووە، کە ناونراوە پڕۆژە بەردەوامەکان‌و تەنیا (٣١،٣٪) بۆ



پڕۆژەکانی ئەمساڵ تەرخانکراوە، واتە نزیک بە (یەک ترلیۆن‌و سەد ملیار) دینار!!!

## هەشتەم: هاوسەنگیی بودجە:

بۆ دانانی هەر بودجەیەک پێویستە، بوجەی ساڵانی رابردوو، کەموکورتییەکان، شێوازی سەرف، زیادو کەم، هتد لەبەرچاوبگیرێت، بۆیە ئابووریناسان، کە باس لەدانانی یاسای بودجە دەکەن، زۆر بە گرنگی دەزانن هاوپێچی پڕۆژەی یاساکە حیسابی خیتامی ساڵانی رابردوو بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕۆشن بێت‌و بزانن بڕگەو بەشەکانی بودجە چۆن دادەنێن.

لە موازەنەی ئەمساڵدا لەگەڵ وردەکارییەکانی بەشەکانی ئەمساڵدا خۆشبەختانە وەزارەت ئاماژەی بە نەفەقاتی (٢٠٠٨)و ئیعتماداتی (٢٠٠٩) کردووە، کە ئەمە هەم پێویستەو هەم جێگەی دەستخۆشییە.

بە چاوخشاندنێکی زۆر خێرا بە ژمارەکانی ئەو خشتانە دەردەکەوێت، حکومەت بۆ دانانی ئەم بودجەیە هیچ گرنگیی بە ئاماژەکانی ساڵانی رابردوو نەداوە، وە لەسەر ئەو دەرکەوتانە بەرنامەی خۆی دانەرشتووە، هەروەها پێدەچێت تەنانەت لێکۆڵینەوەی وردیش بۆ ئەو ژمارەو ئاماژانە نەکرابێت.

زیانی گەورەی ئەنجامنەدانی ئەم لێکۆڵینەوەو ئەو حیساب نەکردنە لەوەدایە، ڕێژەیەکی زۆر بۆ تەشغیلی دادەنرێت بەبێ سەرفکردن لەسەر حیسابی وەبەرهێنان‌و خزمەتگوزاریی.

بەمانایەکی دیکە حکومەت ڕێژەیەکی زۆر پارە لە بەردەستی خۆیدا دەهێڵێتەوە، بۆئەوەی بۆ کارە ئاساییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت‌و بەشێکی کەم بۆ وەبەرهێنان (دروستکردنی ڕێگەوبان، کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، قوتابخانە، خەستەخانە، گوندی هاوچەرخ، هتد) تەرخان بکات.

ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ ناهاوسەنگیی بودجە، بۆ بێ پلانی، بۆ قۆرغکردنی پارە لەبەردەستی کاربەدەستی حکومیدا، کە بەگوێرەی چوونەپێشەوەی مەسەلە سیاسییەکان بەکاری بهێنێت، لەکاتێکدا کە خۆی بە پێویستی دەزانێت بەکاری بهێنێت، نەک ئەو کاتەی، کە هەرێم پێویستی پێی هەیە (لەبیرمان نەچێت موناقەلەی بڕگەو بەشەکان خراوەتە ئەستۆی خودی حکومەت)، با هەندێک نموونە بخەینە بەرچاو:

تەعویزاتی فەرمانبەران: لەماوەی ساڵێکدا (ترلیۆن‌و نیو)ێک زیادیکردووە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ سەرفکراوی نیوەی (٢٠٠٩) هێشتا نزیک بە (یەک ترلیۆن) زیادیکردووە، بێ هیچ روونکردنەوەیەک.

کەلوپەل‌و چاککردن (سیانە)، نیوەی (٢٠٠٩)، (٣٦١) ملیار سەرفکراوە، کەواتە دەبوایە لانی زۆر (٧٠٠) ملیار بۆ (٢٠١٠) تەرخان بکرایە، بەتایبەتیش کە ساڵی (٢٠٠٨) نەفەقاتی فیعلی (٦٠٣) ملیار بووەو ئەمساڵیش کابینە بچووککراوەتەوە، بەڵام (٩٣٧) ملیاری بۆ دانراوە.

لە (المقترح)یشدا (٤) ترلیۆن‌و (٦٠٠) ملیاری بۆ دانرابوو!!!

منافعی کۆمەڵایەتی لەنیوەی (٢٠٠٩) تەنیا (٦٢) ملیار سەرفکراوە، کەچی بۆ (٢٠١٠)، (١٨٠) ملیار تەرخانکراوە.

مەسروفاتی دیکە: لە (٢٠٠٨)، (٣١٥) ملیار خەرجی بووە، لەنیوەی (٢٠٠٩) تەنیا (٩٥) ملیاری سەرفکراوە، کەچی لە (٢٠١٠)دا (٦٨٣) ملیاری بۆ تەرخانکراوە، لە پێشنیازکراویشدا زیاد لە (ترلیۆن)ێکی بۆ داواکراوە!

مەوجوداتی نادارایی: لە (٢٠٠٨) مەسروفی فیعلی (١٢١) ملیارە، لەنیوەی (٢٠٠٩) تەنیا (٥٥) ملیار، بۆ (٢٠١٠) بڕی (٢٥٨) ملیار داواکراوە، پێشنیازیش زیاد لە (ترلیۆن)ێکە!

## ئێستا ئیتر با بڕۆینە نێو وردەکارییەکانی دیکەی بودجەکەوە:

١. لە بڕگەی (٣) مادەی یەکەمدا کورتهێنانی بودجە بە (هەشت سەد ملیارو سیو پێنج) ملیار دینار دەخەملێنێت، لە مادەی دووەمدا، داهاتی (٢٠١٠) بە تەنیا سێ سەدو چل‌و هەشت ملیارو شەش سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دەخەملێنێت. سەرباری تێبینی زۆرمان لەسەر ئەم ڕێژە نزمەی داهات، کە ئەویش نیشانەی نەبوونی پلانی ئابووریی‌و بەرنامەیەکی کارایە بۆ زیادکردن‌و جۆراوجۆرکردنی داهاتەکانی هەرێم، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێت نارێکی ڕێکخستنی بڕگەکانی یاساکەیە، عەجز هەمیشە لە ئاکامی زیادبوونی خەرجییە لەچاو داهاتدا، واتە کورتهێنان ڕێژەی کەمبوونی داهاتە لە بەراورد لەگەڵ خەرجیدا، بەڵام داهات لە عەجز کەمتر بێت، ئەوا مەگەر تەنیا لەم یاسایەدا بەرچاو بکەوێت!، هۆی سەرەکی ئەم هەڵە زەقەش لەوەوە هاتووە، کە ئامادەکەرانی بودجەکە نایانەوێت ئاماژە بەوە بدەن، کە زۆرینەی داهات، واتە زیاد لە (٩٧٪) لە بەغداوە دێت‌و لەم هەموو لاپەڕانەی بەسەر پەرلەماندا دابەشیانکردووە، نایانەوێت بە وردیی‌و شەففافانە قسە لەسەر داهاتی فیعلی هەرێم بکەن، چ ئەوەی دەچێتە خەزێنەی فیدراڵییەوەو چ ئەوەی لە هەرێمدا دەمێنێتەوە.

وەک لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، لەبەر ئەم لاسەنگیی‌و هەڵەیە پێویستە پەرلەمان پڕۆژەی یاساکە بۆ حکومەت بنێرێتەوە بۆئەوەی جارێکی دیکە وە بەشێوەی ستاندارد دایبڕێژێتەوەو ئاماژە بەهەموو داهاتەکان بدات، بۆئەوەی بە وردیی تێبگەین عەجزی راستەقینە چەندە؟.

٢. ئایا تەنیا ئەو بڕەی لە بڕگەی سێ لە مادەی یەکەمدا هاتووە، عەجز یا کورتهێنانی بودجەکەیە؟

بودجە بەوە لە میزانی حیساباتی مانگانە جیادەکرێتەوە، کە مەرج نییە لە کۆتایی ساڵ، وەیا لەکاتی دانانیدا هاوسەنگیی رەها لەنێوان خەرجیی‌و داهاتدا دروست بکرێت، بەو مانایەی جیاوازی نێوان ئەو دوو حەقلە یەکسان بە سفر بکرێت، دیارە پێداویستیی‌و پلان‌و حەزی حکومەت‌و دانیشتووان زۆرجار لەبڕی داهات زیاترە، بۆیە لەو حاڵەتە عەجز دروست دەبێت‌و حکومەتیش هەوڵدەدات ئەو عەجزە بەڕێگەی جۆراوجۆر کەمبکاتەوە وەک: زیادکردنی باجەکان، فرۆشتنی هەندێک کەلوپەلی دەوڵەت، قەرزی ناوخۆیی وەیا دەرەکیی، زیادکردنی هەنارده بۆ دەرەوەو کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن، هتد.

با سەیری موازەنە بکەین، بزانین چەند بۆ تەشغیلی داواکراوە:

لە: المقترح من قبل الدائرة لسنة (٢٠١٠) پێشنیازی (شازدە ترلیۆن‌و سەدو بیست‌و حەوت ملیارو حەفت سەدو پەنجاو سێ) ملیۆن دینار کراوە، ئەگەر ئەمە کۆبکرێتەوە لەگەڵ گوژمەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان، کە (٣ ترلیۆن‌و پێنج سەدو چل‌و سێ ملیارو حەفتاو چوار) ملیۆن دینارە، ئەوکات هەمووی دەکاتە: (١٩،٦٧٠،٨٢٧) (نۆزدە ترلیۆن‌و شەش سەدو حەفتا ملیارو هەشت سەدو بیست‌و حەوت) ملیۆن دینار، ئەو ڕێژە پێشنیازکراوە لەلایەن الدائرەوە گەر وەهمی بێت، ئەوە کارێکی ناپاساییە، ئەگەریش راستەقینە بێت‌و رەنگدانەوەی ئاستی داواکاری وەزارەت‌و دامودەزگاکان بێت، ئەوا کارەساتە، کارەساتە: چونکە لەم حاڵەتەدا عەجزی بودجەی کوردستان ناکاتە (هەشت سەدو سیو پێنج) ملیار دینار، بەڵکو (٨،٢٣٨،٦٥١) (هەشت ترلیۆن‌و دووسەدو سیو هەشت ملیارو شەشسەدو پەنجاو یەک) ملیۆن دینار!!!

بەڵام کارەسات لێرەدا نییە، بێ پلانی‌و ئاڵۆزیی تەنیا لێرەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە، کە ئەو هەموو عەجزە تەنیا بۆ نەفەقاتی تەشغیلی داواکراوەو لە حەقلی ئیستسماریدا، جگەلەو گوژمەیەی بۆی دانراوە، هیچ داواکارییەک، واتە (المقترح من قبل الدائرة) نەهاتووە! جا گەر بەمشێوەیە بوایە، ئەوا ڕێژەی تەشغیلی دەیکردە (٨١،٩٪)، نەوەک (٦٩٪). وەبەرهێنانیش ڕێژەکەی دەکاتە (١٨٪)، نەوەک (٣١٪).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کابینەی شەش جگە لە لیستێکی زۆرو زەبەندی خەرجی تەشغیلی، هیچ پڕۆژەیەکی گرنگی ئیستسماری لەبەردەستدا نەبووە، وەیا پێشنیاز نەکراوە بۆ ئەوەی بخرێتە نێو پڕۆژەکەوە، ئەگەر تەنیا وەک داوایەکی پێشنیازکراویش بێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە؛ کە ئایا گەر ئەو ڕێژەی وەزارەت داوایکردووە، واتە ئەو (هەشت ترلیۆن)ەی دیکە کابینە، بۆچی‌و چۆنی سەرف دەکرد؟ چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، بۆ بواری ئیستسماری هیچ دینارێک زیاد لە تەرخانکراو دانەنراوە، کەواتە سەرجەم ئەو پارەیە وەک لە خشتەکانیشدا بەروونی دیارە بۆ مووچەو خەدەماتە، جا دەبێت مووچەی کێ‌و خەدەماتی چی بێت بە (هەشت ترلیۆن) پڕبکرێتەوە؟؟ پلانی حکومەت چییە لەوبارەوە؟ ئەو کەمبوونەوەیە چۆن پڕدەکاتەوە؟

لەمە سەیرتر، کە نیشانەی پەلەپڕۆزێی ناردنی بودجەیە، ئەو زانیارییانەیە، کە لە راپۆرتی وەزارەتی دارایدا هاتووە دەربارەی بودجەی (٢٠١٠):

وەک باسمانکرد لە المقتەرەحی دائیرە بۆ تەشغیلی (١٦،١٢٧،٧٥٣) ملیۆن نووسراوە، بەڵام بۆ ئیستسماری لە خانەی المقترح (سفر) دانراوە، واتە حکومەت جگەلەو (٣،٥٤٣،٠٧٤) ملیۆنە هیچی دیکەی نەنووسیوە، کەچی لە راپۆرتی وەزارەتدا لە لاپەڕە (٣ )دا هاتووە، کەوا لە نووسراویاندا بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، داوای (٥ ترلیۆن‌و حەوسەدو پەنجا) ملیار دینار کردووە، کەواتە زیاد لە (٢ )ترلیۆن، لێرەدا کە پێویست بووە بۆ وەبەرهێنان نەنووسراوە؟

جا نەنووسراوە لەبەرئەوەیە، هیچ پڕۆژەیەک لە ئارادا نەبووە؟ هیچ وەزارەت‌و دەزگایەک پڕۆژەیان نەبووە؟ پلان نییە بۆ وەگەڕخستنی ئەو پارەیە؟ ئەگەر لە تواناندا نەبووە هیچ پێشنیازێک بکرێت بۆ سەرفکردنی ئەو پارەیە (کە ئەوەش هیچ مەنتقێکی تێدانییە، چونکە لانیکەم دەتوانرا پڕۆژەکان دووکەرت نەکرێت‌و بخرێنە چەند ساڵێک‌و بە ساڵێک تەواو دەکران)، بۆچی لەو نووسراوەیاندا بۆ بەغدا داوای (٥) ترلیۆن‌و نیویان کردووە؟؟

٣. ڕێژەی (٢٤،٧٪) ( یەک ترلیۆن‌و حەوتسەدو نۆزدە ملیارو حەوتسەدو شەست‌و دوو) ملیۆن دینار، تەرخانکراوە بۆ: باربو (اعانات)، بەخشین (منح) سوودی کۆمەڵایەتی (منافع اجتماعیە) مەسروفاتی دیکە، مەوجوداتی نادارایی، کە بەڕۆشنی دیارینەکراوەو هیچ میکانیزمێک نەخراوەتەڕوو بۆ شێوازی سەرفکردنیان، کات‌و هۆکاری بەخشینەکان، کێن سوودمەند دەبن لەوانە، بەکێ دەدرێت‌و کێی لێی بێبەش دەکرێت؟؟

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا نەیتوانیوە لە حکومەتی تەمام عەیاری حیزبییەوە دەربچێت‌و خۆی لە موحاسەسەی نێوان دوو حیزبی سەرەکیی رزگار بکات‌و ببێتە حکومەتی دامەزراوەو هەرێمیش بکاتە خاوەن دامەزراوەی دەوڵەتی، تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێمیش، کە لە ئاکامی هەڵبژاردنی راستەوخۆ دیاریکراوە هێشتا بە پرەنسیپی دابەشکردنی حیزبی دەڕواتە ڕێوە، بەتایبەت کە لە ئێستادا گفتوگۆی گەرم لەسەر جێگری سەرۆکی هەرێم هەیە.

٥. لێرەدا کە ئەم دامەزراوانەی خوارەوە کۆدەکەینەوە ڕێژەی ئەو پارەیەی بۆ حیزب تەرخانکراوە، یا راستەوخۆ لەژێر باڵی حیزبدا دەڕوات دەردەکەوێت.

دەزگاکان: سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایشی هەولێر/سلێمانی، کە ئەمانە بە رەسمیی‌و ڕۆشنیی لەسەر بنەمای موحاسەسەی حیزبی کار دەکەن‌و پۆستەکان دیاریکراون، (دەکرا وەزارەتی داراییش بخرێتە ئەم خانەوە، چونکە ئەو وەزارەتەش لەسەر بنەمای موحاسەسەی حیزبی وەزیرو وەکیل وەزیرەکەی دیاریکراوە، بەڵام لانیکەم ئەو وەزارەتە کەم تا زۆر لەسەر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی دەکات).

ژمارەی کارمەند: (٢٥٦،٢٨١)، کە دەکاتە (٤١،٥٪) سەرجەم کارمەندانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠٩).

بودجە: (٢،٢٨٨،١١٥) ملیۆن دینار لە کۆی بودجەی تەشغیلی، کە دەکاتە (٢٩٪) سەرجەم بودجەی تەشغیلی.

٦. لە بودجەی ئەمساڵدا لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، بڕی (٥٢ ملیارو نۆسەدو نەوەدو دوو) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا مەسروفی فیعلی پەرلەمان لە (شەش) مانگی سەرەتای (٢٠٠٩) دا، تەنیا (نۆ ملیارو شەش سەد) ملیۆن بووە، بە گوێرەی مادەی (٨٩) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبوایە حیسابی خیتامی پەرلەمان لە کۆتایی ساڵدا رەوانەی لیژنەی دارایی بکرایەو لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، کە ئەمە تائێستا نەکراوە.

٧. چەند فەرمانگەیەکی حکومەتی هەرێم هەیە، لە بودجەکەدا نە باسکراون‌و نە پارەشی بۆ تەرخانکراوە، بەتایبەت نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لەدەرەوە، کە بەردەوام لە زیادبووندایە، ئایا بودجەی ئەم نوێنەرایەتیانە لەسەر وەزارەتی دەرەوەی عێراقە، یا لەسەر حکومەتی هەرێمەو کێ وردەکاریی حیساباتیان لەگەڵ دەکات؟

٨. داهاتی هیچ کارگەیەکی حکومیی لە بودجەکەدا دیارنییە. ئایا کارگەکانی حکومەت هیچ داهاتێکیان نییە؟ ڕێژەی داهاتی وەزارەتی پیشەسازیی (٠،٧٧٪)، ڕێژەی داهاتی وەزارەت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩)دا (٤٥٪) هاتووەتە خوار، بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی رووداو حکومەت خاوەنی (١٨) کارگەیە، کە (١٥)ی داوە بەکرێ، بەڵام کرێکانیان دیارینەکراوە لە بودجەکەدا.

٩. پەرەپێدانی پارێزگاکان بەگوێرەی راپۆرتی وەزارەت لە (٣٢٢) ملیارەوە دابەزیوە بۆ (١٢٣) ملیار دینار، ئەم بڕە پارەیە خراوەتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام دیارنییە چۆن دابەشکراوەو بەشی هەر پارێزگایەکی هەرێم چەندە؟ ئەم بودجەیە ساڵانی رابردوو لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە خەرج دەکرا، بەڵام روون نییە ئەمساڵ دەخرێتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، یا پارێزگاکان‌و چۆن سەرف دەکرێت؟؟.

١٠. زۆربەی پڕۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراوە بۆ ناوەندی شارە گەورەکان، بەڕێژەی (٧٣٪)و تەنیا (٢٧٪) بۆ دەرەوەی شارە گەورەکان تەرخانکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە، کە زۆربەی شارۆچکەو دێهاتەکان پێویستیان بە خەستەخانەی پێشکەوتوو و خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیەو تەنانەت زۆر شاری سەرەکیش هێشتا لەزۆر کەرەستەو توانای پزیشکی بێبەشەو بەناچار نەخۆشەکانیان رەوانەی شارە گەورەکان دەکەن، کە ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە لە نەبوونی هاوسەنگیی لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا.

١١. حکومەتی هەرێم ساڵانە (٣٧،٥٢٣) (سیو حەوت ملیارو پێنجسەدو بیست‌و سێ) ملیۆن دەداتە کرێی دامودەزگاکانی، لەکاتێکدا دەیەها باڵەخانەو خانوو دامەزراوەی حکومیی هەیە، کە حیزبەکان دەستیان بەسەردا گرتووەو کراوەتە بارەگای حیزبی‌و تائێستا حکومەت‌و ئەنجومەنی وەزیران هیچ پلانێکیان نییە بۆ وەرگرتنەوەیان.

١٢. لە کوردستاندا زیاد لە (٤) هەزار کارگەی کەرتی تایبەت هەیە، ئەگەر حکومەتی هەرێم پلانێکی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ ئەم کەرتەدا، دەتوانرێت بەشێک لە کارمەندە فائیزەکانی خۆی بەتایبەت خاوەن توناکان رەوانەی ئەو کەرتە بکات بە هەندێک ئیمتیازاتەوە، بۆ نموونە حکومەتی عێراق لەیاسای بودجەی ئەمساڵدا مادەیەکی داناوە، کە ئاماژە بەوە دەدات؛ ئەگەر کەسێک لە کەرتی حکومییەوە بگوێزێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوا حکومەت نیوەی مووچەی جارانی پێدەدات بۆ ماوەی دوو ساڵ، دەکرێت سیستمی خانەنشینی کەرتی تایبەت باش بکرێت، بۆئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ رووکردنە ئەو کەرتە.

*** ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان**

# تێبینی لەسەر بودجەی حکومەتی هـ

عەدنان عوسمان*

**بەو حوکمەی:**
**١. دانانی بوجەی ساڵانە، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی حکومەت لەماوەی ئەو ساڵەدا**
**٢. تاوتوێکردن‌و پەسەندکردنی بودجە، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان**
**بۆیە لێرەدا بە روونی‌و وردی تێبینیی‌و سەرنج و پێشنیازەکانی خۆمان دەخەینە بەردەم سەرۆکایەتی‌و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

## یەکەم: پلانی ئابووریی کابینە:

کابینەی نوێ، پێش ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان دەبوایە بەرنامەو پلانی خۆی ڕەوانەی پەرلەمان بکردایەو لەوێدا سەرخەتی نەخشەو پرۆگرامی خۆی بخستایەتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بتوانن لەسەر ڕۆشنایی ئەو پلان‌و سیاسەتە ئابووریی‌و ئەو فەلسەفەی کارکردنە گفتوگۆ لەسەر بڕگەکانی بودجەکە بکەن، بەڵام حکومەت لە پەلەپەلیدا بۆ زوو ڕەوانەکردنی بودجە ئەوەی لەیادکرد، کە نەبوونی هێڵی گشتیی سیاسەتی حکومەت، کە پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە گفتوگۆو پەسەند بکرێت، تارماییەک دەخاتە سەر پڕۆژەی بودجەکەی.

## دووەم: ڕێکخستنی بودجە

یەکێک لە بنەما بناغەییەکانی دانانی بودجە، یەکانگیرییەتی بەو مانایەی، کە پێویستە سەرجەم خەرجی‌و داهاتەکان‌و شێوەی بەدەستهێنان‌و سەرفکردنیان لە بودجەدا ڕۆشن بکرێتەوە.

بەڵام لە پڕۆژەیاسای بودجەدا تەنیا ئاماژەیەکی خێرا بەو خاڵانەدا کراوەو ئەوە دیارینەکراوە، کە ئەو بڕی خەرجکردنە، کە سەرجەم بودجەکەیە لەکوێوە هاتووەو سەرچاوەکەی کوێیە؟ دەبوایە لە مادەی یەکەمدا، ئاماژە بەو بڕە پارەیە بدرایە، کە لە ئاکامی تەرخانکردنی (١٧٪) بودجەی عێراق‌و دوای بڕینی سەرجەم خەرجییە سیادیی‌و حاکمییەکان، دەگاتە هەرێم، کە ئەوەش سەرچاوەی سەرەکی داهاتی کوردستانە.

خۆ دزینەوە لە دیاریکردنی داهاتەکان نیشانەی بێپلانی‌و نەبوونی ستراتیژییەتێکی ڕۆشنە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو بودجەش وەک سلفەیەک پیشاندەدات، کە مانگانە لە بەغداوە دەگاتە هەرێم.

ئەو داهاتەی لە مادەی دوودا هاتووە دەبوایە بخرایەتە سەر ئەو داهاتەی لە بەغداوە دێت، بۆ ئەوەی بزانرێت بە وردی داهاتی هەرێم چەندە.

سەربارى تێبینی زۆرمان لەسەر بڕگەی داهات، کە دواتر سەرنجەکانمان لەو بارەوە دەخەینەڕوو، ناکرێت پڕۆژەی بودجە وردەکارییەکانی سەرجەم داهاتەکان: ناوخۆ، دەرەوە، باج‌و خاڵە سنوورییەکان، تەرخانکراوی بەغدا، هتد لە سەرەتای یاساکە ئاماژەی پێنەدرێت‌و پەرلەمانی کوردستان‌و بەتایبەت لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووریی لەسەر وردەکارییەکانی ئاگادار نەکرێتەوە.

ڕوونەکردنەوەی دەروازەی داهاتەکان بەشێوە ئسوڵییەی پێویستە، نیشانەی کەمتەرخەمی وەیا پەلەکردنی وەزارەتی داراییە لە ناردنی پڕۆژەی یاساکە، کە ئەوەش جێگەی تێبینییە، چونکە لانیکەم لە کۆتایی ساڵدا بەشی هەرە زۆری داهاتەکان دەردەکەون‌و ئاماردەکرێن، ئەم خاڵەش کاریگەری زۆری بەسەر هاوسەنگیی پڕۆژەکەوە هەیەو لاسەنگی کردووە.

بۆیە ئێمە لەم ڕووەوە پڕۆژەی بودجە بە هاوسەنگ نازانین‌و پێویستە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە گەورەیەو ڕێکخستنی پڕۆژەکە بەشێوەیەکی شەفاف‌و یەکانگیرانەو لەسەر بنەمایەکی زانستیی.

## سێیەم: پلانی ستراتیژیی

وەک دەزانـــن بـودجـە ڕەنـگدانـەوەی تێڕوانین‌و بەرنامەی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی حکومەتەو پێویستە بڕگەکان‌و تەرخانکراوەکان، وەڵامی ئەو ویست‌و داخوازیی‌و پلانانە بداتەوە. بەڵام لەو ڕاپۆرتەدا، کە هاوپێچکراوە لەگەڵ یاسای بودجەکەداو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ئامادەکراوە، هیچ ئاماژەیەک بە تێڕوانین، ستراتیژ، پلان، ئەولەویاتەکان نەدراوە، لەو ڕاپۆرتە گشتییەدا ڕۆشن نییە ستراتیژی حکومەت لەهەموو بوارەکاندا چییە؟ بۆ نموونە بۆ مەسەلەی ئەو ڕێژە زۆرەی بۆ بەکاربردن تەرخانکراوە، نەخشەی چییە؟ چ پلانێکی هەیە بۆ وەگەڕخستنی کشتوکاڵ، وەبەرهێنانی ناوخۆیی‌و دەرەکی، پیشەسازیی، هێنان‌و ناردن، هتد؟

خاڵی گرنگ، کە لەو ڕاپۆرتەدا ونە، ئەوەیە: ئایا حکومەتی هەرێم، چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ زیادکردنی داهاتەکانی هەرێم‌و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی ناوەند؟ چ پلانێکی هەیە بۆ باجە جۆراوجۆرەکان، ناردنی نەوت‌و بەگەڕخستنی ئەو پارانەی لە ئاکامی گرێبەستەکاندا بەدەستهاتوون؟.

هەروەهامەسەلەی‌هێزی‌کاروچارەسەری بێکاریی‌و بەگەڕخستنی توانا نووستووەکانی دامودەزگاکان‌و دانانی پلان بۆ تەرشیقی دامەزراوە حکومییەکان‌و برەودان بە کەرتی تایبەت‌و پێدانی هەندێک ئیمتیازات لەپێناو بەهێزکردنی ئەو کەرتە، ئەمانە هەمووی لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێنەکراوە.

ڕاپۆرتی وەزارەت، کە پێویست وابوو پلانی ڕۆشنی ستراتیژی کابینە بێت لە شیکردنەوەیەکی ڕووکەشیانەی بڕگەکانی بودجەکە بەولاوە هیچی دیکە نییە، واتە حکومەت لەسەر بنەمای لەم دەست بۆ ئەو دەست، بێ هیچ وردەکاریی‌و پلانێک کاردەکات.

بۆیە پێویستە ئەو ڕاپۆرتە ڕەوانەی حکومەت بکرێتەوەو پەرلەمانی کوردستان داوای پلانێکی ڕۆشن لە کابینە بکات، کە لەسەر بنەمای ئەو پلانە بڕگەکانی بودجە دیاریکرابێت.

## چوارەم: بودجە، یا تەمویل

بەگوێرەی یاسای بودجەی عێراق‌و ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەرێم، دەردەکەوێت مامەڵەی حکومەتی فیدراڵیی لەگەڵ هەرێمدا هەمان مامەڵەیەتی لەگەڵ هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراقدا، لە ڕوونکردنەوەکانی وەزارەت ئەوە ئاشکرا بوو، کە هەرێم دەبێت مانگانە حیساباتی خۆی بۆ بەغدا بنێرێت بۆ ئەوەی بودجەی مانگی داهاتووی بۆ ڕەوانە بکرێت، لە بڕگەی شەشی مادەی (١٦)ی یاسای بودجەی عێراقدا، بە وردیی ئەوە خراوەتەڕوو، کە هەرێم ناتوانێت پشکەکەی بەکاربهێنێت لەژێر چاودێریی‌و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی عێراقدا نەبێت.

بۆیە لەڕووی واقیعیەوە ئەستەمە بتوانرێت بەم تەمویلە بووترێت بودجە، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناک‌و مەترسیدارە بۆ توانایی‌و دەسەڵاتە داراییەکانی هەرێم، کە بەشێکی گرنگە لە سەروەرییەکانی هەر دەسەڵاتێک، بە گوێگرتن لە ڕوونکردنەوەکانی وەزارەت دەربارەی ئەو کێشەو ئاستەنگانەی دێتە ڕێگەیان لە مامەڵەیاندا لەگەڵ ناوەندا، دەردەکەوێت نە حکومەتی هەرێم‌و نە بەرپرسە کوردەکانی بەغداو وەزارەتی دارایی عێراق هەوڵیان نەداوە ئەو واقیعە تەڵخە بگۆڕن.

بەداخەوە حکومەتی هەرێم، لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە بەشێوەیەکی مەترسیدار خۆی بەستووەتەوە بە حکومەتی ناوەندەوەو چوارچێوەکانی دەست واڵایی خۆی بەرتەسک کردووەتەوە، تا ئاستی ئەوەی بژێویی‌و مووچەو گوزەرانی خەڵکی هەرێم ببێتە بەشێک لە گەمە سیاسییەکان‌و ناو بەناو وەک موقایەزەو کارتی گوشار بەکاربهێنرێت.

وەک وتمان، مامەڵەی حکومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمدا هەمان شێوەی مامەڵەیەتی لەگەڵ وەزارەتێک، وەیا دەزگاو پارێزگایەک. وەزارەتی دارایی دەبێت مانگانە حیساباتی خۆی بۆ ئەو مانگە ڕەوانەی بەغدا بکات، بۆئەوەی بودجەی مانگی داهاتوو وەربگرن. لەڕاستیدا ئەمە ئیشکالییەتێکی گەورەیە:

لەڕووی جێگەو ڕێگەو مەوقیعیەتی هەرێم لە پرۆسەی سیاسیداو بەستنەوەی هەرێم لەڕێگەی شادەماری ئابوورییەوە بە بەغدا لەڕووی ئابووریشەوە، کە کێشەی گەورە بۆ پڕۆژەکان‌و بردنە سەرەوەی ئاستی ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەبێت.

وەک بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دارایی وتی: حکومەتی هەرێم «قائیم بیلسەرفە» نەوەک «ئامر بیلسەرف»، کە دیارە چ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو دوو دەستەواژەیەدا هەیە.

وەک ئێستا دیارە هۆکاری خەمساردیی‌و لاموبالاتی حکومەت لە ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان‌و گوێنەدان بە پەسەنکردن، وەیا دواکەوتن بۆ ناوەڕاستی ساڵ دەردەکەوێت، چونکە ئەو بودجەیەی، کە هەرێم ئامادەی دەکات، هیچ نرخ‌و بەهایەکی نییە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوەو تەنانەت لە هیچ پرۆسەیەکی دانان‌و ئامادەکردنی بودجەی فیدراڵیدا پرس‌و ڕاوێژ بە نوێنەرانی هەرێم ناکرێت‌و لە دەستنیشانکردنی پشکی هەرێمیش لایەنی کوردی کاتێک بانگ دەکرێن، تەنیا بۆ ئاگاداربوون لە ڕێژەکەو میکانیزمی وەرگرتنەکەیەتی، بۆیە بودجەی هەرێم لەژێر ناونیشانی: (لەمدەست وەریگرەو لەو دەست سەرفی بکە) دەڕوات بەڕێوە، هەربۆیەش قسەکردنی کابینە لەسەر دانانی بودجە دەبێت لەسەری ڕاوەستین‌و هەموو لایەکمان بیر لە هەنگاوی عەمەلی بکەینەوە بۆ دەربازبوون لەم پاشکۆیەتییە.

## پێنجەم: پڕۆژە بەردەوامەکان:

پڕۆژە بەردەوامەکان، دەبێت ئەو پڕۆژانە بن، کە سەرمایەیەکی زۆر، کاتێکی زیاتر، توانایەکی زۆرتری بوێت، چ لەڕووی دیزاینەوەو چ لەڕووی بیناسازیی‌و دەستبەکاربوونەوە، بە واتایەکی دیکە، هەقوایە پڕۆژە بەردەوامەکان ئەو پڕۆژە ستراتیژییانە بن، کە حکومەت ناتوانێت بە گوژمەیەک، وەیا لە ساڵێکدا تەواوی بکات، بەڵکو کات‌و پارەی زیاتری دەوێت، ئەو پڕۆژانەش دەبێت پڕۆژەی گەورەو گرنگ بن، وەک: بەنداو، ئاودێریی، ڕێگەوبان، هێڵی ئاسن، خەستەخانەی گەورە، ... هتد.

لەم بودجەیەداو ساڵانێکە پڕۆژەی ستراتیژیی‌و بەردەوام تێکەڵ دەکرێت‌و بەگوێرەی یاساکەبێت، بەردەوامەکان ئەو پڕۆژانەن، کە ساڵی ڕابردوو دەستپێکردووەو ئەمساڵیش بەردەوامدەبن لە تەواوکردنی بێگوێدانە گەورەیی، وەیا گرنگیی پڕۆژەکە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەم پڕۆژانەدا تەنیا ناوی بەردەوامەو لە خانەی بەردەوامەکان دانراوە، چونکە زۆرێک لەو پڕۆژانە، کە گوایە لە (٢٠٠٩) دەستپێکردووە، نە کاری لەسەرکراوەو نە پارەشی بۆ تەرخانکراوە، واتە لە واقیعدا ئەوانە لە (٢٠٠٩) تەنیا بڕیاریان لەسەر دراوە، دەنا تەرخانکردنی پارەو دەستپێکردنەکەی کەوتووەتە ساڵی دارایی (٢٠١٠)ەوەو بەمپێیەش ئەوانە ناچنە خانەی پڕۆژەی بەردەوامەوە.

لەڕووی زانستییەوە دانانی بودجە بۆ بواری وەبەرهێنان، دەبوایە لە (٢) خانەدا جێبکرایەتەوە: پڕۆژە ستراتیژییەکان‌و پڕۆژە خێراکان، بەمشێوەیەش هەم هێڵکارییەکی وردترو جیاوازی باشتر دەکرا لەنێو پڕۆژەکانداو هەمیش دەزانرا چ گوژمەیەک بۆ چ پڕۆژەیەک تەرخانبکرێت، بەگوێرەی داهاتی ساڵانە.



دایەنگەو قوتابخانەو قیرتاوکردن‌و دروستکردنی پردو چاککردنی ڕێگەکان بۆ نموونە، بەشێکن لە پڕۆژە خێراکان، کە پێویستە بە گوژمەیەک‌و لەماوەیەکی دیاریکراودا تەواو بکرێت، نەوەک تەفروتووناکردنی توناکان، ئیمکانیاتە داراییەکان، توانای چاودێریی‌و لێپرسینەوە لە سەدان پڕۆژەدا بەبێ دیاریکردنی کاتێکی باوەڕپێکراو بۆ تەواوکردنی، بەگوێرەی پڕۆژە پێشنیازکراوەکان بێت، حکومەت دەیەوێت ناوچەیەکی بەرفراوان ڕەزامەند بکات بە کردنی پڕۆژە، بەڵام هەمیشە ئەو پڕۆژانە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، کە بەشێکی زۆری پێویستە بەخێرایی دروستبکرێن.

## شەشەم: ئایا لە ناردنی بودجە پەلەکراوە؟

بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێیە، لە دانیشتنماندا لەگەڵ وەزارەتی دارایی پرسیاری ئەوەمان کرد، ساڵی پار بودجە لە مانگی (٦) پەسەندکرا، ساڵی پێشتر لە مانگی (٥)، پێشتر لە مانگی (٧)، چۆنە وا لەمساڵدا سەرباری پێکهێنانی کابینەی نوێ، تێکەڵکردنی چەند وەزارەتێک، نەمانی چەندێکی دیکە وا بە خێرایی (دیارە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی دیکەدا، چونکە هێشتا بەم پەلە پڕوزییەش ناردنی یاساکە زیاد لە (٣) مانگ دواکەوت)، توانیتان بەمشێوەیە یاساکە ڕەوانەی پەرلەمان بکەن؟ چونکە ئەمساڵ لە ساڵانی پێشتر بیانووی دواکەوتن بەهێزتر بوو، وەڵامی ئەو بەڕێزانە تەنیا ئەوەبوو، کە ئەوان پێیانباش بوو ناردنی بودجەکە تا مانگی (٣) دوابکەوێت‌و پەلە لەناردنی نەکرایە، بۆیە ئێمە لەلای خۆمانەوە هەر لە سەرەتاوە درکمان بەوەکرد، ناردنی خێرای پڕۆژەیاساکە بە مەبەستی بەکارهێنانییەتی وەک بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانیی‌و بەتایبەت باشترکردنی مەوقیعیەتی سەرۆکی کابینەیە، بەداخەوە ئەوان دەیانەوێت سوودێکی سیاسیی لەو سلفەیەی لە بەغداوە وەریدەگرن، ببینن.

دیوێکی دیکەی پەلەکردنی وەزارەت لەناردنی بودجە هەڵە زاراوەییەکانی نێو بودجەو یاساکەیە، یەکخستنی زاراوەکان کارێکی پێویستە بۆ بوارنەدان بە دروستبوونی ئاڵۆزیی، کەچی لەم پڕۆژانەدا: بە موازەنەی تەشغیلی جارێک دەوترێت جاری، جارێک تەشغیلی، ئاسایی، بەکاربردن بۆ وەبەرهێنان: ئیستسماری، ڕەئسمالی، پڕۆژەکان.

## حەوتەم: جیاوازی ئەم بودجەیە لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو:

لەو قسەوباسانەی خرانەڕوو لەسەر بودجەی ئەمساڵ، باس لەوە کرا، کە گوایە توانراوە بودجەی تەشغیلی بەڕێژەیەکی باش بهێنرێتە خوارەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩).

بەمانای تەشغیلی لە (٧٢٪) ساڵی (٢٠٠٩) کەمکراوەتەوە بۆ (٦٩٪) وە وەبەرهێنان لە (٢٧٪) بەرزکراوەتەوە بۆ (٣١٪)، ئەمەش تەنیا لەڕووکەشدا وایە، دەنا لە واقیعدا پاشەکشەیەکی زۆر کراوە، چ لە چاو ساڵانی ڕابردووی هەرێم‌و چ بە بەراورد لەگەڵ عێراقدا. چۆن؟

با ساڵی (٢٠٠٨) بکەینە نموونە: لە (٢٠٠٨) دا بۆ (٢٠١٠) ڕێژەی تەرخانکراو بۆ: تەشغیلی (٢،٤٩٠،٦١٦) (دوو ترلیۆن‌و نیو) زیادیکردووە، لە (٢٠٠٨) بودجەی ئاسایی (تەشغیلی) (٦،١٥٤،٠٩٢) بووە، کە دەکاتە (٦٤،٤٪) کۆی بودجەی ئەو ساڵە.

بۆ پڕۆژەکانیش: (٣،٣٨٧،٢٧٩) تەرخانکراوە، کە دەکاتە (٣٥،٥٪)، بەڵام بۆ (٢٠١٠) ئاسایی بەرزبووەتەوە بۆ (٦٩٪)و وەبەرهێنان دابەزیوە بۆ (٣١٪)!

ئەمە لەکاتێکدایە گوایە، ئەمساڵ تەرشیقێکی زۆر لە وەزارەتەکاندا کراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان.

ئەمە دیوێکی، دیوە مەترسیدارەکەی دیکەی، کە نیشانەی نەبوونی پلانێکی

# کەموکوڕیی‌و گرفتەکانی بودجە لە سەنگی ئۆپۆزسیۆندا

**لەبەرامبەر ئەو رەخنانەی لە ئۆپۆزسیۆن‌و لیستی گۆڕان دەگیرێت، بۆ تێبینی‌و پێشنیارەکانیان لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکە جەخت لە پێویستی گۆڕانکارییەکان دەکەن بۆ بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتییان، بەوپێیەی وەک ئەوان روونیدەکەنەوەو لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئاماژەیان پێکردووە بڕێکی زۆری بودجەی گشتیی لەبەرژەوەندیی حیزبی‌و تاکدا خراوەتەگەڕ.**

❐ راپۆرتی: سەنگەر کوردە

## گۆران شەڕی لەسەرچی کرد؟!

بەشێکی پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات‌و کەناڵە جیاوازەکانیان شیکردنەوەیان بۆ بە مێزداکێشانی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەبوو، کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بووە، بەڵام پەرلەمانتارانی گۆڕان ئەوە رەتدەکەنەوەو دەڵێن؛ «تێبینییەکانی ئێمە بۆ گەڕاندنەوەو بەهەدەرنەدانی بودجەی گشتیی خەڵکە، چونکە بەشێکی ئەو بودجەیە بۆ حیزب دەڕوات»، جگەلەوەی ئاماژە بە نەبوونی هەماهەنگیی‌و پرۆژەی وەزارەتەکان دەکەن‌و پێیانوایە؛ بەشێکی پارەی خەڵک لەو پرۆژانەدا بەهەدەر دەڕوات، بەوپێیەی ناخرێنە بەرژەوەندیی گشتییەوە.

پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش، لەبارەی ئەو رەخنانەوە دەڵێت: «ئــەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و هۆکارەکانی ئێمە بۆ چاککردنی بودجەو لابردنی هەندێک پــرۆژە ببینێت، دەزانـێـت کۆمەڵێک داواکـاریـی زانستین لەڕووی داڕشتنی یاسای بودجەو بنەماکانی ئابوورییەوەیە بۆ دانانی بودجە، بۆیە ئەگەر قسەکردن لەسەر بەهەدەرنەدانی بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی حیزب‌و کەرتی تایبەت‌و تاکەکەس بە هەڵمەتی هەڵبژاردن دابنرێت، من فەخر بەوەوە دەکەم، کە دروشمی من بۆ هەر کاتێک پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییە».

## (٢) خوێندنگەی ئەهلی، هێندەی (٤٦) خوێندنگە پارەیان بۆ دانراوە

دروستکردنی بینای خوێندنگەی شوەیفاتی ئەهلی لە سلێمانی‌و دهۆک لە بودجەی ٢٠١٠دا، بڕی (٤٦) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو ئـەوەش نارەزایی پەرلەمانتارانی گۆڕانی لێکەوتەوە، چونکە وەک ئەوان دەڵێن؛ بەو پارەیە دەتوانرێت (٤٦) خوێندنگەی (١٨) پۆلی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا دروستبکرێت، ئەوەش بەپێویستییەک لێیدەڕوانرێت، چونکە بۆ چارەسەری کێشەی بینای قوتابخانە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی نزیکەی (٣) هەزار بینا هەیە.

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان روونیکردەوە، کە (١٠) ملیار دینار بۆ قوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانی‌و (٣٦) ملیار بۆ هەمان قوتابخانە لە دهۆک، تەرخانکراوە، کە ئـەوەی سلێمانی ئەمساڵ (٥) ملیاری خەرج دەکرێت‌و لە بودجەی ساڵی داهاتووش باقییەکەی دیکەی ئەوەی دهۆکیش ئەمساڵ (٣) ملیاری خەرجدەکرێت‌و نازانرێت (٣٣) ملیارەکەی دیکەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو دادەنرێ، یا چەند ساڵی دیکە؟، وتی: «ئەوەی گرنگە کـۆی دوو مەکتەبەکە (٤٦) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە لەکاتێکدا ئەگەر قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی دروستبکەیت ناگاتە (١) ملیار دینار، کەواتە بەو بڕە پارەیە دەتوانرا (٤٦) قوتابخانەی ئاسایی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دروستبکرایە، بەڵام دەدرێت بە دوو قوتابخانەی شوەیفات، کە ئەهلیەو رێژەیەکی کەمی خوێندکاری منداڵی دەوڵەمەندو مەسئول وەردەگرێت».

پەیمان جەخت لـەوە دەکـاتـەوە؛ کە پێداگرییان کـردووە لەسەر لابردنی ئەو بودجەی قوتابخانانەو پارەکەی بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە بۆ دروستکردنی قوتابخانە، بەڵام داواکەی ئێمە رەتکرایەوەو دەنگی بۆ نـەدرا، کە لە بەرژەوەندیی کۆی خوێندکاراندایە، «بەو پاساوەی سەرۆکی لیستی کوردستانیی باسی لـەوەکـرد، کە وەبەرهێن دێنە کوردستان‌و منداڵیان هەیە، ئەگەر قوتابخانەیەکی لەوشێوەیە نەبێت خراپە، ئەوەش لەهەموو وڵاتێک هەیەو پێویستمان پێیەتی لەڕووی نەوعییەوە بۆ ئەو خوێندکارە زیرەکانەو خەڵکی تایبەتمەند، کە بیەوێت منداڵەکەی لە شوێنێکی وا بخوێنێت»، وتیشی: «ئێمەش وتمان ئەوە راستە، بەڵام لەکاتێکدا کە منداڵەکانمان لە دەواجن‌و خانووی قوڕدا بخوێنن، یا مەکتەبمان نەبێت چوار دەوامی تێدا بێت، جگە لەوەش پێویستە پارەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی بەگەڕ بخرێت، نەک کەرتی تایبەت».

هەر لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا مەلانوری، پەرلەمانتاری گۆڕان، وتی: «تەرخانکردنی ئەو پارەیە بۆ ئەو قوتابخانانە پێچەوانەی یاسایە، چونکە کەرتی تایبەت پێی هەڵدەستێت‌و ئەرکی کەرتی تایبەت ئەوەیە، قورسایی لەسەر حکومەت کەمبکاتەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا بۆ هەرسێ زانکۆی گەرمیان‌و هەڵەبجەو رانیە، کە منەت بەسەر خەڵکدا دەکرێت هەریەکەیان (١٢) ملیار دیناریان بۆ سەرفکراوە، ئەوەش بێویژدانییەو دەیسەلمێنێت، کە پارەی ئەم وڵاتە بەهەدەر دەدرێت».

جگەلەوە زانکۆی سابیس لە هەولێر، کە ئەهلییە لە بودجەی دارایی (٢١) ملیارو (٢٥٠) ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، ئەوەش (٢٠) خوێندنگەی (١٨) پۆلی پێ تەواودەکراو جێی هەڵوەستەی ئۆپۆزسیۆنە.

جگەلەوەش، کۆمەڵێک پرۆژە هەن، کە (موفرەداتی ئیقتساد موازەنەیە)، کە دەبێت هەر پرۆژەو ژمارەیەک روونکردنەوەی لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەوانە هیچ وردەکارییەکیان تێدا نییە، ئەوەش پێچەوانەی یاسایە، وەک پرۆژەی دوو باڵەخانە لە تەقتەق، یا خزمەتگوزاریی بۆ گەڕەکەکانی سلێمانی، کە نازانرێت ئەوانە چین‌و چۆن‌و لەکوێدا سەرفدەکرێت‌و روون نین.

## بێبەرنامەیی

خاڵێکی جێی تێبینی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان خەرجکردنی بودجەی وەزارەتەکانە لە هەندێک پــرۆژەدا، کە دوورە لە کاری وەزارەتەکەوە.

پەیمان عیزەدین، نموونەی وەزارەتـی ناوخۆ دەهێنێتەوە، کە پرۆژەکانی دەبێت تایبەتبێت بە کارەکەیانەوە لە سێکتەرە جیاوازەکانی وەک هاتوچۆو پۆلیس‌و گومرگو ئەوانە، بەڵام لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتدا لە (٣٠) پرۆژەی بەڕێوەبەرێتی هەولێر دوانیان پەیوەندییان بە وەزارەتەوە هەیەو ئەوانی دیکە دروستکردنی قوتابخانەو نۆژەنکردنەوەی تەکییەو قیرتاوکردنی رێگەوبان‌و هۆڵی کۆبوونەوەو (١١) ژوور لە بینای لقی (٢)ی پارتییە، هەروەها لە بەشی سلێمانی وەزارەتی ناوخۆ بە هەمانشێوە دروستکردنی یاریگەو مەلەوانگەی ژنانی تێدایە، وتیشی: «راستە ئەو پرۆژانە گرنگن، بەڵام ئەوانە کاری ئەو وەزارەتە نین، ئەگەر ئەوان بینای قوتابخانە دروستبکەن، ئەی وەزارەتـی پـەروەردە مەگەر بازگە دروستبکات»، پێشیوایە: کە ئەو پرۆژانە دەریدەخەن، جگەلەوەی هەماهەنگی نییە لەنێوان کارو پــرۆژەی وەزارەتەکانی حکومەتدا، کە لەوەدەچێت هەریەکەو هی مەملەکەتێکی جیاوازبن‌و ئەوەش بێبەرنامەیی‌و نەبوونی تەنسیق‌و بێ ئاگایی وەزارەتی پلان لەکاری وەزارەتەکان دەردەخات.

## لەمەودوا بودجەی گشتیی نادرێتە راگەیاندنی حیزب

لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەماندا بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازێکی فراکسیۆنی گۆڕان پەسەندکرا، کە ئەویش جگە لە دەرهێنانی پرۆژەکانی حیزب لە بودجە، دەرهێنانی مووچەی ئیعلامییەکانی حیزب بوو لە بودجەی گشتیی‌و لەناو نەفەقاتی تەشغیلیدا.

پەیمان عیزەدین، لەوبارەیەوە وتی: «خۆشبەختانە ئـەو پێشنیازە زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا، چونکە نەدەکرا داکۆکیی لەسەر مانەوەی مووچەخۆرانی حیزب بکەن لەسەر حکومەت، چەندین خاڵی دیکەش ئێمە پێشنیازمانکرد لەوانە: دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان، کە ئەرکی حکومەتە جێبەجێبکرێتەوەو بەپێی پسپۆڕییان لە داهاتی ئەم وڵاتە سوودمەندبن، هەرچەندە هەوڵیاندا ئەو داوایە رەتبکەنەوە، بەڵام دواجار سەریگرت».

ئەوەشی خستەڕوو؛ کە کۆمەڵێک خاڵی زۆریـان ورووژانــد، کە کـاری تێدا کرا بۆ سەپاندنی لە مـوازەنـەدا، وتـی: «لە منەح‌و ئیعانات‌و مەسروفات ئوخرا، کە (٥٪)ە پێشنیارمان کرد بخرێتە ئەو سندووقەوە، کە بۆ کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکان دانراوەو دوای دوو رۆژ دواخستنی کۆبوونەوەو پێشنیازەکەی ئێمە، کە کوردستانی پێیی باشبوو بخرێتە سەر ئەوەی، پارەکە بخرێتە سەر ئەو کورتهێنانەی بودجەی زیادکراو بۆ مووچەی شەهیدان‌و کەمئەندامان، بەڵام ئێمە وتمان: دەبێت حکومەت لە خەرجی کەمبکاتەوەو مووچەی ئەوانی پێ بەرزبکاتەوە، دواتر گەیشتینە ئەوەی ئەو بڕە نیوەی بۆ سندووقەکەو نیوەی بۆ زیادکردنی مووچەی کەمئەندامان‌و کەسوکاری شەهیدان سەرفبکرێت».

## پارە نارۆشنەکانی نەوت

جگەلەوەی تائێستا چارەنووسی (٥) ملیار دۆلاری گرێبەستە نەوتییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیار نییە، سەدان ملیۆن دۆلاری ئەو وەزارەتە بە نارۆشنی ماوەتەوەو نازانرێت لە کوێدان، هـەروەک داهاتی وەزارەتەکە نەخراوەتە سەر بودجەی گشتیی.

عەبدوڵڵا مەلانوری، روونیدەکاتەوە، کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەو داهاتەی لە رابردوودا هەیبووە لە بودجەدا دانانەنراوە، بەتایبەت داهاتی ئەونەوتە رەشەی لەڕێی مەرزەکانی پەروێزخان‌و باشماخ‌و مەرزەکانی دیکەوە دەڕوات، کە داهاتێکی زۆرە، «ئەو (٥) ملیار دۆلارەش، کە پێشتر وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمان ئاماژەی پێکرد؛ ئەوەش دیار نییە، لەکاتێکدا پێویستە ئەو داهاتانە لە میزانییەدا هەبێت یا بە پاشکۆیەک روونبکرێتەوە، کە ئەو داهاتە لەکێ وەرگیراوە، وە لەچیدا خەرجکراوەو چۆن‌و کەی‌و لەکوێ پــرۆژەی پێکراوە؟!، تائێستا ئەو زانیارییانە لە بەرچاومان نییەو وەزیری سامانە سرووشتییەکان نەیتوانیوە وەڵامێکی باوەڕپێکراو بە ئێمە بدات».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، ئەوە دەخاتەڕوو؛ کە لە میانی کۆبوونەوەیاندا، وەزیـری سامانە سرووشتییەکان باسی لەوەکردووە، کە تائێستا نزیکەی (١٨٠) ملیۆن دۆلاریان لە کۆمپانیاکانی نەوت وەرگرتووە، لەکاتی ئیمزاکردنی گرێبەستە نەوتییەکاندا «ئـەوە جیاوازە لە (٥) ملیار دۆلارەکـەو ئـەوەش دیـار نییە»، وتیشی: «لەنێوان وەزارەتی کارەباو سامانە سرووشتییەکاندا بڕی نزیکەی (٦٠٠) ملیۆن دینار دیار نییەو نارۆشنە، بەوپێیەی وەزیری کارەبا دەڵێت، داوامانکردووە زیاتر لە (١٠) ترلیۆن دینار دابنرێت بۆ کڕینی سووتەمەنی گازوایل بۆ یەکەکانی کارەبا، ئەو بڕە پارەیەش خراوەتە سەر بودجەی سامانە سرووشتییەکان، بۆئەوەی ئەوان سووتەمەنی بۆ کارەبا بکڕن، بەڵام لەمیانی قسەکردنمان لەگەڵ وەزیری سامانە سرووشتییەکان دەڵێت: ئەو بڕە زۆر کەمترە لەنیوەی واتە (٤٠٠) ملیار دینارە، لەوێدا دەردەکەوێت (٦٠٠) ملیار دیناری دیکە بە نارۆشنی ماوەتەوە لە بودجەی (٢٠١٠)».

## داهاتی کارەبا دیار نییە!

عەبدوڵڵای مەلانوری، ئاماژە بەوەدەکات؛ لەکاتی دانیشتنیان لەگەڵ بەرپرسانی کارەبا پێیانڕاگەیەنراوە، کە بەپێی خەمڵاندنی خۆیان نزیکەی (١٥٠) ملیار دینار دیاریکراوە وەک داهاتی ساڵی (٢٠١٠)و پێدەچێت بخرێتە سەر خەزێنەی حکومەت وەک داهات، بەڵام لە بودجەدا ئەم داهاتە کەمکراوەتەوە بۆ (٥٥) ملیار دینار «ئەوەش زۆر کەمە بەراورد بەو خەمڵاندنەی وەزارەتی کارەبا باسیکردووەو لە بودجەدا نەهاتووە».

## پیشەسازیی زیان لە کوردستان دەدات

وەزارەتـی پیشەسازیی، کە لە وڵاتان وەزارەتـێـکـی زۆر گرنگەو سەرچاوەی بەرچاوی داهاتە، بەڵام لە کوردستان ئەو وەزارەتە ئەمساڵ بەهۆی جیاوازی لەنێوان خەرجی‌و داهاتەکانیدا نزیکەی (٣٠) ملیار دینار زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

عەبدوڵڵا مەلانوری، دەڵێت: «بەوپێیەی نەفەقاتی وەبەرهێنانی وەزارەتەکە بۆ ساڵی (٢٠١٠) بە (٩٨) ملیارو (٢١٦) ملیۆن دینار خەمڵێنراوە، لەکاتێکدا داهاتی ئەم وەزارەتە بە (٢) ملیارو (٦٨٣) ملیۆن دۆلار خەمڵێنراوە، لە ئەنجامدا بەشێکی دیکەی ئەم داهاتە، کە (٤١) ملیارو ( ٩٥٧) ملیۆنە بۆ تەعویزاتی فەرمانبەران دەڕوات، هەروەها (٣١) ملیارو (٩٢٢) ملیۆن بۆ پــرۆژە بەردەوامەکان دەڕوات‌و (٣) ملیارو (٦٠٠) ملیۆنی دیکەش بۆ پــرۆژە پێشنیازکراوەکان دەڕوات، لە ئەنجامدا وەزارەتی پیشەسازیی‌و بازرگانی (١٩) ملیارو (١٧٤) ملیۆن زیان بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت، لەکاتێکدا کە ئێمە بۆمان دەرکەوتووە بەشێک لەو پرۆژانەی لە (٢٠١٠) بەسەر بودجەی هەمان وەزارەت ئەنجام دەدرێت، بڕی (١٤) ملیارو (٢٦) ملیۆنی بۆ کۆمەڵێک پــرۆژە دەکرێت، کە فەشەل دەهێنن، بەوپێیەش بێت، کەواتە (٣٣) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن زیان بە ئابووریی دەگەیەنێت، ئەوەش نیشانی دەدات، کە لە کارەکانیدا هیچ پلانێکی زانستیی نەبووە، لەکاتێکدا لە وڵاتان ئەو وەزارەتە گرنگەو سەرچاوەی داهاتە».

## پرۆژە حیزبییەکان بە بودجەی گشتیی

پەرلەمانتارانی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە رەخنەکانی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خەڵکە بەوپێیەی بەشێک لە بودجەو قووتی خەڵک بۆ پرۆژەی حیزبی دەڕوات.

بە بڕوای عەبدوڵڵا، تەرخانکردنی نزیکەی (١٥) ملیاروو (١٠٥) ملیۆن بۆ (سەری رەش) و نزیکەی (١) ملیارو (٦٠٥) ملیۆن دینار بۆ قەڵاچوالان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت‌و حیزبییە، هەروەک تەرخانکردنی (٢) ملیار دینار بۆ لق‌و مەڵبەندەکانی پارتی‌و یەکێتی دەچێتە هەمان چوارچێوەوەو لەوبارەیەوە وتی: «رەخنەکانی ئێمە لەسەر ئەوانەیە، کە دەزانین ئەو پارەیە هی خەڵکەو پێویستە لەسەر پلانێکی زانستیی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی بەکاربهێنرێت، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو بودجەیە یا حیزب راستەوخۆ بەلایەوە دەنـێ، یا لە پرۆژەی بێ کەڵکدا بەفیڕۆی دەدات، وەک: کارگەی مەرمەڕی ماوەت، یان کۆمەڵێک لەو داهاتە بۆ کۆمەڵێک دامودەزگای خۆی بەکاردەهێنرێن»، جەخت لـەوەش دەکـاتـەوە، کە رەخنەی ئەوان مەنتقییەو بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کەمدەرامەتەو وتیشی: «ناوەڕۆکی بودجەکە دەریدەخات، کە (١٩) ساڵە چ غەدرو فیلێک کراوە، چونکە تەنیا لەمساڵدا چەندین پارە سەرفکراوە بۆ پرۆژەی حیزبیی‌و بێکەڵک، بەڵام گەرمیان‌و چەندین ناوچە بێ پرۆژەن».

## (٣٠) ملیار دینار بۆ گۆڕستانێکە بەڵام دوو قەزا بێ پرۆژەن

لە بودجەی (٢٠١٠)دا گۆڕستانی بارزان (٣٠) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە، کە قەزای کفری‌و دەربەندیخان لە پرۆژە پێشنیازەکانی ئەمساڵدا پرۆژەیان بۆ دانەنراوە.

## مۆنۆمێنتێکە بەرامبەر (٦٠٠) خانوو

لە بودجەی (٢٠١٠)دا مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەولێر، بـڕی (٢٥) ملیار دینـاری بۆ تەرخانکراوە، لەکاتێکدا بۆ دروستکردنی (٦٠٠) خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان لە هەولێردا (٢١) ملیار دیناری تەرخانکراوە، لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا مەلانوری، وتی: «ئێمە پێمان ناخۆش نییە مۆنۆمێنت دروستبکرێت، بەڵام ئەوەی لەئێستادا بۆ کەسوکاری شەهیدان گرنگە، دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون‌و نەبوونی خانووە».

## دهۆک‌و بادینان بێ مین-ە؟

زۆرێـــک لەناوچەکانی کوردستان مینڕێژکراون‌و دوای پێنجوێن‌و سلێمانی، دهۆک لە ریزی پێشەوەی ئەو ناوچانەیە، بەڵام بودجە تەنیا بۆ سنووری گەرمیان‌و سلێمانی دانراوە، عەبدوڵڵای مەلانوری، پێیوایە: «ئەوە یا بێویژدانییە، یا دەیسەلمێنێت لەدەرەوەی ئەو بودجەیە دەزگای دیکە هەیە پارەی بۆ تەرخاندەکرێت، بەبێ ئـەوەی لە بودجەدا هاتبێت».

## بەرژەوەندییەکانی خەڵک رەتدەکرێنەوە

عـەبـدولـڵای مـەلانـوری، رەخـنـە لە هەڵوێستی لیستی دەسەڵات دەگرێت، لەمەڕ پێشنیازەکانیان‌و دەڵێت: «ئەوان هێندە بەلایانەوە گرنگە پێشنیارەکانی ئێمە رەتبکەنەوە ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە کە چەند لە بەرژەوەندیی خەڵکە، ئەو رەتکردنەوانەش بە زیانی خەڵکی ئەم وڵاتە دەشکێتەوە».

سـەربـاری ئـەوەش پێیوایە؛ لەمیانی گفتوگۆو بەدواداچوونەکانیاندا، توانیویانە بڕێکی باشی ئەو داهاتە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک بگەڕێننەوە کە لە پرۆژەی حیزبیی‌و بێکەڵکدا بەهەدەر دراوە، وتیشی: «ئەوە دەستکەوتێکی ئۆپۆزسیۆنەو خەڵک لەوە تێگەیشتووە، کە دەسەڵات چی کردووەو ئۆپۆزسیۆن چی دەکات».

لای خۆشییەوە پەیمان عیزەدین، وتی: «ئەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و هۆکارەکانی ئێمە بۆ چاککردنی بودجەو لابردنی هەندێک پرۆژە ببینێت، دەزانێت کۆمەڵێک داواکاریی زانستیین، لەڕووی داڕشتنی یاسای بودجەوە، لەڕووی بنەماکانی ئابوورییەوەیە بۆ دانانی موازەنە، جگەلەوە لەناو کرۆکی داکۆکیی لە بەرژەوەندیی گشتیدایە، بۆیە ئەگەر قسەکردن لەسەر بەهەدەرنەدانی بودجەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی حیزب‌و کەرتی تایبەت‌و تاکەکەس بە هەڵمەتی هەڵبژاردن دابنرێت، بە بڕوای من فەخری پێوەدەکەم، کە دروشمی من بۆ هەر کاتێک پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییە».

لەبارەی بانگەشەکانی دەسەڵاتیشەوە وتی: «پێمخۆشبوو بودجە ئەوەندە شەفاف‌و لە بەرژەوەندیی گشتیدا بوایە، کە دەستی بەڵێمان بۆ هەموو خاڵەکانی بەرزبکردایەتەوە، کە مانشێتی (بودجە ئەمما)شم، بینی خۆشحاڵبووم، کە بودجەیەکی بێوێنەو شەفاف نێردرابێتە پەرلەمان‌و بە جورئەتەوە ئەو مانشێتەی درایـە، بـەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی پرۆژە پێشنیازو بەردەوام‌و پرۆژە یاساکەدا تووشی بێئومێدییەکی گەورە هاتم، کە تائێستا ئەو شەفافیەتەی ئیدیعای بۆدەکەن، تەنیا دروشمی راگەیاندن‌و بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەگەرنا بودجەیەکە تەواو بەدەرە لە بنەمای زانستیی‌و شەفافیەت‌و داڕشتنی بودجە لە تەواوی دنیادا، ئەو کەموکوڕییانەش، کە باسمانکردووە نموونەیەکی کەمی تێکڕای بودجەکەن‌و ئەگەر ئێمەو ئابووریناسان بچینە وردەکارییەکەیەوە دەردەکەوێت کە هیچ چوارچێوەیەکی بودجەی بەسەردا جێبەجێناکرێت».